گۆبەرهەم
ژمارە (٢)
بابەتی بیرکاری و پێتۆری
ژمارە (٢)

جەمال نەبەز

(2280)

# بیری

# نەتەوەییی کوردی

## نە بیری "قەومیەت"ی ڕۆژهەڵاتی و
## نە بیری "ناسیۆنالیزم"ی ڕۆژاوایی یە

وتارێکی سەمیناری یە لە ڕۆژی شەممەی ١٩٨٤/٨/١٨ دا لە ستۆکهۆلم (سوێد) خوێندرایەوە بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی سێیەمی "ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەورووپا "سۆکسە SOKSE"وە کە لە ١٨ و ١٩ ی ئابی ١٩٨٤ دا لە ستۆکهۆلم بەسترا.

جەمال نەبەز

# بیری نەتەوەییی کوردی

نە بیری "قەومیەت"ی رۆژهەلاتی وتە بیری "ناسیۆنالیزم"ی رۆژاوایی یە

چاپی یەکەم: ١٩٨٤ ستۆکهۆلم (سوید)

چاپی دووەم: ٢٠٠٢ لەندەن (بەریتانیا)

بلاوکراوەی بنکەی کوردنامە

گشت مافێکی ئەم بەرهەمە لەم هەموو جیهاندا پارێزراوە

Kurdname
P. O. Box 607
London NW8 0DT

Website: www.knc.org.uk

Tel: 020 8563 2881
Fax: 020 8563 8406
Mobile: 07768 266 005

WKA
Palingswick House
241 King Street
London W6 9LP
Tel: 020 8748 7874
Fax: 020 8741 6436

ISBN: 0 9529951 8 2

saradistribution.com
info@saradistribution.com
Phone/ Fax +46 8 33 12 29
Stockholm - SWEDEN

# سەرەتایەک بۆ چاپی دووەم

ئەم بەرهەمە کە بۆ یەکەمجار لە ١٩٨٤ دا بە شێوەی سەمینارێکی زانستی لە ستۆکهۆڵم پێشکێش کرا یەکەمین باسێکی تیۆریانە بوو کە لەبارەی "بیری نەتەوەیی کوردی" و "بیری ناسیۆنالیزمی رۆژهەڵات - بە تایبەتی عەرەب و ترک و فارس - وناسیۆنالیزمی رۆژاوا ەوە بخرێتە ژێر هوردەبینی لێکۆڵینەوە. لەو سەمینارەدا چەند سەت کوردێکی ئاوارەی سوێد بەشداربوون. ئەو سەردەمە سەردەمی "لاقلیدانی پێشڕەوێتی تاک و تەنێی" هەر یەک لەو هەموو حیزب و کۆمەڵانە بوو کە پاش هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول لە کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا دامەزرابوون و لەژێر دروشمی مارکسیزمی ساختەی سۆڤیێتی دا هەموو شەڕی یەکدییان دەکرد. ئەو سەردەمە سەردەمی جەنگی ئێران و عێراق بوو، کە ئەم حیزبە "پێشڕەوانە" لە جیاتی هەڵوێستێکی کوردانە هێندێکیان پشتی رژێمی عێراقیان گرت دژی ئێران و هێندێکیشیان پشتی رژێمی ئێرانیان گرت دژی عێراق؛ کە ئەوەبوو ئەنجامەکەی بە کیمیابارانی هەڵەبجە و سەردەشت و بادینان و گەلکوژیی ئەنفال و کورد گواستنەوە، گەیشت. سەرەڕای ئەم سەردەمە تاریک و نووتەکە کەسانێکی نەتەوەییش هەبوون کە رەخنەگرانە بیریان دەکردەوە و ئەم بەرهەمەیان بە سەرچاوەیەک دادەنا بۆ بەهێزکردنی بیروڕای خۆیان و، هەوڵدرا چەند دانەیەک لەم پەرتۆکە پاش چاپکردنی بگاتەوە کوردستان. سەیر ئەوەیە هێندێک لەوانەی خۆیان بە "حیزبی نەتەوەیی" دەدایە قەڵەم و ١٠-١٥ چەکدارێکیان لە دەوری خۆیان کۆکردبووەوە، بەر لە حیزبە گەورەکان؛ خوێندنەوەی "بیری نەتەوەیی"یان لەنێو داروودەستەی خۆیاندا رێبەند کرد بوو. بەڵام ئەوەبوو کە ئێران و عێراق شەڕیان وەستاند بێ پرسی "هەڤالبەند"ە کوردەکانیان، رژێمی سەددام تەواوی حیزبەکانی باشووری کرد بە سنووری ئێران و رژێمی خومەینی هەموو حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کرد بە سنووری عێراقدا. کە راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لە کوردستاندا هەڵگیرسا لە ئەنجامی شکانی لەشکری عێراقەوە و، بەشێکی کوردستان بۆ ماوەیەک ئازاد بوو، توانیمان بەپەلە چەندمان لە دەسەڵاتدا بوو پەرتۆک بنێرینەوە وڵات. پاش گەڕانەوەی سەددام و گەلڕەوە چەند ملیۆنییەکە؛ ئەوەبوو "هەرێمی ئەفرین" دامەزرا و دوای ئەوەش پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا و حکومەتێکی کوردستانی پێکهات کە هێندێک سەربەستیی شارستانی و دێموکراسی دا بە خەڵک. ئەو دەمە توانیمان گەلێک پەرتۆکی نەتەوەیی وەک "هێندێک لە کێشە بنەڕەتییەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم" و "لێکۆڵینەوە لە گۆڤاری نیشتمان و کۆمەڵەی ژێکاف" و لێکۆڵینەوە لە گۆڤاری کۆمۆنیستانەی "یەکێتیی تێکۆشین" و "کوردستان و شۆرشەکەی" بە چەند دانەیەکی کەم رەوانەی وڵات بکەینەوە کە هێندێکیان بە شێوەیەکی زۆر ناشرین فۆتۆکۆپی کرانەوە. لە چوارەمین کۆنگرەی "کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان"دا هاوبیری هێژا سیروان کاوسی فەرمووی "تۆ بۆچی هەموو بەرهەمەکانت جارێکی دی وەک کۆبەرهەم چاپ ناکەیتەوە"؟ گوتم بۆچی نا؟ بەڵام کێشەکە کێشەی

کاری کۆمپیوتەرییە. گوتی "تەز خەریک دەبم چیم لە وزەدا بێ لەم رووەوە دەیکەم". زۆر سوپاسم کرد. هاوبیر سیروان کە سەرنووسەری گۆڤاری "کۆنگرە"یە، بێجگە لە زەحمەتی زۆری بەدەست "کۆنگرە"وە تا ئێستە ژمارەیەکی باشی لە سەمینارە زانستییەکان و وتارەکانی من خستووەتە سەر کۆمپیوتەر. ماڵی ئاوابێ. کەسانێکی دیکەش هەبوون کە بە تکای خۆیان رێم دان "بیری نەتەوەیی"، یان بەرهەمێکی دیکە بخەنە سەر کۆمپیوتەر بەڵام پاش چەند ساڵێکیش هیچی دیار نەبوو، هەر یەکە بە بیانوویەک. لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٨ دا سیاسەتکاری ناسراوی کورد بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە نامەیەکی زۆر دۆستانەدا کە بەبۆنەی پیرۆزبایی ساڵی ١٩٩٩ ەوە ناردبووی بۆم، داخوازیی ئەوەی کردبوو کە رێیان بدەم بەرهەمەکانم لە کوردستان چاپ بکەنەوە تا جەماوەرێکی زۆر بتوانن نووسینەکانم بخوێننەوە و سووت وەربگرن لێی. زۆر سوپاسم کرد و رێمدا بە بەڕێزیان بەو مەرجەی پرۆژەکەی بەر لە چاپکردنی بنێرن بۆم تا هەڵەکانی سەرڕاست بکەم. بەڕێزیان رازی بوون و کارەکەیان سپارد بە مەڵبەندی چاپەمەنیی و بڵاوکردنەوەی ئاراس لە هەولێر، ئەم مەڵبەندە بەڕێوەبەرەکەی بەڕێز بەدران ئەحمەد حەبیبە و تا ئێستە ژمارەیەکی یەکجار زۆر پەرتۆکی گەورە گەورەی کوردی و عەرەبی چاپکردووە. پاش دوو ساڵ و نیو؛ پرۆژەیەکی "بیری نەتەوەیی" بە دەستی هات بۆم کە دەتوانم بێژم هێندە هەڵەی چاپی تێدابوو لە پارچەیەک گۆشتی قیمە دەچوو کە لەبەر هەتاو بۆگەنی کردبێ و مێش و مەگەزی تێدابێ. هەرچی چۆنێک بوو بە چەند رۆژێک هەڵەکانیم راستکردەوە و بە بەڕێز دکتۆر چیا زەکی دا (کە لە هاوینی ٢٠٠١ دا لە بەرلینەوە لەگەڵ خێزانەکەی دەچوو بۆ سەردانی باشوور ناردمەوە)، وا رێککەوتم لەگەڵی کە گەیشتە هەولێر پاش چەند رۆژێک لەوێوە تەلەفۆن بکا بۆم. ئێدی نە هەواڵم لە دکتۆر چیا وەرگرت و نە لە بنکەی ئاراس. پاش سێ مانگ کە دکتۆر چیا گەڕایەوە گوتی نەیتوانیوە پەرتۆکەکە بگەیەنێ. بەڕێز کاک بەدران لەو باوەڕەدایە کە دکتۆر چیا کەمتەرخەمی کردووە. پاش ئەوەش چەند مانگێک چاوەڕوانیم کرد، بەڵام هیچ وەرامێکم لە هەولێرەوە پێ نەگەیشت. دوای ئەمە هاوبیران گوتیان ئێدی لەوە پتر چاوەڕوان ناکەین و ئەوی بە تەمای ماڵە دراوسێ بێ، بێ شێو سەر دەنێتەوە و ئێمەش خۆمان دەسەڵاتی ئەوەمان هەیە بەرهەمی خۆمان چاپ بکەین. بەکورتی دەستیان کرد بەوەی بیخەنە سەر کۆمپیوتەر و چەند جارێک پرۆژەکەیم بەرچاو کەوت و ئەوەی پێمکرا سەرڕاستی بکەمەوە کردم. بنکەی چاپەمەنیی "کوردنامە"ش ئەرکی چاپکردنی گرتە ئەستۆ. "کوردنامە" لە لایەن هاوبیری هێژا جەوادی مەلاوە بنیاتنراوە و گەلێک بەرهەمی بەنرخی لە چاپداوە. ئێستە دەتوانین بیخەینە ئینتەرنێتەوە و چەند دانەی بنێرینەوە کوردستان کە پاش رایە (اجازە) وەرگرتن لێمان دەتوانن بە ئۆفسێت چاپی بکەنەوە.

جەمال نەبەز

بەرلین ١/١/٢٠٠٢

## ١- سلاو و کردنەوەی سەمینار

سەمینارەکە لە دەوروبەری کاتی ١٣، واتە یەکی پاش نیوەڕۆ دەستی پێ کرد.
پاش ئەوەی وتاری کردنەوەی کۆنگرە، و وتاری میوانەکان و هەموو ئەو تەلگوراف و نامانەی هاتبوون بۆ کۆنگرە خوێندرانەوە، ئەوجا سکرتێری گشتیی "ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەورووپا" (سۆکسە SOKSE)؛ هاوبیر کوردۆ عەلی، خاوەن سەمیناری پێشکێش بە بەشدارانی کۆنگرەکە و سەمینارەکە کرد، و ئەویش کەوتە دوان بەم شێوەیەی خوارەوە:

بەشدارانی بەڕێزی سەمینار:

سلاوێکی زۆر گەرمتان لێ بێ و گەلێک شادم بە بینینتان لەم کۆڕەدا و هیوام وایە وتارەکەم سوودێک بگەیەنێ پێتان، و ئەمەش بە دەرفەتێک دەزانم بۆ ئەوەی سوپاسێکی گەرمی کۆنگرەکەتان بکەم کە ئەم هەلەی ڕەخساند بۆمان؛ تا بکارین (بتوانین) باسێکی وا نوێ پێشکێش بکەین کە تا ئێستە هیچ وتووێژێکی زانستانەی بابەتانە نەکراوە لەسەری. ئەوەش ئەوەیە: ئایە "بیری نەتەوەیی کوردی" کە نێزیکەی چارەکە چەرخێک لەمەوبەر لە کوردستاندا سەری هەلدا، هەر شتێکە وەک بیری "قەومی"ی عەرەبی و ترکی و فارسیی ڕۆژهەلاتی و بیری "ناسیۆنالیستانە"ی ڕۆژاوایی؛ یان ئەوەتە ڕێبازێکی نوێ یە لە بیرکردنەوەی سیاسی و کۆمەلایەتیدا.

ڕاستییەکەی، گرانیی ئەم باسە لەوەدایە، کە هیچ ئەنجام گرتنێک لەم بارەیەوە نایەتە دی؛ بەبێ لێکۆلینەوەیەکی بەراوردکارانەی شێنەییانە لەو ئیدیۆلۆژی و سەرنجە سیاسییانەی کە نێو بران. لەبەر ئەوە وام بە باش زانی کە پاش ڕۆنکردنەوە و سنوور پێشاندانێکی ئەو زاراوانەی پێوەندییان بە باسەکەوە هەیە، بیری "قەومی"ی عەرەب و ترک و فارس و کورد، بە درێژاییی مێژوو بخەمەڕوو و لە بنەما و هەلوێستی هەر یەکەیان بەرامبەر بە "دەولەتی ناسیۆنال" بدووم، ئەمەش هەمووی بەراورد بکەم لەگەل هەلوێستی ئەم

قوتابخانە کوردییە لە قوتابخانەکانی بیری ناسیۆنالیزمی رۆژهەڵاتی و رۆژاوایی لەلایەکەوە، و لەلایەکی دیەوە بیر و رێبازی ناسیۆنالیستانەی چینی کلاسیک و هوردەبۆرژوای کورد، بخەمە بەرچاو.

بەشدارانی بەڕێزی سەمینار:

وەک دەبینن وتارەکە لەو ماوەیەدا کە وتارێکی ئاسایی تێیدا کۆتایی دێ؛ با بڵێین سەعاتێک یان دوو سەعات؛ نابڕێتەوە، لەبەر ئەوە هیوادارم کە درێژبوونەوەی وتارەکە نەبێتە هۆی بێزار بوون و وەڕس بوونی گوێگران، و جارێکی دی زۆر سوپاس.

## ٢- رۆنکردنەوەی چەند زاراوەیەکی سەر بە باسەکە

گەلێک جار، نووسەرانی کورد ناچار بوون و دەبن کە وشەی "نەتەوەیی"ی کوردی لە جیاتی وشەی "قومی"ی عەرەبی و وشەی "ناسیۆنالیست nationalist"ی فەرەنسی -کە بە زمانی ئینگلیزی "نێشنالیست nationalist" و بە ئەڵمانی "ناسیۆنالیست Nationalist"ە بەکار بهێنن، ئەمەش زۆر جار، و بەتایبەتی کاتێک کە وشەی "نەتەوەیی" لە چارچێوەی زاراوەی "بیری نەتەوەیی"دا بەکار دەبرێ، خراپ تێ گەیاندن و سەر لێ شێواندن و تێکدانی مەبەست دێنێتە کایەوە، و هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەم باسە پێویستیی بە رۆنکردنەوەیەکی بنچینەیی زانستانە هەیە، کە هیوام وایە توانیبێتم لەم وتارەدا ئەو ئامانجە، هیچ نەبێ تا ئەندازەیەک، بپێکم.

راستی یەکەی؛ بەکار هێنانی وتەی "بیری نەتەوەیی کوردی" کە وەک زاراوەیەکی فەلسەفی و سیاسی؛ بۆ یەکەمین جار لە ئەدەبیاتی "کاژیک KAJYK" (١) و لە کۆتاییی پەنجاکاندا کەوتە بەرچاو، بەرامبەر بە "بیری قەومیی رۆژهەڵاتی"، یان "بیری ناسیۆنالیستی رۆژاوایی"؛ کارێکی دروست نییە. چونکە نە ئەو "بیری نەتەوەییە"ی "کاژیک" باسی کردووە "بیرێکی قەومی" یان "ناسیۆنالیستانە" یە، و نە واتە (مفهوم)ی وتەی "نەتەوە"ش بە لایەن "کاژیک"ەوە پڕ بە پێستی واتەی "أمّة"ی عەرەبی و "Millet"ی تركی و "ملّت"ی فارسی یان "nation"ی رۆژاواییە؛ ئەگەرچی لەبەر نەبوونی وشەیەکی

تایبەتی لە زمانە رۆژهەلاتی و زمانە ئەوروپاییەکاندا بەرامبەر وشەی "نەتەوەیی"ی کوردی؛ تا ئێستە و بە ناچاری، ئەو دوو وشەیە لە جیاتی وشەی "نەتەوەیی"ی کوردی، لە کاتی وەرگێڕاندا، بەکار هێنراون و دەهێنرێن.

ئەوەی ئەمڕۆ عەرەبەکان پێی دەڵێن "القومية nationalism" لە وشەی (القوم)ە وە هاتوە کە لە بنەڕەتدا لە "إقامة"ەوە هاتووە، واتە دانیشتن یان نیشتەجێ بوون لە شوێنێک دەگەیەنێ. ئەم وشەیە لەسەردەمی پێش ئیسلامەتیشدا هەربووە ولە قورئانیشدا ٣٩٣ جار بەکار هێنراوە، بەڵام بە چەند مانایەک کە هیچیان بە تەواوی ئەو مانایە ناگەیەنن کە ئەمڕۆ وشەی "القومية nationalism" کە لە "القوم" ەوە وەرگیراوە، دەیگەیەنێ. جا ئەگەرچی وشەی "القومية" لە زمانی عەرەبیی ئەمڕۆدا، لە جیاتی وشەی "ناسیۆنالیزم nationalism"ی ئەوروپایی بەکار دەهێنرێ، بەڵام عەرەبەکان خۆیان وشەی "القوم" لەجیاتی "nation" بەکار ناهێنن، بەڵکو بەرامبەر وشەی "nation" "الأمة" بەکار دەهێنن؛ کە ئەمەیش، لە بنەڕەتدا، بە هیچ جۆرێک لەگەڵ واتەی وشەی "nation"ی ئەوروپایی دا یەک ناگرێتەوە. جا هەرچەندە عەرەبەکانی ئەمڕۆ، وشەی "الأمة" بۆ "nation" بەکار دەبەن، کەچی لەجیاتی national- و nationalism- وشەیەکی وەکو "أمَمّي" و "الأمّمية" لە وشەی "الأمّة" داناتاشن. ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە عەرەبەکان جاروبار وشەی "ناسیۆنال national" بە "وطنيّ" (نیشتمانی) وەردەگێڕن، لە کاتێکدا وشەی "وطنيّ" کە لە "الوطن" (نیشتمان) ەوە هاتووە، پێوەندیی بە "وڵات" و "خاک"ەوە هەیە، بەڵام وشەی "ناسیۆنال national" پێوەندیی بە "نەتەوە"ەوە هەیە، واتە بە "مرۆڤ"ەوە. لەبەر ئەوە ئەم وەرگێڕانە لە جێی خۆی دا نییە و، وشەی "وطني" بەزۆری مانای patriotic دەدا، نەک national.

وشەی "nation" لە زمانە ئەوروپاییەکاندا، بە شێوەیەکی گشتی، و بەتایبەتی لە زانستی پۆلیتۆلۆژی دا، مانایەکی سیاسی دەدات. ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا لە natioی لاتینییەوە هاتووە کە بە مانای "لەدایک بوون"ە (٢). "ناسیۆن" بە پێی "فەرهەنگی جیهانیی ئەڵمانی بۆ وشە و وشەی بێگانە" (٣)

بریتییە لە "کۆمەڵێکی ژیاری کە لەسەر بنچینەی رەوشت و خوو (ترادیسیۆن)ێکی گشتی (مشترک) و دەوڵەتێکی نێوکۆیی (مشترک) دامەزرابی". جا دەبێ ئەوەش بێژین کە زانا بۆرژوازییەکانی رۆژاوا، بوونی "ناسیۆن" راستەوخۆ بە بوونی "دەوڵەتێکی هاوبەشکاری" یەوە دەبەستن (٤). بۆ وێنە: ماکس ڤێبەر Max Weber (١٨٦٤/٤/٢-١٩٢٠/٦/١٤) دەبێژێ: "دەوڵەت بریتییە لە دەزگەی دەسەڵاتی جیهانیی نەتەوە" (٥). ئەمڕۆش زاناکانی پۆلیتۆلۆژی کە دێنە سەر باسی "نەتەوە nation"، بەر لە هەموو شتێک "نەتەوە" بە "یەکێتیی دەستووریی گەلێکی دەوڵەتدار" (٦) تێ دەگەن. بەڵام زانا مارکسیستەکان، بەتایبەتی لێنینیستەکان و ستالینیستەکان: "بوونی نەتەوە"، راستەوخۆ، بە بوونی "دەوڵەت" ەوە نابەستن؛ کەچی دەچن دەیبەستن بە "بوونی ئابوورییەکی نێوکۆیی"یەوە (٧). کە دیارە ئەم "ئابووریی نێوکۆیی"یەش هەر "دەوڵەت" دەتوانێ دروستی بکات (٨). واتە مارکسیستەکان "بوونی ناسیۆن" ناڕاستەوخۆ بە "بوونی دەوڵەتێکی هاوبەشکاری"یەوە دەبەستن، هەرچەندە بە ئاشکرا دان نانێن پێیدا. بەکورتی: هەردوو لایان: چ بۆرژوا و چ مارکسیست، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، "دەوڵەت" بە شتێکی زۆر پێویست دەزانن بۆ "بوونە نەتەوە". بێجگە لەمەش، مارکسیستەکان لەو باوەڕەدان کە "نەتەوە" لە پلەی بۆرژوازێتی دا دروست دەبێ. بە وتەیەکی دی: بەلای مارکسیستەکانەوە وایە، کە هیچ "گەلێک" نابێتە "نەتەوەیەک" تا نەگاتە پلەی بۆرژوازێتی.

وشەی "الأمّة"ی عەرەبی، کە ئەمڕۆ عەرەبەکان وەک لەمەوبەر گوتمان - بەرامبەر بە "ناسیۆن nation"ی ئەورووپایی بەکاری دەهێنن؛ وەک وشەی "القوم" لەپێش سەردەمی ئیسلامەتیدا بووە، و لە قورئانیشدا ٦٧ جار نێوی هاتووە، ١٣ جاری لە شێوەی گەل (جمع)دا؛ واتە "الأمم". بەڵام وا دیارە ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا مانایەکی سیاسی نەداوە، بەڵکو بە زۆری مانای کۆمەڵگەیەکی داوە کە سەر بە ئاینێکی تایبەتی بووبێ، ئەمەش بەو ئایەتەدا دەردەکەوێ کە دەبێژێ "ولقد بعثنا في كل أمّة رسولا..." (٩)؛ واتە "بۆ هەر کۆمەڵگەیەکی ئاینی پەیامبەرێکمان ناردووە". لەگەڵ ئەوشدا هەر ئەم وشەی

"أمّة"یە، زۆر بەتایبەتی، بۆ نێونانی کۆمەڵگەی "موسڵمانان" بەکار هاتووە. چونکە ئەوەتە تا ئێستەش "أمّة" بەو مانایە هەر بەکار دەبرێ، وەک دەبێژن "أمّة محمد" یان "أمّة الاسلام". بە لای سۆفییەکانەوە هەر کۆمەڵە خەڵکێک کە پەیامبەرێک نێردرابوو بۆیان ئەوانە "أمّة"ن و بێیان دەگوترێ "أمّة الدعوة".

هەروەها نووسەرە موسڵمانە عەرەبەکان، زاراوەی "الامّة الاسلامیة" و فارسەکانیش لە ئێراندا، زاراوەی "أمت مسلمان" بەکار دەبەن. شایانی باسە کە وشەی "الامّة - أمت"، کۆن، بەرامبەر وشەی "ملّة = ملّت" بەکار براوە، کە لە قورئاندا ١٥ جار نێوی هاتووە و بۆ دیاری کردنی "کۆمەڵگەی ناموسڵمان" بەکار هێنراوە؛ هەروەک لە قورئاندا دەبێژێ: "ولن ترضى عنك الیهود ولا النصرى حتى تتبع ملتهم... الخ" (١٠) واتە "نە جوولەکە و نە دیان هیچیان لێت رازی نابن، تا دوای کۆمەڵگە ئاینییەکەیان نەکەویت"، یان دەبێژێ: "واتّبعت ملّة آبائي إبراهیم و اسحق و یعقوب... الخ" (١١) واتە: "دوای کۆمەڵگەی ئاینی باوو باپیرانم کەوتم، ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوب". سەرنج راکێش ئەوەیە کە وشەی "ملّة" لە قورئاندا، بەزۆری، بۆ "میللەتی ئیبراهیم": واتە "هاوئاینانی پەیامبەر ئیبراهیم" بەکار هێنراوە.

جا ئەگەرچی ئەمڕۆ عەرەبەکان، خۆیان، وازیان لە وشەی "ملّة" religious community هێناوە و لەجیاتی "ملّة" وشەی "طائفة" بەکار دەبەن، بۆ وێنە دەڵێن "الطائفة الموسویة"، "الطائفة المارونیة"، "الطائفة الیزیدیة"، "الطوائف المسیحیة" و نابێژن "الملة الموسویة"، یان "الملة المارونیة"، یان "الملة الیزیدیة"، یان "الملل المسیحیة"؛ بەڵام هێندێک لە گەلە موسڵمانەکانی رۆژهەڵات؛ بەتایبەتی ترک و فارس و تەنانەت کوردیش، ئەم وشەیەیان لە عەرەبەوە وەرگرتووە، کەچی بە مانای بنەڕەتیی خۆی بەکاری ناهێنن؛ بەڵکو بە مانای "گەل"ی کوردی و Peopleی ئینگلیزی و volkی ئەڵمانی و هێندێ جاریش بەرامبەر "نەتەوە" nation بەکاری دەبەن، وەک ئەوەی دەبێژن: "Türk Milleti" "گەل یان نەتەوەی ترک"، ملّت فارس "گەل یان نەتەوەی فارس"،

میللەتی کورد "گەل یان نەتەوەی کورد". ترکەکان و فارسەکان، پاش ئەوەی لە سەتە کۆنەکاندا، وشەی "قوم"ی عەرەبییان بەکار دەهێنا، هاتن لەسەرەتای ئەم سەتەیەوە، بە چاولێکەریی ئەورووپاییەکان؛ وشەی "میللەت" یان بۆ nation بەکار هێنا.ترکان لە پاڵ وشەی "میللەت "دا وشەی ulus شیان دۆزییەوە ولەمەشەوە وشەی ulusal یان بەرامبەر وشەی nationalی ئەورووپایی (واتە:میللی milli) داتاشی، بەڵام وەک چۆن عەرەبەکان ؛ وشەی (nationalism) یان لە "الأمّة" دانەتاشی، بەڵکو لە "القوم" داتاشی، هەرواش ترکەکان وشەی nationalism یان لە ulus دانەتاشی؛ بەڵکو لە وشەی "میللەت millet" و "میللیەت milliyet" داتاشی و کردیان بە milliyetçilik. کە ئەم وشەیەی دوایی لە دەوروبەری جەنگی جیهانیی یەکەمدا دروست کرا. فارسەکانیش وشەی (خلق)یان لە جیاتی وشەی "الشعب"ی عەرەبی (گەل) بەکارهێنا، کە ئەوەش هەر وشەیەکی عەرەبییە، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا بەمانای "مرۆڤ"ی کوردی دێ. هەروەها هەر لە زمانی فارسی دا؛ وشەی "قوم"ی عەرەبی لە جیاتی "تیرەی گەورە tribe"، و وشەی "مردم"یش کە وشەیەکی فارسیی کۆنە، لە جیاتی "دانیشتووان" یان "خەڵک"ی کوردی بەکار دەهێنرێن. لە زمانی کوردیشدا، وشەی "قەوم" کە عەرەبییە، بەکار هێنراوە بۆ ناونانی "کۆمەڵگەی کوردەواری" و بە مانای "شعب" عەرەبی و "میللەت"ی ترکی و فارسی و people و nationی ئینگلیزی بەکار براوە، و وشەی "قەومیەت"یش بەکار هێنراوە بەرامبەر "ناسیۆنالیزم"ی ئەورووپایی. ئەدەبیاتی کوردیی نێوان دوو جەنگی جیهانی، پڕە لە وشەی "قەومی کورد". بەڵام لە پەنجا ساڵی دواییدا وشەی "گەل" جێی "قەوم"ی گرتەوە و لەباتی "شعب"ی عەرەبی و peopleی ئینگلیزی و volkی ئەڵمانی بەکاربرا (١٢). هەروەها وشەی "نەتەوە" لەجیاتی "nation"، لە دەورانی فەرمانڕەوایی بەهەشتی شێخ مەحموود (١٨٨٢ - ٩/١٠/١٩٥٦) دا - کە لە ١٩١٨/١١/٢ ەوە تا ١٩٢٤/٧/١٩ خۆی ڕاگرت - دەزانرا (١٣)، ئەگەرچی وشەی "میللەت"یش هەر بۆ nation بەکار دەبرا و تا ئێستەش جاروبار هەر بەکار دەبرێ.

بەکورتی، بەکارهێنانی وشەی "الأمّة" لە زمانی عەرەبیدا و "میللەت millet" لە زمانی ترکی و فارسی و کوردیدا، لە جیاتی وشەی nationی زمانە ئەورووپاییەکان، و بەو جۆرەی ئەورووپاییەکان لێی تێ دەگەن. هەروەها بەکارهێنانی وشەی "القومیة"ی عەرەبی "ملیّت"ی فارسی و milliyetçilikی ترکی لەجیاتی وشەی nationalism، شتێکی تازەکوورەیە و گەلانی عەرەب و ترک و فارس، سەرەتای بیری "الأمة - ملت - millet" (nation)یان، وەک "بەکێتییەکی سیاسی"، نەک "زاراوەیەکی ئێتنیکی"؛ لە ئەورووپاییەکانەوە وەرگرتووە. چونکە نە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عەرەبی ئیسلامیدا (هەر لە رۆژانی فەرمانڕەوایی محەممەدەوە تا رووخانی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی عەباسییەکان .٦١١/٦١ - ١٢٥٨) و نە لە زەمانی خەلافەتی عوسمانی (١٢٩٩-١٩٢٤) و نە لە دەورانی بنەماڵەی سەفەوی (١. ١٥-١٧٢٢) و بنەماڵەی قاجاری (١٧٩٤-١٩٢٥)دا؛ هیچ کاتێک واتەی "الأمة" و "ملّت" بەو جۆرەی ئەمڕۆی نەبووە، و بەستنی بوونی "الأمة - ملت - nation" بە "دەوڵەتێکی قەومی (ملّی) "national state" یەوە، لاسایی ئەورووپایە و بەس. بەکارهێنانی وتەی "الشعوب العربیة" (گەلە عەرەبەکان) و "شعوب الأمة العربیة" (گەلانی نەتەوەی عەرەب) لە سییەکان و چلەکاندا - لەجیاتی "الشعب العربي" و "الأمة العربیة"، بۆ نیونانی هەموو عەرەب، بێ گوێ دانە وڵات و ناوچەیان: ئەنجامی ئەم لاساییەیە و سەبارەت بەوەیە کە عەرەبەکان، چونکە لەجیاتی یەک تاکە دەوڵەت، چەند دەوڵەتێکیان هەیە؛ ئەوا خەڵکی هەر دەوڵەتێک لەم دەوڵەتانە بە "گەلێکی تایبەتی" دەدرێنە قەڵەم. واتە "نەتەوەی عەرەب" بەش دەکرێ بەسەر چەند "گەلێک"دا، کە شایانی باسە ئەم جۆرە دابەشکردنە لەلای کورد نییە. هەرچەندە نەتەوەی کورد بەسەر چەند دەوڵەتێکدا بەشکراوە کە هیچیان دەوڵەتی کورد نین، لەگەڵ ئەوەشدا زاراوەی "گەلانی نەتەوەی کورد" یان "گەلانی کورد" تا ئێستە لای کورد نەبیستراوە و نییە.

بەڵام ئەوەی لەسەرەوە باسمان کرد ئەوە ناگەیەنێ کە وشەی "الأمة" لە زمانی عەرەبیدا، یان لەلای عەرەبە کۆنەکان بە هیچ جۆرێک، بۆ نیونانی گەلێکی

جیاوازی خاوەن زمان و مێژوو و خوورەوشت و سەرزەویی جیاواز، بەکار نەهێنراوە. نەخێر. هێندێک لە نووسەر و ئەدیبە عەرەبە کۆنەکان بۆ ئەم مەبەستەی باسکرا، وشەی "الامم"یان بەکار هێناوە کە گەڵ (جمع)ی "الامة"یە. بۆ نموونە: ابو علي احمد بن محمد کە بە "ابن مسكويه" ناسراوە و لە زەمانی "بني بويه" (لە سەتەی دەیەم)دا ژیاوە و مردووە؛ کتێبێکی مێژوویی نووسیوەتەوە بە نێوی "تجارب الأمم" (تاقیکردنەوەی نەتەوەکان)ەوە کە بە تێکۆشانی کوردی بەهایی فەرەجوڵلاً زەکی کوردی (فرج الله زكي الكردي) لە میسر لە ساڵی ١٩١٥ دا چاپکراوە، و باسی بەشێک لە مێژووی سیاسیی دەوڵەتی عەبباسی دەکات و بە سەرچاوەیەک دەژمێررێ بۆ مێژووی کۆنی عەرەب و فارس و ترک و کورد و تەنانەت لە بەرگی شەشەمی دا (تەماشای ل ٢٧٠-٢٨٢، ل ٣٤، ل ١٣٩-١٤٠، ل ٤١٥ بکە) بەبۆنەی کارەساتەکانی ساڵانی ٣٢٩-٣٦٩ی کۆچی (= ٩٤٠/٩٤١ - ٩٧٩/٩٨٠) یەوە باسی میرنشینی حەسنەوییەی کورد دەکات بە سەرۆکایەتی حەسنەوی کوڕی حسەینی کوردی؛ ئەم سەرچاوەیە، عەرەب و ترک و فارس و کورد وەک "الأمة" (نەتەوە) باس دەکات و تەنانەت باسی "أمة الروس" (نەتەوەی رووس)یش دەکات. هەروەها نووسەرێکی عەرەبی دی کە نێوی صاعد بن احمد التغلبي بووە، و لە ساڵی ٤٦٣ی کۆچی (= ١٠٦٩/١٠٧٠ی فەرەنگی) دا مردووە؛ کتێبێکی نووسیوەتەوە بە نێوی "طبقات الامم" (چینەکانی نەتەوەکان)ەوە، کە لە بێرووت لە ساڵی ١٩١٢ دا چاپکراوە، لەم نووسراوەدا نێوی گەلانی عەرەب و فارس و رۆمان بە وێنەی "الأمة" براوە. لەمانەش کۆنتر؛ هۆنراوەیەکی هۆنەری گەورەی عەرەب ابو الطيب المتنبي (٣٠٣-٣٥٤ی کۆچی هەیڤی = ٩١٥/٩١٦ - ٩٦٥/٩٦٦ی فەرەنگی)یە کە وشەی "أمم"ی لەوێندا بۆ نێونانی "گەلێک" یان "کۆمەڵگەیەکی ئێتنی"، نەک "کۆمەڵگەیەکی ئاینی" بەکارهێناوە (١٤). جا ئەگەر بڵێین عەرەبەکان ئەو دەمە دەوڵەتیان هەبوو، بۆیە بە "أمة" نێو براون، خۆ فارسەکان لەمێژبوو دەوڵەتەکەیان رووخابوو، و بووبوونە بەشێک لە ئیمپراتۆرێتیی عەرەبیی ئیسلامی، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لەم سەرچاوانەدا کە باسمان کردن خراونەتە

ڕیزی "الامة" دوە. کــەواتە؛ واتــەی "الامة" لە نووســینە کــۆنەکــانی عــەرەب و مــوسڵمــانەکــاندا؛ واتەیەکی سیــاسی، واتــە "دەوڵەتیی دەســتــووری" نادات بە دەستەوە، بەڵکو زاراوەیەکە بۆ ناساندنی "گەلێکی یەک زمان و یەک مێژوو و یەک کولتووری؛ خاوەن تایبەتکاری خۆی". واتە "زاراوەیەکی ئێتنیکی" یە، نەک "سیاسی و دەستووری".

شایانی باسە، کە عەرەبە کۆنەکان، بێجگە لە وشەی "الامة" وشەی "الشعب" یشیان هەر لە کۆنەوە زانیوە. بەڵام ئەم وشەیە لە قورئاندا هەر یەک جار بەکار هێنراوە، و ئەوەش لە ئایەتی ١٣ی سوورەتی "الحجرات" دا و لە شێوەی گەڵ (جمع) دا ؛ واتە "شعوب"دا. لەویندا دەبێژێ: "... وجعلناکم شعوبا و قبائل لتعارفوا... الخ"، واتە: "ئێوەمان بە شێوەی گەلان و هۆزان دروست کرد؛ بۆ ئەوەی یەکدی بناسن... هتد". جا هەرچەندە بە تەواوی نازانرێ کە "شعب" لە سەردەمی ژیانی محەممەددا چۆن تاریف کراوە، و لە قورئانیشدا لە یەک جار پتــر نێــوی نەهاتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی وشــەی "قــبــائل" کــە گــەلی "قبيلة" -هۆز-ە، لە ئایــەتەکــدا لــە پاڵ وشــەی "شــعــوب" دوە هاتووە: دیارە ئاشکرایە کە "شعب" لە "قبيلة" گەورەتر بووە. بێجگە لەوەش زانای بەنێوبانگی عــەرەب زبیر بن بکّار کە لە مەدینەدا ژیاوە و هەر لەوێ لە ساڵی ٢٥٦ی کۆچی (= ٨٦٩/ ٨٧٠ی فەرەنگی) دا کۆچی دوایی کردووە و کوڕەزای سەحابەی ناسراو زبیــر بن عــوام بووە؛ کــە لە ٣٦ی کــۆچی (= ٦٥٦/٦٥٧ی فــەرەنگی)دا مردووە، ئەم زانایە لە کــتــێبــێکدا بە نێوی "نسب قريش وأخبــارهم" (بنەچەو ڕەچەڵەکی قــورەیش و دەنگوباســیــان)، کــە ئەم کــتــێــبــە بە دەســتنووس لە کتێبخانەی ئۆکسفۆرددا هەیە، دەبێژێ: "یەکەم (الشعب)ە، دووەم (قبيلة)یە و سێیەم (عمارة)یە و چوارەم (بطن)ە و پێنجەم (فخذ)ە و شەشەم (فصيلة)یە (١٥). هەروەها لەو لێکدانەوەی قــورئانەدا کــە لەژێر نێــوی "انوار التنزيل واسرار التأويل"دا، لە لایەن ناصرالدين عبدالله بن عمر البيضاوي یەوە کە ٧٩١ی کۆچی (= ١٣٨٨/١٣٨٩ی فەرەنگی) دا مردووە، نووسراوەتەوە، وا هاتووە: "الشعب الجمع العظيم المنتسبون الى اصل واحد وهو يجمع القبائل و القبيلة تجمع العمــائر و العمارة تجمع البطون والبطون تجمع الافخاذ والفخذ

يجمع الفصائل، فخزيمة شعب وكنانة قبيلة وقريش عمارة وقصي بطن وهاشم فخذ و عباس فصيلة" (١٦) واتە ("الشعب" کۆمەڵێکی گەورەی سەر بە تاکە بنەچە و ڕەچەڵەکێکە و ئەوە هۆزەکان (القبائل) لە خۆی دا کۆ دەکاتەوە و "قبيلة"ش "عمائر" لە خۆی دا کۆ دەکاتەوە و "عمارة" ش "بطون" لە خۆی دا کۆ دەکاتەوە و "بطن"یش "افخاذ" لە خۆی دا کۆ دەکاتەوە و "فخذ" یش "فصائل" لە خۆی دا کۆ دەکاتەوە. بۆ وێنە: "خزيمة" گەڵ "شعب"ە و "كنانة"ش "قبيلة"یە و "قريش"یش "عمارة" یە و "قصي" یش "بطن"ە و "هاشم"یش "فخذ"ە و "عباس"یش "فصيلة"یە). بەمەدا دەردەکەوێ کە "شعب" نەک هەر تەنێ لە "قبيلة" گەورەتر بووە، بەڵکو بەو کۆمەڵە خەڵکە گەورەیە گوتراوە کە یەک بنەچە و ڕەچەڵەکیشیان بووە.

هەڵبەتە هێندێک لێکدانەوەی دیش هەیە کە دەبێژن: گوایە مەبەست لە وشەی "شعوب" لە ئایەتی نێوبراودا "فارسەکان"ە، و مەبەستیش لە "قبائل" هەر لەو ئایەتەدا "عەرەبەکان"ە و بیضاوی خۆشی هەر لەوێ دا دەستی ڕاکێشاوە بۆ ئەمە کاتێک گوتوویەتی: "وقيل الشعوب بطون العجم والقبائل بطون العرب"؛ بەڵام ئەم قسەیە هیچ بەڵگەیەکی لەگەڵدا نییە. و دووریش نییە دەستکری ئەو فارسانە بووبێ کە خۆیان لە عەرەبەکان بە بەرزتر دەدایە قەڵەم. بێجگە لەمەش زۆربەی زۆری فەرهەنگە عەرەبییە بایەخدارەکانیش وەک "مختار الصحاح"ی شيخ محمد بن ابي بكر الرازي (لە ٣٩٣ی کۆچی = ١٠٠٣ی ف دا مردووە) کە لە میسر لە ساڵی ١٩٠٥ دا چاپکراوە، "شعب" لە "قبيلة" بە گەورەتر دەزانێ (تەماشای ل ٣٦١ بکە). لەمەش بترازێ، خۆ ئەوە دەزانین کە عەرەبەکان لە دەمەدەمی کۆتاییی دەورانی ئەمەوییەکان و سەردەمی عەبباسییەکاندا؛ بە هەموو ئەو موسڵمانە ناعەرەبانەی کە فەرمانڕەواییی عەرەبیان پەسەند نەدەکرد و داوای وەک یەکییان دەکرد، یان خۆیان لە عەرەب بە بەرزتر دەزانی، پێیان دەگوتن "شعوبی". کە دیارە ئەم زاراوەی "شعوبی"یە لە سەردەمی ژیانی پەیامبەری ئیسلامدا نەبووە، و ئەگەر بوویشێتیش، بۆ ئەو مانا و مەبەستە بەکار نەهێنراوە. بەمەدا دەردەکەوێ کە "شعب" کۆمەڵێک خەڵکی گرتووەتەوە؛ کە هێندێک تایبەتکاریی خۆی هەبووە؛ وەک: زمان و

مێژوو و خوورەوشتی تایبەتی و کولتوور و... هتد. لە کۆتاییی ئەم باسەدا، پێویستە ئەوەش بخەینە بەرچاو؛ کە وشەی "الشعب"ی عەرەبی کە ئەمڕۆ بۆ ناساندنی کۆمەڵێکی گەورەی خاوەن زمانی خۆ و کولتووری خۆ بەکار دەهێنرێ و بە تەواوی بەرامبەر "گەل"ی کوردی و peopleی ئینگلیزی و volkی ئەڵمانییە، کەچی لە هەمان کاتدا بۆ نێونانی چەند ناسیۆنالیتەیەکی جیاوازی لە سنووری یەک دەوڵەتدا ژیاویش بە کاردەبرێ. واتە وشەی "الشعب"ی عەرەبی لە جیاتی وشەی "خەڵک"ی کوردی و "مردم"ی فارسی و populationی ئینگلیزی و فەرەنسی و Bevölkerungی ئەڵمانیش بەکار دەبرێ. بۆ وێنە: لەجیاتی "سكان سوريا" و "سكان تركيا" و "سكان العراق"؛ واتە "خەڵکی سووریا" و "خەڵکی ترکیا" و "خەڵکی عێراق"؛ دەگوترێ "شعب سوريا" و " "شعب تركيا" و "شعب العراق". جا ئەمە نەک هەر لە نێو عەرەبەکاندا بڵاو بووەتەوە، بەڵکو لە نێو ترک و فارس و تەنانەت کوردیشدا برەوی پەیدا کردووە، کە دیارە ئەم زاراوەیە تازە کوورەیە، و لە باری زانستانەوە راست نییە (١٧).

٣- بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە دەورانی دەوڵەتی عەرەبیی ئیسلامیدا

بەر لە هەموو شتێک دەبێ بزانین کە عەرەبەکان هەر لە زەمانی پێش ئیسلامەتییەوە؛ دوو جۆرە عەرەبیان لە یەکدی جیا دەکردەوە؛ یەکێکیان عەرەبی نیشتەجێ بوو، کە بە "عربي"یان دەدایە قەڵەم، و بە نێوی هۆزەکەی خۆیەوە بانگیان دەکرد، وەک "ابو موسى الزبيدي"، یان "ابن زياد التغلبي"...هتد. یەکێکیشیان عەرەبی بیابان (بدو) بوو، کە بە "اعرابي" دەدرایە قەڵەم، و گەلەکەشی (الجمع) "الاعراب" ە و لە قورئاندا ١٠ جار نێوی هێنراوە، بەڵام بە زۆری بە خراپە وەک "الاعراب اشد كفرا ونفاقا... الخ" (١٨) واتە: "عەرەبە بیابان نشینەکان کافرتر و منافقترن" و "وممن حولكم من الاعراب منفقون... الخ" (١٩) واتە: "وە ئەو عەرەبە بیابان نشینانەی لە دەوروپشتانن منافقن" و "قالت الاعراب آمنًا، قل لم تؤمنوا ولكن قولوا أسلمنا ولما يدخل الايمان في قلوبكم... الخ" (٢٠) واتە: "عەرەبە بیابان

نشینەکان گوتیان باوەڕمان هێناوە، بێژە ئێوە باوەڕتان نەهێناوە، بەڵام بێژن موسلمان بووین، ئەگەنا باوەڕ هێشتا نەچووەتە دڵتانەوە". کەچی هەر لە قورئاندا ١١ جار وشەی "عربي" بەکار هێنراوە؛ بەڵام هەمووی هەروەک پێناسە atribute یەک بۆ "زمان"، بەتایبەتی "زمانی قورئان"، وەک دەبێژێ: "قرءانا عربیا غیر ذي عوج... الخ" (٢١) واتە: "قورئانێکی عەرەبی بێ گرێ و گۆڵە" یان "بلسان عربي مبین" (٢٢)، واتە "بە زمانێکی عەرەبیی ڕەوان" یان "... وهذا کتاب مصدق لسانا عربیا... الخ" (٢٣) واتە: "ئەمە کتێبێکی بەڵگەهێنەرە، بە زمانی عەرەبییە... هتد". وشەی"عربي" لە قورئاندا؛ وەک پێناسەی گەلێکی تایبەتی، یان نەتەوەیەکی تایبەتی، بە هیچ جۆرێک بەکار نەهێنراوە. لەگەڵ ئەمەشدا، عەرەبەکان لە زەمانی پەیامبەردا (٥٧ - ٦٣٢) هەر کەسێک کە لە خۆیان نەبووبێ؛ بە ناوی گەلەکەی خۆیەوە ناویان ناوە، بۆ وێنە: هێندێک لە سەحابەکانی پەیامبەر کە عەرەب نەبوون؛ وا ناویان براوە: بلال الحبشي، چونکە حەبەشەیی بووە، سلمان الفارسي، چونکە فارس بووە، صهیب الرومي؛ چونکە رۆمی بووە، جابان الکردي؛ چونکە کورد بووە (٢٤). جا ئەگەرچی الحبشي و الفارسي و الرومي هەموو ڕێژە (نسبة)ن بۆ وڵاتی حەبەشە و فارس و رۆم، لەگەڵ ئەوەشدا هەر یەکەیان، وەک "الکردي" پێناسەی گەلێکی تایبەتین. بەڵام وا دیارە محەممەد خۆی ئەمەی پێ باش نەبووە، و بە سووتی ئاینەکەی خۆی نەزانیوە؛ لەبەر ئەوە، لەو ڕۆژەدا، ویستوویەتی تاریفێکی نوێ بۆ عەرەب بدۆزێتەوە، ئەوەش ئەوەیە "هەر کەسێک بە زمانی عەرەبی قسەی کرد، ئەوە عەرەبە". محەممەد لەم بارەیەوە دەبێژێ: "یا ایها الناس ان الرب واحد والأب واحد و لیست العربیة باحدکم من أب ولا أم وانما هي اللسان، فمن تکلم العربیة فهو عربي" (٢٥)؛ واتە: "خەڵکینە: خودێ یەک خودێیە، و باوک یەک باوکە، و عەرەبێتی هی هیچ کەسێکتان نییە؛ نە لە باوکەوە و نە لە دایکەوە؛ بەڵکو عەرەبێتی زمانە، ئەوی بە عەرەبی قسەی کرد ئەوە عەرەبە". شایانی باسە کە پەیامبەر ئەم قسەیەی لە مزگەوتدا کردووە، پاش ئەوەی کابرایەکی عەرەب گوتوویەتی: بیلالی حەبەشەیی و سوهەیبی ڕۆمی و سەلمانی فارسی عەرەب نین، و نابێ هیچ جۆرە حسێبێک

بکرێ بۆیان لە پشتگیریی پەیامبەردا (٢٦). ڕاستییەکەی ڕێبەکی ژیرانەی دی، بۆ ئەو ڕۆژە، کە ببێتە هۆی بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام، و لە هەمان کاتدا و بە شێنەیی و بێ زەحمەتێکی زۆر، ببێتە هۆی بە عەرەب کردنی گەلە ناعەرەبەکان، بێجگە لەم ڕێیەی محەممەد، چنگ ناکەوێ، واتە "هەر کەسێک بە عەرەبی قسەی کرد بە عەرەب بدرێتە قەڵەم"؛ کە ئەو دەمە دیارە بە خشکەیی و بێ قرە و بڕە خاوەنی ئەم وتارەش دەگرێتەوە. دووریش نییە هەر ئەو سەرنجەی ئەو زەمانە بێ، کە ئێستەش هەروا ماوەتەوە، واتە هەر وڵاتێک کە خەڵکەکەی بە زمانی عەرەبی قسەبکەن، بە بەشێک لە "گەلی عەرەب" و "نیشتمانی عەرەب" بدرێتە قەڵەم. بەڵام با بڵێین هێندێک لوبنانی و میسری و سۆدانی و مەغریبی و جەزایری هەبن، کە بە عەرەبی بتوانن قسە بکەن، بەڵام کە خۆیان بە قیبتی و بەربەری و گۆشێنی و مارۆنی و... هتد بزانن و بە عەرەب نەزانن، ئا ئەوە چی لێ دەکرێ؟

ئەوەی ئاشکرایە؛ پاش مردنی محەممەد، فەرمانڕەوایانی عەرەبی موسڵمان لەگەڵ گەلە ناعەرەبەکاندا؛ بە پێچەوانەی ئەو ئایەتەوە جووڵانەوە کە لە قورئاندا دەبێژێ: "انما المؤمنون اخوة...الخ" (٢٧)، واتە: "خودێ پەرستان هەموو برای یەکن". جا ئەگەرچی عومەری کوڕی خەتتاب (عمر بن الخطاب) لە سەردەمی فەرمانڕەواییی خۆیدا (٦٢٢ - ٦٤٤/١١/٣) دەیویست عەرەبەکان وا لێ بکات: هێمنانە لەگەڵ گەلانی وڵاتە داگیرکراوەکاندا بجووڵێنەوە، و ئەو ناعەرەبانەی دەبوونە موسڵمان، جزیة (باجی سەر)ی لێ نەدەستاندن و خەراج (باجی زەوی و زار) پشی هەڵ دەگرت لەسەریان؛ بەڵام بنەماڵەی ئەمەوی یەکان (٦٦١ - ٧٥٠)، چونکە هەستی شۆڤێنێتییان زۆر بەرز بوو، و بۆ بنبەستکردنی دەسەڵاتی خۆیان پێویستییان بە پارە هەبوو، لەبەر ئەوە ئەو ناعەرەبەی موسڵمانیش بووایە، هەر جزیە یان دەستاند لێی، و هەروەها سەر لەنوێ خەراجیشیان خستەوە سەر ئەو زەوییانەی کە خاوەنەکانیان موسڵمان بوو بوون. هەر لە زەمانی ئەمەوی یەکاندا زمانی ڕەسمیی دیوانی دەوڵەت، لە فارسییەوە کرا بە عەرەبی، و دراوی عەرەبی لەجیاتی دراوی ڕۆمی لێ درا. هەر کەسێکی ناعەرەبیش موسڵمان بووایە؛ پێیان دەگوت

"مولی"، کە گەل (جمع)ەکەی "موالي"یە، و لە زمانی عەرەبیدا بە مانای "سەروەریش و خزمەتکاریش" بەکار دەبرێ (٢٨)، و ئەم "موالی" یانە بە چاوێکی زۆر سووکەوە تەماشا دەکران، تەنانەت هۆنەری عەرەب ئەبولتەییب ئەلموتەنەببی (ابو الطیب المتنبي)، کە هەستی شۆڤێنیانەی عەرەبی یەکجار بەرز بوو، و رکێکی زۆری لە ناعەرەب بوو، ئەم رکەی نەدەشاردەوە و دەیگوت:

وانما الناس بالملوك وما        تفلح عرب ملوكها عجم

لا ادب عندهم ولا حسب        ولا عهود لهم ولا ذمم

بكل ارض وطئتها امم        ترعى بعبد كأنهم غنم

يستخشن الخزّ حين يلمسه        وكان يبرى بظفره القلم (٢٩)

واتە: "خەڵکی هەموو لەسەر رێ و شوێنی پاشاکانیانن؛ ئەو عەرەبانەی پاشاکانیان عەجەم بن (واتە ناعەرەبن)، سەرکەوتوو نابن، (ئەم ناعەرەبانە) نە ئەدەبیان هەیە و نە بنەچە و رەچەڵەک، نە پەیمانیان لا هەیە و نە ویژدان، پێم بۆ هەر لایەک نا؛ چەند نەتەوەیەک (امم)م دی کە وەک مەڕ و بزن لەلایەن بەندەیەکەوە (مەبەستی هۆنەر لێرەدا لە بەندە، فارسەکانە -ج. ن.) لێیانی دەخوڕی. ئەو بەندەیەی کە لەوەو پێش نینۆکی (هێندە درێژ بوو) قەڵەمی دادەرا پێی، کەچی ئێستە (وای لێ هاتووە)؛ کە دەست دەدات لە ئاوریشم، ئاوریشمەکە بە زبر دەزانێ".

هەروەها کاتێک کە عەرەبێک کەنیزەکێکی فارس یان رۆمی یان کورد یان هەر ناعەرەبێکی دی، کە پێیان دەگوت "سُرِّيّة"، مارە بکردایە، بە زارۆکەکەیان دەگوت "هجين": واتە "دوو رەگ" و لەبەر ئەوەی "هجين" لەلای عەرەب و لە زمانی عەرەبیدا، بە مانای "خەوشدار" (معیب) دێ، ئەوا ئەو "دوو رەگە" بە چاوێکی یەکجار نزم تەماشا دەکرا. هۆنەری عەرەب الرّیاشي لەم بارەیەوە داخی دڵی خۆی هەڵ دەرێژێ:

ان اولاد السراري        كثروا يا رب فينا

رب ادخلني بلادا      لا اری فیها هجینا (٣٠)

واتە: "زارۆی کەنیزەکەکان، خوایە، زۆر بوون لە نێوماندا، خوایە بمخەرە وڵاتێکەوە کە دووڕەگ نەبینم تێیدا".

ئەم تەنگە تیلکەیەتیی عەرەبییە، بوو بە هۆی ئەوەی (موالي) یەکان لە کۆتاییی فەرمانڕەواییی ئەمەوییەکاندا، داوای "وەک یەکی" لەگەڵ عەرەبدا بکەن، و ئەم بزووتنەوە تازەیەش وای لە عەرەبەکان کرد، کە نێونکی تازە بدۆزنەوە بۆی، و لەبەر ئەوە و لە سەرەتای سەردەمی عەبباسییەکان و کۆتاییی دەورانی ئەمەوییەکاندا، بەم "موالي"یانەیان دەگوت "شعوبي". ئەمجا ئەم "شعوبي"یانە کە هێزیان پەیدا کرد، لافی ئەوەیان لێ دەدا، کە گوایە فارس لە عەرەب بەرزترن، چ لە زمان زانین و چ لە شەڕدا؛ عەرەبەکان ناتوان بیان گرنەوە. زمانەوانی عەرەب جەمالەددین کوڕی محەممەد (جمال الدين بن محمد) کە بە "ابن منظور" نێوی رۆیوە، و لە سەتەی دوانزەدا ژیاوە، و لە ٧١١ی کۆچی (= ١٣١١/١٣١٢ی فەرەنگی) دا مردووە؛ لە فەرهەنگە بەنێوبانگەکەیدا کە بە "لسان العرب" ناسراوە و لە بێروت بە سەرپەرشتیی شێخ عبدالله العلايلي چاپکراوە، لە بارەی وشەی "شعوبي" یەوە دەبێژێ: "الشعوبي هو الذي يصغّر شأن العرب ولا يرى لهم فضلا على غيرهم" (٣١). واتە: "شعوبي ئەو کەسەیە کە لە رێزی عەرەب کەم بکاتەوەو پێی وابێ کە عەرەب فەزڵیان نییە بەسەر ناعەرەبدا". هەروەها فەردینان توتل (فردينان توتل) لە "المنجد في الادب والعلوم، معجم لاعلام الشرق والغرب" کە لە بێروت لە ١٩٥٦ دا چاپکراوە دەڵێ: "كان الشعوبي ينكر تفوق العرب على سائر الشعوب" واتە "شعوبي دانی بەوەدا نەدەنا کە عەرەب لە گەلانی دی بەرزترە" (ل ٢٨٩). راستییەکەی شعوبییەکان ژیانیان لە والی یە عەرەبەکان تاڵ کردبوو. والی ئەمەوی لە خوراسان، کە نێوی نصر بن سيّار بوو، لەبارەی ئەهلی خوراسانەوە دەبێژێ:

قوم يدينون دينا ما سمعت به      عن الرسول ولا جاءت به الكتب

فمن يكن سائلا عن اصل دينهم      فإن دينهم ان تقتل العرب (٣٢)

واتە: "ئەمانە قەومێکن سەر بە ئاینێکن کە نە لە پەیامبەرم بیستووە و نە لە کتێبە پیرۆزەکاندا باسکراوە، خۆ ئەگەر یەکێک بیەوێ لە بنەڕەتی ئاینەکەیان بپرسێ، ئەوا ئاینەکەیان ئەوەیە کە؛ عەرەب بکوژرێن".

ئەم قسانەش وەنەبێ هەروا هەڵبەستراو بێ، چونکە وا دیارە سیاسەتی شۆڤێنیانەی ئەمەوییەکان هێندە توند و تیژ بووە، کە تەنانەت وای لە هێندێک عەرەبیش کردووە؛ کە بەربەرەکانێی ئەم سیاسەتە بکەن و تەنانەت بگەنە ھەندازەی ئەوەی دوژمنایەتی بەرامبەر بە عەرەب و عەرەبایەتیش بکەن. بۆ وێنە تەبەری (الطبري) لە "تأريخ"ەکەیدا (٣٣) باسی عەرەبێکی خاوەن دەسەلات، بە نێوی حمید قحطبه الطائییەوە دەگێڕێتەوە، کە لە خۆراسان خوتبەی داوە بۆ خەڵک و گوتوویەتی: "عەرەب تا ئەو کاتەی بە دادپەروەری و ویژدانەوە هەڵسوکەوتیان دەکرد، مافی ئەوەیان هەبوو کە فەرمانڕەوا بن، بەڵام ئێستە لەڕێی دادپەروەری لایان داوە... ئێستە خودێی جیهان ئێوەی زاڵ کردووە بەسەر ئەواندا، کە تۆڵە بکەنەوە لێیان...هتد".

هەروەها ابراهیم الامام کە خۆی عەرەبێک بووە لە بەرەبابی "بني العباس"، لە نامەیەکدا کە بۆ سەرکردەی کورد ئەبوو موسلیمی خۆراسانی ناردبوو، نووسیبووی:

"ان استطعت ألا تدع بخراسان أحدا يتكلم بالعربية إلا قتلته، فافعل... الخ(٣٤)

واتە : "ئەگەر توانیت کارێکی وا بکەیت هەر کەسێک لە خۆراسان بە عەرەبی قسەی کرد بیکوژیت، ئەوا بیکە... هتد".

ڕەگەزپەرستی و شۆڤێنیێتی بنەماڵەی ئەمەوییەکان کارێکی وای کرد، ئەو گەلانەی کە عەرەب نەبوون کەوتنە گەلە کۆمە بە سەرۆکایەتی شعوبییەکان لە دژی ئەمەوییەکان، و لە ئەنجامدا دەوڵەتی ئەمەوی بە دەستی سەرکردەی نێوبراوی کورد ئەبوو موسلیمی خۆراسانی لە ٧٥٠ی فەرەنگی دا، و لە پاش شکانی لەشکری ئەمەوییەکان لە ناوچەی زێی گەورە (خوارووی کوردستان)دا، بە جارێک ڕووخا. ئەبوو موسلیم خەلافەتی ئیسلامی دایە دەست عەرەبە

عەبباسییەکان، و دەوڵەتی عەبباسی (. ٧٥-١٢٥٨) دامەزراند بۆیان. بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە بنەماڵەی عەبباسییەکان لە بنەماڵەی ئەمەوییەکان لە باری شۆڤێنێتییەوە هیچیان کەمتر نییە. چونکە بەر لە هەموو شتێک خەلیفەی عەبباسی ئەبوو جەعفەری مەنسوور (ابو جعفر المنصور) پاداشتی ئەبوو موسلیمی بە کوشتن دایەوە، کە ئەبوو موسلیم بە فێڵ و تەڵەکە لەلایەن مەنسوورەوە کوژرا! هۆنەری عەرەب، ابو دلامة (کە لە دەوروبەری ٧٧٨ ف دا مردووە) بە هۆنراوەیەک دەستی کرد بە جنێودان بە کورد. چونکە باووباپیری ئەبوو موسلیم کورد بوون:

أبا مجرم، هل غير الله نعمة على · عبده حتى يغيرها العبد

أفي دولة المنصور حاولت غدره ألا ان أهل الغدر آباؤک الكرد (٣٥)

واتە: "ئەی باوکی تاوانبار (هۆنەر لێرەدا "ابا مسلم" کە مانای باوکی سەلامەت کارە، پێچەوانە دەکاتەوە بە "ابا مجرم" واتە باوکی تاوانکار یان تاوانبار)، ئایە خودێ ئەوەی بە بەندەی خۆی بەخشیوێتی، گۆڕیوێتی، تا بەندە (بتوانێت) بیگۆڕێ؟ (مەبەستی هۆنەر ئەوەیە کە خودێ مەنسووری گەورە کردووە، تۆیەک کە بەندەی خودێیت ناتوانیت گچکەی بکەیت). تۆ لە دەوڵەتی مەنسووردا هەوڵی ناپاکیت دا؟ بەڵێ! بێگومان راستە، باووباپیرانی کوردی تۆ ناپاک و بێ ویژدانن".

هەروەها نووسەر و هۆنەری بەنێوبانگی عەرەب، ابو العلاء المعرّي (٣٦٢ - ٤٤٩ ک = ٩٧٤/٩٧٣ - ١٠٥٧/١٠٥٨ ف) کە کابرایەکی سەر بە قوتابخانەی "معتزلة" بووە، لە "رسالة الغفران"ەکەیدا ئەبوو موسلیم و دوو سەرداری دیکەی کوردی، وەک پاپەکی خورەمی کە ئەویش لە بنەماڵەی ئەبوو موسلیم بوو (٢٦) لەگەڵ خدری کوڕی کاوس کە بە "ئەفشین" ناسراوە (لە مایس / حوزەیرانی ٨٤١ دا کوژرا)، بە "زەندیق" (٣٧) دەداتە قەڵەم (٣٨). چونکە عەرەبە رەگەزپەرستەکانی ئەو زەمانە، ئەوانەی پێیان دەگوتن "شعوبي"، هەر لە هەمان کاتیشدا بە بەیتوبالۆرەی "زەندەقیەتی" شەوە بەرەبەرەکانییان دەکردن. اصمعي کە شاعیرێکی شۆڤێنی عەرەب بووە، لەبارەی

بنەماڵەی بەرمەکی یەکانەوە، کە بنەماڵەیەکی فارسی رۆشنبیر بوون، و خزمەتێکی زۆری دەوڵەتی عەبباسییان کرد، بەتایبەتی لەرێکوپێکخستنی دەزگەی دەوڵەت و بەرێوەبردنیدا، دەبێژێ:

اذا ذکر الشرک في مجلس أضاءت وجوه بني برمک

وان تليت عندهم آية أتوا باحاديث عن مزدک (٣٩)

واتە: "ئەگەر لە کۆڕێکدا باسی "شرک" کرا، ئەوا ڕەنگوڕووی بەرمەکییەکان دەدرەوشێتەوە، خۆ ئەگەر ئایەتێکی قورئان خوێندرایەوە بۆیان، ئەوا دەست دەکەن بە باسی مزدەک".

هەرچەندە لەنێو شعوبییە فارسەکاندا، هی وا هەڵکەوت کە خزمەتی زۆر گەورەی کولتووری عەرەبی کرد، وەک ابن المقفع (٤٠) و البلاذري (٤١) و بشار بن برد (٤٢) و ابو نواس (٤٣) و ابو عثمان بختگان (٤٤)، بەڵام زۆربەی ئەمانە، بە تۆمەتی "زەندەقەیەتی" لەلایەن کاربەدەستە عەرەبە عەبباسییەکانەوە کوژران.

جا هەرچەندە دەوڵەتی عەبباسیی نوێ بە سەرۆکایەتیی ئەبوو جەعفەری مەنسوور، توانی ئەبوو موسلیم لەنێو ببات، و پاش ئەویش هاروونە رەشید (هارون الرشيد) کە لە ٧٨٦ەوە تا ٨٠٩ فەرمانڕەوا بوو، بنەماڵەی بەرمەکییەکانی تەفرو توونا کرد و ئەمجا مەئموون (مأمون)ی کوڕی هارون الرشید لە ماوەی فەرمانڕەوایی خۆیدا (٨١٣-٨٣٣) توانی شۆڕشگێڕێکی وەک فەزڵی کوڕی سەهل (فضل بن سهل)ی خۆراسانی بکوژێ؛ بەڵام دەوڵەتی عەبباسی هەتا دەهات حاڵی خراپتر دەبوو. بەتایبەتی بە هۆی شەڕی نێوان مەئموون و ئەمینی برایەوە. لە زەمانی خەلیفە موعتەسەم (المعتصم) دا کە لە ٨٣٣ دا هاتە سەرکار و تا ٨٤٢ فەرمانڕەوا بوو، شەڕی نێوان عەرەب و فارس زلتر بوو. المعتصم ناچار بوو پەنا بەرێتە بەر ترکەکان؛ بۆ بەربەرەکانێی "شعوبیتی"ی کورد و فارس. ترکەکان؛ هەرچەندە لە سەرەتاوە یارمەتییان دا، بەڵام کاتێک کە خۆیان بەهێز بوون، ئەوجا ئەوانیش بوونە "شعوبی"، و لە زەمانی خەلیفە موتەوەکیل (المتوکل ٢٣٢ - ٢٤٧ ک =

٨٤٧/٨٤٦ - ٨٦٢/٨٦١ ف)دا ترکەکان زۆر دەستیان دەڕۆی، و لە ساڵی ٢٤٧ی کۆچی (=٨٦٢/٨٦١ ف)دا المتوکل یان کوشت. ئەوجا لەسەر دەستکەوتنی خەلافەتی ئیسلامی، لە نێوان ترک و فارس دا بوو بە رکەبەرایەتی. لە ساڵی ٣٣٤ی کۆچی (=٩٤٦/٩٤٥ ف)دا و لە زەمانی خەلیفە موستەکفی (المستکفي) دا (٩٤٤-٩٤٦)، بنەماڵەیەکی فارس کە نێوی (بني بويه) بوو، توانی دەوڵەتی عەبباسی بگرێتە ژێردەست خۆی و تا ٣٤٧ی کۆچی (= ٩٥٩/٩٥٨ ف) فەرمانڕەوا بێ. بەڵام لەم ساڵەدا ترکەکان توانیان "بني بويه" برووخێنن و دەوڵەتی ئیسلامی بخەنە ژێر دەست خۆیانەوە. لەپاش ئەم کاتەوە، "وڵاتی موسڵمانان" بوو بە گۆڕەپانێک بۆ بە یەکدا دانی چەند گەلێکی جیاواز لەسەر دەسەلات، و هەر لەم کاتەشدا بوو کە لە کوردستاندا گەلێک میرنشینی کوردیی سەربەخۆ دروست بوون کە "میرنشینی حەسنەوی" کە لە دەوروبەری ٩٥٩ دا دروست بوو، هەروەها میرنشینی دۆستەکی (١٠٩٦-٩٩٠) گەورەترینیان بوون. دیسان هەر لەم کاتەشدا بوو، واتە لە ١٠٩٥ بەدوواوە، کە دەوڵەتی ئیسلامی لەلایەن خاچ بەدەستەکانەوە (الصليبيون) پەلامار درا، و خاچ بەدەستەکان زۆر دڕندانە کەوتنە ویژەی موسڵمانان و نیزیکەی سەت هەزار کەسێکیان کوشت، و کتێبخانەی "دار الحکمة" یان لە تەرابلوس سووتاند، کە هەزاران کتێبی تێدا بوو. خاچ بەدەستەکان توانیان قودسیش داگیر بکەن، تا ئەوەبوو سەرکردەی کورد سەلاحەددینی ئەیووبی (١١٣٧-١١٩٣) بە لەشکرێکی گەورەی کوردەوە لە ساڵی ١١٨٧دا بەرەو فەلستین کشا و کوردەکان لە هەموو شەڕەکاندا خاچ بەدەستەکانیان شکاند و دەریان پەڕاندن و وازیان نەهێنا لێیان تا ریچارد شێر دڵی پاشای ئینگلیستان ناچار بوو لە ساڵی ٥٨٨ی کۆچی (=١١٩٣/١١٩٢ ف)دا پەیمانێکی شەڕ وەستاندن ببەستێ لەگەڵیان. هەر لەم کاتە بەدواوە گەلێک زانای کورد کەوتنە خزمەتی کولتووری عەرەبیی ئیسلامی، وەک ابو الفدای ئەیووبی (١٢٧٣-١٣٣١) و ابن الاثیری جزیری (لە ٦٣٠ی کۆچی دا مردووە) لەگەڵ ئەوەشدا رک و کینەی شۆڤێنیانەی عەرەبە رەگەزپەرستەکان بەرامبەر بە کورد هەر بەردەوام بوو. هۆنەرێکی عەرەب کە نێوی العجینی یە،

پاش ئەوەی کە کوردەکان مووسڵیان لە دەست زوڵمو زۆری کاربەدەستانی عەبباسی رزگارکرد، دەبێژێ:

ما رأى الناس لهذا الدهر مذ كانوا شبيها

ذلت الموصل حتى أمر الاكراد فيها (٤٥)

واتە: "دەورو رۆژگاری وا کەس نەیدیوە تا ئێستە، مووسڵ وا کەنەفت بوو؛ تەنانەت کوردیش بوونە فەرمانڕەوای".

شایانی باسە کە شۆڤێنییە عەرەبەکان زۆرتر لەو کوردانە دەترسان کە شارەزای زمان و کولتووری عەرەب بوون؛ چۆنکە ئەوەتە شاعیرێکی عەرەب دەبێژێ:

لا تحذر الحيّة والعقربا    واحذر الكردي اذا استعربا (٤٦)

واتە: "لە مار و دووپشک مەترسە، (بەڵکو) لەو کوردە بترسە کە خۆی کردووە بە عەرەب".

بە کورتی: شەڕی نێوان عەرەب و ترک و فارس و کورد، لەسەر دەسکەوتنی فەرمانڕەوایی، بە هەموو توند و تیژییەکەوە دەوامی کرد، تا هۆلاکۆی مەغۆلی بەغدای لە ١.ی شوباتی ١٢٥٨ دا داگیر کرد، و خەلیفە المعتصم بالله (١٢٤٢-١٢٥٨)ی کوشت و رۆباری دیجلەی بە خوێنی هەزاران کەس سوور کرد. جا چۆن "قەومیەت"ی عەرەب لە رۆژهەڵاتی ئیسلامدا، واتە لە بەغدادا، بەدەستی مەغۆل و ترکەکان ژێرکەوت، هەروەها لە رۆژاوای جیهانی ئیسلامیشدا، واتە لە ئەندەلوسیشدا، بەدەستی ئیسپانییەکان ژێرکەوت. ئیسپانییەکان هەر لە ١.٣١ دا هەتەر و پەتەری ئەو دەوڵەتە عەرەبییەیان نەهێشت، کە ئەمەوییەکان لە قورتوبە (قرطبة Cordoba) لە ٧٥٦ دا دایان مەزراندبوو. ئیسپانییەکان هەتا دەهات شوێنەواری عەرەبایەتییان کوێر دەکردەوەو، تەنانەت لە ساڵی ١٥١١ دا هەرچی کتێبی عەرەبی هەبوو، هەموو لە مەیدانی غەرناتە (غرناطة)دا سووتێنران. ئەم رزچوونەی دەوڵەتی عەرەبیی ئیسلامی، رێی بۆ گەلە ناعەرەبەکان کردەوە؛ بەتایبەتی بۆ ترک و فارس کە لە ناوچەکەدا دەسەلات پەیدا بکەن.

٤- ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی

ڕژێمی عوسمانی لە دەورو بەری ساڵی ١٢٩٩ دا وەک میرنشینێکی گچکە لە باکووری ڕۆژاوای ئاسیای بچووکدا دامەزرا؛ لە ماوەیەکی بە ڕێژە (تسبیا) زۆر کورتدا، گەورە و فراوان بوو، و لە ساڵی ١٤٥٣ دا توانی ئەستەموولیش داگیر بکات و بیکاتە پێتەختی خۆی، و بەرەبەرە میسر و سووریا و حیجاز و بەشێکی گەورەی کوردستان و وڵاتی بیزەنتە و بەلْقانیشی خستە ژێردەست خۆیەوە. هەروەها خەلافەتی ئیسلامیشی لە عەرەب پچڕی بۆ خۆی، و خۆی کردە سەرگەورەی موسڵمانەکان لەسەر ئایینزا (مذهب)ی سوننی، جا هەرچەندە سوڵتانەکانی عوسمانی بە ڕەگەز ترک بوون، و زمانی ڕەسمیی دەوڵەتی عوسمانی ترکی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەت بەنێوی ترک یان هیچ گەلێکی دیبەوە نەبوو؛ بەڵکو بەنێوی ئیسلام و عوسمانیتییەوە قسەی دەکرد. ترکەکانیش وەک گەلێک، کەمایەتییەک بوون لەنێو ئەو ئیمپراتۆرێتییە بەریندا. بەڵام دەوڵەتی عوسمانی؛ هەر تاکە دەوڵەتی ئیسلامی نەبوو، چونکە شیعەکانیش لە سەتەی شانزەیەمدا لە (١٠١٥دا) بە سەرۆکایەتیی سمایل شای سەفەوی، کە خۆی بە ڕەگەز کورد بوو، و لەشکرەکەشی، بەزۆری، ترکمانی ئازربایجان بوون، توانیان دەوڵەتێکی موسڵمانی دی لە تەنیشت دەوڵەتی عوسمانییەوە دروست بکەن، بە نێوی دەوڵەتی سەفەوییەوە، کە ئەم دەوڵەتە خۆی کردە نوێنەری شیعەیەتی، و بەوە بوو بە نەیاری دەوڵەتی عوسمانیی سوننی. دەوڵەتی سەفەوی تەورێزی کردە پێتەختی خۆی و بەشێکی کوردستان و عیراقیشی داگیرکرد. بەڵام دەوڵەتی سەفەوی بەنێوی گەلی فارس یان ترکمان یان کوردەوە قسەی نەدەکرد؛ بەڵکو دەوڵەتێکی بنەماڵەیەتی و شیعەیەتی بوو، کە فارسەکان - چونکە زۆربەیان شیعە بوون- پێیەندی بوون. بەکورتی: نە دەوڵەتی عوسمانی و نە دەوڵەتی سەفەوی "دەوڵەتێکی ناسیۆنال" نەبوون، هەرچەندە دەسەڵاتی ترک لە یەکەمیاندا، و دەسەڵاتی فارس لە دووەمیاندا، دەسەڵاتێکی سەرەکی بوو. بێجگە لەوەش لە سنووری هەر یەکێک لەم دوو دەوڵەتەدا؛ چەند نەتەوەیەکی جیاواز دەژیان، کە ترک لە یەکەمیاندا، و فارس لە دووەمیاندا، کەمایەتییەکی یەکجار کەم بوون، ئەگەرچی زمانی

ڕەسمیی؛ ترکی لەم لا و زمانی ڕەسمیی فارسی لەولا، ئەو ڕاستییەی تا هەندازەیەکی زۆر شاردبووەوە؛ کە ترک و فارس دوو کەمایەتین لەو دوو دەوڵەتەدا. کوردەکان لە سنووری هەردوو ئیمپراتۆرێتییەکەدا هەر بەنێو بەشێک بوون لێیان، لە ڕاستیدا؛ گەلێک میرنشینی سەربەخۆیان هەبووە، ئەگەرچی، چ عوسمانییەکان و چ سەفەوییەکان، دەیانویست؛ یان جیاجیا، یان پێکەوە (وەک لە پەیمانی زەهاوی ١٦٣٩ دا دەردەکەوێ) سەربەخۆیی ئەم میرنشینانە نەهێڵن و کوردستان لە خۆیان بەش بکەن.

٥- کورد و دەوڵەتی ناسیۆنال

ڕاستییەکەی نازانرێ لەکەیەوە کورد کەوتوونەتە سەر بیری ئەوەی دەوڵەتێکی یەکگرتووی ناسیۆنال بۆ خۆیان دروست بکەن، بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە، کە دەوڵەتی کوردیی سەربەخۆ لە شێوەی میرنشیندا، هەر لە کۆنەوە بووە؛ کە هەر یەکێک لەم میرنشینانە؛ بەشێک لە نەتەوەی کوردی لە خۆیدا کۆکردووەتەوە. بەڵام کەینێ و لە کوێی کوردستاندا، و بۆ یەکەمین جار هەوڵ دراوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی گشتگر یان کوردستانێکی یەکگرتوو، ئەوە بە تەواوی نازانرێ. ئەوەندە دەزانین کە ئەم هەوڵە لەلایەن کوردەوە دراوە. و ئەم هەوڵدانەش بووەتە هۆی ئەوەی فەرمانڕەوایانی عوسمانی بکەونە مەترسییەوە و هەوڵ بدەن بۆ بەرهەڵست کردنی. بۆ وێنە: نووسەری مێژووی کورد "شەرەفنامە" (شرفنامە)؛ میر شەرەفەددینی بیتلیسی کە لە ١٠٠٥ی کۆچی هەیڤی (=١٥٩٦/١٥٩٧ی ف)دا کتێبەکەی نووسیوەتەوە؛ چیرۆکێکی زۆر سەیر دەگێڕێتەوە کە گوایە کابرایەکی کورد جارێکیان چووەتە لای پەیامبەری موسڵمانان و پەیامبەر کە دیوێتی زۆر ترساوە لێی و لێی پرسیوە کوێندەریت؟ کابرا گوتوویەتی: قوربان کوردم. ئەوسا پەیامبەر دەستی هەڵبڕیوە بە نزا بۆ ئاسمان و گوتوویەتی: خوایە کارێکی وا نەکەیت کە کورد یەک بگرن، ئەگەنا یەکگرتنیان دەبێتە هۆی تێکدانی هەموو جیهان". ئەوجا ئەو نزایەی پەیامبەر گیرا بووە؛ و کوردەکان لەو کاتەوە و تا ئێستەش نەیانتوانیوە دەوڵەتی مەزن و فەرمانڕەوایی گەورە دابمەزرێنن" (٤٧).

ئەم قسەیە کە "شەرەفنامە" دەیگێڕێتەوە، لەوەوپێش مفتییەکی عوسمانی بەنێوی خواجە سەعدەددین (١٥٣٧-١٥٩٩)ەوە گێڕاویتییەوە، کە خۆی هاوچەرخی شەرەفەددینی بیتلیسی، و مفتی دەوڵەتی عوسمانی، و مامۆستای سوڵتان موورادی سێیەمیش بووە. خواجە، لە کتێبەکەیدا کە نێوی "تاج التواریخ" ە؛ ئەم چیرۆکەی سەرەوەی باسکردووە، و خاوەنی "شەرەفنامە" ش لەوی وەرگرتووە. بەڵام "شەرەفنامە" هەر لەوێدا دەبێژێ "ئەگەرچی پێنج دەستەی کورد بوون کە لافی فەرمانڕەوایی و سەرکەوتنیان لێ داوە و سەردەمێکیش بە نێوی خۆیانەوە دراویان لێ داوە و خوتبەی (هەینی)یان بە نێوی خۆیانەوە خوێندووەتەوە" (٤٨).

کەواتە؛ بەم باسەی سەرەوەدا دەتوانین بێژین مەسەلەی هەوڵدان بۆ "یەکگرتنی کورد" واتە " تێکۆشین بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی مەزن"؛ دەبێ لەپێش نووسینەوەی کتێبەکەی مفتی ترک و شەرەفنامەدا لە مەیداندا بووبێ، بۆیە ئەو باسە هاتووەتە پێشەوە، و چووەتە کتێبی مفتییەوە و شەرەفنامەش لێی داوە، ئەگەنا ئەو باسە لە خۆیەوە نەدەچووە بەردەم لێکۆڵینەوەی مفتیی ترک. بێجگە لەوەش "تاج التواریخ"ە کەی مفتی، کە بۆ یەکەمجار لە ئەستەموول لە ١٢٧٩/ ١٢٨٠ی کۆچی؛ واتە ١٨٦٢/١٨٦٣ دا لە چاپدراوە؛ لە نیوەی دووەمی سەتەی شانزەدا نووسراوەتەوە، واتە، دوای ئەوەی کە میرنشینەکانی کوردستان -پاش شەڕی چاڵدێران کە لە ١٥١٤ دا رووی دا- لەگەڵ بنەماڵەی عوسمانیدا یەکیان گرت لە ٩ی ئابی ١٩١٥ دا بەهۆی کەوتنە نێوانی زانای بەنێوبانگی کوردستان ئیدریسی بیتلیسییەوە کە لەلای سوڵتانی عوسمانی و لەلای میرە کوردەکانیش زۆر رێزی دەگیرا (٤٩).

تەنانەت ئیدریسی بیتلیسی کە نازانین کەینێ لە دایک بووە، بەڵام دەزانین کە لە ١٥٢٠ دا مردووە، خۆشی لە بەرهەمە ئەدەبی و مێژووییە گرنگەکەیدا کە بە زمانی فارسی بەنێوی "سەلیم نامە" (سليم نامە)وە نووسیویتییەوە، باسی هەوڵدانێک دەکات لەلایەن خۆیەوە بۆ پێکهێنانی یەکگرتنێک لەنێوان ئەم میرنشین و حکوومەتە کوردییانەدا. جا وا دیارە کوردەکان پاش رێکەوتنی

سالی ۱۹۱۵ لەگەڵ بنەماڵەی عوسمانی، هەر زوو هەستیان بەوە کردبێ کە ئەو سەربەخۆییەی جاران هەیانبوو لە میرنشینەکانی خۆیاندا، پاش یەکگرتنیان لەگەڵ بنەماڵەی عوسمانی، نەیان ماوە، و ئەوجا کەوتبنەتە هەوڵدان بۆ سەربەخۆبوون و خۆ بەهێزکردن لەرێی یەکگرتنەوە. ئەمەش بەتایبەتی لەو دەست درێژییەی ترک و کاردانەوەی کوردەدا دەردەکەوێ کە پاش ئەم رێکەوتنە روویان دا. بۆ وێنە: پاش ئەوەی مەلەک ئەحمەد پاشا، والی ترک لە ژووروی کوردستاندا، لە سالی ۱٦۳۸ و ۱٦۵۵ دا هێرشی بردە سەر کوردە ئێزدییەکان و کوردەکانی ناوچەی وان و کوشتارێکی گەورەی کرد لێیان؛ هەر پاش ئەوە بە چەند سالێک (بەتەواوی لە ۱٦٦٦ دا) کوردێک پەیدا بوو و لافی مەهدێتی لێ دا و هەر بە ماوەیەکی کەم خەڵکێکی زۆری لە دەور کۆبووەوە و لەمەوە بزووتنەوەیەکی چەکدارانە لە کوردستاندا لە دژی فەرمانڕەوایی ترک دروست بوو کە بە زەحمەتێکی زۆر کوژێنرایەوە. ئەمە واو ئەمجا ئەگەر ئەوەش بزانین کە بیرکەرەوەی کورد ئەحمەدی خانی (۱٦۵۰/۱٦۵۱ - ۱۷۰٦) کە "مەم و زین"ەکەی (۵۰) لە ۱٦۹٤ یان ۱٦۹۵ دا نووسیبوەتەوە، کوردی بانگ کردووە بۆ یەکگرتن و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ و خۆرزگار کردن لە ژێردەستەیەتیی ترک و فارس و پەیداکردنی شایەکی کوردی و تاجێکی کوردی و دراوی کوردی و راژەی کولتووری کوردی و... هتد (۵۱) و لە هەمان کاتدا سەرکۆنەی ئەم میرە کوردییانەی کردووە کە بە پاشکۆیەتی (تبعیت)ی ترک و فارس رازی دەبن و پاکانەی بۆ هەژاران و رۆشنبیرانی کورد کردووە کە ئەوان "گوناهیان نییە"؛ چونکە دەسەلات بە دەست ئەوانەوە نییە، بەڵکو بە دەست فەرماندار و میرەکانەوەیە، دیارە ئەگەر ئەمانەمان هەمووی خستە بەرچاو، ئەوا ئەو دەمە هیچ گومانێ لەوەدا نامێنێتەوە، کە بیری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی ناسیۆنال کە هەموو نەتەوەی کورد بگرێتەوە لە کوردستانێکی سەربەخۆدا، و بە سەرکردەیەتیی شایەکی کورد، هەر لە کوردستان خۆیدا هەڵ قوڵاوە و لە بێگانەوە وەرنەگیراوە و ئەم بیرەش بەلایەنی کەمەوە لە سەرەتای سەتەی شانزەیەمدا بووە، ئەمە لە کاتێکدا کە گەلانی فارس و عەرەب و ترک، ئەو

دەمە، بەوێنەی گەلە ئەورووپاییەکان لە سەدەکانی نێوەڕاستدا، هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی تێریتۆریال territorial state یان داوە، نەک دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنال national state. هەروەها ئەو ئیمپراتۆریتیبە، یان ئەو دەوڵەتەی دروستیان کردووە؛ بەنێوی بنەماڵەیەکەوە بووە، وەک دەوڵەتی عەبباسی و دەوڵەتی قارەمانی و دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەوی و دەوڵەتی قاجاری، نەک دەوڵەتی عەرەبی و ترکی و فارسی. ئەمەش دیسانەوە ئەو ڕاستییە ئیسپات دەکات کە قوتابخانەی "کاژیک KAJYK" بۆ یەکەمجار و چارەکە چەرخێک لەمەوبەر پەنجەی ڕاکێشاوە بۆی و گوتوویەتی؛ کەوا تێکۆشین بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنال، مەرج نییە هەر یەکێک بێ لە چالاکییەکان و داخوازییەکانی چینی بۆرژوا. چۆنکە ئەو سەردەمەی ئەحمەدی خانی تێیدا ژیاوە، کوردستان لە دەوری دەرەبەگێتیدا بووە، بە هیچ جۆرێک نە بۆرژوا هەبووە و نە هوردە بۆرژوا -نە وەک چین و نە وەک توێک و نە وەک دەستە- دیارە ئەمەش ئەو ڕاستییە ناشارێتەوە، کە دەوڵەتە ناسیۆنالەکانی ئەورووپا، کە لە نێوانی شۆرشی فەرەنسا و جەنگی جیهانیی دووەمدا دروست بوون، بە زۆری لەلایەن چینی بۆرژوای ئەو وڵاتانەوە دامەزراون. لەمەشەوە خۆیا (واضح) دەبێ؛ کە دوو جۆرە بەسەرهاتی مێژوویی جیاواز لە کۆمەڵگەی کوردەواریی ڕۆژهەڵاتی و کۆمەڵگەی ئەورووپاییی ڕۆژاواییدا، ڕوویان داوە؛ کە لە یەک ناچن. واتە لە کۆمەڵگەی کوردەواریی ڕۆژهەڵاتیی دەرەبەگانەدا، بیرێکی ناسیۆنالیزم بووە کە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنالی داوە. بەڵام لە کۆمەڵگەی ڕۆژاواییی ئەورووپادا؛ دەوڵەتی ناسیۆنال لەلایەن چینی بۆرژوازییی ناسیۆنالیستەوە دامەزرێنراوە.

شایانی باسە کە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنال لای کورد بەکردەوە لە سەتەی هەژدەوە دەستی پێ کردووە، و لە نیوەی یەکەمی سەتەی نۆزدەدا گەیشتووەتە پلەی خەباتی چەکدارانەی ڕێکخراو؛ کاتێک کە میرەکانی کوردستان وەک میری بۆتان و میری بابان و میری سۆران و میری بادینان و میری ئەردەڵان، کەوتنە هەڵگیرساندنی شۆرش و بەیەکادان لەگەڵ دەوڵەتی

عوسمانی و قاجاردا. ئەم میرانە هەموویان بیریان لە دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆناڵ دەکردەوە، نەک دەوڵەتی تێریتۆریاڵ. بۆ وێنە میرێکی وەک میری سۆران کە بە "میری کۆرە" بەناوبانگە، هەرچەندە موسڵمانێکی زۆر سەخت بووە، و قانوونی ئیسلامی بێ کەموزیاد لە میرنشینەکەی خۆیدا خستبووە کار، هەوڵی دامەزراندنی ئیمپراتۆرێتییەکی ئیسلامی نەدەدا، و لە هەرەتی هێز و دەسەڵاتیدا؛ کاتێک کە خەڵکی ئەو ناوچانەی عێراق کە لە ژێر فەرمانڕەوایی عوسمانیدا بوون، چەند جارێک داوایان لێ کرد کە هەلی خەریک بوونی سوڵتان مەحموود بە جەنگی رووسیا، و راست بوونەوەی یەنی چارەکان، و یاخی بوونی محەممەد عەلی پاشای میسری (٥٢) لەدەست نەدات و بە لەشکرەوە بکشێ بەسەر عێراقدا، و ئەوانیش ئامادەن عێراقی تەسلیم بکەن، بەڵام "محەممەد پاشا لە جوابی ئەو مەحزەرانەدا جوابی سیاسی ئەوەبوو؛ ئەمن دەخڵی مەنتیقەی حکوومەتی پاشای ئیسلامی ناکەم. ئەو حکوومەتانەی لەدەست دەرەبەگی کوردستانی دان، خودا تۆفیقم بدات زەبت و تەسخیریان دەکەم" (٥٣). ئەمە لە کاتێکدا کە میری کۆرە، وەک بەدرخان پاشای میری بۆتان (١٨٠٢-١٨٦٧) و شێخ عوبیدوڵلای نێری (١٨٨٣) ناسیۆنالیستانە بیری نەکردووتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئامانجی ئەوە بووە هەر لە کوردستاندا دەوڵەت و فەرمانڕەوایی دابمەزرێنێ، نەک دەست بکێشێتە خاکی بێگانەوە. لەبەر ئەوە هەر ناوچەیەکی لە میرنشینەکانی دراوسێی داگیر کردبێ؛ خستوویەتە سەر میرنشینەکەی خۆی و کردوویەتی بە بەشێک لە میرنشینی سۆران (٥٤).

٦- ناسیۆنالیزمی عەرەب و ترک و فارس و دەوڵەتی ناسیۆناڵ

أ- ناسیۆنالیزمی عەرەب و دەوڵەتی ناسیۆناڵ

پاش ئەوەی عەرەبەکان پێوەندییان بە ئەورووپاوە پەیدا کرد، ئەوجا لەسەرخۆ و پلە پلە مەیلی خۆ جیاکردنەوە لە دەوڵەتی عوسمانی و سەربەخۆبوون لە نێوانیاندا دروست بوو. عەرەبی لوبنان، بەهۆی ئەوەوە کە ئاینی دیانێتی لە نێوانیاندا بڵاوبوو بووەوە، و هەستیان بە نیزیکی دەکرد لە ئەورووپاییەکانەوە؛

بووبوونە سەر قافڵەی بزووتنەوەی عەرەبایەتیی جیابوونەوەخوازانە لە دەوڵەتی عوسمانی. لە سەتەی هەڤدەیەمدا؛ میر فەخرەددین لە لوبنان؛ دەیویست بە یارمەتیی پاپا و پشتگیریی میرە دیانەکانی تۆسکانا و ناپۆلی و ئیسپانیا، لوبنان لە دەوڵەتی عوسمانی جیابکاتەوە. بەلاْم میر فەخرەددین لە ١٦٣٥ دا کوژرا، و کارەکەی سەری نەگرت.

لوبنانییەکانی ئەمڕۆ، بە موسڵمان و دیانەوە، بیری "رۆژانی فەخرەددین" دەکەنەوە و گۆرانی "ایام فخرالدین"، کە گۆرانییەکی زۆر خۆش و بەسۆزی عەرەبییە؛ یادی ئەو رۆژانەیە. ئەوەشمان نابێ لەبیر بچێ، کە پەلاماری ناپلیۆنی یەکەم Napoleone Bounaparte (١٧٦٩/٨/١٥-١٨٣١/٥/٥) بۆ سەر میسر لە ١٧٩٨/٧/١ دا، و داگیرکردنی میسر، پاش شکاندنی لەشکری مەملوکەکان لە ١٧٩٨/٧/٢١ دا، بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبیی جیابوونەوەخوازانەی تیژکرد. بەتایبەتی، چۆنکە ناپلیۆن هەوڵی ئەوەی دەدا، کە زمان و کولتووری عەرەب ببوژێنێتەوە و بەڕێوەبەرێتییەکی عەرەبی لە میسردا دروست بکات. جا ئەگەرچی ناپلیۆن، وەک هەموو کۆلۆنیالیستێکی دی، نەی دەویست دەوڵەتێکی عەرەبیی یەکگرتووی بەهێز دروست ببێ، بەلاْم لەو بەیاننامەیەدا کە لە ١٧٩٨/٧/٢ دا (واتە رۆژێک دوای پەلامارەکەی بۆ سەر ئەسکەندەرییە) دەری کرد؛ بەڵێنی ئەوەی دا کە رێ بە میسرییەکان بدات، خۆیان کاروباری میسر ببەن بەڕێوە.

وەک لەسەرەوە دەستمان راکێشا بۆی؛ دیانەکانی وڵاتی عەرەب پتر لە موسڵمانەکان بۆ سەربەخۆیی وڵاتی عەرەب، واتە جیابوونەوەی لە دەوڵەتی عوسمانی و هەڵگیرساندنی بیری "ناسیۆنالیزمی عەرەب"، هەوڵیان دەدا. ئەمەش شتێکی سروشتییە، چۆنکە دیانەکان لەژێر سایەی رژێمی عوسمانیدا زۆر چەوساوە و بەشخوراو بوون. لەبەر ئەوە بە هەموو جۆرێک هەوڵی رزگاربوونیان دەدا. یەکێک لەم دیانانە: مامۆستایەک بوو لە میسر نێوی یەعقووب حەننا (یعقوب حنا) بوو. ئەم مامۆستایە دەیویست وڵاتی میسر هەر بەجارێک لە دەوڵەتی عوسمانی جیا بکاتەوە. هەروەها ؛ کە لە ساڵی ١٨٠٥

دا محەممەد عەلی پاشا (١٧٦٩-١٨٤٩) بوو بە فەرمانداری میسر، هەرچەندە خۆشی عەرەب نەبوو (٥٥)، بەڵام سیاسەتێکی عەرەبانەی ناسیۆنالیستانەی گرتەبەر. لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی دەوڵەتێکی عەرەبیی یەکگرتوو دروست بکات، چونکە دەوڵەتە ئەورووپاییە کۆلۆنیالیستەکان دژایەتییان دەکرد. گرنگ ئەوەیە کە محەممەد عەلی دەیویست دەوڵەتێکی عەرەبی لەسەر بنچینەیەکی ناسیۆنال، نەک تیریتۆریال، دابمەزرێنێ. ئەمەش یەکەمجار بوو کە "بیری دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆناڵ" لە نێو عەرەبەکاندا پەیدا بوو (٥٦).

بەهێزبوونی بیری ناسیۆنالیزمی عەرەب و رووکردنە رێبازی دەوڵەتی ناسیۆنال، بوو بە هۆی ئەوەی کە سەرکردەی ئیمپراتۆرێتیی عوسمانی؛ سوڵتان عەبدولحەمید، کە لە ١٨٧٦ەوە تا ١٩٠٨ فەرمانڕەوا بوو، بکەوێتە شەڕی ناسیۆنالیزمی عەرەب، ئەمەش گیانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەهێزتر کرد. هەروەها پەلاماردانی ئینگلیزەکان بۆ سەر میسر، و داگیرکردنی لە ١٨٨٢ دا، ئەم هەستەی خستتر کرد، شان بە شانی بەهێز بوونی ناسیۆنالیزمی عەرەب، هەستێکی ناسیۆنالیستانە لەنێو گەلەکانی دیی ژێردەستەی عوسمانیدا پەیدا بوو بوو کە ئەوانیش هەر داوای جیابوونەوەیان دەکرد. بێجگە لەوەش، بزووتنەوەیەکی ئیسلامەتیی نوێ لە نێو کورد و عەرەبدا هاتبووە کایەوە، کە ئەویش داوای جیابوونەوەی دەکرد لە دەوڵەتی عوسمانی. سەرکردەی ئەم بزووتنەوە تازەیە هێندێکیان کورد بوون، وەک ئەورەحمان کەواکیبی (عبدالرحمن الکواکبي ١٨٤٩-١٩٠٣) کە لە حەلەب لە دایک بوو بوو، هەروەها الرياض الكردي و جەمالەددینی ئەسەداوایی (١٨٣٨-١٨٩٧) کە لە ١٨٦٩ بەدواوە نێوی "ئەفغانی" بە خۆیەوە نا.

ئەمانە هەرچەندە داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیی یەکگرتوویان دەکرد، بەڵام دەیانویست سەرکردەیەتیی ئەو دەوڵەتە بەدەست تورکەوە نەبێ. بۆ وێنە: کەواکیبی دەیگوت ؛ دەبێ خەلافەتی ئیسلام عەرەبی بێ، و ئەم بیرەشی لە پوختەنامە (محضر)ی وتو ویژ و بڕیارەکانی کۆمەڵەی "أم القرى" دا تۆمار کرد، کە لە مانگی ذی القعدةی ١٣١٦ی کۆچیدا (=١٨٩٩ ف)، لە مەککە کۆنگرەیەکی بەست بە نێوی "مؤتمر النهضة الاسلامية"ەوە. کەواکیبی، هەر لە

هەمان كاتدا، زۆر رەخنەی لە رژێمی عوسمانی دەگرت و داوای "چەشنە سەبەخۆییەكی جۆری دەكرد لە بەڕێوەبەرێتیدا بۆ هەموو ئەو گەلانەی لە دەوڵەتی عوسمانیدا دەژیان كە بگونجێ لەگەڵ رەوشتو خوو و سروشتی وڵاتەكەی خۆیان، وەک میرنشینەكانی ئەڵمانیا و ویلایەتەكانی ئەمەریكا و كۆلۆنییەكانی بەریتانیا و رووسیا" و ئەمەش بە "گرنگترین پێویستی" دادەنا (٥٧). هەر لەم كاتەدا سەركردەی كلاسیكی كورد، بەهەشتی شێخ عوبیدوڵلای نیری، كە شێخی دەروێشەكانی تەریقەتی نەقشبەندی بوو لە ژووروی كوردستاندا؛ دەیویست كوردستان بەجارێک لە هەموو دەسەڵاتێکی ترک و فارس رزگار بکات، و دەوڵەتێكی سەربەخۆی كوردی دروست بكات و بۆ ئەمەش نوێنەرەكانی دەوڵەتە رۆژاواییەكانی ئاگادار كردبوو، و لەساڵی ١٨٨١/١٨٨ دا، بەكردەوە، لەشكری كێشا بووە رۆژهەڵاتی كوردستانەوە.

ناسیۆنالیزمی عەرەب، لە سەرێكەوە سووتی لەم ئاژاوەی نێوخۆییە وەردەگرت كە كەوتبووە وڵاتی عوسمانییەوە، و لە سەرێكی دیكەوە سووتی لە ئایینی ئیسلام وەردەگرت، بەتایبەتی لە بیروڕاكانی هێندێک لە زانا موسڵمانەكانی وەک كەواكیبی، كە دەیانگوت؛ چۆنكە پەیامبەر عەرەبە و عەرەبیش كەرەسەی ئیسلامە، دەبێ خەلیفەی موسڵمانان یان عەرەب بێ، یان پێوەندییەكی بەو بنەماڵەیەوە هەبێ. هەروەها؛ لە سەرێكی دیشەوە، كەڵكی لەو ناكۆكییە وەردەگرت كە لە نێوان كۆلۆنیالیستەكانی رۆژاوا و دەوڵەتی عوسمانیدا هەبوو. لە جەنگی جیهانیی یەكەمدا، دەستەی ئەرستۆكرات و كلاسیكی عەرەب، بە سەرۆكایەتیی حسەینی كۆڕی عەلی كە شەریفی مەككە بوو؛ هەوڵی دا بە هاوپەیمانیتی لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنسادا، دەوڵەتێكی یەكگرتووی ناسیۆنال بۆ عەرەب لە چەند وڵاتێكی عەرەبدا دابمەزرێنێ. شەریفی مەككە لە ساڵی ١٩١٦ دا، پەیمانێكی لەگەڵ فەرەنسا بەست كە بە پەیمانی "حسەین-مەكماهۆن"ەوە ناسراوە، و هەر لەو ساڵەدا و بە رەزامەندیی سوێندخوارانی ئەورووپایی ئاگری شۆرشێكی گەورەی لە حیجاز نایەوە دژی دەوڵەتی عوسمانی بۆ سەربەخۆییی وڵاتی عەرەب. بەڵام چۆنكە ئامانجی كۆلۆنیالیستەكانی ئەورووپا ئەوە نەبوو؛ دەوڵەتێكی یەكگرتووی ناسیۆنال بۆ

حســەینی کــوڕی عــەلی و عــەرەب دروست بکەن، لەبەر ئەوە هەر لە ١٦ی مایسی ١٩١٦ دا و سەرەڕای پەیمانی "حسـەین - مەکماهۆن"، فەرەنسا و بەریتانیا بە پێی پەیمانی نهێنی "سایکس پیکۆ" -Sykes Picot- وڵاتی عــەرەب و کــوردســتــانیــان لە خۆیان بەشکردبوو، و ســەرکــردەی کــلاسیــکیی عــەرەبیش ئەوەی لە باردا نەبوو کــە بتــوانێ بە تەنێ دەوڵەتێــکی عــەرەبیی یەکگرتوو دروست بکات؛ بەکورتی ئەوەی لەدەست مستەفا کەمالی ترک و هاوکارەکانی هات، ئەوە لەدەست شەریفی مەککە و داروودەستەکەی نەهات، لەبەر ئەوە کــە جەنگی جیــهانیی یەکــەم بڕایەوە ؛ وڵاتی عــەرەب بوو بە چەند دەوڵەتێک، کە یەکخستنیان شتێکی هەروا ئاسان نەبوو.

لە نێوان جەنگی جیــهانیی یەکــەم و دووەمدا بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی و بیری دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیـۆنالی یەکگرتووی عەرەبی لە سووریا و عێراق و فەلەستیندا بەهێزبوو، بەڵام لە میسر و وڵاتەکانی باکووری ئەفریقا و دورگەی عەرەبدا زۆر لاواز بوو. ئەوانەی بوو بوونە شا و میر و فەرمانڕەوای دەوڵەتە عەرەبییە تازە دامەزراوەکان،*دەوڵەتی ناسیۆنالی یەکگرتووی عەرەبیان بەدڵ نەبوو، چۆنکە لە کــورسی و دەســەڵاتی خــۆیان دەترســان. حــیــزبێــکی جەماوەریی گشتگری بەدەسەڵات، یان هێزێکی سوپایی کاریگەری واش نەبوو، کە بتـوانێ ئاواتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبی یەکگرتوو بهێنێتــە دی. هەروەها، کۆلۆنیــالیــســتــەکانی ئینگلیز و فەرەنسا و ئیتــالیاش دژی یەکێتی ناسیـۆنالی عـەرەب بوون (٥٨). لەبەر ئەوە ناسیـۆنالیسته عەرەبەکان؛ وەک ڕەشـیـد عـالی گەیلانی (رشید عـالي الگیـلاني) و حـاجی مـحـەمـەد ئەمین حسەینی (الحاج محمد أمین الحسیني) کە مـفتی فـەلەستین بوو، هەروەها سەلاحەددین سەبباغ (صلاح الدین الصباغ) کە لە سوپای عێراقدا "عقید" بوو، پاش ئەوەی لە ســوێندخـۆران، بەتایبــەتی بەریتــانیــا، ناهومێــد بوون، پێوەندییان بە سەرکردە نازییەکانی ئەڵمانیاوە کرد، کە لە ساڵی ١٩٣٣ وە هاتبـوونە سەرکار، بۆ ئەوەی بە پشتی ئەڵمـانیای نازی دەوڵەتی یەکگرتووی عـەرەب دابمەزرێنن (٥٩). نازییـەکـان لەبەر ئەوەی دوژمنی ڕەگەزی جوولـەکـە بوون؛ دیارە وەک عەرەبە ناسیـۆنالیستەکان بەربەرەکانێی بیری زایۆنیزمیان

دەکرد کە دەیویست لە فەلەستیندا دەوڵەتێک بۆ جوولەکەکان دابمەزرێنێ. لە سەرێکی دیشەوە، نازییەکان -هەروەک ناسیۆنالیستە عەرەبەکان، بەڵام لەبەر هۆیەکی دی- دژی بەریتانیا و هاوکارەکانی بوون، لەبەر ئەمانە، بەرژەوەندیی سیاسییانەی هەردوولا لەگەڵ یەک ڕێکدەکەوت. و نازییەکان کەوتنە یارمەتیدانی ناسیۆنالیستە عەرەبەکان دژی بەریتانیا. ناسیۆنالیستە عەرەبەکان هەر لە سەرەتاوە، بە بەرچاوتەنگیی شۆڤێنییانەی خۆیانەوە، کەوتنە دوژمنایەتیی کورد و لەباتی ئەوەی ئەو هەلەی کە شۆرشگێری کورد فەریق روکن بەکر سیدقی عسکەری (الفریق الرکن بکر صدقي العسکري) (٦٠)، پاش کودەتاکەی لە ٢٩/١٠/١٩٣٦ دا رەخساندبووی بۆ پاککردنەوەی عێراق لە دەسەلاتی بەریتانیا، لەرێی دۆستایەتییەوە لەگەڵ کورددا بەکار بهێنن بۆ دەسکەوتی هەردوولا، کەچی کەوتنە دوژمنایەتیی کورد و کەینو بەین گێڕان لە دژی بەکر سیدقی و گوناهبار کردنی بەوەی گوایە "دوژمنی عەرەب و ئیسلامە" و "دۆستی جوولەکەیە" و "ژنەکەی ئەڵمانە" (٦١) و... هتد. پاش ئەوەی ناسیۆنالیستە عەرەبەکان بە شێوەیەکی دزانە و فرتوفێڵاوی بەکر سیدقی یان لە رۆژی ١١/٨/١٩٣٨ دا لە مووسڵ تێرۆرکرد (٦٣)؛ و بەمەش بەتەواوی پیلانی ئیمپریالیزمی بەریتانیایان لە عێراقدا هێنایە دی، کە دوژمنی هەرە گەورەی بەکر سیدقی بوو، ئەوجا عێراقیان کردە بنکەی چالاکی خۆیان و بە سەرۆکایەتیی محمد یونس السبعاوي، وەزیری ئابووری، چەند کادرێکی شۆڤێنیستانەیان دروست کرد بە نێوی "کتائب الشباب" (بەتالیۆنی لاوان) و "القوة السبعاویة الوطنیة" (هێزی سەبعاوی نیشتمانی) و "الحرس الحدیدی" (پاسەوانی ئاسنین) ەوە کە لە رۆژانی ١ و ٢ی حوزەیرانی ١٩٤١ دا گەلێک جوولەکەی بەغدا بەدەستی ئەمانە و یارمەتیی هێندێک لە سەربازەکانی سوپای عێراق، بە ناهەق کوژران وماڵیان تالان کرا. لە ئاژاوەی ئەم دوو رۆژەدا ١١٠ کەس کوژران و ٢٤٠ کەس بریندار بوون (٦٣). رەشید عالی گەیلانی سەرۆک وەزیرانی عێراق؛ کە پێی وابوو بە یارمەتیی ئەڵمانیای نازی و پاش دەرپەڕاندنی وەسی عەبدول ئیلاه (الوصي عبدالاله) کە سەر بە بەریتانیا بوو، دەتوانێ عێراق لە دەسەلاتی بەریتانیا پاک بکاتەوە، هەر زوو بۆی دەرکەوت

کە ئەو ئەم کارەی لەباردا نییە. چونکە هەر پاش چەند هەفتەیەکی کەم؛ "حکومەتە شۆڕشگێڕ"ەکەی کە لە ۱۹٤۱/٤/۳دا بە نێوی "حکومەتی بەرگریی نیشتمانی" (حكومة الدفاع الوطني)یەوە دروستی کردبوو؛ بەهۆی پەلاماردانی ڕاستەوخۆی هێزی ئاسمانی بەریتانیاوە لە ۲ی مایسی ۱۹٤۱ دا، بە ئاسانی کەوت و ڕەشید عالی ناچار بوو لەگەڵ مفتی حسەینی و سەلاحەددین سەبباغ و فەهمی سەعید (فهمي سعيد) و مەحموود سەلمان (محمود سلمان) لە ۲۹ی مایسدا ڕا بکەن بۆ ئێران و پەنا ببەنە بەر ڕەزا شای پەهلەوی کە ئەویش یەکێک بوو لە هاوپەیمانەکان و دۆستەکانی ئەڵمانیای نازی. بەڵام پاش ئەوەی سوپای سۆڤێت و بەریتانیا لە ۱۹٤۱/۸/۲۵ دا ڕژانە ئێرانەوە بە بیانووی بەربەست کردنی پروپاگەندەی نازیتییەوە، ڕەشید عالی ڕای کرد بۆ ترکیا و بوو بە پەنابەر لەوێ و مفتی حسەینی ڕای کرد بۆ ئەورووپا، بەڵام ئەوانەی دی کە هەر لە ئێراندا مابوونەوە و هێشتا ڕایان نەکردبوو؛ درانەوە دەست کاربەدەستانی بەریتانیا لە عێراقدا (٦٤). هاوکارەکانی ڕەشید عالی لە بەغدا، دران بە دادگە و فەرمانی خنکاندن درا بە سەریاندا. لە ڕۆژی ۱۹٤۲/٥/٥ دا فەهمی سەعید و یونس سەبعاوی و مەحموود سەلمان لە سێدارە دران (٦٥). بەڵام سەلاحەددین سەبباغ پاش ئەوەی ترکیا سیاسەتی گۆڕی لە دۆستایەتیی ئەڵمانیاوە بەرەو بەریتانیا، و سەلاحەددین - کە لەوێ پەنابەر بوو - درایەوە دەست ئینگلیزەکان، ئینگلیزەکانیش دایانەوە دەست عێراق، ئەویش لە ڕۆژی ۱۹٤٥/۸/۱٦ دا لە سێدارە درا و بەمە بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەب کە عێراقی کردبووە بنکەی خۆی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی ناسیۆنالی عەرەب، جاری سەرکوت کرا.

لە کۆتایی جەنگی جیهانیی دووەمدا، دەزگەیەکی سیاسیی عەرەبی بە نێوی "کۆکەرەوەی دەوڵەتانی عەرەب" (جامعة الدول العربية) وە بە دەستپێشکەریی ئینگلیزەکان (٦٦) لە بیست دەوڵەت لە ۱۹٤٥/۲/۲۲ دا دروست بوو. ئەم "کۆکەرەوە"یە بە سەرزاری بۆ یەکگرتنی وڵاتە عەرەبییەکان دامەزرابوو، بەڵام مەبەستی شاراوەی بەریتانیا لەم نەخشەیە ئەوە بوو کە ناسیۆنالیستە

عەرەبەکان وا لیْ بکات لە بیری "یەکێتیی عەرەبیی گشتگر" (الوحدة العربية الشاملة)ی دژ بە ئیمپریالیزمی بەریتانیا دوور بکەونەوە. بەلاّم بە پێچەوانەی ئەم چاوەڕوانییەی بەریتانیاوە؛ بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، و داواکردنی دەوڵەتێکی عەرەبیی یەکگرتووی گشتگر، زۆر بەهێزتر بوو لە جاران؛ بەتایبەتی لە سووریادا و لە ٧ی شوباتی ١٩٤٧ دا "حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆسیالیستی" (حزب البعث العربي الاشتراكي) لەلایەن دیانێکی مارۆنی خەڵکی دیمەشقەوە کە نێوی میشێل عەفلەقە (ميشيل عفلق) دروست بوو. شایانی باسە کە ئەم حیزبە لە سەرەتاوە، و لە مارتی ١٩٤١ دا بەنێوی "الاحياء العربي"یەوە هاتە کایەوە، و یەکەمین هەنگاوی خۆی بە پشتگیریی بزووتنەوەی ڕەشید عالی گەیلانی لە عێراقدا دەست پیْ کرد (٦٧). ئەم حیزبە، هەرچەندە خۆی بە "سۆسیالیست" دەداتە قەڵەم؛ بەلاّم تا ئێستە نەخشەیەکی سنوور دیاری بۆ ئەو "سۆسیالیزمە" دانەناوە کە باسی دەکات و تا ئێستەش نەیتوانیوە خۆی لە بیری شۆڤینیانە و تەنگەتیلکانەی هوردە بۆرژوای عەرەبی رزگار بکات. هەر لە ئەنجامی ئەوەشەوە، پاش هاتنە سەرکار، بەزۆر، لە عێراق و سووریادا، لە بەهاری ١٩٦٣ دا، ڕێبازێکی تۆتالیتێرانەی گرتەبەر.

دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ١٩٤٨/٥/١٤ دا، بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی تیژتر کرد، و بوو بە هۆی گەلێک کودەتای سوپایی لە وڵاتە عەرەبییەکاندا، کە یەکێکیان لە سووریا لە ١٩٤٩/٣/٣١ دا لەلایەن حوسنی زەعیمەوە (حسني الزعيم) کە کورد بوو، ڕووی دا. بەلاّم حکوومەتی حوسنی زەعیم و سەرۆک وەزیرانەکەی موحسنی بەرازی (محسن البرازي) -کە ئەویش هەر کورد بوو- هەر چوار مانگ دەوامی کرد. حوسنی زەعیم، وەک بەکر سیدقی، لەلایەن ناسیۆنالیستە عەرەبەکانەوە تیرۆر کرا. و سامی حەنناوی (سامي الحناوي) هاتە سەرکار کە ئەوەیش میشێل عەفلەقی کرد بە وەزیری پەروەردە (تربية)ی خۆی. بەلاّم پاش چەند مانگێک ئەدیب شیشەکلی (اديب الشيشكلي) لەرێی کودەتا یەکەوە حکوومەتی سامی الحناوي خست، و لە فەرمانڕەوایی دا مایەوە تا ١٩٥٤/٢/٢٥، کە حکوومەتێکی چەند حیزبی

دروست بوو. ئەوجا کودەتای "ئەفسەرە ئازادەکان" (الضباط الاحرار)ی میسر بە سەرۆکایەتیی جەمال عەبدولناسر (جمال عبد الناصر ۱۹۱۸ - ۱۹۷۰/۹/۲۸) لە ۱۹۵۲/۷/۲٦دا رووی دا، کە ئەمەیان گرنگترین کودەتای سوپایی بوو لە ولاتی عەرەبدا؛ پاش جەنگی جیهانیی دووەم. ناسر بیری یەکێتیی گشتگری ولاتە عەرەبییەکانی بەست بە بیری "بەربەرەکانێی ئیمپریالیزم و زیۆنیزم و دەرەبەگێتی و کۆنەپەرستی"یەوە و ڕێبازی "دادی کۆمەلایەتی" گرتەبەر، کە بەمەشی دەگوت "سۆسیالیزمی دیمۆکراتیی هەرەوەزی" (الاشتراکیة الدیمقراطیة التعاونیة). جا لەبەر ئەوەی ئەو دروشمانەی ناسر هەلی گرتبوون، وەک : "یەکێتی و ئازادی و سۆسیالیزم" (الوحدة والحریة والاشتراکیة)، لەگەلْ دروشمەکانی حیزبی بەعسدا یەکیان دەگرتەوە، بەعسییەکانیش لە نێوەڕاستی پەنجاکاندا لە سووریا لە حوکمدا بەشدار بوون؛ یەکێتی میسر و سووریا لە ۱۹۵۸/۲/۲۳ دا بە سەرۆکایەتیی ناسر پێک هات (٦٨). بەلام هەر زوو دەرکەوت، کە "بیری ناسریزم" وەک "بیری بەعسیتیی عەفلەقیتی" نییە. ناسر باوەڕی بە حیزبایەتی نەبوو، دەیگوت "حیزبایەتی مانای خۆ هەلپەساردنە بە هێزێکی بێگانەی دەرەوە بۆ گەیشتنە فەرمانڕەوایی؛ سا بە هێزی بەرەی ئەمریکا و ڕۆژاوا وە بێ، یان بە هێزی بەرەی سۆڤێت و ڕۆژهەلاتەوە". لەبەر ئەوە یەکەمین مەرجی ناسر بۆ یەکگرتنی میسر و سووریا ئەوەبوو، کە حیزبەکانی سووریا، هەموویان، خۆیان هەلْ وەشێننەوە. هەرچەندە حیزبی بەعس ئەم هەنگاوەی نا، بەلام هەنگاوەکەی هەر بە سەرزاری بوو، و داو دەزگەکانی بەعسی لە سووریادا؛ بەنهێنی و لە ژێرەوە هەر کاریان دەکرد. ئەمەش بوو بە هۆی دروستکردنی ناکۆکی لە نێوان ناسر و بەعسییەکاندا. هەرچەندە پاش کودەتای قاسم لە عێراقدا (لە ١٤ی تەمموزی ۱۹۵۸ دا) و یەکگرتنی تاکتیکانەی قاسم لەگەلْ کۆمۆنیستەکانی عێراق لە دژی بەرەی ناسیۆنالیستە عەرەبەکان (بەعسی و ناسری)؛ ئەم ناکۆکییەی نێوان بەعسی و ناسری لە زەمانی فەرمانڕەواییی قاسم دا (١٤/٧/١٩٥٨-١٩٦٣/٢/٨) کرد بەژێر لێوەوە و زۆرتر بە هیوای ئەوەی عێراقیش بکرێتە هەرێمێکی کۆماری یەکگرتووی عەرەب، بەعسییەکان پشتی

ناسریان گرت دژی قاسم، بەڵام پاش جیابوونەوەی سووریا لە میسر، لە ١٩٦١/٧/١٨ دا، و لە ئەنجامی کودەتای ئەفسەر جاسم عەلوان (جاسم علوان) و هاتنە سەرکاری مەئموون کوزبەری (مأمون الكزبري) یەوە، جیاوازیی نێوان هەردوو لایان (ناسر و بەعسییەکان) زێتر دەرکەوت. لەبەر ئەوە، کە بەعسییەکانی عێراق لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و بەعسییەکانی سووریا لە ٨ی مارتی ١٩٦٣ دا، لەرێی کودەتاوە، لە هەردوو وڵاتەکەدا هاتنە سەر کار؛ هەموو وتووێژێکی نێوان ناسر و سەرکردە بەعسییەکانی ئەم دوو وڵاتە بۆ "یەکێتیی عەرەب" و ئەمجارە لەسەر بنچینەی "فیدرالی" و بە پێی پەیمانی یەکێتی "میثاق الوحدة" کە لە قاهیرە لە ١٩٦٣/٤/١٧ دا بەسترا، هەروا لەسەر کاغەز مایەوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی ناسر لە رۆژانی ٢٢ و ٢٤ی ١٩٦٣/٧/ دا زۆر بە توندی پەلاماری حیزبی بەعسی دا و بە حیزبێکی "فاشستی" دایە قەڵەم و گوتی نایەوێ هاوکاری لەگەڵ ئەم حیزبەدا بکات. راستییەکەی کەفوکوڵی "یەکێتیی عەرەب" هەتا دەهات بەرەو ساردبوونەوە دەرۆی و تەنانەت پاش کودەتای عەبدولسەلام عارف (عبدالسلام عارف) لە عێراق لە ١٩٦٣/١١/١٨ دا، و رووخاندنی رژێمی بەعسییەکانی کۆنە هاوپەیمانی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە عارف ناسر پەرستێکی تەواویش بوو، لەگەڵ ئەوەشدا، مەسەلەی "یەکێتیی عەرەب" بە کردەوە، یەک هەنگاو نەچووە پێشەوە، چ لە سەردەمی ژیانی عبدالسلام خۆی، و چ لە سەردەمی ئەوڕەحمان (عبدالرحمن)ی برای دا کە پاش مردنی عبدالسلام (بەهۆی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکەیەوە لە ١٩٦٦/٤/١٣ دا)، لە ١٩٦٦/٤/١٧ دوە هەتا ١٩٦٨/٧/١٧ فەرمانڕەوا، واتە سەرکۆمار بوو. هەروەها کەرت بوونی حیزبی بەعس لە شوباتی ١٩٦٦ دا لە سووریا، کە بوو بەهۆی دەرکردنی داورودەستەی عەفلەق لە حیزب و بەش بوونی حیزب بە دوو دەستەی "سەر بە عەفلەق" لە عێراق و "دژ بە عەفلەق" لە سووریادا، هیچی لەمەسەلەکە نەگۆڕی؛ بەڵکو ئاڵۆزکاوتری کرد، بەتایبەتی پاش شەڕی نێوان عەرەب و ئیسرائیل لە حوزەیرانی ١٩٦٧ دا، کە بە "شەڕی شەش رۆژەکە" بەنێوبانگە، و بە شکانی لەشکرەکانی عەرەب کۆتایی هات و بوو بە هۆی هەوێنی گەلێک کودەتای

سوپایی بە بیانووی گەڕان بە دوای ڕژێمی ڕەوا legitimate دا کەیەکێک لەم کودەتایانە گەڕانەوەی بەعسییەکان بوو لە عێراقدا بۆ سەرکار لە ١٩٦٨/٧/٣دا، کە ئەمجارە بەعسییەکان بە ئاشکرا دژی ناسر وەستان و ئۆباڵی شکانی حوزەیرانیان خستە ملی. ئەمەش مەسەلەی "یەکێتیی ناسیۆنالی عەرەب"ی سەختتر کرد. بەلاّم کە موعەممەر قەززافی (معمر القذافي) لە ١ی ئەیلوولی ١٩٦٩ دا لە لیبیا؛ لەڕێی کودەتایەکی سوپاییەوە هاتە سەرکار، و دروشمی "یەکێتیی ناسیۆنالی عەرەب"ی بەرزکردەوە، و خۆی وەک شاگردێکی ناسر و تەواوکەرێکی بیرەکەی ناسر هێنایە کایەوە، ماوەیەک بیری "یەکێتیی عەرەب" و "دەوڵەتی یەکگرتووی عەرەب" هاتەوە مەیدان، بەلاّم لەبەر مردنی ناسر لە ١٩٧٠/٩/٢٨ دا، و هاتنە سەرکاری سادات، کە تەنانەت نێوی "کۆماری یەکگرتووی عەرەب"ی گۆڕی بە "کۆماری عەرەبیی میسر" بۆ ئەوەی هەموو جۆرە شوێنەوارێکی ناسر لە نێو ببات، ئەو دەمە هەموو تەقەللاکانی قەززافی بۆ یەکگرتن لەگەڵ میسر و ولاّتەکانی دراوسێی، لە باکووری ئەفریقا و سووریا، سەری نەگرت. هەروەها لە سۆدانیشدا کە جەعفەر نمێری (جعفر النميري) لە ١٩٦٩/٥/٢٤ دا بە کودەتا هاتە سەرکار، و دەستی کرد بە باسی "یەکێتیی عەرەب" و "سۆسیالیزم" و "دەوڵەتی یەکگرتووی عەرەب"، هیچ جۆرە "یەکێتییەک" سەری نەگرت. بەکورتی تێکۆشینی هەڵگرانی بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی بۆ دامەزراندنی "دەوڵەتێکی عەرەبیی ناسیۆنالی گشتگر" لە سەرەتای هەفتاکاندا، وەک چەند قوتابخانەیەک مایەوە، گرنگەکانی: ناسریتی، بەعسیتی، قەززافیتییە. جا ئەگەرچی ئەم سێ ڕێبازە لە بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا، هەموو لەوەدا یەک دەگرنەوە کە داوای یەکێتی گشت ولاّتە عەرەبییەکان دەکەن لە یەک دەوڵەتدا، سا فیدرالی بێ یان سەنترالیست بێ، بەلاّم لە بنچینەی ئیدیۆلۆژیانەدا وەک یەک نین. بیری ناسریزم، وەک گوتمان، دژی فەرمانڕەوایی حیزبایەتی بوو، و ئەو "الاتحاد الاشتراكي العربي"یەش کە ناسر دروستی کردبوو، حیزب نەبوو بە مانای ڕاستەقینەی حیزب، بەڵکو دەزگەیەک بوو بۆ ئاسانکردنی کارکردن و هەڵسووڕاندنی کاروباری دەوڵەت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەندامەکانی ئەنجومەن

(مـجلس)ی "الاتحـاد الاشـتـراكي العـربي" دەبوو بە هەڵبـژاردن بێنـە نـاسـین، و "ئەنجومـەن"ە کـەش وەک "پەرلەمـان" ێک وابوو، بێ فـراکـسـیـۆنی پەرلەمـانی. بێجگە لەوەش هەرچەندە ناسر خۆی باوەڕی بە موسڵمانەتی هەبوو، بەڵام بیری ناسریزم "سـیـاسـەتی عـەرەبایەتی" لـە "ئیـسـلامـەتی" جیـا دەکـردەوە و ئەمـەش دوژمنێکی زۆری بۆ ناسر و بیرەکەی پەیدا کرد، بەتایبەتی لە نێوان "ئیخوانی موسلمین" (الاخوان المسلمون)ەکانی میسر و وڵاتە ئیسلامییەکانی دیدا. بەڵام دەبێ ئەوە بڵێین کـە لە سـایەی ناسـریـزمـدا؛ ئەوانەی لێ وەشـاوە و ژێ هاتی بوون، بەتایبـەتی لە دەسـتـەی هوردە بۆرژوای رۆناکـبـیـر و تەنانەت رەشـو رووتیش، زووتر و ئاسـانتـر دەچوونـە پێشـەوە، و پایەی بەرزیان وەردەگـرت، وەک لە دەوڵەتێکی حیزبیی راسـتـەقـینەدا، هەروەها لە سـایەی رژێمی نـاسـری دا؛ ژنان و کـرێکاران و جـۆتکاران بە هێندێ لە مـافـەکـانی خـۆیان گـەیشتن. لەگەڵ ئەوەشدا چۆنکە "الاتحاد الاشتراكي العربي" رێکخراوێکی یەک باوەڕ و یەک فـەلسـەفـە نەبوو، و لە هەمـوو جۆرە رێبـازێکی سـیـاسـی و هزری تێ کەوتبوو، ئەوە وای لێ کردبوو کە یەکێتیی ئیدیۆلۆژییانەی تێدا نەبێ. لەبەر ئەوە مـرۆڤی زۆرزانی هەلپـەرست و هەڵمـەتە کـاسـە و لەسـەر چەند پەت هەڵپەرکێکەری تێ کەوتبوو. هەرچی مەسەلەی کوردیشە، ئەوا هەڵوێستی ناسر و ناسـریـیـەکـان بەرامـبـەری ئاشکرایە. ناسـر، کـوردسـتـانی بە پارچەیەک لە "نیشتمانی عەرەب" دەزانی و دژی هەمـوو جۆرە جیابوونەوەیەکی کورد بوو لە عێراق و سووریا (٦٩). هەروەها دژی ئەوەبوو کە کـورد هێـزێکی چەکداری نێوخۆیی (وەک پاسـەوانی سنوور) هەبێ؛ بەڵام دژی ئەوە نەبوو کە کـورد لە عێـراقدا "جۆرە بەڕێوەبەرێتی یەکی خۆیی" هەبێ، هەرچەندە ناسـرییـەکـانی عێراق؛ وەک عـبدالسـلام عارف و عـبدالرحمنی برای و ئەوڕەحمـان بەززاز (عـبـدالرحمن البزاز) کـە لـە ١٩٦٥/٩/٢١ دا بوو بە سـەرۆک وەزیران تا ١٩٦٦/٨/٧ (٧٠) لەم باوەڕەدا لەگـەڵ ناسـر نەبوون، و هەمـوو "جـۆرە بەڕێوەبەرێتییەکی خۆیی"یان بە "جیا بوونەوە" دادەنا (٧١).

راستـیـیـەکـەی ناسر دەیویست لەشکری عێراق بە مەسـەلەی کـوردەوە کە بە "مـەسـەلەیەکی نێوخۆیی" عێراق و عـەرەبی دەدایە قەڵەم، خەریک نەکرێ، بۆ

ئەوەی بتوانێ "پێویستیی سەرشانی خۆی وەک لەشکرێکی عەرەبی بەرامبەر ئیسرائیل و لە یەمەندا بەجێ بهێنێ" (٧٢) و پێی وابوو نابێ "بەرەیەکی تازە" لە کوردستاندا بکرێتەوە، ئەو کوردستانەی کە ناسرییەکان بە "باکووری خاکی عەرەب"یان دەزانی (٧٣). ناسر لە نیسانی ١٩٦٥ دا؛ بانگی کردە کورد و حکوومەتی عێراق کە شەڕ بوەستێنن؛ تاکو "لەشکرە عەرەبەکان بتوانن وەک یەک بەرە دژی ئیسرائیل شەڕ بکەن" (٧٤). لەبەر ئەوە پاش بلاو کردنەوەی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لە عێراقدا، کە بەپێی ئەوە بەعسییەکان لەسەر کاغەز دانیان نا بە "ئۆتۆنۆمیی کوردستان"دا؛ ناسر یەکەمین کەس بوو کە تەلگورافی پیرۆزبایی لێدا بۆ عێراق بەبۆنەی بڕانەوەی شەڕەوە (٧٥). بە مردنی ناسر، بیری ناسریزم هەروا مایەوە، بەلام دەورێکی وا گرنگی نەگێڕا کە شایانی باسکردن بێ، چونکە ناسریزم بیرێک بوو بەسترا بوو بە ناسر خۆیەوە و نەچووبووە قالبی حیزبێک و ئیدیۆلۆژییەکەوە کە بە نەمانی ناسر تەمی نەڕەوێتەوە.

وەک لەمەوبەر گوتمان، یەکێک لە شاگردەکانی ناسر عەقید موعەممەر قەززافی بوو؛ کە توانی لە لیبیادا بیری ناسریزم زیندوو بکاتەوە و بیخاتە قالبێکی تازەوە و بەوە ئیدیۆلۆژییەکی عەرەبانەی ناسیۆنالیستانەی نوێی هێنایە کایەوە، کە دەهێنێ پێی بگوترێ "قەززافیزم" (قەززافیتی).

"بیری قەززافیتی"؛ لە کتێبێکدا کە بەناوی "کتێبی کەسک" (الكتاب الاخضر)ەوە لە سێ بەرگدا دەرچووە، و بە چەند زمانێک بلاوکراوەتەوە، خراوەتە بەرچاو. قەززافی بیری ناسیۆنالیزمی عەرەب تێکەڵ بە ئاینی ئیسلام دەکات، و لەمەدا لە ناسریزم و بەعسییەکان خۆی جیا دەکاتەوە، کە هەردووکیان ئاین لە سیاسەت جیا دەکەنەوە و ڕێبەکی لاییتی دەگرنە بەر، تەنانەت میشێل عەفلەق "نرخی ئیسلامی" (القيم الإسلامية) لە جەوهەر و راستیدا بە نرخی عەرەبی (قيم عربية) "دەداتە قەڵەم و شیبلی عەیسەمی (شبلي العيسمي) کە یەکێکە لە سەرکردەکانی حیزبی بەعس سەرەتای لایسیتی (العلمانية) بە "دەرگە (المنطلق)ی حەوتەمی بەعس" دادەنێ و بەمە، بە قسەی خۆی، خۆی لە "ئیخوانی موسلمین (الاخوان المسلمون)ە

کۆنەپەرستەکان جیادەکاتەوە" (٧٦). جا هەرچەندە بیری ناسیۆنالیزمی قەززافیتی -بە پێچەوانەی ئەمەوە- ئیسلام بە "ناسیۆنالیزمی عەرەب"ەوە دەبەستێ، لەگەڵ ئەوەشدا هێندێک دەستوور و نەریتی ئیسلامی هەن؛ وەک "بڕینی دەستی دز" و "رەجم کردنی زیناکار"، لە لیبیادا، بە کردەوە ناخرێنە کار، وەک هێندێک وڵاتی ئیسلامیی دی؛ بۆ نموونە عەرەبستانی سعوودی و ئێران و پاکستان. هەروەها "بیری سۆسیالیزمی قەززافیتی" لەبارەی بەرژەوەندیی چینی زەحمەتکێش و رەشوڕووتەوە گەلێک ورشەدارترە لە "بیری سۆسیالیزمی ناسری" و "سۆسیالیزمی بەعسیی عەفلەقی". بێجگە لەوەش قەززافی، نەک هەر یەکەمین سەرۆکی وڵاتێکی عەرەب یان رۆژهەڵاتی؛ بەڵکو بە تاکە سەرۆک دەوڵەتێکی جیهان دەژمێررێ کە تا ئێستە باسی "بڕیاری چارەنووسی نەتەوەی کورد" و "مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانیی سەربەخۆ"ی کردبێ (٧٧). لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم قسانە تا ئەمڕۆ هیچ هەنگاوێکی بەکردەوە و لە سنوورێکی ئینتەرناسیۆنالدا بە دوادا نەهاتووە. وا دیارە ئەم رەئیە هەر هی قەززافی خۆی بێ، نەک هی هاوکارەکانی؛ بەتایبەتی عەبدولسەلام جەللود (عبدالسلام جلود). چونکە لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە دیمەشق بەسترابوو و نوێنەرانی گەلێک حیزب و رێکخراوی کورد و عێراق بەشداربوو بوون تێیدا، عەبدولسەلام جەللود، کە یەکێک بوو بوو لە میوانەکانی ئەو کۆبوونەوەیە، رووی کردبووە کوردەکان و گوتبووی: "ئێوەی کورد عەرەبن، جا ئێستە کە ئێوە دەبێژن «کوردین»، ئەوا لەبەر ئەوەیە کە زوڵم دەکرێ لێتان، هەر کاتێک زوڵم لە سەرتان نەما، ئەوا ئێوەش دەبێژن «عەرەبین»". وا دیارە بە پێی ئەم ژیربێژییە (منطق)؛ فەلەستینییەکانی ئەمڕۆ کە دەبێژن "ئێمە فەلەستینین"، تەنێ لەبەر ئەوەیە کە زوڵم دەکرێ لێیان، خۆ ئەگەر سبەینێ زوڵم لەسەریان لاچوو، ئەوا دەبێژن "ئێمە ئیسرائیلین". جا کە وایە، با داگیرکەرانی عەرەب بە زووترین کات زوڵم لەسەر کورد لابەن، و ئیسرائیلییەکانیش خێرا زوڵم لەسەر فەلەستینییەکان لابەن؛ تاکو کورد ببنەوە عەرەب و فەلەستینیش ببنەوە بە ئیسرائیلی و ئەم شەڕ و هەللایە بە جارێک ببڕێتەوە.

ئەمە وا و هەرچی بیری بەعسیتیشە، ئەوا -وەک لەمەوبەر گوتمان- سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ میشیل عەفلەق. بیری بەعسیتی لەسەر ئەوە بەندە کە عەرەب نەتەوەیەکی بلیمەتە و خاوەنی پەیامێکی نەمرە بۆ هەموو ئادەمزاد (٧٨). پەیدابوونی محەممەد لەنێو عەرەبدا، کە لەلایەن موسڵمانەکانەوە بە فەرمانێکی ئیزدانی دەدرێتە قەڵەم، لەلایەن بەعسییەکانەوە بە نیشانەیەک دادەنرێ بۆ بلیمەتیی عەرەب و بەرزتریی عەرەب لەچاو نەتەوەکانی دیدا. ئەم سەرنجە بەعسییەکانی تووشی تەنگە تیلکەیەتی شۆڤینیانە، و تا هەندازەیەکیش رەگەزپەرستانە کردووە. خەیروڵڵای تەڵفاح (خیرالله طلفاح) کە یەکێکە لە بەعسییە سەختگیرەکان و خاڵی سەددام حسەین (صدام حسین)ە؛ کە لە ١٩٣٧/٤/٢٨ دا لە دایک بووە و سەرکردەی بەعسییەکانی عێراق (٧٩) و سەرکۆماری عێراقە، لە کتێبێکدا بەنێوی "الشعوبیة عدو العرب الأول" واتە "شعوبیتی دوژمنی یەکەمی عەرەبە"، هەموو ئەوانەی کە لەگەڵ "بیری قەومیەتی عەرەب" نین بە "شعوبی" دەداتە قەڵەم. هەروەها دەبێژێ عەرەب لە هەموو نەتەوەکانی دی جیهان بەرزترن (٨٠)، و ئەو قسەیەش بە درۆ دادەنێ کە دەڵێ "لە ئیسلامەتیدا عەرەب و عەجەم نییە". تەڵفاح دەبێژێ: "شعوبییەکان دەستیان کرد بە بەیتوبالۆرەی ئەوەی کە گوایە ئیسلام داوای وەک یەکی دەکات، و سەرزاریی هێندێک ئایەت و حەدیسیان دەگوت و دەگوتەوە، وەکو "بەرێزترتان لەلای خودێ، ئەوەتانە کە زۆرتر تەقوا بکات" و "عەرەب فەزڵی بەسەر عەجەم دا نییە ؛ مەگەر بە تەقوا". ئەمانە سووتیان لە دیوی دەرەوەی مانا وەرگرت، بێ ئەوەی بچنە نێو جەرگەی ئایەتەکان و حەدیسەکانەوە، و بۆ ئەوەی رکی خۆیان لە دژی عەرەب بە بادا بدەن" (٨١).

"... بەلام ئەو حەدیسەی کە شعوبییەکان دەیکەنە بەڵگە و بە قسەی ئەوان دەبێژێ: "عەرەب بە هیچ جۆرێک فەزڵی نییە بەسەر ناعەرەبدا"؛ ئەوا ئێمە دەبێژین کە ئەمە حەدیسێکی دەستکاری کراوە، بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە کە پەیامبەری خودێ (د) گوتوویەتی: "ئەوی جاهلیەت خوازێ لە ئێمە نییە"، کەواتە، ئێدی پاش ئەمە؛ نە کوردێک و نە فارسێک و نە هیندییەک و نە هیچ ناسیۆنالیستەیەکی دی مایەوە، جگە لە هی عەرەب، چۆنکە ئیسلام بە

وتەی خودیٚ بڕیاری لەسەر داوە، کاتێک دەبێژیٚ: "وەک قورئانێکی عەرەبی ناردمانە خوارەوە، تا هۆش بێنەوە بە بەرتاندا" (٨٢).

لێرەدا نامانەویٚ لەسەر قسەکەی تەلفاح زۆر بدوێین، بەلاٚم تەنیٚ دەمانەویٚ بێژین کە لەم حەدیس و ئایەتەی سەرەوەدا، نە بە ئاشکرا و نە بە پێچوپەنا (مجازي) هیچ نیشانەیەکی ئەوە بەدی ناکریٚ کە عەرەب لە ناعەرەب بە بەرزتر و لەپێشتر رەچاو گیرا بن لای خودیٚ.

سەددام حسەینیش قسەکانی خالی جەخت دەکات و دەیەویٚ بەڵگە پێشان بدات بۆ ئەوە، کاتێک دەبێژیٚ:

"ئەوەی خودێی مەزنی وا لێکردووە کە عەرەب هەڵبژێریٚ بۆ رۆڵێکی سەرکردانەی مرۆڤایەتی، ئەوەیە کە عەرەب ژیربێژن، و لەبەر ئەوەیە کە عەرەب دەتوانن خەیالْ بخەنە کار و رامان بکەن و بگەنە دەستووری گشتی لەرێی دیاردەی گچکەوە، و لەبەر ئەوەی کە خودێی مەزن خۆی، بە دەست لێدان و بینین نادۆزرێتەوە، بەڵکو بە ژیری هەست دەکریٚ پێی، و ئێمەش بە ویژدانی باوەڕدار دەیگەین پێی: ئەوا ئەم خۆمالەی کە عەرەب هەیبوو، بوو بە هۆی ئەوەی خودێی مەزن رێزیان لیٚ بنیٚ، و باوەڕیان پیٚ بکات؛ کە ببنە خاوەنی رۆڵێکی سەرکردانە لە راگەیاندنی پەیامانیشدا. بەلاٚم بۆچی قورئان عەرەبییە و بە زمانی عەرەبییە... چونکە خودێی مەزن، بەتایبەتی دەورێکی سەرکردانەی داوە بە عەرەب لەم پەیامەدا، لەبەر ئەوە قورئانی وا هەڵبژاردووە کە عەرەبی بیٚ، و بە زمانی عەرەبی بیٚ، و چونکە تەنیٚ زمانی عەرەبی دەسەلاٚتی ئەوەی هەیە کە بە ئاشکرا و بیرێکی عەرەبانە و بە ژیرییەک کە عەرەب لەم دەورەدا وا پێشان بدا کە باسمان کرد؛ نەک بە دەورێکی پێچەوانە. بەم تێگەیشتنە دەتوانریٚ مانای قورئانی پیرۆز و سەرنجەکانی دەرک بکرێن... هتد" (٨٣).

شان بە شانی هەوڵدان بو دەرهێنانی رەوایی (شرعیت) Legitimacy بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەب لە ئاینی ئیسلام و قورئان و حەدیس، هەوڵی کەم کردنەوەی رێز و جێی مرۆڤایەتیی گەلانی ناعەرەب بەگەرمی دەدریٚ. بۆ وێنە: بەعسییەکان تێدەکۆشن بۆ ئەوەی هەر خزمەتێک کە بە کولتووری عەرەب و

ئیسلام کراوە لەلایەن زانا ناعەرەبەکانەوە؛ بکرێ بەژێر لێوەوە، بەنێوی ئەوەوە کە ئەو زانایانە هەموو بە بنەچە و رەچەڵەک عەرەب بوون. بۆ وێنە: عەرەبێکی عێراقیی ناسیۆنالیست کە نێوی ناجی مەعرووف (ناجي معروف) و مامۆستای زانستگەی بەغدایە، لە کۆتایی حەفتاکاندا کتێبێکی بە زمانی عەرەبی و بە سێ بەرگ دەرکردووە، هەوڵی ئەوەی داوە کە بنەچە و رەچەڵەکی هەموو ئەو زانا و نووسەرە کورد و فارس و ترکانەی خزمەتی کولتووری عەرەب و ئیسلامیان کردووە، و ژمارەیان لە هەزاراندایە، هەموویان بباتەوە سەر عەرەب و تەنانەت سەلاحەددینی ئەیووبیشی بردووەتەوە سەر هۆزی عەرەبی "مضر" (٨٤).

"سۆسیالیزمی بەعسی" کە بەعسییەکان کردوویانە بە یەکێک لە دروشمە سێ کوچکەکەی خۆیان "یەکێتی و ئازادی و سۆسیالیزم" (الوحدة والحرية والاشتراكية) بریتییە لە پرۆگرامێکی تا هەندازەیەک "سۆسیالانە" نەک "سۆسیالیستانە". ئەم پرۆگرامە لەرێی "ناسیۆنالیزەکردن"ی گەلێک پرۆژەی بازرگانی و مالیی و پیشەسازیی گەورەوە؛ سەرمایەداریی مۆنۆپۆلیستانەی دەوڵەت؛ کە خۆیان بە تەنێ خاوەنین، زۆر بەهێز دەکات و کەمێکیش خۆش گوزەرانی ئابووری بە چینی هوردە بۆرژوا دەبەخشێ. ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی رژێمەکە دادپەروەرانەیە، یان نەخشەیەکی ئابوورییانەی بابەتانە کێشراوە؛ کە وڵاتی لە چاولێکەری کوێرانەی دەوڵەتە پیشەسازەکانی ئەورووپا دوور خستووەتەوە؛ بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە لە سەرمایەی ژێرزەویدا و ملیاردی پەترۆلی بە دەستەوەیە.

بەعسییەکان هەرچەندە لە نووسینەکانیاندا باسی "ئازادی" و "دێمۆکراسی" دەکەن، و تەنانەت سەددام حسەین لە وتارێکدا کە لە رۆژی ١٩٧٧/٨/٢٦ دا دای؛ "دێمۆکراسی" بە "سەرچاوەی هێزی هەموو کەسێک و کۆمەڵگە" (٨٥) دانا، لەگەڵ ئەوەشدا رێبازی بەعسی لە سیاسەتدا -وەک گومان-، تۆتالیتێرانەیە. هەرچەندە وەک حیزبی فەرمانڕەوا؛ رێ بە بوونی رێکخراوی سیاسیی دی دەدەن، بێجگە لە خۆیان؛ بەڵام ئەو رێکخراوانە دەبێ هەموو "حیزبی بەعسی عەرەبی" بە "حیزبی سەرکردە" بزانن، و خۆیان بە کلک و

پاشکۆ. کە لە ١٦ی تەمووزی ١٩٧٣ دا "بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز" لە عێراقدا دروست بوو؛ یەکێک لە ئامانجەکانی "بەرە" ئەوە بوو "دان نان بە دەوری سەرکردەییی حیزبی بەعس لە بەرەدا" (٨٦).

لە بارەی مەسەلەی کوردەوە، بەعسییەکان هەڵوێستێکی ستراتیژانەی زۆر شۆڤێنیانەیان هەیە، ئەگەرچی تاکتیکیان لە ١٩٦٨ ەوە تا ئێستە گەلێک گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بەعسییەکان؛ بەپێی دەستوورەکەیان، ئەو وڵاتانەی کە لە نێوان ئۆسیانی ئەتلەس و چیاکانی پشتکۆدان بە خاکی عەرەب دەدەنە قەڵەم و هەر بەپێی ئەو دەستوورە، ئەو کەسەی لەو خاکەدا بژی و باوەڕی بە "بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی" نەبێ؛ دەبێ بکرێتە دەری" (٨٧). کە بێگومان ئەم وڵاتەی بە "وڵاتی عەرەب" دانراوە، هەموو رۆژاوای کوردستان (سووریا) و خوارووی کوردستان (عێراق) و بەشێکیش لە رۆژهەڵاتی کوردستان (ایران)یش دەگرێتەوە. سەرکردەی بەعسییەکان مێشیل عەفلەق، هەر لە کۆنەوە کوردی بە "کەمایەتییەکی رەگەزی" (اقلیة عنصریة) داناوە، نەک بە "گەلێک" یان "نەتەوەیەک" یان هیچ نەبێ بە "کەمایەتییەکی ناسیۆناڵ" (اقلیة قومیة) و لەم رووەوە لە وتارێکدا کە لە ساڵی ١٩٥٥ دا نووسیویەتی دەبێژێ:

"ئەگەر کەمایەتییە رەگەزییەکانمان گرتە بەرچاو، بۆ وێنە کوردەکان... دەپرسین... بۆچی کوردەکان، یان بەشێک لێیان، لە عەرەبایەتی دەترسن. ئەم ترسە بە زۆری ئەنجامی پرۆپاگەندەیەکی تازەی ئیمپریالیزمە، کە دەگەڕێتەوە بۆ پەنجا ساڵ، بۆ ئەو رۆژەی ئینگلیزەکان و فەرەنسییەکان هاتنە رۆژهەڵاتی عەرەبییەوە. کوردەکان (تا ئەو کاتە) سەتان ساڵ بوو لەگەڵ عەرەب دەژیان و شەڕی ئازایانەیان دەکرد بۆ بەرگریی لە خاکە عەرەبییەکان... بەڵام ئێستە کەمایەتیی چەوساوە و تیرەی چەوساوە نییە؛ بەڵکو زۆربەی گەلێکی چەوساوە هەیە، کە ئەوەش گەلی عەرەبە؛ کەمایەتییەکی چەوسێنەرەوەش هەیە لەوانەی لەگەڵ ئیمپریالیزمدا کەوتوونەتە چاوڕاو... ئەندامەکانی گەل، ئەوانەی ٩٠٪ی ئەندامەکانی نەتەوەی عەرەب پێک دێنن، دەچەوسێنرێنەوە و بێ بەش دەکرێن لەلایەن کەمایەتییەکەوە، کە سووت لە بار و دۆخی گەنیو دەستێنێ و

کەڵک لە بوونی بێگانە وەردەگرێ... کەس رێ لە کوردەکان ناگرێ کە زمانی خۆیان فێربن، بەمەرجێ سەر شۆڕ بکەن بۆ دەستوورەکانی دەوڵەت و مەترسییەک دروست نەکەن بۆ دەوڵەت" (٨٨).

ئەم قسانەی عەفلەق دەیانکات؛ ناکرێ جێی باوەڕبن. چونکە ئەوەی ئەو نێوی دەنێ "کەمایەتییەکی رەگەزی"ی کورد لە سووریادا، ئەوەتەی سووریا سەربەخۆیی وەرگرتووە لە ١٩٤٦ دا، هێشتا رێی نەدراوەتێ بە ئاشکرا بە خۆی بڵێ "کورد" و بە زمانی خۆی بخوێنێ و بنووسێ، و لەگەڵ ئەمەشدا، بە سەت هەزاران لە رۆڵەکانی ئەو کوردە جنسیە سێندراوەتەوە لێیان، و لە خاکی باوو باپیریان کراونەتە دەرەوە. "کەمایەتییەکی رەگەزی"ی ئاوا ژێردەستە و بەشخوراو و چاوترسێنراو، چۆن دەتوانێ بچێ "٩٠٪"ی نەتەوەی عەرەب" بچەوسێنێتەوە. ئەم قسەیە هیچ ژیرێک و بە ویژدانێک نایسەلمێنێ بۆ عەفلەق.

دوایی کە مێشیل عەفلەق، مەسەلەی کورد هەر بە مەسەلەی زمان تێ دەگات، و داوا لە کورد دەکات "سەر شۆڕ بکەن بۆ دەستوورەکانی دەوڵەت" و "مەترسی دروست نەکەن بۆ دەوڵەت" تا "مافی ئەوەیان پێ بدرێ زمانی خۆیان فێربن"، ئەوا لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ " ئایە ئەگەر بێتو فەلەستینییەکان "سەرشۆڕ بکەن بۆ دەستوورەکان"ی دەوڵەتی ئیسرائیل و "مەترسی پەیدا نەکەن بۆ دەوڵەت"ی ئیسرائیل، رێیان نادرێتێ بە زمانی عەرەبی بخوێنن و بنووسن و زیتریش؟. دوایی ئەگەر مەسەلە مەسەلەی "سەرشۆڕکردن بێ بۆ دەوڵەت"، ئایە ئەوەی کە بە زۆرداری و ملهوڕی و یارمەتیی زلهێزەکان دەستی گرتووە بەسەر دەزگەی دەوڵەتدا لە عێراقدا و لە نێوان پێنج ساڵاندا (لە ١٩٦٣-١٩٦٨)، دوو جار لەڕێی دوو کودەتای خوێناوییەوە، حکوومەتی رووخاندووە و لە "دەستووری دەوڵەت" هەڵ گەڕاوەتەوە، "کەمایەتیی رەگەزی"ی کورد بوون، یان تاقمی عەفلەق خۆی بوون؟... ئەمجا تەنانەت ئەوەی کە عەفلەق دەیڵێ کە گوایە "ئەگەر کوردەکان سەر شۆڕبکەن بۆ دەستوورەکانی دەوڵەت... رێ دەدرێ پێیان "زمانی خۆیان فێربن"، ئەوەش راست نییە و نەبووە. کوردەکانی سووریا، لە بەربەرەکانێ کردنی کۆلۆنیالیستە فەرەنسەییەکاندا، زۆر یارمەتی عەرەبەکانیان داوە، بەڵام

ناسیۆنالیستە عەرەبەکان، هەر لە سەردەمی ماندادتی فەرەنسەییەکاندا؛ کە فشە مافێکیان دابوو بە کورد بە زمانی خۆی خوێندنی سەرەتایی تەواو بکات، ئەمانە دانە جێرنیان لە کورد دەکرد، و لە دژی ئەوە بوون کە کورد بە کوردی بخوێنێ، و لە هەلێک دەگەڕان زمانی کوردی قەدەغە بکەن. بۆ وێنە ناسیۆنالیستی عەرەبی بەعسی؛ زەکی ئەرسووزی (زكي الارسوزي) دەبێژێ:

"ڕۆژێکیان چوومە چایخانە لە دیمەشق، و لە نێزیک یەکێک لە ناسیاوە کۆنەکانمەوە دانیشتم. ئەم هاوڕێیە نوقوم بوو بوو لە ڕاستکردنەوەی ئەو دەفتەرانەدا کە لەسەر مێزەکەی بەردەمی کەڵەکە بوو بوون. کاتێک لێم پرسی: ئەرێ تۆ مامۆستایت؟ وەرامی دایەوە: نەء. پێم گوت: ئەی کەواتە چ کارێکت هەیە بەم فەرمانەوە؟ گوتی: "لەلایەن ئەفسەری ئیستیخباراتەوە لە دیمەشق دانراوم، بۆ ئەوەی زمانی کوردی فێری کوردەکان بکەم، و لە دەزگەی ئیستیخبارات دوو فرەنک وەردەگرم بۆ ڕاستکردنەوەی هەر کاغەزێک". ئایا فەرەنسا هەوڵی ئەوەی دەدا کە "نەتەوەی سووری" دروست بکات، بەوەی کەلەپووری کوردەکان بژێنێتەوە؛ یان ئامانجی لەم هەوڵدانە ئەوە بوو؛ مەیلی ڕەگەزایەتی لە کن کەمایەتییەکان بهورووژێنێ" (٨٩).

ڕاستییەکەی نازانین ئەم قسەیەی ئەرسووزی تا چ ڕادەیەک ڕاستە. بەڵام با وا دابنێین کە هەمووی ڕاستە. باشە! بۆچی دەبێ خوێندن بە زمانی کوردی زگماک "مەیلی ڕەگەزایەتی بهورووژێنێ"؟ ئایە ئەگەر زمانی کوردی ڕێبەند کرا، "مەیلی ڕەگەزایەتی" دادەمرکێنێتەوە، یان پتر دەهورووژێنرێ؟ بەڵام با تەماشایەکی جێیەکی دی نووسینەکانی بکەین؛ کە کورد و جوولەکە لەگەڵ یەک بەراورد دەکات، ئەوجا لە ئامانجەکانی دەگەین:

"فەرەنسا لەرێ ون کردنی خۆیدا ئاوا ڕۆی. کوردەکانی گواستەوە بۆ سەر ئەو خاکەی کە ماندااتاری mandatar بوو. هەموو جیاوازییەک لە نێوانی ئەم دوانەدا (کورد و جوولەکە) لەوەدایە، کە جوولەکە بازرگانن و لە پێنەختەکانی ئەورووپاوە گوێزراونەوە؛ بەڵام کوردەکان جۆتکارن، و لە بیابانەکانی ئاسیاوە گوێزرانەوە وڵاتی عەرەب" (٩٠).

بەمەدا دەردەکەویٚ کە ئەرسووزی دەیەویٚ کورد بە بێگانە بزانیٚ لەو خاکەدا کە ئەمڕۆ پێی دەگوتریٚ "سووریا". بێگومان ئەمە پێچەوانەی هەموو ڕاستییەکی مێژووییە. جاریٚ بەشە کوردستانەکەی سووریا درێژ بوونەوەیەکی خۆرسکی ئەو بەشە کوردستانەیە کە بە ترکیاوە نووسێنراوە و لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم کەوتە دەست فەرەنسییەکان. دوایی ئەوانەی شارەزای مێژوون دەزانن؛ کە کورد نەتەوەیەکی یەکجار کۆنە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و لەپاش جەنگی جیهانیی یەکەم لە "بیابانەکانی ئاسیا"وە لەلایەن "فەرەنسا" وە "ئیستیراد" نەکراوە. بەڵام ئێمە لەو باوەڕەدا نین کە ئەرسووزی یەکی خوێندەواری لە سیاسەت زان، ئەوە نەزانیٚ و ئاگاشی لەوە نەبیٚ کە کوردەکان لە دەورانی سەلاحەددینی ئەیووبی دا، لە سووریای ئەمڕۆدا، حکوومەتێکیان دروست کردبوو کە بێجگە لە سووریا گەلێک وڵاتی دیشی دەگرتەوە. "قەڵای کوردان" (حصن الاكراد) لە سووریا شایەتێکە بۆ ئەم قسەیە لەبەر ئەوە ئەمەی ئەرسووزی دەیڵیٚ؛ کۆنزێتییەکی شۆڤێنییانەیە، و بۆ ئەوەیە کە کوردستان بە "ئیسرائیلی دووەم" بدرێتە قەڵەم و ڕیٚ خۆش بکریٚ بۆ قەلاچۆکردنی کورد. ڕاستییەکەی ئەم بەراوردکردنەی کوردستان بە ئیسرائیل زۆر جار لەلایەن ناسیۆنالیستە عەرەبەکانەوە بیستراوە و دەبیستریٚ. بۆ وێنە: عەبدولعەزیزی عوقەیلی (عبدالعزيز العقيلي) کە لە زەمانی عبدالسلام عارف دا، وەزیری بەرگری بوو، لە ڕۆژی ٣/١/١٩٦٦ دا گوتی: "دەوڵەتانی ڕۆژاواش و دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتیش، لەم ڕۆژانەدا، یارمەتی ئەم چەتانە (مەبەستی لە پێشمەرگە بوو) دەدەن، بۆ دروست کردنی ئیسرائیلێکی نویٚ لە ژووررووی وڵاتدا، بەتەواوی وەک ساڵی ١٩٤٨؛ کە بۆ دامەزراندنی ئیسرائیل پێکەوە هاوکارییان کرد" (٩١).

العقیلی هەموو جۆرە ڕێکەوتنێکی لەگەڵ کورد بە "بەڵێنی بلفۆر Balfour declaration" دەدایە قەڵەم (٩٢). شایانی باسە کە نەشئەتولتەغلوبی (نشأت التغلبي) لە گۆڤاری "الحوادث"ی لوبنانی دا؛ وتارێکی نووسیبوو (٩٣) لەویٚ دا کوردستانی بە "ئیسرائیلێک" دانابوو لەسەر سنووری عێراق. بێگومان بەراورد کردنی ئیسرائیل بە کوردستان، تەنیٚ بۆ تیژکردنی

ناسیۆنالیزمی شۆڤینییانەی عەرەبە دژی کورد، و شاردنەوەی ئەو راستییە مێژووییەیە کە عێراق و سووریا بە هەردوو پارچە کوردستانەکەیانەوە، لەپاش جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم دروست بوون. بەڵام ناسیۆنالیستە عەرەبەکان، بەداخەوە، دەیانەوێ راستیی مێژوو بخەنە ژێر پێوە. بۆ وێنە: عەبدولعەزیز دووری (عبدالعزیز الدوري) لە کۆبوونەوەیەکی ناسیۆنالیستە عەرەبەکاندا، لە نیسانی ساڵی ١٩٦٥ دا لە قاهیرە گوتبوی "تا ئێستە هیچ دەوڵەت و میرنشینێکی کوردی نەبووە و ناوی کوردستانیش شتێکی تازەیە" (٩٤). شایانی باسە کە عبدالعزیز الدوری مامۆستای مێژوو بوو لە زانستگەی بەغدا.

بەکورتی: عەفلەقییەکان و هاوکارەکانیان، پاش ئەوەی لە سووریا، لە ١٩٦٣/٣/٨ دا هاتنە سەرکار، زۆرتر هەوڵی لەنێوبردنی زمان و کولتووری کوردیان دا. و هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە خەریکی ئەوە بوون لەرێی "پشتێنی عەرەب" (الحزام العربي) و جنسیە سەندنەوەوە لە سەت هەزار کورد، کوردی ئەوێ بکەنە عەرەب (٩٥). لە عێراقیشدا هەر لەپاش هاتنە سەرکار لە شوباتی ١٩٦٣ دا؛ دەستیان کرد بە کورد کوشتن و کورد گواستنەوە؛ بەتایبەتی لە ناوچە نەوتییەکانی کەرکووک. بەڵام پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٠ دا دەرکەوت بۆیان، کە کورد بەزۆری چەک نابڕێتەوە و شۆرشەکەی ناکوژێتەوە، ناچار بوون لەسەر کاغەز دان بنێن بە "ئۆتۆنۆمی کوردستان"دا. بەڵام هەر لە ساڵی ١٩٧٠ بەدواوە، دەستیان کرد بە گواستنەوەی کورد و بەعەرەبکردنی ناوچە بەپیتەکانی کوردستانی خواروو، وەک کەرکوک، خانەقین، شەنگار، کفری و دەرکردنی کورد بە هەزاران لەسەر سنووری ئێران و ترکیا و سووریا بۆ نەهێشتنی خاکێکی کوردیی یەکگرتوو. بۆ ئەمەش تەنانەت لەگەڵ شای ئێراندا لە ٦ی مارتی ١٩٧٥دا رێک کەوتن، و لە جەزائیر پەیمانێکیان مۆرکرد بۆی؛ کە بەپێی ئەوە عەفلەقییەکان لە "شط العرب" و گەلێک ناوچەی وشکانیی عێراق دەستیان هەڵگرت بۆ ئێران. راستییەکەی، عەفلەقییەکان پرۆگرامێکی نەخشە بۆ کێشراویان هەیە بۆ نەهێشتنی کوردستان، بۆ ئەمەش دەیانەوێ هەلومەرجێکی ماددی و مانایی

بخولقێنن، بۆ ئەوەی لەلایەکەوە بیری سەربەخۆیی کوردستان لە مێشکی کورد دەربهێنن و لەلایەکی دیەوە، ڕێ لە دروستکردنی کوردستانێکیش، بەکردەوە، ببەنە بەست. سەدام حسەین ئەم ڕاستییە ناشارێتەوە کاتێک دەبێژێ:

"پێویستە هێزە دژەکان، لەمانە ئەو هێزانەی ئارەزووی جیابوونەوە ئەکەن و هەوڵی بۆ ئەدەن بخرێنە بەردەم دوو حاڵەتی نەگونجان:-

نەگونجانی بیروباوەڕیی و ویژدان واتە گەلەکەمان لە کوردستان بڕوا بەوە بهێنێ کە هەتا هەتایە چارەنووسی بە یەکێتیی خاکی عیراق و یەکێتیی گەلەکەیەوە بەستراوەتەوە. بە ئەقڵ قەناعەتی پێ بهێنێ و هەموو ئاوات و ئامانجێکی لەم چوارچێوەیەدا پێوە ببەستێتەوە. ئەبێ لەگەڵ ئەم نەگونجانەدا نەگونجانی مادی هاوسەنگ لەگەڵیا بێ کە هەنگاوی یاسایی و سیاسی و ئابوری و عەسکەریش کە دەوڵەت ئەیانهاوێژێ ئەیخولقێنن. ئەبێ بیروباوەڕەکان حوکمی هاوکێشەیی لەنێوان ئەم و ئەودا بکەن. بەتەنیا هیچ کامێک لەم دوو حاڵەتە نەگونجانە ڕۆڵی کاری دژانە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان یەک ناخەن. ئەو کەسەی وا ئەزانێ بەتەنیا بەهۆی مامەڵەکردن بە بیروباوەڕی ڕووتەوە ئەتوانێ دەرفەتی کاری دژانە لە کوردستان یەک بخات، ئەو کەسە بەو بۆچونەی خزمەتی یەکێتیی عیراق ناکات، بەڵکو گەلەکەی بەرەو ئەنجامی چەوت ئەبات، هەروەها ئەو بۆچوونەی وای دائەنێت کە بەتەنیا کار و هەنگاوی سیاسی و عەسکەری و ئابووری دەرفەتی کاری دژ ڕێڕەوی جیابوونەوە یەک ئەخەن ئەم بۆچوونەش چەوتە، چۆنکە بەتەنیا ئەم لایەنە ناتوانێ ئەم دەرفەتە یەک بخات. ئەوەی یەکی دەرفەتی کاری دژانە ئەخات بیروباوەڕ و ئەو هەنگاوانەیە کە پەیوەندییان پێوەیەتی و وا لە گەلەکەمان ئەکەن لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی باوەڕی هەبێ کە خەڵک و سەرکردایەتی لە بەغدا بەشێکن لەو، لە پێناوی ئەودا کار ئەکەن و چاکە و خێروبێری ئەویان ئەوێت و هەروەک خۆی هەوڵ ئەدات ئەوانیش لە پێناوی مەسەلە نەتەوەییەکەیدا هەوڵ ئەدەن. سەرەڕای ئەمەش ئەبێ هەندێ پێداویستی تر سازبکەین وەک توند کردنی سنوور و دەست گرتن بەسەر هاتوچۆکردن لەسەر سنوور بە ماوەی بیست کیلۆمەترە بۆ ئەوەی خۆکوتانەناوەوە روونەدات و دەزگایەک بۆ کۆکردنەوەی مەعلومات و

گەڕان بەدوای نیازی چەپەڵ و خراپکاری دابمەزرێنت و لەشکر بهێنێتەوە و لەسەر شێوەی ئۆردوگای تایبەتی بەسەر ناوچەکەدا دابەش بکرێت و ڕێگاویان لە ناوچە شاخاویەکان دروست بکرێن... هتد. (٩٦)

ئەم نەخشەیە -وەک گومان- شتێک نییە کەوا بەنهێنی خرابێتە کار. عەقلەقییەکان کورد بە بەشێک لە "نەتەوەی عەرەب" دەدەنە قەڵەم. تەنانەت صدام حسین، لە کوردستان و لەبەردەم جەماوەری کورددا و لە جێژنی نەورۆزی ١٩٧٩ دا، و سەرەڕای نێوبردنی وشەی "کورد و کوردستان" و "گەلی کوردمان"؛ ئەوەی نەشاردەوە کە کورد بە بەشێک دادەنێ لە عێراق و عێراقیش بە بەشێک دەداتە قەڵەم لە "نیشتمانی عەرەب". واتە؛ کورد بە بەشێک دەزانێ لە عەرەب. سەددام گوتی:

"مێژووەکەتان دەهێنمەوە یادتان. هەموو سەرکردەکانی عێراق لەوانە، ئەوانەی فەلەستینیان لە سەردەمە کۆنەکاندا ڕزگار کردبوو عێراقی بوون... هەندێکیشیان لە باکووری عێراق بوون. هەندێکی تریشیان هی ئێرە بوون لە خاکی کوردستان بوون. بەڵام بۆ قودس ڕۆیشتن... نەچوونە قودس بۆ ڕزگارکردنی فەلەستین کە تەنیا نوێنەری کوردن و نەچوونە فەلەستین پێش ئیسلامەتی بۆ ڕزگارکردنی فەلەستین لەبەر ئەوەی کە کوردن و بەس، بەڵکو چوونە قودس تاوەکو فەلەستین ڕزگار بکەن بەناوی کوردی عێراقەوە کە بەشێکن لە گەلێک بەناوی گەلی عێراق، ئەم گەلەش بە چەند پەیوەندییەک و بیروباوەڕێکی ئاشکرا بە هەموو نیشتمانی عەرەبەوە بەستراوە" (٩٧).

بەمەی سەرەوەدا بەجوانی دەردەکەوێ، کە کورد بە بەشێک دادەنرێ لە "نیشتمانی عەرەب"، نەک بە نەتەوەیەکی جیاوازی خاوەن تایبەتکاری و خاکی خۆی. سەیر ئەوەیە ئەو ڕۆژەی کە سەلاحەددینی ئەیووبی، خودێ لێ خۆش بوو، چوو بۆ فەلەستین بۆ "غەزا"، باسی عێراق و عێراقچێتی لە کایەدا نەبوو، ئەم عێراقەی ئەمڕۆش، ئەوساکە هەر نیوێشی نەبوو.

جا ئەم قسانەی سەرەوە، وەنەبێ هەر ڕەئی سەددام بن و بەس، بەڵکو نەخشەیەکی ئامادەکراوە. نەعیم حەدداد (نعیم حدّاد)، ئەندامی سەرکردەیەتیی

هەرێمی عێراق و ئەندامی سەرکردەیەتیی ناسیۆنالی حیزبی بەعسیی و سکرتێری "بەرەی نیشتمانی و ناسیۆنالی پێشکەوتنخوازی عێراق" لە وتووێژێکدا لەگەڵ رۆژنامەی "العراق" کە لە بەغدا لەلایەن چەند کوردێکی سەر بە بەعسەوە دەردەچێ وەک هاشم عەقراوی، ئەم سیاسەتەی حیزبی بەعسی جەخت تر کردبوو. رۆژنامەی "العراق" بەبۆنەی یادی سی و حەوتەمین ساڵەی دروست بوونی حیزبی بەعسەوە (واتە لە رۆژی ١٩٨٤/٤/٧ دا) و لە ژمارە (٣٤٨٩)ی ئەو رۆژنامەیەدا لە زمان نەعیم حەددادەوە دەنووسێ:

"حیزبی بەعس، هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، لەسەر ئەوە سوور بووە کە نیشتمانی عەرەبی هی هەموو مرۆڤێکە کە لەسەر ئەم خاکە ژیابێ، و بۆ نەتەوەی عەرەب دڵسۆز بووبێ. هەر لە سەرەتاوە، حیزب ئەوەی دەربڕیوە کە دژی تیرەگەری و رەگەزپەرستی و هۆزگەرێتی خەبات دەکات. حیزب لەو باوەڕەدا بووە کە ئەو ناسیۆنالیتە برایانەی لەسەر خاکی نیشتمانی (عەرەب) پێکەوە ژیاون؛ یەک پارچەی لە دابڕین نەهاتوون، بەتایبەتی رۆڵەکانی گەلی کوردمان، ئەوانە (کوردەکان)، هەر لە بنەمای مێژووییەوە، رۆڵەی نیشتمانی عەرەبین و زادەی خاکی خاوێنین. هەر لەبەر ئەوەشە کە حیزبی (بەعس) دەرگەکانی بۆ رۆڵەکانی گەلی کوردمان کردووەتەوە تا بێنە نێو حیزبەوە... حیزب تیۆرییە ناسیونالیستانە مرۆڤ-دۆستانەکەی خۆی کردووەتە کردار و هیچ جۆرە جیاوازییەکی لە نێوان عەرەب و کورددا نەهێشتووە. حیزب رێزی داوە بە خۆماڵە ناسیۆنالەکانی گەلی کوردمان، کاری بۆ برەوپێدان و لە یەک هەڵکێشانی ئەندامانە (عضوي)ی نێوان کورد و عەرەب کردووە، تاکو لێکدان (اندماج)ی ناسیۆنالانەی (کورد و عەرەب) بێتە دی. حیزب هەمیشە لە نیشتمانی عەرەبدا لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵەی لەگەڵ مرۆڤدا کردووە، کە تا چ هەندازەیەک قوربانی دەدا لە پێناوی بەرگریی نیشتمانی دا. هەر لەبەر ئەوەشە کە بیر و سیاسەتی راستی حیزب ئەو جیاوازییەی کە جاران بەرامبەر ناسیونالیتە و کەمایەتییەکان دەکرا، نەیهێشتووە. حیزب ئۆتۆنۆمی بەخشی بە گەلی کوردمان و هەلومەرجی لە بەردەم گەلی کوردماندا ئامادەکرد، تا بتوانێ لە دروستکردنی بڕیارە نێوەندی و ناوچەییەکاندا بەشداری تەواو بکات ئەمەش

گەلی کوردی بە گەلی عەرەبی برایەوە گرێ داوە، و کەمایەتییەکانی لە دەوری سەرکردایەتیی مێژوویی سەددام حسەین گرد کردووەتەوە، ئەو سەددامەی کە بەشێکی زۆری لە بیر و خەیاڵ و چارەسەرە راستەکانی خۆی بۆ مەسەلەی کورد تەرخان کردووە و وای لە جەماوەری گەلی کوردمان کردووە کە بکەونە چەک هەڵگرتن و بەرگری کردن لە نیشتمانی مەزن، نیشتمانی عەرەب و کورد و کەمە ناسیۆنالیتەکان".

بەمەی سەرەوەدا دەردەکەوێ، کە کورد لەسەر خاکی نیشتمانی خۆیان کە کوردستانە ناژین، بەڵکو لەسەر خاکی نیشتمانی عەرەب دەژین و هەتا "دڵسۆز" بن بۆ نەتەوەی عەرەب، ئەوا مافی ئەوەیان دەبێ لەسەر ئەو خاکە بژین و بمێننەوە. هەروەهاش دەردەکەوێ کە وەرگرتنیان بە ئەندام لە حیزبی بەعس دا و بەخشینی "ئۆتۆنۆمی" پێیان؛ بۆ لێک هەڵکێشانی ئەندامانە و لێکدانی ناسیۆنالانەی کورد و عەرەبە و بەکورتی ئامانجەکەی تواندنەوەی کوردە لەنێو عەرەبدا.

بەعسییە عەفلەقییەکان، هەرچەندە هەوڵ دەدەن بۆ "یەکێتیی عەرەب" و بۆ دامەزراندنی "دەوڵەتێکی ناسیۆنالی عەرەب"ی یەکرەنگ (متجانس)ی وا تێ دەکۆشن کە کوردیش (بە گەل و خاکییەوە) بکاتە پارچەیەکی لە دابڕان نەهاتووی نەتەوە و خاکی عەرەب، بەڵام تا ئێستە بە کردەوە بۆ دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە هیچیان پێ نەکراوە، ئەگەرچی گەلێک شوێنی کوردستانیان کردووە بە عەرەبستان. وا دیارە هەر لەپاش هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی میسر و سووریا، لە ١٩٦١ دا، مەسەلەی "یەکێتیی عەرەب" و "دەوڵەتی ناسیۆنالی عەرەب" زۆر ئاڵۆزکاوتر بووە لە جاران، بەتایبەتی بە شێوەی "یەکێتیی گشتگری سەنترالیستانە"ی جارانی. چونکە لە شوباتی ساڵی ١٩٦٣ دا میشیل عەفلەق؛ بەنێوی سکرتاریتیی گشتی (الامانة العامة)ی حیزبی بەعسەوە بەیانێکی دەرکرد لەبارەی "نكسة الانفصال / حول تجربة الوحدة)ەوە، لەوێدا باسی "نظام الدولة الواحدة الاتحادية"ی کردبوو، واتە "یەکگرتنی فیدرالی "نەک" الوحدة الشاملة الاندماجية" (٩٨)ی کە لە ساڵی ١٩٥٨ دا لە

نێوان میسر و سووریادا رووی دا و بەعسییەکان تا سالی ۱۹٦۱ پڕوپاگەندەیان دەکرد بۆی. ئەمەش پاشگەزبوونەوەیەکە لە شێوەی یەکێتیی عەرەب و قەوارەی دەولەتی ناسیۆنال، کە بەعسییەکان خۆیان لە دەورانی یەکێتیی عەرەبیی نێوان میسر و سووریادا (۱۹۵۸-۱۹٦۱) زۆر سەرسەختانە کاریان دەکرد بۆی.

جا لەبەر ئەوەی عەفلەقییەکان تەنێ لە عێراقدا دەستیان دەڕوا، و تا ئێستەش هیچ هێزێکی دی لە نێو گەلی عەرەبدا دروست نەبووە کە بتوانێ هەموو عەرەب لە دەولێتێکی ناسیۆنالدا کۆبکاتەوە؛ لەبەر ئەوە بیری ناسیۆنالیزمی عەرەب وەک بیرێکی ناسیۆنالیستانەی یەک نەگرتوو، هەروا بە پچڕ پچڕی ماوەتەوە. تەنانەت شەڕی چار سالەی نێوان عێراق و ئێران کە بووە بە هۆی جۆرە ئێزێکییەک لە نێوان عێراق و چەند دەولەتێکی عەرەبیی ناوچەی خەلیج دا، بەلام لە سەرێکی دیکەوە دەلاقەیەکی گەورەی کردووەتە ریزی رژێمە عەرەبە ناسیۆنالیستەکانەوە. چونکە رژێمی بەعسیی سووریا و رژێمی قەززافیی لیبیا، پشتگیریی ئێران دەکەن، نەک عێراق، و ئەمەش یەکەمجارە کە چەند دەولەتێکی عەرەبی لە دژی دەولەتێکی عەرەبیی دی، یارمەتیی دەولەتێکی نا عەرەب دەدەن.

لێرەدا زۆر بە پێویستی دەزانم باسێکی کورتی "ناسیۆنالیستە سوورییەکان" "القومیون السوریون" و هەلوێستیان بەرامبەر دەولەتی ناسیۆنال و مەسەلەی کورد بکەم. "حیزبی سووری ناسیۆنالیست" (الحزب القومي السوري) حیزبێکی لایستییە (علماني) کە لەلایەن دیانێکی لوبنانییەوە بەنێوی انطوان سعادة لە بێرووت لە ۱۹۳۲/۱۱/۱٦ دا دامەزراوە. ئەم حیزبە؛ سووریا و لوبنان و فەلەستین و عێراق و قوبرس بە یەک نیشتمان و یەک نەتەوە دەداتە قەلەم. دروشمی ئەم حیزبە ئەوەیە "سووریا بۆ سوورییەکان و سوورییەکان نەتەوەیەکی تەواون". انطوان سعادة لە کتێبەکەیدا "پەیدا بوونی نەتەوەکان" (نشوء الامم) زمانی عەرەبی بە پێوەندییەک دانانێ بۆ ناسیۆنالیزم. جا هەرچەندە ئەم "ناسیۆنالیستە سوورییانە" راستەوخۆ خۆیان بە ناسیۆنالیستی عەرەب نادەنە قەلەم، بەلام ئامانجەکانیان جیاوازییەکی وای نییە لە ئامانجی

ناسیۆنالیستە شۆڤێنییە عەرەبەکان بەڵکو لەوان شۆڤێنی ترن، بەتایبەتی بەرامبەر مەسەلەی کورد. "ناسیۆنالیستە سوورییەکان" دژی بزووتنەوەی کوردایەتین و بە کوردستانیش دەڵێن "ئیسرائیلی دووەم" و پشتگیریی حکوومەتی بەعسی عیراق دەکەن بۆ کوشتن و بڕینی کورد و بۆمبباران کردنی کوردستان. ئەم هەڵوێستەشیان لە وەرامی نامەی کوردێکی عیراقی جنسیە لێ سەندراودا دەبینرێ کە لە گۆڤارەکەیاندا "الشرق الحدید" بڵاویان کردووەتەوە. وا ئێمە لێرەدا کوردییەکەی دەخەینە بەر چاو:

"کاکی - هاونیشتمانی عیراقی جنسیە لێ سەندراو. بێگومان دەبینیت کە ئێمە نامەکەتمان بڵاوکردەوە و ئەمەش مافی خۆتە کە قسەی خۆت بکەیت و ئێمەش لەگەڵ بەعس نین، سا لە بەغدا بن یان لە شام؛ بەڵکو ئێمە لە دژی هێندێک شتین و لەگەڵ هێندێک شتین. بۆ وێنە ئێمە ناتوانین بە ژووروی عیراق بڵێین "کوردستان" بەڵکو بە عیراق هەمووی، بە ژووروو و خوارووییەوە، دەڵێین رۆژهەڵاتی سووری وەک چۆن بە فەلەستین دەڵێین خوارووی سووری..
ئێمە داوای یەکگرتنی جوگرافیای سووریای تاک و تەنیا دەکەین، ئەو سووریایەی پەیمانی سان ریمۆ و سایکس پیکۆ پارچە پارچەی کردووە، هەروەها داوای یەکێتیی ئەو گەلانە دەکەین کە لەسەر ئەم زەوییە تاک و تەنیایە دەژین و یەک نەتەوە پێک دێنن کە ئەوەش نەتەوەی سوورییە و یەکێکە لە نەتەوەکانی جیهانی عەرەب، و سووریاش بەم قەوارە خۆڕسکییە... شیری جیهانی عەرەب و قەڵغانیتی..

بەڵام ئەوەی تۆ دەیڵێیت کە بەعسی لە عیراقدا کۆچ بە خەڵک دەکات و خانوو کاول دەکات بە بۆمبا... ئێمە لەوەدا حەق دەدەین بە بەعسییەکان، بۆ ئەوەی بتوانن دانیشتوانی خاکی (خوارووی سووریا) جارێکی دی دابەش بکەنەوە و رێ لەوانە بگرن کە دەیانەوێ دەوڵەتی گچکەی وا دروست بکەن کە ببێتە هۆی زیادکردنی ئەو پارچە پارچەییەی کە لە پەیمانی سایکس پیکۆوە دەستی پێ کرد.. بەڵێ لەوەدا هێندێک کەس دەبنە قوربانی. بەڵام هۆی ئەوە حکوومەتی عیراق نییە، بەڵکو گوناهی ئەوانەیە کە شەڕ دەکەن و دژی ئەم یەک کردنە

دەوەستن و دەیانەوێ دەوڵەتی کورد دروست بکەن کە بەلای ئێمەوە وەک دەوڵەتی ئیسرائیلی دوژمن دەبێ، ئەگەر هاتوو دروست بوو.. وە وەک دەوڵەتی مارۆنی و دەوڵەتی ئەردەنی و دەوڵەتی عێراقی دەبێ. کە ئەمانە (ئەم دەوڵەتانە) هیچ پێویستییەک نییە بۆ بوونیان. بەڵکو بە ڕەئیی ئێمە دەبێ یەک دەوڵەت بێ، ئەوەش دەوڵەتی سوورییە کە عەرەب و چەرکەس و ئاشووری و عەلەوی و درووز و کورد و هەموو گەلانی دی کۆبکاتەوە و لە یەک چارچێوەی ناسیۆنالیستانەدا کاربکات... هتد" (٩٩).

لە شوێنێکی دیدا "حیزبی ناسیۆنالیستی سووری" بە ئاشکرا دەری دەخات کە تەنانەت دژی ئۆتۆنۆمییە بۆ کورد. گۆڤاری "الشرق الجدید" دەنووسێ:

"ئەگەر کار بەدەست ئێمە بوایە، لە باکووردا ئۆتۆنۆمیمان دانەدەنا بۆ کورد. چونکە بەڕاستی لەو باوەڕەداین کە ئەم کارە ڕیسواییەکی گەورەیە بۆ بەشێکی سەرکەوتوو لە گەلەکەمان کە ئەوەش گەلی کوردە. نووری سەعید کورد بوو و فەرمانڕەوایی عێراقی دەکرد. ئەحمەد موختار بابان هەروەها، نێو زۆرن باسیان ناکەین. ئەمانە هەموو لە ئەنجامی کار و هەوڵدانیاندا گەیشتنە ئامانجی خۆیان و کەس نەیتوانی بوەستێ لە ڕوویاندا. کەسیش نەیگوت ئەمانە کوردن نابێ حوکمی عەرەب بکەن. چونکە ئەمانە نێوی بەدەسەڵات بوون. بەڵام ئۆتۆنۆمی مانای ئەوەیە کە بەهرەکانی گەلی کورد هەر بۆ کورد بێ و ئەو دەمە زەرووش دەتوانێ سەرکەوێ و ببێتە سەرکردە. ئا ئەم ئۆتۆنۆمییە کە ماناکەی سنوور دانان و بەشکردنە. بە ڕەئیی ئێمە چیرۆک چیرۆکی کەمایەتی و زۆرینتی نییە؛ بەڵکو چیرۆکی تاقە گەلێکە، کە هەمووی وەک یەک. زمانی زۆریە عەرەبییە. ئەمەش ڕێکەوتە، جا ئەگەر زمانی کوردی زۆریە بوایە و یەکێک بهاتایە و بیویستایە بیکاتە عەرەبی، ئەوجا چی دەگوترا. ئایە چیرۆک چیرۆکی زمان و ئەدەبیاتە یان چیرۆکی کاری کارای داهێنەر و هاوکاریی تەواوە؟ خوا بکات سەر لە نوێ یەکێکمان بۆ بێ ڕزگارمان بکات و لەم حاڵە دەرمان بهێنێ. سەلاحەددین بە هاوکاری، جارێکی دی دێتەوە، نەک بە دووبەرەکی. ئایە ئەوانە (کورد) تێ دەگەن؟" (١٠٠).

لە کۆتایی باسەکەدا پێویستە دەست بۆ ئەوە رابکێشین کە هێندێک کۆمەڵە و بزووتنەوەی عەرەبی هەیە، خۆیان راستەوخۆ بە "ناسیۆنالیست" نادەنە قەڵەم؛ بەڵام لەرێی هەوڵدانیانەوە بۆ دامەزراندنی "دەوڵەتێکی ناسیۆنالی گشتگری عەرەب" بیانەوێ یان نەیانەوێ، هێندێک سەرەتای نێوکۆییان لەگەڵ ناسیۆنالیستە عەرەبەکاندا هەیە. لەم رێبازانە؛ رێبازێکی تازە دروستبوو، بەنێوی "التجمع الديمقراطي العراقي"یەوە، کە بنەچەو رەچەڵەکی دەچێتەوە سەر "حیزبی نیشتمانیی دیمۆکراسی" (الحزب الوطني الديمقراطي) بە سەرکردەیەتیی بەهەشتی کامیل چادرچی (کامل الجادرجي) (١٨٩٧/٤/٤-١٩٦٨/٢/١). چادرچی لە بەهاری ساڵی ١٩٥٢ دا لە بارەگەی حیزبەکەی خۆی لە بەغدا (لە ناوچەی مەیدان) پێمی گوت؛ کە رەئی وایە "چێترە بۆ کوردەکان لە عێراق جیا ببنەوە و دەوڵەتێک بۆ خۆیان دروست بکەن، چونکە ئێمە دەمانەوێ دەوڵەتێکی عەرەبیی یەکگرتوو دروست بکەین". بەڵام گوتی: "ئەم رەئییە جارێ هەر رەئیی تایبەتی خۆمە و هێشتا لە ریزەکانی حیزبدا وتوویژ نەکراوە لەسەری (١.١). بەڵام وا دیارە چادرچی لە نێوەڕاستی شەستەکاندا لەسەر رەئییە کۆنەکەی خۆی نەمابوو. چونکە لە بیرخەرەوەیەکدا کە لە نیسانی ١٩٦٥ دا دابووی بە کاربەدەستانی عێراق، نووسیبووی: "لە خۆشبەختییە کە سەرکردە کوردەکان هەرگیز بیر لە تێکدانی سەرەتای یەکێتیی دەوڵەتی عێراق و جیابوونەوە لێی بە هیچ جۆرێک ناکەنەوە" (١.٢).

ئێستەش رۆژنامەی "الغد الديمقراطي" کە زمانی حاڵی "التجمع الديمقراطي العراقي"یە لە ژمارە (٣)ی نێوەڕاستی ئەیلوولی ١٩٨٣ دا "مشروع الوثيقة البرنامجية للقوى الديمقراطية العراقية"ی بڵاوکردەوە کە لەوێدا دەبێژێ: "هێزە دیمۆکراتییە عێراقییەکان، دان بە مافی گەلی کورددا دەنێن لە بڕیاردانی چارەنووسیدا بە دەستی خۆی، لەبەر ئەوە پێویستە ئەوە مسۆگەر بکرێ کە گەلی کورد لە عێراقدا هەموو مافە ناسیۆنالەکانی خۆی دەست بکەوێ، و لەنێو ئەوانەدا مافی لە ئۆتۆنۆمیی راستەقینەدا لە چارچێوەی کۆماری عێراق و لەژێر سایەی رژێمێکی دیمۆکراسیدا کە هەموو عێراق بگرێتەوە... هتد"

(١.٣). بێگومان لەم وشانەی سەرەوەدا ناکۆکییەکی بنەڕەتی دەبینرێ، چونکە ئەوی دان بە "مافی بڕیاری چارەنووسی"ی نەتەوەیەکدا بنێ، ئیدی نابێ خۆی سنوور بۆ ئەو مافە دابنێ، بەوەی بچێ باسی "ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە" یان "ناڕاستەقینە" بکات، بەڵکو دەبێ ڕێ بدات بە کورد؛ خۆیان بڕیاری لەسەر بدەن، چییان دەوێ و چییان ناوێ.

بێجگە لەمەش بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستانەی چەپی عەرەبی هەیە، کە یەکێک لە سەرکردەکانی ناجی عەلەوشە (ناجي علوش). ئەمانە هەوڵ دەدەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی عەرەب بە "سەرۆکایەتیی چینی کرێکاری عەرەب". عەلوەش لە کۆبوونەوەیەکی پرسیار و وەرامدا کە لە شوباتی ١٩٧٩ دا بۆ وتوو وێژ لەسەر مەسەلەی "نەتەوە" و "ناسیۆنالیزم" و "یەکێتیی عەرەب" ساز کرابوو؛ کە هاتبووە سەر باسی کورد و "ناسیۆنالیتە ناعەرەبەکانی نیشتمانی عەرەب" گوتبووی: "بەڵام ئەوەندەی پێوەندیی بە پرسیاری دووەمەوە هەیە کە تایبەتییە بە ناسیۆنالیتە ناعەرەبییەکان، بۆ ئەمە دەمەوێ بێژم : لەم باسە بەباشی کۆڵیوینەتەوە و دەتوانین بێژین کە لە نیشتمانی عەرەبدا کۆمەڵانی ئیتنی و ناسیۆنال هەن، و پێویستە لەسەرمان لەم کۆمەڵانە بە هوردی بکۆڵینەوە و سنووری شێوازی مامەڵە کردنمان لەگەڵیان و تێڕوانینمان بۆیان، دیاری بکەین. بۆ وێنە ئەرمەنی هەن کە لە لوبناندان و لە سووریاشدا هەن و بەشێکی کەمیشیان لە عێراقدا هەن، چۆن لەگەڵ ئەو خەڵکە مامەڵە بکەین؟ کوردەکان لە ژووررووی عێراقدا هەن، و لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریادا هەن، ئەفریقاییش هەن لە خوارووی سۆداندان، نازانم ناسیۆنالیتە، یان ئێنیان هەیە؛ بەڵام ئەوە دەزانم کە عەرەب نین، چۆن لەگەڵ ئەم مەسەلانەدا مامەڵە بکەین؟

تا ئەوەندەی مەسەلەکە پێوەندیی بە ئەرمەنییەوە هەیە، ئەوا بوونیان لە نیشتمانی عەرەبدا؛ ڕێکەوتە. ئەمانە بریتین لە کۆمەڵێک پەنابەر کە لە تاو کوشتار لەدەستی ترک لە ئەرمەنستان، ناچار بوون ڕابکەن. ئەمانە لە یەک ناوچەش کۆ نەبوونەتەوە، و لەبەر ئەوە ناتوانین وەک ناسیۆنالیتەیەک لە قەڵەمیان بدەین؛ کە بۆ نموونە؛ ئۆتۆنۆمی یان بێ. ئەگەرچی لەسەرمانە کە

یارمەتییان بدەین (تا بتوانن) زمانەکەیان بپارێزن و زارۆکانیان بە زمانی خۆیان لە قوتابخانەکاندا فێربکەن و (دەبێ) بایەخ بە گەشە پێکردنی کولتوورەکەیان بدەین. واتە ئەوانە وەک گەلێکی تەواو لە ناوچەیەکی تایبەتیدا نین. گوێ دانە شارستانی و کولتووریان و پێدانی ئەوەی کە یارمەتییان دەدا بۆ ئەوەی خۆیان لە بارەی خوێندەوارییەوە گەشە پێ بکەن، و هاوبەشی بکەن لە چالاکییە سیاسییەکاندا بەنێوی ئەوەوە کە هاونیشتمانین. چونکە ماوەی ئەوە نییە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەرمەنی دروست بکەین، مەگەر ئەوەی بێرووت بکەینە پێنج ناوچە و حەلەب بکەینە ئەوەندە ناوچە. ئەرمەنییەکان لە یەک جێ ناژین.

بەلاّم ئەوەندەی پێوەندیی بە کوردەوە هەیە، ئەوا کورد گەلە و گەلێکیشە لە گەلە کۆنەکان. مێژووی عەرەب کە باسی عەرەب دەکا باسی کوردیش دەکا، تەنانەت لە پێش فتوحاتی ئیسلامی دا. لە بەر ئەوە ناشێ بوونی ئەمانە وەک گەلێک بخرێتە پشتگوێ. (واتە) وەک گەلێک کە گیرو گرفتێکی ناسیۆنالیان هەیە وەک گیرو گرفتی عەرەبی. ئەمانە (کوردەکان) ئێستە بە سەر پێنج دەوڵەتدا بەشکراون. کوردەکان نەبوونە پارچەیەک لە عێراق هەتا ئەو پەیمانە بەسترا لە نێوان ئیمپراتۆرێتیی عوسمانی و ئیمپراتۆرێتیی فارسی دا لە سەتەی رابوردوودا کە پێم وایە نێوی نرا پەیماننامەی ئەرزڕۆم و یان لە ١٨٤١ یان لە ١٨٤٧ دا بوو، کە بە پێی ئەوە بەشێک لە کوردەکان خرانە سەر عێراق، و هەر بە پێی ئەوەش بڕیار درا کە عەرەبستان (خوزستان) بۆ ئێران بێ، ئەوەش هەر تەنێ بۆ نەخشە کێشانی سنوور بوو.

کوردەکان بە پێی ئەم بنچینەیە گەلێکی سەربەخۆن. جا ئەگەر ئێمەی عەرەب مافی ئەوەمان هەبێ بۆ یەکێتیی (عەرەب) تێ بکۆشین، ئەوا ئەوانیش (کوردەکان) مافی ئەوەیان هەیە تێ بکۆشن بۆی. ئێمە پێویستە ببینە هاو پەیمانیان و یارمەتیان بدەین و تێ بکۆشین لە گەڵیان بۆ هێنانە دی ئەوە. بەلاّم کوردەکان لە عێراقدا، پێش ئەوەی یەکێتیی ناسیۆنالی کورد پێک دێ، مافی ئۆتۆنۆمیی راستەقینەیان دەبێ، و دەبێ (تطور)ی رۆشنبیرییان ببێ و بە پێی

رێژە (نسبة)ی ژمارەیان؛ دەبێ هاوبەشکاریی سیاسییان بێ. خۆ ئەگەر بەم جۆرە بیر نەکەینەوە، ئەوا بیر کردنەوەکەمان لە یەکێتیی عەرەب لە چەشنی بیرکردنەوەی رەگەزخوازانەی شۆڤێنیانەدا دەبێ، نەک لە چەشنی بیرکردنەوەی زانستانەی خاوەن رێبازی سیاسیی پێشکەوتنخوازانە.

بەڵام ئەوەی پێوەندیی بە خوارووی سۆدانەوە هەیە، ئەوە مەسەلەیەکی دییە. ئەوانە بەشێکن لە سۆدان کە نیوەی ژووروو و نیوەڕاستی بووەتە عەرەبی، و نیوەی خوارووشی بە ئەفریقایی ماوەتەوە. ئەوانە، مرۆڤ دەتوانێ لەگەڵیان رێک بکەوێ لەسەر جۆرە ئۆتۆنۆمییەک، ئەگەر هاتوو رازی بوون پێی، بەڵام نابێ زۆریان لێ بکرێ کە ببنە پارچەیەک لە سۆدان، چونکە ئێمە پێمان وایە کە سۆدان عەرەبییە. ئینگلیزەکان بوون کە نەخشەی ئەم سۆدانەی ئەمڕۆیان کێشا بەپێی خواستی بەرژەوەندیی ئیمپریالیستانەی خۆیان، و گەلانی ناوچەکە نەبوون کە ئەو نەخشەیەیان کێشا. نە خەڵکی سۆدان و نە جەماوەری عەرەب هیچیان نەخشەی سنووری سۆدانیان نەکێشاوە. ئینگلیزەکان پێیان دەکرا بکشێن بۆ نێو ئەفریقا ئەگەر بیانتوانیبایە لەڕێی سوپاوە (عسکریا) هەزار یان دوو هەزار کیلۆمەتری دی بڕۆن. ئەوسا ئێمەش دەمانتوانی وەک ئیمپریالیستە بەریتانییەکان تەماشای شت بکەین و بڵێین ئەم خاکە عەرەبییە. بەڵام ئەوە بۆ ئێمە ناشێ مەگەر ئەوەی یەکێک لە ئێمە بیەوێ ببێتە ناسیۆنالیستێکی ئیمپریالیستانە، و (دیارە) ئێمەش ئەم رێبازە پەسند ناکەین.

مەسەلەی ناسیۆنال لە نیشتمانی عەرەبدا دەبێ لەسەر بنچینەیەکی راست چارەسەر بکرێ، لەسەر بنچینەی لە یەک گەیشتن (رێک کەوتن) و مافی بڕیاری چارەنووس- کاتێک هەر کۆمەڵێک مافی ئەوەی هەبێ کە ببێتە گەلێکی سەربەخۆ، ئەوا ئەو کۆمەڵە مافی بڕیاری چارەنووسی هەیە. هەر ئەو کۆمەڵانە دەبێ خۆیان بڕیار بدەن؛ ئایە لەگەڵ ئێمە یەک دەگرن یان دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست دەکەن، ئەوە مافی خۆیانە چونکە ناسیۆنالیتەن. جا ئەگەر یارمەتیمان دان و شان بە شانیان تێ کۆشاین لەگەڵیان، ئەوا دەبنە هاوپەیمانمان. ئێمەش دەبێ بیان کەینە هاوپەیمانی خۆمان و پێوەندیی

هاوبەشکاریی راستەقینە دابمەزرێنین لەگەڵیان. ئێمە دەبێ ببینە نەتەوەیەک کە ڕێز لە مافی نەتەوەکەی دی بگرێ و هەرەوەزی بکات لەگەڵی لە مەیدانی سیاسی و ئابووری دا" (١٠٤).

ناجی عەلوەش جارێکی دی لەبارەی مەسەلەی کوردەوە دەڵێ: "ئەی باشە هەڵوێستمان چی بێ بەرامبەر بە مەسەلەی کوردەکان؟ هەڵوێستمان ئەوەیە کە باسم کرد بۆتان. ئێمە لە گەڵ مافی کورددایین بۆ یەکێتی و سەربەخۆیی و بڕیاری چارەنووس و لەگەڵ ئەوەدایین کە پێوەندییەک ببەستری لە گەڵیاندا وەک هاو پەیمان، وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ. هەروەها لەگەڵ ئەوەدایین کە لە عێراقدا ئۆتۆنۆمییان بێ بەو پێیەی کە بەشێکن لە عێراق، چونکە هێشتا یەکێتیی ناسیۆنالیان نەهاتۆتە دی. بەڵێ لەگەڵ ئۆتۆنۆمییەکی راستەقینەدایین بە هەموو مانای وشە. ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین بۆ بڕینەوەی هەموو جۆرە ناکۆکی و خراپ لە یەک گەیشتنێک لە نێوان بزووتنەوەی ناسیۆنالیستانەی کورد و ناسیۆنالیستانەی عەرەبدا. بێگومان ئێستە خراپ لە یەک گەیشتن هەیە بە هۆی هەلو مەرجی رابوردووەوە. پێویستە لەسەرمان تێ بکۆشین بۆ کۆتاییهێنان بەم بارە. چونکە مانەوەی ئەم بارە وەک خۆی، دەبێتە هۆی دوژمنایەتی لەنێوان دوو گەلی دراوسێ دا کە پێوەندیی مێژوویی دوورو درێژ و بەرژەوەندیی هاوبەشکاری دەیان بەستێ بە یەکەوە. مەسەلە نابێ هەروا بمێنێتەوە. ئەمە لەچاو پێوەندیی تایبەتیدا، بەلام بە شێوەیەکی گشتی، دەبێ ئێمە هەمیشە لەگەڵ مافی گەلاندا بین بۆ سەربەخۆیی و بڕیاری چارەنووسیان و لەگەڵ هەموو گەلاندا پێوەندیی ئینتەرناسیۆنالیمان بێ بەو جۆرەی کە لەمەولا باسی دەکەم، کاتێک وەرامی ئەو پرسیارە دەدەمەوە کە تایبەتییە بە سروشتی پێوەندیمان لەگەڵ دەوڵەتە ناسیۆنالەکانی دی" (١٠٥).

ئەوەندەی مەسەلەکە پێوەندیی بە کوردەوە هەیە، قسەکانی عەلوەش بابەتانە و راستن. بەلام ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتە گۆڕێ ئەوەیە بۆچی دەبێ مەسەلەی بڕیاری چارەنووسی کورد لە عێراقدا ببەستری بە مەسەلەی رزگاربوونی پارچەکانی دی کوردستانەوە و کورد لە عێراقدا هەتا "یەکێتی ناسیۆنالیان

دێتـە دی" -وەک عـەلوەش دەبێژێ- بە ئۆتۆنۆمی رازی بن. بۆ وێنە ئەگەر سبەینێ حوکم لە عێراقدا کەوتە دەست کۆمەڵەی ناجی عەلوەش، بۆچی نەبێژن: با کوردەکانی خوارووی کوردستان (عێراق) بڕیاری چارەنووسی خۆیان بدەن و، ئەگەر ویستیان، دەوڵەتێک بۆ خۆیان دروست بکەن و ئەو دەوڵەتە ببێتە دۆست و هاوپەیمانی دەوڵەتی عێـراق؟. بۆچی دەبێ کـوردەکـانی خـوارووی کوردستان (عێراق) بە ئۆتۆنۆمی رازی بن و چاوەڕوان بکەن، تا کوردەکانی (ئێران) و (ترکیـا) و (سووریا) و (سۆڤێت) ئامـادە دەبن بۆ "یەکێتیی ناسیۆناڵ"؟ لێرەدا هەرچەندە قسەکانی عەلوەش زۆر جوان و مرۆڤ خوازانەن؛ بەڵام دیسانەوە ئەو بەد گومانییەی کە کورد هەیەتی بەرامبەر ناسیۆنالیستە عەرەبەکان لا ناچێ. چۆنکە مێشیل عەفلەق، ئەو مێشیل عەفلەقەی کە قسەی ساڵی ١٩٥٥ یمان لەمەوبەر خستە ڕوو، لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٩ دا لە رۆژنامەی "الثورة"ی زمانی حاڵی حیزبی بەعسدا کە لە بەغدا دەردەچێ، نووسیبووی کـە کـوردیش نەتەوەیەکـە پارچە پارچە کـراوە و دابەشکراوە؛ بەتەواوی وەک نەتەوەی عـەرەب و مـافی ئەوەی هەیە یەک بگرێتەوە و سەربەخۆیی خۆی و ئازادیی ناسیۆنالی خۆی وەدەست بهێنێ" (١٠٦). کەچی هەر ئەو عەفلەقە لە ساڵی ١٩٧٤ دا و لە خوتبەیەکدا کە بۆ هێزی زەریایی عێراق لە بەسرە دابووی، باسی عەرەبایەتیی سلێمانی کردبوو. لە کـاتێکدا کە لـە هەمـوو مێـژووی (٢٠٠) ساڵەی شاری سلێمـانیـدا یەک بنەماڵەی عەرەبی تێدا نەبووە و نییە. لێرەدا نامەوێ خوا نەخواستە ئەوە بڵێم کە "عەلوەش" و "عـەفلەق" -کە بە ڕێکەوت ناوی هەردووکیان بە "عە" دەست پێ دەکـات- و هەردووکیـشیـان دوو ناسیـۆنالیـستی عەرەبن، دەبێ جـۆری بیـرکـردنەوە و کـردارێشیـان وەک یەک بێ؛ بەڵام ئەوەی کـەمێـک سـەرنج ڕادەکێشێ لە قسەکانی عەلوەشدا ئەوەیە، عەلوەش سەرەڕای ئەم هەمـوو قسە ڕێکو پێک و زانستانەیەش، کە دێتە سەر باسی سنووری نیشتمانی عەرەب "چیـاکـانی تۆرۆس" و "چیـاکـانی زاگـرۆس" بە "سنووری خـۆرسـکی" دادەنێ (١٠٧). لە کاتێکدا بەشێک لەم زنجیرە چیایانە لەنێو کوردستـاندان، نەک لەسەر سنووری کوردستان و نیشتمانی عەرەب. لەبەر ئەوە دەبێ ناسیۆنالیستە

چەپییە دیموکراتەکانی عەرەب، نەک هەر خۆیان لە هەڵوێستی شۆڤێنییانەی ناسیۆنالیستەکانی دی جیا بکەنەوە و بەس؛ بەڵکو دەبێ بە بیر و بە قسە و بە کردەوە، هەوڵی دروستکردنی هەلومەرجێک بدەن کە کورد بتوانن متمانە بکەن پێیان. مەسەلەی متمانە کردن زۆر گرنگە و نابێ بخرێتە پشت گوێ.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم دەست بۆ ئەوە رابکێشم کە مەسەلەی کورد هەر لە پەنجاکانەوە لەنێو ناسیۆنالیستە عەرەبە چەپییەکاندا، کەموزۆر، خراوەتە بەرچاو. بەلاّم بە کاڵوکرچی چارەسەری کراوە. بۆ وێنە: "حركة القوميين العرب" کە لە دواییدا بوو بە "حركة الاشتراكيين العرب"، پاش ئەوەی لە هێڵی ناسریزم جیا بوونەوە، لە کۆتایی شەستەکاندا باسی "بڕیاری چارەنووسی کوردی عێراق"ی دەکرد. بۆ نموونە: رۆژنامەی "الحرية" کە لە بێرووت دەردەچوو و زمانی حاڵی ئەم کۆمەڵەیە بوو، لە ژمارە (٤٢٥)ی رۆژی ١٢ی ئابی ١٩٦٨ دا بەیانێکی بڵاوکردەوە، کە لەوێدا "کوردستانی عێراق"ی بە "بەشێک لە نیشتمانی کورد" دانابوو. "الحرية" دەنووسێ: "ان الحركة تعتبر كردستان العراق جزء من الوطن الكردي"، واتە: "بزووتنەوە، کوردستانی عێراق بە بەشێک دادەنێ لە نیشتمانی کورد"، و دەنووسێ: "ان القومية الكردية حقيقة لا تحتاج الى اثبات"، واتە: "ناسیۆنالیتەی کورد راستییەکە پێویستی بە بەڵگە نییە"، و هەروەها دەنووسێ: "ان نضال الشعب الكردي من اجل الحكم الذاتي هو نضال عادل" و "ان حق تقرير المصير هو الحل الاشتراكي العلمي للمسألة الكردية". واتە: "تێکۆشانی گەلی کورد لە پێناوی ئۆتۆنۆمیدا تێکۆشانێکی دادخوازانەیە" و "مافی بڕیاری چارەنووس چارەسەرێکی سۆسیالیستانەی زانستانەیە بۆ مەسەلەی کورد". لەگەڵ ئەوەشدا کە دێنە سەر باسی کوردی رۆژئاوای کوردستان (سووریا)، کورد لەوێ بە "کەمایەتییەک" دادەنێ، نەک بە بەشێک لە نەتەوەی کورد و نیشتمانی کوردستان. هەروەها هیلال ناجیی پارێزەر (المحامي هلال ناجي)، لە نێوەراستی شەستەکاندا، باسی ئەوەی کردبوو کە کورد دەبێ مافی بڕیاری چارەنووسی بدرێتێ، بەلاّم لە سنووری یەکگرتنێکی فیدرالی یان کۆنفیدرالی دا. هیلال ناجی دەبێژێ:

"ڕاستییەکەی مەسەلەی کورد گرنگی پێدانێکی مەزن دروستدەکا نەک لەبەر ئەوەی ئێوچەیەکی چیایی کە کوردەکان تێیدا دەژین لە عێراق جیا دەبێتەوە، چونکە خەڵکەکەی دەیانەوێ دەوڵەتێک بۆ خۆیان دابمەزرێنن؛ بەڵکو لەبەر ئەوەی زۆر هەن لەو باوەڕەدان کە سەربەخۆیی کورد، مانای ئەوەیە سەرچاوە نەوتە بەپیتەکان لە عێراقی عەرەبیمان دەپچڕێ و عێراق بێ بەش دەکرێ لێی. تا لەمەوە وایان لێ هاتووە گرنگی دەدەن بە یەکێتیی دەستکردانەی عێراق. ئەم خەیاڵەش هەر لە بنەچەوە هەڵەیە. ناسیۆنالیتەی کورد ڕاستییەکی بەرچاوە. کوردەکانی عێراقیش کەرەسەی ئاشکرای ناسیۆنالیتەیان هەیە، و بەرژەوەندیی ناسیۆنالیزمی عەرەب لەوەدایە کەدان بە مافی کوردەکاندا بنێ لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیاندا، بۆ وێنە لە سنووری یەکگرتنێکی فیدرالی یان کۆنفیدرالی دا، کە ئەوە ببێتە سەرەتای هەرەوەزی و برایەتییەکی بەردەوام لە جیاتی ئەوەی خستنە پشتگوێی واقیع و مێژوو و ئاواتی گەلان لەلایەن ئێمەوە ببێتە هۆی ئەوەی ئەم گەلە (کورد)، زوو یان درەنگ، ئازادیی خۆی بە زۆری چەک دەست خۆی بخات، خۆ ئەگەر سەر نەکەوت، ئەوا ببێتە خەنجەرێکی ناپاکی و بدرێ لە پشتی هەموو بزووتنەوە ناسیۆنالیستە عەرەبی یە رزگاریخوازەکان لە عێراقدا" (١٠٨).

شایانی باسە کە مەحموود دوڕڕە (محمود الدرة)، کە ئەفسەرێک بوو لە سوپای عێراقدا و لە کاتی فەرمانڕەوایی شێخ مەحموددا، لەگەڵ لەشکری بەریتانیا شەڕی لە دژی کورد دەکرد، لە کتێبەکەیدا کە بەناوی "القضية الكردية" وە لە ساڵی ١٩٦٦ دا دەری کردووە؛ باسی ئەوە دەکات کە کوردی عێراق مافی ئەوەیان هەیە سەربەخۆ بن؛ بەڵام کەینێ؟ ڕۆژێک کە کوردی ئێران و ترکیا سەربەخۆ بوون. ئەگەر بە وردی تەماشای کتێبەکەی بکەین دەبینین لە هەموو لایەکەوە هەستی شۆڤێنیانەی تێدا بەدی دەکرێ. نەک هەر لەوەدا کە کورد بە "درەنگ گر" (بطئ التفكير) دادەنێ، بەڵکو بزووتنەوەی کوردایەتی، بەگشتی، بە دەستکردی ئیمپریالیزم دادەنێ و، ئەگەر تەماشای ئەو نەخشەیە بکەین کە لە سەرەتای کتێبەکەیدا بۆ کوردستانی دروست کردووە، دەبینین وەک بەعسییەکان؛ کەرکووک و گەلێک ناوچەی گرنگی

کوردستانی تیٚ نەختستووە.

بەکورتی بیری ناسیۆنالیزمی عەرەب، بەتایبەتی هەڵوێستی بەرامبەر شێوە و نێوئاخن و رژێمی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ناسیۆنالی عەرەب، تا ئێستە لە ڕێبازی ڕەگەزپەرستانە و شۆڤێنیانە و تۆتالیتێرانە و خۆفراوانکەرانە (توسعي) ڕزگاری نەبووە. مەسەلەی کورد، بە تایبەتی مەسەلەی سنووری نیشتمانیی کوردستان، گەورەترین بەرهەڵستێکە کە مەسەلەی ڕەوایەتیی دەوڵەتی ناسیۆنالی یەکگرتووی عەرەب دەخاتە بەر پرسیارەوە. چۆنکە تەنانەت ئەگەر ناسیۆنالیستە عەرەبەکان، ڕۆژێک لە ڕۆژان، بشیانەویٚ لەگەڵ کورد ڕێک بکەون، ئەوا مەسەلەی بڕینەوەی سنووری نێوان کوردستان و نیشتمانی عەرەب، هەروا شتێکی هاسان نابیٚ، چارەسەرکردنی ئەمەش بەستراوە بەوەوە کە بەرەی ئازادیخوازانی یەکسانیخوازانی عەرەب؛ بتوانن، بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەب لە چنگ بەرەی هوردە بۆرژوای میلیتانتی شۆڤێنیستی تۆتالیتێر خوازی عەرەب دەربهێنن، و دراوسێتییەکی برایانەی هەتا هەتایی لەگەڵ نەتەوەی کورددا بهێننە کایە.

ب- ناسیۆنالیزمی ترک و دەوڵەتی ناسیۆنال

"بیری ترکیزم و تورانیزم" زۆر کۆنترن لە بیری دامەزراندنی "دەوڵەتێکی ترکیی ناسیۆنال". هەوڵدانی ترکە ناسیۆنالیستەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ترکی ناسیۆنال، لەو کاتەوە دەست پیٚ دەکات کە گەلە دیانەکانی ئیمپراتۆریەتیی عوسمانی کەوتنە جوولانەوەی جیابوونەوە خوازانە لە ئیمپراتۆریەتیی عوسمانی بە نیازی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان، بەتایبەتی ویٚنانییەکان، و پاشان مەکدۆنییەکان. هەر لەم کاتەشەوە "بیری تورانیزم" بوو بە فەلسەفەی ئەو تاقمەی کە هەر لە سەتەی رابوردووەوە بە "ژۆن ترک" ناسرابوون، و لە دواییدا، لە دەوری کۆمەڵەی "اتحاد و ترقي" (یەکگرتن و سەرکەوتن) خۆیان کۆکردەوە. هەروەها، لاسایی کردنەوەی چۆنیتیی دامەزراندنی دەوڵەتی ئەڵمانیا لەلایەن میلیتاریستە پڕۆیزەکانەوە لە سەتەی نۆزدەدا، دەورێکی گرنگی گێڕا لە بیرکردنەوەی "ژۆن ترکەکان"دا، بە

تایبەتی چۆنکە ئەڵمانیا لە سەتەی نۆزدەدا، پێوەندییەکی سوپایی و بازرگانی زۆر توند و تۆڵی هەبوو لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دا. ئەوە هۆکارێک بوو لەو هۆکارانەی کە ژۆن ترکەکانی خستە سەر کەڵکەڵەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ترکی لەڕێی بەکارهێنانی دەسەڵاتی سوپاییەوە. بێجگە لەمەش، ژۆن ترکەکان، پێوەندیان بە گەلێک وڵاتی ئەورووپاوە هەبوو، و پاریسیان کردبووە بنکەی چالاکی سیاسی و کەینوبەینی خۆیان، و لە ١٩٠٨/٧/٢٤ دا توانیان سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٨) ناچار بکەن بەوەی ئەو دەستوورەی لە ١٨٧٦ دا بەنێوی "قانوونی ئەساسی" یەوە دەری کردبوو و خستبوویە پشت گوێ؛ جارێکی دی بخاتەوە کار و بەوە دەزگەی حکوومەتی کەوتە دەست "ژۆن ترکەکان" و ساڵێک پاش ئەوە، واتە لە ١٩٠٩ دا سوڵتانیان ناچار کرد دەست لە فەرمانڕەوایی بکێشێتەوە. ئەم سەرکەوتنە؛ فیزی ژۆن ترکەکانی زێتر هەڵستاند، و وای کرد لێیان کە لە ڕۆژنامەکانیاندا بە ئاشکرا بکەونە جنێودان بەوانەی کە ترک نەبوون، بەتایبەتی بە عەرەب، و داوای پاک کردنەوەی زمانی ترکی بکەن لە وشە و زاراوەی عەرەبی. زۆر بەتایبەتی، جیابوونەوەی ئەرنەوتەکان و عەرەبی یەمەن لە ساڵی ١٩١٠ دا؛ شۆڤێنیزمی ژۆن ترکەکانی پتر تیژکرد، و بەجارێک کەوتنە گیانی ئەو نەتەوانەی کە ترک نەبوون. بیری ناسیۆنالیزمی ترک؛ کە لە پێشەوە دەیویست هەموو ئەو گەلانەی بە ترکی قسە دەکەن؛ وەک ترکی عوسمانی و ترکزمانەکانی ئازربایجان و ترکمانەکانی رووسیا و چین؛ لە یەک دەوڵەتدا کۆبکاتەوە، هەتا دەهات ڕەنگێکی ڕەگەزپەرستانەی بە خۆیەوە دەگرت. یەکێک لە سەرکردەکانی "ژۆن ترکیزم" جەمال پاشا بوو کە بە جەمال سەففاح (جمال السفاح) - واتە جەمال خوێنڕێژ - بەنێوبانگە. ئەم جەمال سەففاحە، کە وەزیری هێزی زەریایی بوو، کابرایەکی زۆر شۆڤێنیست و ڕەگەزپەرست بوو، و گەلێک لە سەرکردە عەرەبەکانی سووریای کوشت. شایانی باسە کە "فەیلەسووفی بیری تۆرانیزم" زیا گۆکئالپ Ziya Gökalp (١٨٧٦-١٩٢٤)؛ کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی کۆمەڵەی "اتحاد و ترقی"؛ لە ساڵی ١٩٢٣ دا زنجیرەیەک وتاری بە زمانی ترکی بە نێوی "بنچینەکانی ترکیزم"ەوە (١٩٠١) بڵاو کردەوە،

کە لەوێدا هێندێک لە ئامانجەکانی "بزووتنەوەی تورانیزم"ی روون کردووەتەوە؛ وەک ئەوەی کە "تورانییەکان بەزۆری چەک هەموو جیهان بخەنە ژێر دەست خۆیانەوە". هەر بۆ ئەم مەبەستەش بوو کە لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا؛ "پان تورانیستەکان" -وەک ئەنوەر پاشا و هاوڕێکانی- کە لە دەوڵەتی عوسمانی دا سەرکردە و فەرمانڕەوا بوون؛ بوونە هاوپەیمانی ئەڵمانیا؛ بە تەما و نیازی ئەوەی ئەم خەونەی خۆیان پاش بردنەوەی جەنگ بهێننە دی. ئەڵمانیاش ئەم هاوپەیمانێتییەی ترکی بەدڵ بوو؛ چونکە چاوی بڕیبووە میزۆپۆتامیا و بەشێک لە کوردستان و سووریا و بۆ ئەوەش "شەمەندەفەری بەغدا" (١١٠)ی دروست کردبوو، و بەنێوی لێکۆڵینەوەی زانستانەوە؛ گەلێک زانای ناردبووە وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەتایبەتی کوردستان (١١١). پان تورانیستەکان، هەر لەپێش جەنگی جیهانیی یەکەمدا، پیلانیان دانابوو بۆ گواستنەوەی کوردەکانی ژووروی کوردستان بۆ ناوچەی رۆژاوای وڵاتی عوسمانی بۆ مەبەستی ئاوەکی کردن و تواندنەوەیان؛ بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگ و کارەساتەکانییەوە ئەم پیلانە نەچووە سەر بۆیانی (١١٢). لە ساڵی ١٩١٥دا تورانییەکان چەند سەت هەزار ئەرمەنییەکیان قەلاچۆکرد. کە لەم کارەشیاندا، بەداخەوە، هێندێک کوردی ساویلکەی نەفام و گەوج یان سووتپەرست، کە لە سوپای حەمیدییەدا کۆ بووبوونەوە، ئالیکاری تورانییەکانیان کرد، بەپێچەوانەی هێندێک کوردی دیکەوە، بەتایبەتی کوردە عەلەوییەکانی دەرسیم و بەدرخانییەکان کە پشتی ئەرمەنییەکانیان گرت دژی دەستدرێژیی تورانییەکان. هەر لە ساڵی ١٩١٥ دا، جەمال سەففاحی نێوبراو، سەتان خێزانی عەرەبی لە وڵاتی خۆیان دوورخستەوە بۆ ئەنەدۆڵ، و هەزاران خێزانی دی بێ نان و ئاو هێشتەوە؛ کە زۆربەیان لە برساندا مردن. "ژۆن ترکەکان" لە ١٩١٦دا کەوتنە گەلکوژی لە یۆنانییە پۆنتەکان و لە ساڵانی جەنگدا، ژمارەیەکی زۆر سەربازی کوردیان نارد بۆ ناوچەی قەفقاس، کە زۆریان لەسەرماندا رەق بوونەوە. سیاسەتی لەنێوبردنی عەرەب، پاڵی بە سەرکردەکانی عەرەبەوە نا کە پشتی بەرەی سوێندخواران بگرن لە جەنگدا، و ئەوەبوو -وەک لەمەوبەر گوتمان- شەریفی مەککە لە ساڵی ١٩١٦ دا شۆڕشێکی هەڵگیرساند دژی فەرمانڕەوایی ترک و

بۆ سەربەخۆیی وڵاتی عەرەب کەوتە کار.

پان تۆرانیستەکان جەنگی جیهانیی یەکەمیان دۆڕاند، و سوێندخۆرەکان وڵاتی عوسمانییان داگیرکرد. ترکەکانی وڵاتی عوسمانی؛ کە ئەو دەمە ژمارەیان لە ٣ ملوێن کەس تێپەڕ نەدەبوو، تەنێ ئەستەمووڵ و چەند ناوچەیەکی دەوروبەری مابووەوە بە دەستیانەوە، کە ئەوەش لەلایەن سوێندخۆرەکانەوە داگیر کرابوو. بەڵام بە رووخانی دەوڵەتی عوسمانی و داگیرکردنی ئەستەمووڵ؛ بیری "پان تۆرانیزم" و "پان ترکیزم" لەنێو نەچوون. پان تورکیستەکان بە سەرۆکایەتیی مستەفا کەمال (١٨٨١-.١/١/١٩٣٨) کە پشکنەر (مفتش) بوو لە سوپای عوسمانیدا، و پاش تەقەبەس (هدنة)ی مودروس نۆڤەمبەری ١٩١٨دا، لەلایەنەن سوڵتانەوە لە ١٩١٩ دا فەرمان درا بوو پێی کە لەگەڵ نوێنەرانی سوێندخۆراندا بچێ لەشکرەکەی کازم قەرە بەکر چەک بکات -کە ئەمە لەشکرێکی عوسمانی بوو بە چەکداری لە کوردستاندا مابووەوە- بەڵام مستەفا کەمال ئەم کارەی نەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەی سوڵتانەوە، لەگەڵ کازم قەرە بەکر و هۆزە کوردەکانی ئەو ناوچەیەدا وا رێککەوت، کە خۆیان چەک نەکەن و بە قسەی سوڵتان نەکەن و بەربەرەکانێی سوێندخۆران بکەن. مستەفا کەمال، کە دوایی بە "ئەتاترک" -باوکی ترک- نێوی رۆی، هەروەک ژۆن ترکە کۆنەکان کە لە سەرەتادا خۆیان لەژێر پەردەی "اتحاد و ترقی" و دروشمی "داد، ئازادی، وەک یەکی" -عدالت، حریت، مساوات- دا شاردبووەوە، ئەمیش کەوتە باسی "برایەتیی کورد و ترک" و "پاراستنی وڵاتی ئەنەدۆڵ کە وڵاتی ترک و کوردە" و "پاک کردنەوەی وڵاتی هەردوو لا لە کۆلۆنیالیستەکانی رۆژاوا" و "مودێرن کردنی وڵاتی هاوبەش". کوردەکان زۆر یارمەتیی ئەتاترکیان دا، بەتایبەتی بۆ بەستنی "کۆنگرەی ئەرزرۆم" لە ٢٣/٧/١٩١٩-٧/٨/١٩١٩، ئەو کۆنگرەیەی کە "پەیمانێکی ناسیۆنال" (میثاق ملی) لێی دەرچوو و بەپێی ئەوە هەموو "کوردستانی عوسمانی" خرایە نێو "سنووری ناسیۆنال"ەوە، بێ ئەوەی هیچ جۆرە مافێک بۆ کورد دەست نیشان بکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا کوردەکان، چ بە چەکدار و چ بە پارە، یارمەتیی مستەفا کەمالیان دا و هەر لە "کۆنگرەی ئەرزرۆم"دا کوردەکان سەت هەزار

لیرەی زێڕی عوسمانییان بۆ مستەفا کەمال کۆکردەوە. هەروەها لە دامەزراندن و پێکهاتنی "ئەنجومەنی گەورەی گەل" (buyuk millet meclisi)دا، کە لە ئەنقەرە لە ٢٣/٤/ ١٩٢٠دا یەکەمین کۆبوونەوەی بەست، کوردەکان بە جۆشەوە بەشدارییان کرد تێیدا (١١٣) مستەفا کەمال کە بە سەرۆکی "ئەنجومەنی گەورەی گەل" هەڵبژێررا، زۆر زیرەکانە و سیاسییانە دەجوولایەوە، و توانی پاش بلاوکردنەوەی دەقی پەیمانی سیڤەر لە ١٠/٨/ ١٩٢٠دا لەلایەن سوێندخۆرانەوە، کە بەپێی ئەو پەیمانە بەڵێنیان بە کورد و ئەرمەنی دابوو، هەر یەکەیان دەوڵەتێکیان هەبێ، کوردەکان وا لێ بکات؛ هەر خۆیان دژی مەسەلەی کورد و پەیمانی سیڤەر بکەونە کار (١١٤). بێجگە لەوەش، مستەفا کەمال توانی مەسەلەی ترک بگەیەنێتە سەرکردە بۆلشەفیکەکانی سۆڤێت. لە ٢٦/٤/ ١٩٢٠دا، مستەفا کەمال نامەیەکی بەنێوی "ئەنجومەنی گەورەی گەل"ەوە نارد بۆ لینین، و باسی "خەباتی هاوبەشیی هەردوولا، واتە، ترک و سۆڤێتی کرد لە دژی ئیمپریالیزم" و هیوای "یارمەتیی سۆڤێتی بۆ جەنگی دژی ئیمپریالیستانەی ترک" دەربڕی (١١٥). لینین لە وەرامەکەیدا "خۆشحاڵی خۆی" دربڕی بوو کە "بنچینەیەکی هەمیشەیی بۆ هاوڕێیەتی هەیە، کە دەتوانێ ببێتە هۆی یەکگرتنی گەلی ترک و رووس" (١١٦). هەر لەو ساڵەدا مستەفا کەمال نوێنەری حکوومەتی خۆی کە لە ٣/٥/ ١٩٢٠دا بەنێوی "حکوومەتی ئەنقەرە" وە دایمەزراندبوو، نارده لای بۆلشەفیکەکان و لە "کۆنگرەی یەکەمی گەلانی رۆژهەلات"دا کە لە ١-٨ی ئەیلوولی ١٩٢٠ لە باکۆ بەسترا، وتاری نوێنەرانی ئەتاترک -کە بە نوێنەرانی حکوومەتی ئەنقەرە ناسرابوون- واتە؛ ئەنوەر پاشای نێوبراو و ئیبراهیم تیللی خوێندرانەوە. تیللی و ئەنوەر پاشا؛ کە هەردووکیان دوو شۆڤێنی و رەگەزپەرستی "ژۆن ترک" بوون؛ بەلام وەستای قسە و دیپلۆماسیێتی بوون، بزووتنەوەی مستەفا کەمالیان لە باکۆ بە بزووتنەوەی "جۆتکارانی ترک" دایە قەڵەم (١١٧) و ئەنوەر پاشا لە وتارەکەیدا "پاکانە"ی بۆ ئەوە دەکرد، کە گوایە "ترک ناچاربوون لە جەنگدا لە پاڵ ئیمپریالیزمی ئەڵمانیاوە بوەستن" و هەردووکیان، (ئەنوەر پاشا و ئیبراهیم تیللی) بەدەم هاوکاری و هاودەنگیی خۆیان بۆ "ئینتەرناسیۆنالیزمی

کۆمۆنیستی" دەربڕی (۱۱۸). و بەمە پشتگیریی لینینیان بۆ خۆیان مسۆگەر کرد، و بە "نوێنەری بۆرژوازیی نیشتمانی ترک" ناسران. لە ۱۹۲۱/۳/۱٦ دا "یەکێتیی سۆڤێت" لەگەڵ ئەتاترکدا "پەیمانێکی هاوڕێیەتی" بەست، و ئەمەش مانای دان نانی ڕەسمی بوو بە بزووتنەوەی مستەفا کەمالدا، کە هێشتا هیچ ڕەسمییەتێکی لە هیچ لایەکەوە وەرنەگرتبوو. ئەمجا مستەفا کەمال، پاش ئەوەی ئەم "باوەڕنامە"یەی لە سۆڤێت وەرگرت، بەرەبەرە و لەڕێی دامەزراندنی "پارتێکی کۆمۆنیست"ی دەستکردی خۆیەوە؛ کەوتە بوختان کردن و درۆ و دەلەسە هەڵبەستن بۆ هەموو ئەوانەی لەگەڵی نەبوون، بەتایبەتی بۆ نیشتمان پەروەرانی کورد، بە نیازی قەلاچۆکردنی کورد، و هەروەها بۆ بەربەرەکانێ و لەنێوبردنی کۆمۆنیستە ڕاستەقینەکانی ترک؛ وەک مستەفا سوبحی Mustafa Suphi و ئەدهەم نەژاد Edhem Nejat کە لە ۱۹۲۰/۹/۱۰ دا لە باکۆ "حیزبی کۆمۆنیستی ترکیا" یان دامەزراندبوو، و بە پێڕەوی کردن لە سیاسەتی "کۆمنتێرن" پشتگیریی بزووتنەوەی گوایە "دژ بە ئیمپریالیستی"ی مستەفا کەمالیان دەکرد.

کەمالیستەکان توانیان، پاش ئەوەی لە مەیدانی شەڕدا سەرکەوتن، بەتایبەتی بەسەر ئەرمەنییەکاندا لە نیسانی ۱۹۲۰ دا، و بەسەر یۆنانییەکاندا لە ۱۹۲۲/۱۰/۱۱؛ سوێندخۆران ناچار بکەن لە ۱۹۲۳/۷/۲٤ دا، "پەیمانی لۆزان" ببەستن لەگەڵیان، کە بەو پێیەش سەرووی کوردستان درا پێیان، و کە "ترکیای تازە"ش لە ۱۹۲۳/۱۰/۲۹ دا دروست کرا، ئەوجا کەمالیستەکان پیلانیان دانا بۆ "یەک ڕەنگ کردنی" ترکیا، بە لەنێوبردن و تواندنەوەی کورد و دامەزراندنی "دەوڵەتێکی ترکیی ناسیۆنال"، بەتایبەتی پاش هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی خەلافەتی ئیسلامی لە ۱۹۲٤/۳/۳ دا.

جارێ بەر لە هەموو شتێک، زمانی کوردی قەدەغە کرا. ئەمە لە کاتێکدا کە پەیمانی لۆزان (لە بەندی ۲۷ و ٤٤ - بەشی سێیەمدا) لەسەر "پاراستنی کەمایەتییەکان" دەڕوا، و ترکیا ناچار دەکات بەوەی لە دەستووری بنچینەییی ترکیادا ئەو ماددانە وەربگرێ. مادده (۳۹)ی پەیماننامەکە حکومەتی ترکیا ناچار دەکات بەوەی ڕێزی بەکارهێنانی "زمانی کەمایەتییەکان" بگرێ بۆ

"کاروباری بڵاوکردنەوە و بیروڕای گشتی و دادگە". لەگەڵ ئەوەشدا، ترکیا لەسەر بیری تورانیتیی خۆی چوو بەڕێوە؛ بێ ئەوەی هیچ بەرهەڵستیکی ئینتەرناسیونالی بێتە ڕێ. بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو سەرکەوتنانەشدا کە بیری تورانیزم و مستەفا کەمال دەستیان کەوت؛ "ترکیای تازە" نەیتوانی هەموو "نەتەوەی ترک" لە خۆیدا کۆبکاتەوە و ترکیا بکاتە "نیشتمانی هەموو ترک". بێجگە لەمەش بیری تورانیزم هێشتا بێ هێز بوو، بەتایبەتی لە وڵاتێکدا کە ٣٠٪ی کوردە و لە ساڵی ١٩٢٥ و لە ١٩٢٧-١٩٣٠ و لە ١٩٣٦-١٩٣٨ دا چەند شۆڕشێکی گەورەی تێدا هەڵگیرساوە، جا هەرچەندە ئەم شۆڕشانە زۆر دڕندانە و بە یارمەتیی هێزی دەرەوە (سۆڤێت و ئێران و فەرەنسا) و بەکارهێنانی گازی ژەهراوی؛ کوژێندرانەوە و کاربەدەستانی ترکیا بە ئاشکرا دەیانگوت "ئەوی لە ڕەگەزی ترک نییە دەبێ ببێتە نۆکەر و بەندە" (١١٩)؛ لەگەڵ ئەوشدا، بیری تورانیزم جارێ چاوەڕوانیی دەرفەتێکی باشتری دەکرد، تا هەلومەرجێکی لەبارتر دێتە پێشەوە، کە ئەمەش بە سەرکەوتن و هاتنەسەرکاری حیزبی نازی لە ئەڵمانیادا، لە ١٩٣٣ دا، هاتە کایەوە. ئەوجا بیری تورانیزم بە ئاشکرا هاتە ڕۆژنامە و کتێبی قوتابخانەوە و بزووتنەوەیەکی ڕەگەزپەرستانە دروست بوو بەناوی "بزووتنەوەی گورگە بۆر" (Bozkurt Hareketi)ەوە و بە پشتی ئەڵمانیای نازی دەستکرا بە باسی "ترکەکانی سۆڤێت" و لەمەوە "بیری تورانیزم" و "نازیتی" بوون بە دوو بیری دۆست بە یەک. لە ساڵی ١٩٣٦ دا ئینسیکلۆپیدیای ترک دەرچوو کە لەوێدا ڕەگەزی کورد برایەوە سەر ترک و زمانی کوردی بەزمانێکی بنەڕەت ترکی و تێکەڵ بە عەرەبی و فارسی درایە قەڵەم (١٢٠).

پاش مردنی ئەتاترک لە ١٩٣٨/١/١٠دا، عیسمەت ئینۆنۆ Ismet Inönü بوو بە سەرکۆماری ترکیا. عیسمەت هەرچەندە گوێی بۆ دەوڵەتێکی ترکی گەورە دەخورا، بەڵام زۆر لە سوێندخۆران دەترسا، لەبەر ئەوە هەلپەرستانە و هۆشیارانە کاری بردەسەر، و خۆی تێکەڵ بە جەنگ نەکرد. لەگەڵ ئەمەشدا کاربەدەستانی ئەڵمانیای نازی پێوەندییەکی باشیان هەبوو بە هێندێک لە تورانییەکانەوە. یەکێک لەوانە ئەلپ ئەرسەلان ترکەش Türkeş بوو کە لە

بنەڕەتدا ترکێکی قوبرسییە، و ئێستە سەرۆکی "حیزبی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستانە"؛ واتە (Milliyetçi Hareket Partisi) -MHP- یە، کە ئەو دەمە ئەفسەرێکی گچکە بووە لە سوپای ترکدا. سەرکردە نازییەکانی ئەڵمانیا و تورانییەکان لە سالآنی شەڕدا، لە کۆبوونەوەیەکدا کە هیتلەر و فۆن پاپن و نوێنەری ترکیا؛ نوری پاشا، تێیدا بەشداربوون؛ پێکەوە نەخشەی "ئیمپراتۆرییەتێکی تورانی"یان کێشابوو. ئەم پیلانە لە نامەیەکدا کە لەلایەن وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەڵمانیا، بارۆن ئێرنست ڤایتزێکەوە لە ١٩٤١/٨/٥ دا بۆ وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا ریبین ترۆپ نووسراوە، بە ئاشکرایی دەردەکەوێ، بەپێی ئەم پیلانە، دەبوو ئەو ناوچەیەی کە ترکەکان لەسەری دەژین، لە یەکێتیی سۆڤیێت دابڕێ و بنووسێنرێ بە ترکیاوە. بەمەدا دەردەکەوێ کە کاربەدەستە تورانییەکانی ترکیا، لەژێرەوە پێوەندییان بە سەرکردەیەتیی ئەڵمانیای هیتلەرییەوە بووە. هەر لە ماوەی سییەکان و سالآنی شەڕدا گەلێک وتاری نێو رۆژنامە لە دژی کورد بلاْوکرانەوە، کە کوردیان دەبردەوە سەر رەگەزی ترک (١٢١). لە سالْی ١٩٤٤ دا، یەکێک لە سەرکردە تورانییەکان کە نێوی نیهال ئاتسز Nihal Atsiz ە، لە بەردەم دادگەدا گوتی: "بۆ من شانازییە کە لەسەر رەگەزپەرستێتی و تورانیزم حوکم بدرێم... ئەوانەی لە ترکیادا دەژین و لە رەگەزی ترک نین، وەک چەرکەس و لاز و کورد و... هتد دەبێ بنێررێنەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتوون" (١٢٢)، لەگەلْ ئەوەشدا دادگەی ترک بەرەڵلای کرد. وا دیارە ترکەکان لە بیریان چووە کە پێش چەند سەت سالێک لە کوێوە هاتوون؟

پاش بڕانەوەی جەنگ و رووخانی رژێمی نازیتی، پان تورانیزم بۆی نەلوا هەروا بە ئاشکرا لەسەر رێ و شوێنی کۆن بڕوا بەڕێوە، و بلْێ هەرچی کوردە دەبێ کۆچ و بار بکەن، یان لە نێو ببرێن، بەڵکو کەوتە پروپاگەندەیەکی فراوان بۆ ئەوەی کە "کورد بە رەگەز ترکن". بۆ وێنە رۆژنامەی "Son Posta" لە ١٩٤٦/٤/١١ دا نووسیبووی: "لە ترکیادا کەمایەتییەکی کورد نییە. لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، و لەو شوێنانەدا کە بێگانەکان بە کوردستان یان ئەرمەنستان نێوی دەبەن، ترکی وا دەژیان کە خرابوونە پشت گوێ. ئەمانە

بەهۆی وەرگرتنی وشەی فارسی و عەرەبییەوە لە زمانە بنەڕەتییە ترکییەکەیان؛ زمانێکی تایبەتییان بۆ خۆیان دروست کردبوو. واتە ئەوەی پێی دەڵێن (زمانی کوردی)". بەڵام ئەم وتە بێ سەروپێیانە کە کاوێژکردنەوەی ئەو قسانەیە کە لە ئێنسیکلۆپیدیای ترکدا لە ۱۹۲٦ دا بڵاوکرانەوە، هیچ کوردێکی هەڵنەخەڵەتاند و نەیتوانی کورد بکات بە ترک.

بە نێزیک بوونەوەی ترکیا لە ئەورووپای رۆژاوا و ئەمریکا پاش جەنگ، "پان تورانیزم" شێوەی "دژ بە کۆمۆنیزم"ی گرتە خۆی. ئەمجا بە پێچەوانەی بیستەکانەوە، کە ئەوانەی ئەو دەمە کوردایەتییان دەکرد؛ بە "موسڵمانی کۆنەپەرست و دواکەوتوو" و "دژی مۆدێرنیزەکردن و خوێندەواری" دەدرانە قەڵەم (۱۲۳) بۆ راکێشانی دڵی ئەورووپای دیانی و گوایە "جیهانی شارستانێتی"، یان بە نۆکەر و دەستندەخۆری ئینگلیز گوناهبار دەکران (۱۲٤) بۆ راکێشانی دڵی سۆڤێت و گوایە "جیهانی پرۆلیتاریا"، ئەمجا پاش جەنگی جیهانیی دووەم، هەر کەسێک کوردایەتیی بکردایە، بە "کۆمۆنیست" و "نۆکەری سۆڤێت" دەدرایە قەڵەم، ئەمەش بۆ راکێشانی دڵی ئەمریکا و بەرەی رۆژاوا و گوایە "جیهانی ئازاد" بەلای تورانیزمدا، و کردنیان بە دوژمنی کورد و کوردایەتی، کە ئەم رێ و رەوشە تا ئێستەش هەروایە، و لەلایەن تورانییەکانەوە هێشتا پێڕەوی دەکرێ (۱۲٥).

شایانی باسە؛ کە جەنگی جیهانیی دووەم سیاسەتی تاکە حیزبی، کە ئەتاترک لەکاتی خۆیدا دای هێنابوو و لەڕێی "حیزبی گەلی کۆمارخواز" (CHP) (Cümhüriyet Halk Partisi)ەوە دەوڵەتی ترکیای بە شێوەیەکی دیکتاتۆرانە حوکم دەکرد، چی دی سەری نەگرت. لەبەر ئەوە تاقمێک لە "حیزبی گەلی کۆمارخواز" جیابوونەوە و "حیزبی دێمۆکرات (DP) (Demokrat Partisi)" یان دروست کرد. ترکیاش هەتا دەهات، پتر بەرەو هاوپەیمانێتیی ئەمەریکا و بەرەی رۆژاوا دەچوو. لەساڵی ۱۹٥۰ دا "حیزبی دێمۆکرات" لە هەڵبژاردندا سەرکەوت، و ئەوجا بۆ بەربەرەکانێی "حیزبی گەلی کۆمارخواز" و "کۆمۆنیزم" کەوتە رێ بەرەڵڵاکردن بۆ "چالاکیی

ئیسلامەتی" کە تا ئەو کاتە لەلایەن "حیزبی گەلی کۆمارخواز"ەوە ڕێ گیرا بوو لێی. بەڵام شان بەشانی ئەم بەربەرەکانێیەی "کۆمۆنیزم" و بوونە ئەندامی NATO و CENTO و بەهێزبوونی پێوەندیی بە ئەمریکاوە، ڕێ بۆ "بیری تۆرانیزم" کرابەوە؛ کە بە ناوی "دژایەتیی کۆمۆنیزم"ەوە کاری دەکرد، باشتر بێتە کایەوە و چالاکی زیتر بنوێنێ. جا لەبەر ئەوەی سەرکردەکانی "حیزبی دیمۆکرات" خەریکی خۆدەوڵەمەند کردن بوون، و تۆرانییەکانیش دژی دەوڵەمەند و سەرمایەدار نەبوون، ئەوا ڕێ چۆڵ بوو بۆ چالاکیی تۆرانیزم. لە ۲۷/٥/۱۹٦۰ دا؛ چەند ئەفسەرێکی ترک کە هێندێکیان لیبەراڵ، و هێندێکیشیان سەر بە بیری کەمالیزم، و هێندێکیشیان تۆرانی بوون و لەنێو ئەمانەشدا تۆرانی ناسراو - ئەلپ ئەرسەلان ترکەش Alparsalan Türkeş و سەعدی قۆجە Sadi Koca، ئەمانە لەڕێی کودەتایەکی سوپاییەوە بە سەرۆکایەتیی جەماڵ گورسێل Cemal Gürsel، حکوومەتی عەدنان مەندریس Adnan Menderis یان ڕووخاند، و مەندەریسیان لەسێدارەدا. گورسێل کابرایەکی تۆرانی بوو، و هەر پاش چەند ڕۆژێک دوای کودەتاکەی، لە وەرامی پەیامنێرێکی ڕۆژنامەی The Timesی لەندەنی دا؛ کە لێی پرسیبوو "ئایە حکوومەتی تازە دان بە مافی کوردەکاندا دەنێ یان نا؟" گوتبووی: "ئایا تۆ مێژووت نەخوێندووە؟ نازانیت شتی وا وەک کورد و کوردەواری لە ترکیادا نییە؟" (۱۲٦). هەر ماوەیەکی کورت دوای کودەتا، واتە لە شەشی نۆڤەمبەری ۱۹٦۰ دا، ڕۆژنامەی ترکی "Yeni Istanbul" نووسیبووی؛ کە "٥٠ کەس گیراون بە تۆمەتی کردنی کارێکی کۆنەپەرستانە". وەک ڕۆژنامەکە ئەم کارەی باسکردبوو؛ ئەوە بوو ئەمانە "ئەلفو بێیەکی کوردی"یان لەچاپ دابوو. لە ڕۆژی ۱۰/۱۱/۱۹٦۰ دا گورسێل هەڕەشەی لە کورد کرد، کە هەموویان بە خۆیان و وڵاتیانەوە لەنێو دەبات، ئەگەر بێتو "ڕەحەت دانەنیشن".

بەڵام زۆری پێ نەچوو، نێوانی کەمالیستەکان و تاقمی ترکەش تێکچوو، و بوو بەهۆی ئەوەی ترکەش و چەند تۆرانییەکی دی لە ۱۹٦۱/۱/٦ دا لە "کۆمیتەی بەڕێوەبەرێتیی شۆڕش" دەربکرێن. پاش ئەمە، واتە لە

۱۹٦۱/٥/۲۷ دا ڕەشنووسی "دەستوورێکی بنچینەیی" بۆ ترکیا تەواو کرا کە تا هەندازەیەک لیبەراڵ بوو. ئەم دەستوورە لە دەنگدانێکی گشتیدا کە لە ۱۹٦۱/۹/۹ دا کرا، بە ٥. ٦۱٪ی دەنگەکانی خەڵکی ترکیا پەسند کرا. ئەمجا هەڵبژاردنێکی تازە لە ۱٥/. ۱۹٦۱/۱ دا کرا بۆ پەرلەمانێکی تازە و لەو هەڵبژاردنەدا CHP بە ۱۷۳ نوێنەرەوە بەهێزترین فراکسیۆنی پەرلەمان دەرچوو. لەبەر ئەوە عیسمەت ئینۆنۆ لە ۱۹٦۱/۱۱/۲. دا بوو بە سەرۆک وەزیران و لە شوباتی ۱۹٦۲ دا حیزبێکی دی بەناوی "حیزبی دادپەروەرییەوە Adalet Partisi" (AP) دروست کرا کە جێی "حیزبی دێمۆکرات"ی ڕێبەند کراوی گرتەوە. بەڵام ئەم گۆڕانە لە سیاسەتی ڕژێمی ترکیادا، سیاسەتی تۆرانیتیی دەوڵەتی ترکیای بەرامبەر کورد نەگۆڕی. بۆ وێنە لە ۱۹٦۱/۱/٤ دا گەلێک کورد دران بە دادگە بە تۆمەتی "هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی" (۱۲۷). ئەمەش بوو بە هۆی خۆپێشاندان لە شارە کوردەکاندا، کە لە ئەنجامی ئەوەوە سەتان کورد بە دەستی پۆلیس و سەرباز کوژران و بریندار کران. لە ساڵی ۱۹٦۳ دا گەلێک کورد بە تۆمەتی "پڕوپاگەندە کردن بۆ کوردایەتی" گیران (۱۲۸). هەر لە ساڵی ۱۹٦۳ دا گورسێل کە لە ۲٦/. ۱۹٦۱/۱ ەوە پەرلەمانی ترک هەڵی بژاردبوو بە سەرکۆمار، لە دیاربەکر بە خەڵکەکەی گوت: "تف بکەرە ڕووی ئەوەی پێت دەبێژێ تۆ کوردیت" (۱۲۹). وەزیری نێوخۆی گورسێل... لە ۱۹٦۳/٦/۲۸ دا گوتبووی: "کورد هەر وەک ترکمان و ئۆزبەک بنەچەو ڕەچەڵەکیان ترکە" (۱۳.). سەبارەت بەم سیاسەتەی دەوڵەت، تۆرانییەکانی سەر بە ترکەش؛ هەرچەندە لە "کۆمیتەی بەڕێوەبەرێتیی شۆرش"دا نەمابوون، بەڵام لەبەر ئەوەی سیاسەتی دەوڵەت هەر وەک خۆی لەسەر ڕێ و شوێنی تۆرانیتی مابووەوە، زۆر سەربەستییان هەبوو، تەنانەت تاقمی ترکەش لە ساڵی ۱۹٦۲ و ۱۹٦۳ دا، دوو جار هەوڵی کودەتایان دابوو؛ بەڵام سەر نەکەوتبوون؛ لەگەڵ ئەوەشدا دادگە سزای ترکەشی نەدا و لە هەمان کاتدا ڕژێمی فەرمانڕەوایی ترکیا لەسەر سیاسەتی دژ بە کوردی خۆی چوو بەڕێوە، بۆ وێنە: لە ۱۹٦٥/۷/۱۳ دا "دەستووری ژمارە ٦٤۸ی دەرکرد بۆ "دامەزراندنی حیزب و کۆمەڵ"، و

ئەوەشی ڕێبەند کرد کە "حیزب" و "کۆمەڵە" لەسەر "بنچینەی ئێتنی یان زمانی" دابمەزرێ، هەروەها ئەوەشی ڕێبەند کرد کە "کەمایەتییەک لەڕێی پاراستنی زمانێک یان کولتوورێکەوە بپارێزرێ، بێجگە لە زمان و کولتووری ترکی". کە دیارە مەبەست لەمە ئەوەبوو، کە کورد نەتوانن "حیزب" و "کۆمەڵە" بۆ خۆیان دابمەزرێنن. بە پێچەوانەی ئەمەوە تۆرانییەکانی سەر بە ترکەش سەربەستییەکی فراوانیان هەبوو، و هەوڵیان دا لەڕێی "حیزبی کۆمارخوازی جوتکاران و نەتەوە"وە بێنە پێشەوە. بەڵام ئەو حیزبە لە هەڵبژاردنی ١٩٦٥/١٠/١٠ دا یەک دەنگی هێنا، و "حیزبی دادپەروەری" بە سەرۆکایەتیی سولەیمان دەمیرێل Süleyman Demirel هەڵبژاردنی بردەوە، و دەمیرێل بوو بە سەرۆک وەزیران. سیاسەتی دەمیرێل وای لە تۆرانییەکانی سەر بە ترکەش کرد، کە دەست بە کۆکردنەوەی گەنجی سەرچڵ و تفەنگ تیلکە بکەن، کە بەمانە دەگوترێ "گورگە بۆز". ئەم "گورگە بۆزانە" گەلێک بنکە و مەڵبەندیان دامەزراند بۆ مەشق پێکردنی هاوکارەکانیان لەسەر بەکارهێنانی چەک و پەلاماردان و بەرگری و پروپاگەندە دژ بە کورد. بۆ وێنە گۆڤاری Ötüken کە زمانی حاڵی تۆرانییەکانی سەر بە ترکەش بوو، لە ژمارە (٤٠)ی نیسانی ١٩٦٧ دا لە زمان جەودەت سوونای Cevdet Sunay سەرکۆماری ترکیاوە دەیگێڕایەوە کە "هەموو ئەوانەی لەسەر ئەرزی ترکیا دەژین ترکن... خۆ ئەگەر هی وا هەبێ کە ترک نەبن، ئەوا دەبێ بڕۆن و کۆچ بکەن". قسەکانی کاربەدەستانی ترکیا، وەک ئەمەی Sunay و ئەوەی Haldun Mentşeoglü کە لە ١٩٦٦ دا لە ئورفە بە کوردی ئەوێی گوتبوو: "ئەگەر ئەم دەوڵەتەتان بە دڵ نییە؛ دەوڵەتێکی دی بۆ خۆتان بدۆزنەوە"؛ تۆرانییەکانی زۆر لە خۆ بایی کردبوو. لەبەر ئەوە تۆرانییەکان بە ڕەزامەندیی دەوڵەت لە ١٩٦٩/٣/١ دا "حیزبی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستانە" (Milliyetçi Hareket Partisi) (MHP) یان بە سەرۆکایەتیی ترکەش دروست کرد، کە نیزیکەی ...٥ چەکداریان هەبوو، هەموو مەشق پێ کراو (١٣١)، بەڵام کۆمەڵێک تۆرانی دی بەم حیزبە ڕازی نەبوون و چوون حیزبی Nasyonal Aktivite ve Zinde Inkişaf واتە "چالاکی ناسیۆنال و

گۆڕانکاریی زیندوو" کە کورتەکەی NAZI یە دروستکرد. ئەمانە هەر لە سەرەتاوە دروشمی "بەربەرەکانێی زیۆنیزم"یان هەڵگرت و ئەندامەکانی بە سلاوی هیتلەرانە سلاویان لە یەک دەکرد، و لە هەمان کاتدا، هەروەک تاقمی ترکەش، کەوتنە ویزەی کورد و چەپییەکانی ترک؛ بەتایبەتی لایەنگیرانی "پارتی کارکەرانی ترک" (Tuükiye Işçi Partisi) (TIP) بە سەرۆکایەتیی مامۆستا بەهیجە بۆران، و هەموو ئەو کسانەی کە لەگەڵ ڕێبازی تۆرانیتیدا نەبوون. بەلام پۆلیسی ترک و حکوومەتی دەمیرێل دەستی نەدەبرد بۆیان، چونکە "ڕاوە چەپی" و "ڕاوە کورد" لە بەرژەوەندیی دەمیرێل بوو، کە دەمیرێل خۆی یەکێک بوو -وەک گومان- لەوانەی بەهۆی خراپ بەکارهێنانی دەسەلاتی حکوومەتییەوە، یەکجار دەوڵەمەند بوو بوو. لەبەر ئەوە ڕێ بۆ تۆرانییەکان و هەموو فاشستەکان بەرەڵلا بوو، بە ئارەزووی خۆیان کاریکەن. ئەمەش زیتر تامەتامەی تۆرانییەکانی دەدا، کە هەوڵ بدەن لەڕێی بەکارهێنانی زۆر شێوەی فاشیستانەوە بێنە سەرکار، و دەوڵەتی تۆرانی دروست بکەن، و ئەوسا هەر کەسێک کە لە ڕەگەزی تۆرانی نەبێ؛ لەنێوی ببەن، وەک ڕۆژنامەی Milliyetی ترک لە ١٩٧٨/١١/٨ دا ئەم ئامانجەی تۆرانییەکانی بێ پێچوپەنا بەکالاکردبووەوە و خستبوویە ڕوو. ڕاستییەکەی تۆرانییەکانی سەر بە ترکەش ئامانجەکانی خۆیان نەدەشاردەوە. بۆ وێنە یەکێک لە هاوکارەکانی ترکەش، ئاتسزی نیوبراو، کە هەمیشە کوردی بە "کۆمۆنیست" داوەتە قەڵەم، لە ژمارە (٤٢)ی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ی گۆڤاری Ötüken دا نووسیبووی: "ئەگەر ئێوەی کورد هەروا بەم زمانە ڕەمەکییەی خۆتان قسەبکەن... ئەوا لەلایەن ترکەوە بە جۆرێک لەنێو دەبرێن؛ وەک گورجییەکان و ئەرمەنییەکان و یۆنانییەکان کە لە بنجوبنەڕەتەوە لەنێوبران". ئاتسز دان بەوەدا دەنێ کە کورد لە "ڕۆژهەلاتی ترکیا"دا زۆربەی زۆری دانیشتووانی ئەوێ پێک دێنن، بەلام دەبێژێ: "تەنانەت ئەگەر بێتو ئێوە ١٠٠٪ی دانیشتووانی ئەوێش بن، هەر دەبێ بڕۆن و کۆچ بکەن؛ ئەگەر دەتانەوێ قەلاچۆ نەکرێن... ئەوجا دەتوانن تکا لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن؛ نیشتمانێک بدۆزنەوە بۆتان لە ئەفریکا... ئەگینا ڕەگەزی دان بەخۆداگرتووی

ترک، دەبێتە شێرێکی تووڕەی وا کە کەس نەتوانێ بیگرێتەوە". هەروەها ترکەش لە رۆژنامەی Devlet دا کە زمانی حاڵی حیزبەکەی بوو، دەینووسی: "دەبێ شەقامەکان داگیر بکرێن، دەبێ دەزگەی دەوڵەتی داگیر بکرێ، دەبێ پەرلەمان بگیرێتە دەست". تورانییەکی دی م. رەشەد M. Resed دەینووسی: "بە پێی بیری تورانیزمی نوێ (پان ترکیزم) دەبێ ٧٠ ملوێن ترکی سۆڤێت و چین و ئێران و ئەفغانستان لەم دەوڵەتانە بکرێنەوە و بدرێن بە ترکیا". بۆ وێنە دەیگوت: "کەرکووک دەبێ وەک قوبرسی لێ بکرێ" (١٣٢) و دەیگوت: "دەبێ ترکیا بە لەشکرەوە پەلاماری عێراق بدات؛ بۆ پاراستنی "ترکەکانی کەرکووک". لە ١٩٦٨/٩/١٦ دا رۆژنامەی Yeni Gazetی سەر بە تورانییەکان، عێراق و ئێرانی تاوانبار کرد بەوەی کە گوایە "کەمایەتیی ترک" لە نێو دەبەن. هەر ئەم رۆژنامەیە نووسی بووی کە لە ئێران "١١ ملوێن ترک هەیە".

بیروباوەڕی تورانیزم پێی وایە کە ئەم رێیەی گرتوویەتی بریتییە لە "ناسیۆناڵ سۆسیالیزم". لە کتێبێکدا کە بە ناوی Mürşit Altayli یەوە بڵاوکراوەتەوە، نووسەرەکەی دەبێژێ: "ناسیۆناڵ سۆسیالیزم بریتییە لە ناسیۆنالیزم و دەسەڵاتێکی زۆری دەوڵەت". جا لەبەر ئەوەی تورانییەکان دەیانەوێ هەموو دەسەڵاتێک بکەوێتە ژێر دەستی دەوڵەتەوە، و رژێمێکی تۆتالیتێرانە دابمەزرێنن؛ لەبەر ئەوە زۆر دژی دیمۆکراسی دەوەستن، و تەنانەت دەبێژن "بیری دیمۆکراسی جوولەکە دایان هێناوە، بۆ ئەوەی خەڵکی زیتر بڕووتێننەوە". هەر لەمەشەوەیە کە دەبینین تورانییەکان دوژمنایەتیی خۆیان بەرامبەر رەگەزی جوولەکە ناشارنەوە. گۆڤاری Ötüken لە ژمارە (٤٢) ساڵی ١٩٦٧ دا نووسیبووی: "ئەگەر عەرەبەکان پاش جەنگی جیهانیی یەکەم خۆیان لە ئیمپراتۆریتیی ترک جیا نەکردایەوە، ئەمڕۆ ئەو جوولەکە ترسنۆکانە لە شەڕی فەلەستیندا زاڵ نەدەبوون بە سەریاندا".

شان بەشانی ئەم چالاکییەی تورانییەکان لەژێر سایەی حکوومەتی دەمیرێلدا دەیاننواند، هەتا دەهات زوڵمو زۆری دەوڵەتیش لەسەر کورد زیتر دەبوو. لە ١٩٧٠/٣/١١ دا "کۆماندۆی ترک" کەوتنە چالاکی لە کوردستاندا. لە ٧ و

٨ی نیسانی ١٩٧٠ دا ئەم کۆماندۆیانە پەلاماری باژێڕی Silvan (لە دیاربەکر)یان دا و زۆریان لە خەڵکەکەی ئەوێ کرد کە بەسەر ئەرزدا ڕا بکەون وەک بەڕە، و ئەوجا سەربازی ترک بە سەریاندا هەڵپەڕکێیان دەکرد (١٣٣). لە شارەکانیشدا تورانییەکان دەستیان کرد بە کوشتنی کورد. بۆ نموونە: لە ١٩٧٠/٢/١ دا Hüseyin Arsantaş کە خوێندکارێکی کورد بوو لەسەر جادە بە ئاشکرا کوژرا.

پاش کودەتای سوپایی دووەم، لە ١٩٧١/٣/١٢ دا، کە بوو بە هۆی ڕووخاندنی حکوومەتی دەمیرێل، و گۆڕینی دەستووری بنچینەیی ترکیا لە ٢ی ئەیلوولی ١٩٧١ دا؛ کە ماددەی "تەواوێتیی دەوڵەت و وڵات و خەڵک"ی خرایە سەر کە ئەمەش هەمووی بۆ ئەوە بوو کە بۆ بەربەرەکانیی کوردایەتی بەکار بهێنرێ، "دادگەی دەستووری ترکیا" دوو مانگ لەوەبەر، واتە لە ١٩٧١/٧/٢٠ دا "حیزبی کارکەرانی ترک" (TIP)ی ڕێبەند کرد. چونکە ئەم حیزبە لە پرۆگرامی ساڵی ١٩٦٨ی دا و بەپێی بڕیارەکانی کۆنگرەی چارەمی حیزب "مافی خوێندەواری بە زمانی کوردی" بە "گەلی کورد" ڕەوا دیبوو، و دانی بەوەدا نابوو کە "گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ترکیادا دووچاری چەوسانەوەی سیاسی و تۆقاندن و تووانەوە" بووە.

لە ١٩٧٣/١٠/١٤ دا لە ترکیا هەڵبژاردنێک سازکرا کە ئەمجارە "حیزبی گەلی کۆمارخواز" (CHP) بردیەوە و هاتە سەر کار، و هەر لە ساڵی ١٩٧٣ دا سەرکردایەتیی ئەم حیزبە لە دەست عیسمەت ئینۆنۆ دەرچوو، و کەوتە دەست بولەند ئێجەڤیت Bülent Ecevit کە خەڵکی لازستانی دەوری زەریای ڕەشە، و بە ڕەگەز ترک نییە. ئێجەڤیت بەر لەوەی ببێتە سەرۆک وەزیران لە ١٩٧٣ دا وەزیری کار بوو، بەڵام کە بوو بە سەرکردەی حیزب و حکوومەت، ویستی حیزبەکەی لە حیزبێکی ئێتاتیستییەوە بکاتە حیزبێکی پۆپولیستیی سۆسیال دیمۆکراتانە، لەبەر ئەوە ڕێی بۆ جۆرە سەربەستییەکی ڕۆژنامەگەری و ڕێکخراوانە بەرەڵلا کرد؛ کە لەوەبەر ترکیا ئەوەی بە خۆیەوە نەدیبوو. ئەمجا ترکەش و تورانییەکانی دەوروبەری، سووتیان لە هەلومەرجی

دیموکراتیانە وەرگرت و دەسەڵاتێکی زۆریان پەیدا کرد. هەرچەندە ئێجەڤیت لەنێو جەماوەری ترکدا؛ بەتایبەتی لەنێو لیبەراڵ و هێندێک لە چەپییەکان و تەنانەت لەنێو ناسیۆنالیستە لەسەرخۆکانیشدا، ناوبانگێکی بۆ خۆی پەیدا کردبوو؛ بەتایبەتی پاش ئەوەی لە ١٩٧٤/٧/٢٢ دا لەشکری ترکی ناردە قوبرس؛ بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، نەیدەتوانی بەتەنێ حکوومەت دابمەزرێنێ، و پێویستی بە هاوکاریی حیزبێکی دی هەبوو، کە ئەویش "حیزبی سەلامەتیی ناسیۆناڵ" واتە (Milli Selamet Partisi) (MSP) بوو. ئەم حیزبە کە سەرکردەکەی مامۆستایەکی زانستگە بوو بەنێوی نەجمەدین ئەربەکان Necmettin Erbekan ەوە؛ لە بنەڕەتدا نێوی "حیزبی نەریتی ناسیۆنال" واتە (Milli Nizam Partisi) (MNP) بوو. بەڵام MNP دوای کودەتاکەی ١٩٧١ داخرا، و لە پاییزی ١٩٧٢ دا بەنێوی MSP وە کەوتە کار. ئەم حیزبە دەیویست ئیسلامەتی بە ناسیۆنالیزمی ترکەوە گرێ بدات و دروشمی "ترک پێشڕەوی ئیسلامەتین"ی هەڵگرتبوو. جا هەرچەندە ئێجەڤیت توانی لە ساڵی ١٩٧٣ دا؛ وا لە ئەربەکان بکات کە ببێتە هاوکاری، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێجەڤیت لایستی (علمانی) و ئەربەکان موسڵمان بوو، دانوویان بەیەکەوە نەکولا، و لە ئەنجامدا ئەربەکان لە ساڵی ١٩٧٥ دا خۆی لە ئێجەڤیت جیاکردەوە و ئێجەڤیت لە ئەنجامی ئەوەدا کەوت. بە کەوتنی ئێجەڤیت لە ١٩٧٥/٣/٢١ دا، تۆرانییەکانی سەر بە ترکەش توانیان لە حکوومەتی دەمیرێلدا، کە بە حکوومەتی بەرەی ناسیۆنالیستەکان ناسرابوو، بەشداربن، و ترکەش بوو بە جێگری سەرۆک وەزیران. و ئەوجا تۆرانییەکان تا پێیان کرا حیزبەکەی خۆیان لەنێو قوتابییان و خوێندکاران و مامۆستایان و کاربەدەستانی دەوڵەتدا بەهێزکرد، ئەوەش لەرێی بەکارهێنانی زۆر و زەنگەوە، بەتایبەتی لە خوێندنگەکاندا. بەڵام لەپاش ئەوەی لە حوزەیرانی ١٩٧٧ دا نوێنەرانی پەرلەمان هەڵبژێران، ژمارەی نوێنەرانی CHP لە پەرلەماندا لە ١٨٥ ەوە بوو بە ٢١٣، واتە لە ٣٣.٣٪ ەوە بوو بە ٤١.٤٪ و حیزبی ترکەشیش MHP ژمارەی لە (٣)ەوە کرد بە (١٦) و حیزبی دەمیرێل AP لە ١٤٨ نوێنەرەوە بوو بە ١٨٩، واتە لە ٢٩٪ وە بوو بە ٣٧.٢٪. ئێجەڤیت

چۆنکە بەتەنێ کەمتر لە نیوەی کورسییەکانی پەرلەمانی هەبوو، "حکوومەتێکی کەمایەتی" دامەزراند کە هەر مانگێک دەوامی کرد و ئەوجا دەمیرێل توانی بە یارمەتیی ترکەش و ئەربەکان لە تەمووزی ۱۹۷۷ دا دووەمین "حکوومەتی بەرەی ناسیۆنالیستەکان" دابمەزرێنێ. بەلاْم لەبەر ئەوەی ناکۆکی کەوتە نێوان ترکەش و هێندێک لایەنگیرانی دەمیرێلەوە، ۱۱ نوێنەری سەر بە حیزبی APی دەمیرێل، خۆیان لە دەمیرێل جیاکردەوە، چۆنکە رازی نەبوون بە هاوکاری لەگەڵ ترکەشدا. ئەم هەلە لەلایەن ئێجەڤیتەوە قۆزرایەوە و حکوومەتی دەمیرێل لە ۱۹۷۷/۱۲/۳۱ دا بە دەنگەکانی ئەو ۱۱ نوێنەرە و دەنگەکانی حیزبی CHP رووخێنرا و ئێجەڤیت لە شوباتی ۱۹۷۸ دا هاتەوە سەرکار، و ئەمجارە دەستی کرد بە راوەدوونانی تۆرانییەکان؛ بەلاْم ئەمە هیچ سووتێکی نەبوو؛ چۆنکە تۆرانییەکان دەمێک بوو جێ پێی خۆیان قایم کردبوو و کەوتنە دەست وەشاندن و بەربەرەکانێ و هەر لەو ماوە کورتەدا کە ئێجەڤیت لەسەر کاربوو، هەزاران کەس، بەزۆری لە لایەنگیرانی کۆمەڵە و رێکخراوە چەپییەکان و کوردی بێ گوناە، بە کاری تێرۆر کوژران. هەر بۆ نموونە: تۆرانییەکان لە کانوونی یەکەمی ۱۹۷۸ دا لە بازێری مەرەش کوشتارێکی زۆر گەورەیان لە کوردە عەلەوییەکان کرد. حکوومەتی ئێجەڤیت بەهۆی شەڕ و هەللاْ و بەیەکدادانی چەپ و راستی پەرگیرەوە؛ کەوتە حالێکی زۆر خراپەوە، و نەیدەتوانی چارێک بۆ ئەوە بدۆزێتەوە بێجگە لەوەش دەمیرێل توانی چەند نوێنەرێکی پەرلەمانی سەر بە ئێجەڤیت وا لێ بکا کە لە ئێجەڤیت جیا ببنەوە. بەکورتی ئێجەڤیت و هاوکارەکانی نەیانتوانی ئەو ئەرکە قورسەی لەسەر شانیان بوو جێ بەجێی بکەن. نەشیان دەوێرا، یان نەیان دەویست بە هیچ جۆرێک باسی کورد بکەن و لەرێی دانی هێندێ مافی سەرەتاییەوە، جەماوەری کورد بکەنە دۆستی خۆیان. ئەمە و گەلێک هۆکاری ئابووری و کۆمەلاْیەتی، بوو بەهۆی ئەوەی دەمیرێل لە ئۆکتۆبەری ۱۹۷۹ دا جارێکی دی بێتەوە سەرکار. حکوومەتی دەمیرێل و تۆرانییەکانی هاوکاری توانیان لە ۱۹۸۰/۵/۸ دا لەرێی "دادگەی دەستووریی ترکیا" وە "حیزبی گەلی زەحمەتکێشانی ترک" (TEP) بە سەرۆکایەتی میهری بللی Mehri Belli

ڕێبەند بکەن. چونکە پرۆگرامی ئەو حیزبە مافی دەدا بەو قوتابییانەی زمانی زگماکیان ترکی نییە، بە زمانی خۆیان بخوێنن. بە هاتنەوە سەرکاری دەمیرێل؛ تورانییەکان توانیان دیسانەوە بکەونەوە چالاکییەکی یەکجار زۆر، و کارو کرداری تیرۆریستانە لە نێوان بەرەی چەپ و راستی ترکیادا بوو بە پرۆگرامی رۆژانەی ژیان. کاربەدەستانی سوپا هەلیان بۆ هەڵکەوت کە لە ١٢/٩/١٩٨٠ دا، لە ڕێی کودەتایەکی سوپاییەوە دوایی بە دوانیشانەی دیمۆکراتیتی، کە هەر لەسەر کاغەز مابوو، بهێنن و بیری تورانیزم لە ژێر پەردەی زیندووکردنەوەی "بیری کەمالیزم"دا بە شەقی سەرباز بە سەر خەڵکدا بسەپێنن.

شایانی باسە، کە تورانییەکانی ئەمڕۆ هەوڵ دەدەن -بە پێچەوانەی ئەتاترکەوە کە دژی ئاینی ئیسلام بوو- سووت لە ئاینی ئیسلام وەربگرن بۆ بەهێزکردنی ناسیۆنالیزمی ترک. تورانییەکانی سەر بە ترکەش، چونکە لەلایەکەوە، دژ بە "حیزبی گەلی کۆمارخواز" CHP و لەلایەکی دیبەوە دژ بە کۆمۆنیستەکان و هەموو چەپییەکن، و بۆ ئەوەی بتوانن بەرەیەک لە خۆیان و لە موسڵمانە بنچینە گرەکانی ترکدا ببەستن، بەتایبەتی لەگەڵ دار و دەستەی ئەربەکان، کە ئەوانیش هەر دوژمنی کۆمۆنیزم و چەپێتین، هاتن "بیری تورانیزم"یان بە "ئیسلامەتی" یەوە بەست و رابوردووی دەوڵەتی عوسمانییان هێنایەوە یاد، کە باپیرە ترکەکانیان دایان مەزراندووە، دیارە ئەوەی کە تورانییەکان لەبارەی ئیسلامەوە دەبێژن و دەیکەن، لەبەر ئەوە نییە کە بەراستی دەیانەوێ ئیسلامەتی بژێننەوە. نەخێر ؛ بەڵکو لەبەر ئەو سیاسەتەیە کە لە سەرەوە باسمان کرد. جا وەک لەمەوبەر لێی دواوین، دەمیرێلیش ئەم سیاسەتەی ترکەشی زۆر پێ خۆش بوو، چونکە دەمیرێل نوێنەری دەوڵەمەند و ملوێنێرەکان بوو دژی هەموو ریفۆرمێکی کۆمەڵایەتی بوو، و هەمیشە لە خزمەتی سەرمایەدارە گەورەکاندا بوو. ئەمجا بۆ ئەوەی دەمیرێل، واتە "حیزبی دادپەروەری". خۆی لە MSPی ئەربەکان و MHPی ترکەش نێزیکتر بکاتەوە، و بەربەرەکانێی CHPی نیجەڤیت بکات، هات پشتی ئەوەی گرت کە قانوونێک دەربکرێ بۆ "سزادانی کافر"، کە ئەمە بە دڵی تورانییەکانیش و

موسڵمانەکانیش بوو، چونکە ئەو قانوونە ڕێی دەدا بەوەی، هەر کەسێک باسی "کۆمۆنیزم" یان "چەپێتی" یان "دیمۆکراتی" بکردایە، بە تۆمەتی "کافرێتی" سزا بدرێ. جا لەبەر ئەوە، شتێکی ڕێکەوت نەبوو کە سەناتۆر Hamdi Özer، نوێنەری "حیزبی دادپەروەری"، لە پەرلەماندا هێرشی بردە سەر "کۆمۆنیزم" و "ئیمپریالیزمی دیانی" و "زیۆنیزم"؛ کە گوایە ئەمانە "دژی ئیسلام و زمانی ترکین" بە کورتی "حیزبی دادپەروەری" و تورانییەکانی سەر بە MHP، یارمەتی زیندووکردنەوەی ئیسلامەتییان دا؛ بەڵام نەک لەبەر خاتری ئیسلامەتی خۆی؛ بەڵکو بۆ بەکارهێنانی لە دژی ڕەشوڕووت و برسیی ترک و بزووتنەوەی کوردایەتی. جا هەر ئەم سیاسەتەش بوو کە وای لە عەرەبەکان کرد، زێتر خۆی لە ئینجەڤیت دووربخاتەوە، و ببێتە یارمەتی دەر و هاوکاری ترکەش و دەمیرێل.

لەپاش کودەتای سوپایی ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ و هاتنە سەرکاری کەنعان ئیڤرەن Kenan Evren، بیری تورانێتی وێنەیەکی دی گرتە خۆی. جاران کە کورد بە "کۆمۆنیست"، و لەوەبەر بە "نۆکەری ئینگلیز"، و لەوەپێشیش بە "موسڵمانی تەنگەتیلکە" دەدرانە قەڵەم، ئێستە دەیانەوێ کورد بە "دەست وەشێن" و "تۆقێنەر" و "جیابوونەوە خواز" بدەنە قەڵەم، و بەو بڕوبیانووانە لەنێوی ببەن. چارەی ئەمەش لە "بیری کەمالیزم"دا دەدۆزنەوە، کە ڕێبازێکی تۆتالیتێرانەیە. کاربەدەستە شۆڤێنییەکانی ئەمڕۆی ترکیا، بە ئاشکرا پێڕەویی بیری کەمالیزم دەکەن، دەیانەوێ هەموو دیاردەیەکی زمان و ئەدەبیات و مۆسیقا و گۆرانی و کولتووری کورد پێشێل بکەن و ئەوەشیان لە دەستوورەکەیاندا نووسیووە کە "بیری ئازاد" هەر دەبێ بە زمانی ترکی کە زمانێکی ڕەسمییە، بڵاوبکرێتەوە، واتە هیچ بیروڕایەک نابێ بە کوردی بنووسرێ. دەوڵەتی ئیڤرەن بیری پان تورانیزمی کەمالی بە ڕەسمی کردووە بە ئیدیۆلۆژیی خۆی، و ئەوەتە هەزارانی لە ترکە هەڵاتووەکانی ئەفغانستانی لە ترکیادا نیشتەجێ کردووە و جنسیەی ترکی داونەتێ (١٣٤) بۆ هێنانەدی ئەو بیرەی کە "دەوڵەتی ناسیۆنالی ترکیا، نیشتمانی هەموو ترکێکی جیهانە"، هەروەها وەک تاقە دەوڵەتێکی ئەم جیهانە هەر لە یەکەمین ڕۆژەوە پشتگیریی

جیاکردنەوەی پارچەیەکی لە خاکی قوبرس کرد بۆ دامەزراندنی بەنێو "کۆمارێکی ترکی" لەسەر زەوی قوبروس (١٣٥). کەچی بەرامبەر بەمە تەنانەت لە ترکیا نێوی کوردی وەک رەشۆ و مستۆ و حەمز و مەمۆش رێبەند دەکات (١٣٦).

بەکورتی "دەوڵەتی ناسیۆنالی ترک" لەم شێوە و نێوناخنەی ئەمرۆی دا کە هەیە، لە هەلومەرجێکی یەکجار سەخت و نازکدایە و تەنێ زۆروزەنگی دەزگەی سوپایی دەوڵەتییە کە توانیویتی باری وێستا و رابگرێ. جا دێمۆکراتیزەکردنی دەزگەی دەوڵەتی (ئەگەر بکرێ) دەبێتە هۆی ئەوەی ناکۆکییە بنەڕەتییەکانی دەوڵەتی ترکیا بە جۆرێک بخاتە روو کە رەوایەتی Legitimacyی بوونی ئەم دەوڵەتە و بەم جۆرەی ئێستای بخاتە بەر پرسیار. هەر لەبەر ئەوەشە کە هێزە تۆرانییەکانی ترکیا بە هەموو جۆرێک رێ لە ژیانی دێمۆکراتی دەگرن و رێ بە نەریتی دێمۆکراتی نادەن. جا هەرچەندە ئەو ترکانەی خۆیان بە "سۆسیال دێمۆکرات" دەدەنە قەڵەم بە سەرۆکایەتیی ئێجەڤیت، ناتوانن و لە باریاندا نییە مەسەلەی کورد چارەسەر بکەن؛ بەڵام بەهێزبوونی رێبازی سۆسیال دێمۆکراسی لەنێو جەماوەری ترکدا -لەکاتێکدا کە کوردەکان بتوانن سەربەخۆیی بیر و رێکخراوانەی خۆیان بپارێزن، خزمەتێکی ناڕاستەوخۆ بە مەسەلەی کورد دەکات.

ج- ناسیۆنالیزمی فارس و دەوڵەتی ناسیۆنال

فارسەکان نەتەوەیەکی زۆر کۆنن لە مێژوودا. پاش ئەوەی لە دەوروبەری ساڵی ٥٥٠ پ.ز.دا، بەسەرکردەیەتیی کورش، خۆیان لە ژێر دەستەیەتیی دەوڵەتی میدیا رزگار کرد، و میدیایان رووخاند، کە ئەو دەوڵەتە بەشێکی گەورەی لە کوردستانی ئەمڕۆدا بوو، و پێتەختەکەشی هەکمەتانا (هەمەدان) بوو، ئەوجا توانیان دەوڵەتی هەخامەنشی دروست بکەن وپاش رووخانی دەوڵەتی هەخامەنشی؛ فارسەکان توانیان چەند دەوڵەتێکی بنەماڵەیی دابمەزرێنن؛ بەڵام ئەو دەوڵەتانە هەر دەوڵەتی فارسی نەبوون، هەرچەندە فارسەکان بەزۆری فەرمانڕەوا بوون. لەگەڵ ئەوەشدا -وەک لەمەوبەر گوتمان- ئێران هەر لە کۆنەوە گەلێک

نەتەوەی جیاوازی دەگرتەوە. دوا دەوڵەتی نیوە فارسی دەوڵەتی ساسانی (٢١١-٦٥١) بوو؛ کە لەلایەن ئەردەشێری پاپەکانەوە دامەزرێنرا. کە عەرەبە موسڵمانەکان پەلاماری ئێرانیان دا و شەڕی (بویب) و (قادسیە)یان لە ٦٣٥ و ٦٣٧ دا بردەوە؛ توانیان لە ٦٥٢ دا بە یەکجاری دەوڵەتی ساسانی بڕووخێنن. هەڵوێستی داگیرکەرانەی عەرەبەکان بیری ناسیۆنالیزمی فارسیی ئێرانی بزرواند، و ئەم بیرە بە ئاشکرا لە شاهنامەی فیردەوسی (٩٤١/٩٤٠ - ١٠٢٠) دا دەبینرێ، کە یەک پارچە شانازی کردنە بە ئێرانەوە لە دژی توران. بۆ وێنە فیردەوسی دەبێژێ:

چو ایران نباشد، تن من مباد بدین بوم و بر زنده یک تن مباد

هنر نزد ایرانیان است و بس نگیرند شیر ژیان را بەکس

همه یک دلانند و یزدان شناس بگیتی ندارند از کس هراس

مرا ارج ایران بباید شناخت بزرگ انکه با نامداران بساخت

در این دشت کینه ار از ما یکی است همه خیلی توران بجنگ اندکی است

چ اندیشی از ان سپاه بزرگ که توران چو میش است و ایران چو گرگ

همه سربسر تن به کشتن دهیم به از انکه کشور به دشمن دهیم

مانای هۆنراوەکە بە کوردی:

"کە ئێران نەبێ؛ با لەشی منیش نەبێ، با لەسەر ئەم زەوییە یەک کەس نەمێنێ، هونەر هەر لەلای ئێرانییەکانە و بەس، شێری بەڕەڵڵا بە کەس ناگیرێن، ئێرانییەکان هەموو یەک دڵ و خودێ ناسن، لە جیهاندا ترسیان لە کەس نییە، ئەز دەبێ نرخی ئێران بناسم، گەورە ئەو کەسەیە کە خۆی لەگەڵ نێوداراندا راست بکاتەوە، ئەگەر لەم دەشتە پڕلەکینەیەدا ئێمە یەک کەسیش بین، ئەوا هەموو هۆزی توران لە جەنگدا کەمەکێکە، ترسی پێ ناوێ لەو سوپا گەورەیە، کە توران وەک مەڕ وابێ و ئێران وەک گورگ،...

هەموو یەک لە دوای یەک خۆمان بە کوشتن بدەین؛ چێترە لەوەی وڵاتمان بە

دوژمن بدەین."

مرۆڤ کە گوێی لەم هۆنراوانەی فیردەوسی دەبێت؛ کە پتر لە هەزار ساڵ لەمەوبەر گوتراون، دڵنیا دەبێ لەوەی کە بیری ناسیۆنالیزمی رۆژهەڵاتی؛ لە ئەورووپاوە وەرنەگیراوە، بەڵکو لە رۆژهەڵات خۆی دا دروست بووە. بێجگە لەوەش ئاشکرا دەبێ کە بیری ناسیۆنالیزم، بە شێوەیەکی گشتی، پێوەندی بە پلەی سەرمایەدارییەوە نییە، بە پێچەوانەی ئەوەوە کە مارکسیستەکان دەبێژن، چونکە کۆمەڵگەی ئێرانی هەزار ساڵ لەمەوبەر، کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری نەبووە. شایانی باسە؛ کە هەستی ناسیۆنالیزمی فارس لە ئەدەبیاتی ئەو فارسە شعووبییانەدا بە جوانی دەبینرێ کە بە زمانی فارسی و عەرەبی هۆنراوەیان هۆنیوەتەوە. بۆ وێنە ئیسماعیلی کوڕی یەسار (اسماعیل بن یسار) کە بە "النسائي" بەنێوبانگە و لە ۱۱۰ی کۆچی (=۷۲۸/۷۲۹ ف)دا مردووە و لەسەر شانازی کردن بە فارسایەتی زۆر زەحمەت و کوێرەوەریی دیوە، رووداکاتە خەلیفەی ئیسلام هیشام کوڕی عەبدولمەلیک (هشام بن عبدالملک) و بە هۆنراوەیەکی عەرەبی کە گوایە بۆ کچێکی هاوڕێی کە نێوی (ئەمام – أمام) بووە گوتوویەتی؛ بە ئیمامی موسڵمانان دەڵێ:

إنما سميّ الفوارس بالفر　　س مضاهاة رفعة الانساب

فاتركي الفخر يان أمام علينا　　واتركي الجور وانطقي بالصواب

واسألي إن جهلت عنّا و عنكم　　كيف كنا في سالف الاحقاب

اذ نربّي بناتنا و تدسّو　　ن سفاها بناتكم في التراب (۱۳۷)

ماناکەی بە کوردی:

"(دەزانیت بۆچی) نێوی فوارس (واتە: سوارچاکەکان) لە وشەی (فرس) – فارسەکان وەرگیراوە؟ ئەمە بۆ ئەوەیە کە بە پاڵدان بە بنەچە و رەچەڵەکی بەرزی (ئێمەوە) بنازن. لەبەر ئەوە تۆ، ئەمام ("ئەمام" یان "ئەمامە" نێوی کچەکەی هاوڕێیەتی) فشە مەکە بە سەرماندا و نارەوایی مەکە لەگەڵمان و راست برۆ. ئەگەر رابوردووی خۆتان (عەرەب) و رابوردووی ئێمەش (فارس) نازانیت،

ئەوا بپرسە، تا بزانیت کە ئێمە (فارس) لە دەورانی رابوردوودا چۆن بووین؟ ئێمە دەچووین کچەکانمان پەروەردە دەکرد، کەچی ئێوەش دەچوون کچەکانتان بە زیندوویەتی دەنایە چاڵ".

هەروەها هۆنەرێکی فارسی دی، بەنێوی ابراهیم بن ممشاد اصفهانی (متوکلی)یەوە، بە فارسایەتیی خۆیەوە شانازی دەکات و دەبێژێ:

| | |
|---|---|
| انا ابن الاكارم من نسل جم | وحائز ارث ملوك العجم |
| ومحي الذي باد من عزهم | وعفى عليه طوال القدم |
| معي علم الكابيان الذي | به ارتجى ان اسود الامم |
| فقل لبني هاشم اجمعين | هلموا الى الخلع قبل الندم |
| ملكناكم عنوة بالرماح | طعنا وضربا بسيف حزم |
| والاكم الملك اباؤنا | فما أن وفيتم بشكر النعم |
| فعودوا الى ارضكم بالحجاز | لاكل الضباب ورعي الغنم |
| فاني ساعلو سرير الملوك | بحد الحسام وحرف القلم (١٣٨) |

ماناکەی بە کوردی:

"ئەز رۆڵەی گەورە پیاوانم لە وەچەی "جەم" و میراتگری پاشاکانی عەجەمم. ئەز ژێنەرەوەی ئەو شانازییانەیانم کە لە دەست چووە و رۆژگار لەنێوی بردوون. ئەز بە ئاشکرا داوای تۆڵە دەکەم بۆیان، خۆ ئەگەر هی وا هەبێ چاو لە مافیان بپۆشێ، ئەوا ئەز چاو ناپۆشم لێی. ئاڵای کاوە وا لای من ؛ کە بەوە هیوای سەرکردەیەتیی هەموو نەتەوەکانی جیهان دەکەم. بە بەنی هاشم بێژە، بە هەموویان بێژە، دەست لە کار بکێشنەوە بەر لەوەی پەشیمان ببنەوە. بە زۆری رم و شیر ئێوەمان گەیاندە فەرمانڕەوایی (مەبەستی لەوەیە کە ئێرانییەکان عەبباسییەکانیان گەیاندوە بە فەرمانڕەوایی: ج.ن.) باووباپیرانی ئێمە ئێوەیان کردە خاوەن دەوڵەت و دەسەڵات، کەچی ئێوە سپڵە دەرچوون. کەواتە بگەڕێنەوە

بۆ خاکی خۆتان، بۆ حیجاز و دەست بکەنەوە بە خواردنی مارمێلکە و بە مەڕ لەوەڕاندنی خۆتانەوە خەریک بن. بەڵام ئەز بەم زووانە بە دەمی شیر و نووکی قەڵەم دەچمە سەر تەختی پاشایی".

هێندێک جار مەسەلە هەر بە شانازی کردن بە بنەچەو ڕەچەڵەکی فارسییەوە ناوەستێ: بەڵکو هەستی شۆڤێنیزمی فارس و خۆ بەزل گرتن و عەرەب بە نزم دانان، لە هۆنراوەکاندا دەردەکەون. بۆ وێنە هۆنەرێکی فارس بە سەرکردەی عەرەب سەعد کوڕی وەققاس (سعد بن ابي وقاص) دەبێژێ:

| | |
|---|---|
| زشیر شتر خوردن وسوسمار | عرب را بەجایی رسیده است کار |
| که تاج کیانی کند آرزو | تفو باد بر چرخ گردن تفو |

ماناکەی بە کوردی:

"لەشیری حوشتر و خواردنی مارمێلکەوە، کاری عەرەب گەیشتووەتە جێیەک کە ئارەزووی لە تاجی کیانییە، ئەی تف لە چەرخی گەردوون، تف ف...".

ئەوەی ڕاستی بێ، ئەم شعوبییە فارسانە خزمەتێکی زۆر گەورەیان بە ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی کردووە، و لە هەمان کاتدا توانیویانە ناسیۆنالیزمی فارسی بژێننەوە و بەهێزی بکەن. جا وەک لەمەوبەر گوتمان، فارسەکان لە سەردەمی عەبباسییەکاندا؛ دەوڵەتی "بنی بویە"یان دروستکرد کە ١٣ ساڵێک بەرگەی گرت، هەر لەپاش ئەوەشەوە؛ چەند دەوڵەتێکی بنەماڵەیی ئێرانی دروست بوون، کە هێندێک لە سەرکردەکانیان کورد بوون (وەک دەوڵەتی سەفەوییەکان و دەوڵەتی زەندییەکان)، یان ترکمان بوون (وەک دەوڵەتی ئەفشارییەکان و قاجارییەکان)، بەڵام ئێران، بەتایبەتی لە سەتەی هەژدە و نۆزدەدا، بوو بە پێخوستی سوپای دەوڵەتە ئەورووپاییە کۆلۆنیالیستەکانی فەرەنسا و بەریتانیا و رووسیا، کە ئەمانە چاویان بڕیبووە دادۆشینی ئێران لەرووی ستراتیژیی سوپایی و ئابووری و بازرگانییەوە. بۆ گەیشتنە ئەم ئامانجە و ڕووتاندنەوەی خەڵکی ڕەشو ڕووتی ئێران، کۆلۆنیالیستەکانی ئەورووپا، جاویار لەپاڵ بەکارهێنانی هێزی سوپاییدا، دەستیشان لەگەڵ شا زۆردارەکانی ئێراندا تێکەڵ

دەکرد. هەر لە زەمانی قاجارییەکاندا بوو، کە دوو پەیماننامەی نارەوا بەسەر ئێراندا سەپێنران، کە پەیمانی "گلستان ١٨١٣" و پەیمانی "ترکمانچای ١٨٤٨" ئێویان رژیوە و بەپێی ئەوانە، ئێران گەلێک ناوچەی لە قەفقاس و گورجستاندا لەکیس چوو. ئەمەش هەستی ناسیۆنالیستانەی فارسەکانی زۆر تیژکرد. شان بەشانی ئەوەش موسڵمانە شیعەکانی خستە سەر رێی بێزاری دەربڕین بەرامبەر بە دەسەڵاتی نارەوای "بێگانەی ناموسڵمان". دەستەی خوێندەواری فارس لەرێی دان و ستاندنەوە لەگەڵ کولتوری رۆژاوایدا؛ بیری "دەوڵەتێکی ناسیۆنال" چووە مێشکییەوە. بەڵام فارسەکان چونکە لە وڵاتێکدا دەژیان و دەژین کە ئەگەر گەلە نافارسەکانی لێ بکەیتەوە دەرێ هیچی ئەوتۆی نامێنێتەوە، لەبەر ئەوە ناسیۆنالیستە فارسەکان لە کۆتایی سەتەی رابوردوودا، بیریان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی پاشایی دەستووری کردەوە لەجیاتی رژێمی پاشایەتیی دیکتاتۆرانەی قاجاری، و ئەم بیرە بە "مشروطە" ناوی دەرکرد، و لەم بزووتنەوەیەشدا هێندێک لە نیشتمان پەروەران و رۆشنبیران و موسڵمانانی ئازربایجان و کوردستان و بلووجستان بەشدارییان کرد، بە مەرجێک کە ئەو دەوڵەتەی دادەمەزرێ؛ لەسەر بنچینەی سەنترالیستی نەبێ، بەڵکو لەسەر سیستەمی "بەڕێوەبەرێتیی ناوچەیی" بێ؛ واتە جۆرە ئۆتۆنۆمییەک بدا بە گەلەکانی ئێران، و بەمەشیان دەگوت سیستەمی "ئایالتی و ویلایتی". جا ئەگەرچی هێندێک لەو موسڵمانە شیعە بنچینەگرانەی کە لە بزووتنەوەی دژ بە دیکتاتۆرێتیی شای قاجاردا دەستیان دەرۆی، دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامییان دەویست بەناوی "مشروعە"وە؛ بەڵام لە ئەنجامدا و لەبەر گەلێک هۆ کە لێرەدا جێی باسکردنیان نابێتەوە، بەرەی "مشروطە خوازان" بە سەر بەرەی "مشروعە خوازان" دا سەرکەوت. و لە ساڵی ١٩٠٦ دا دەستوورێک بۆ ئێران دانرا و پەرلەمانێک دامەزرا. بەڵام شای قاجار نەیدەویست "مشروطە" بخرێتە کار، چونکە "مشروطە" لە دەسەڵاتی شای کەم دەکردەوە، لەلایەکی دیکەشەوە، خستنە کاری "مشروطە" لە بەرژەوەندیی کۆلۆنیالیستە رووسەکان و ئینگلیزەکان نەبوو. لەبەر ئەوە و پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٠٧ دا، لەشکری رووسیا و بەریتانیا پەلاماری ئێرانیان دا، لەشکری

بێگانە و شای قاجار بوونە هاوپەیمانی یەک لە دژی "مشروطه خوازان"، و پەرلەمان درایە بەر توپ (١٣٩). لەکاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا و کاتێک ئێران بوو بوو بە گۆڕەپانی لەشکری بێگانە، هیچ شوێنەوارێکی "مشروطه خوازی" دیارنەبوو، بەڵام پاش تەواو بوونی جەنگ، لە گەلێک لاوە هەوڵ درا بۆ دامەزراندنی "دەوڵەتێکی ناسیۆنال"، کە یەکێک لەم هەوڵانە ئەو بزووتنەوەیە بوو کە بە "بزووتنەوەی جەنگەلی" بەناوبانگە، و بوو بەهۆی ئەوەی "کۆماری گیلان" لە ١٩٢٠/٦/٥ دا و "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" لە ١٩٢٠/٦/٢٢ دا، دابمەزرێنرێن، کە ئامانجی "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" دامەزراندنی "دەوڵەتی کۆماری سەنترالیستی ئێران" بوو، بەمەرجێ هێندێک "مافی دیمۆکراتیانە" بدرێ بە خەڵک، بێ ئەوەی هیچ باسێکی مافی تایبەتیی ئەو گەلانە بکات کە فارس نەبوون، و لە سنووری ئیمپراتۆرێتیی قاجاردا دەژیان (١٤٠).

لەم کاتەدا کابرایەکی نەخوێندەوار بەناوی رەزا خان (١٨٧٨-١٩٤٤) وە کە بەیارمەتی و پشتگیریی ئینگلیزەکان بوو بە سەرلەشکری قزڵاق (کە لەلایەن رووسەکانەوە و لەسەر داخوازی شای قاجار لە ١٨٧٩دا دروست کرا بوو) لە مازندەران، بە چاولێکەری بزووتنەوەی کەمال ئەتاترک و بەیارمەتی و بێدەنگ بوونی بەریتانیا و سۆڤێت، و دەرفەت هێنان لە شەڕەدزرتانێی حیزبەکان لەنێو خۆیاندا، توانی دوا شای قاجار بە کودەتایەک لە ١٩٢١/٢/٢١ دا لە دەسەڵات بخات و ضیاءالدین طباطبائی، کە دۆستی بەریتانیا بوو، بکاتە سەرۆک وەزیران و خۆشی بکاتە سەرۆکی سوپای قاجار. هەر پێنج رۆژ دوای ئەوە (لە ١٩٢١/٢/٢٦)دا، یەکێتیی سۆڤێت پەیماننامەیەکی لەگەڵ رەزا خاندا ئیمزاکرد کە بەپێی ئەوە پەیماننامەی ترکمانچایی ساڵی ١٨٤٨ لابرا. ئەوجا یەکێتیی سۆڤێت؛ رەزا خانی بە "نوێنەری بۆرجوازیی نیشتمانیی ئێران" ناسی، و پشتی کردە "بزووتنەوەی جەنگەلی" و "کۆماری گیلان" و "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران"، کە یەک لە دوای یەک بە دەستی رەزا خان لە نێوبران. رەزا خان، هەر بە یارمەتیی داروودەستەی سۆڤێت و بەریتانیا لە ئێراندا، توانی پەرلەمانی ئێران وا لێ بکات کە لە ١٩٢٥/١٢/١٢ دا هەڵی بژێرێ بە

"شای ئێران" و لە ١٩٢٦/٤/٢٥ دا "تاجی پاشایی" بنێتە سەری. ڕەزا خان کە بوو بە "ڕەزا شا"، ئەوجا خۆی نێونا "پەهلەوی" بەنێوی یەکێک لە خێزانە ئێرانییەکانی کۆنەوە و بیری دامەزراندنی "دەوڵەتێکی ناسیۆنالی فارس"ی شۆڤێنیستانەی هێنایە پێشەوە، و کەوتە گیانی گەلە نافارسەکان. هێشتا نەبووبوو بە ڕەزا شا کە لە آذری ٣.١٣ دا (نۆڤەمبەر / دیسەمبەری ١٩٢٤ دا)؛ بزووتنەوەی خەڵکی خوزستانی بە سەرۆکایەتیی شێخ خەزعەل دڕندانە سەرکوت کرد. جا لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی کوردایەتیی بە سەرۆکایەتیی سمکۆ؛ زۆر بەهێزتر بوو لەوەی بە ڕەزا پەهلەوی لەنێو ببرێ، ڕەزا پەهلەوی بە فێڵ و تەڵەکە سمکۆی لە ٦/٢١/.١٩٣٠ دا لەنێو برد. جا هەرچەندە ڕەزا شا؛ وشەی "ئێران"ی لە ساڵی ١٩٢٤ەوە بە ڕەسمی لەجیاتی وشەی "فارس Persia" یان "دەوڵەتی پەهلەوی" بەکارهێنا؛ بەڵام ئەوە هەر بۆ خەڵەتاندنی گەلە نافارسەکان بوو، چونکە هەموو هەوڵدانێکی "ڕەزا پەهلەوی" هەر بۆ ئەوە بوو کە ئێران بکاتە دەوڵەتێکی سەنترالیستی تۆتالیتێرانەی ناسیۆناڵ بۆ فارسەکان، بەوەی هەموو شوێنەوارێکی کولتووری کورد، و هەموو ئەو گەلانەی کە فارس نەبوون، وەک زمان و ئەدەبیات و فۆلکلۆر و جلوبەرگ لەنێو ببات. شان بەشانی ئەمە ڕەزا پەهلەوی هەموو حیزب و ڕێکخراو و بزووتنەوەیەکی سیاسی لە ئێراندا ڕێبەند کرد، تاکە یەک کۆمەڵە نەبێ بەنێوی "سازمان پرورش افکار"ەوە کە لە ١٩٣٧ دا دروستی کرد بۆ بڵاوکردنەوەی بیری شۆڤێنیانەی خۆی و ئەوەش بۆ ماوەیەک و پاش ئەوەی کە ڕەزا پەهلەوی لە ساڵی ١٩٣٤ دا بوو بە میوانی ئەتاترک و دڵی زێتر بە هەڵسوکەوت و بیری ئەتاترکدا چوو. هەروەها توانی لەڕێی بەستنی پەیمانی ئێران-ترکیاوە بۆ مەسەلەی سنوور لە ١٩٣٢/١/٢٣ دا و لەڕێی پەیمانی "سعد آباد"ەوە لە ساڵی ١٩٣٧وە خۆی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی دیدا ڕێکبخا کە کوردستانیان دابەشکردووە، وەک ترکیا و عێراق. جا لەبەر ئەوەی ڕەزا پەهلەوی -وەک محەممەد ڕەزا (محمد رضا)ی کوڕی دەبێژێ "باوکم شێوەی دیموکراتییانەی کەم بەکار دەهێنا" (١٤١)- دوژمنی ئازادی و دیموکراسی و هەڵگری بیری تۆتالیتێرانە بوو، هاوکارییەکی بەهێز لەنێوان ڕەزا پەهلەوی و ئەڵمانیای نازی

دا دروست بوو بوو، بەتایبەتی لە ماوەی جەنگی جیهانیی دووەمدا، نازییەکان لە ئێراندا دەسەڵاتێکی زۆریان پەیداکردبوو، تەنانەت بە شایەتیی محەممەد رەزای کوری کە دەبێژێ "نازییەکان بنکەیەکی هەواڵگوزاری و پروپاگەندەیان لە ئێراندا دامەزراندبوو" (١٤٢). ئەمجا لەشکری سۆڤێت و بەریتانیا بە بروبیانووی ئەوەوە کە دەیانەوێ گوایە رێ لە دەسەڵاتی نازیتی بگرن، لە ٢٥ی ئابی ١٩٤١ دا رژانە ئێرانەوە، و رەزا شا ناچار بوو لە ١٩٤١/٩/١٦ دا دەست لە کار بکێشێتەوە، و ئێران بەجێ بهێڵێ، و تا مردنی لە ١٩٤٤ دا لە یۆهانس بورگ پێتەختی ئەفەریکای خواروو بژی.

کورە گەورەی رەزا پەهلەوی؛ محەممەد رەزای پەهلەوی (محمد رضا پهلوی) (١٩١٩-١٩٨٠/٧/٢٧)، کە پاش وازهێنانی باوکی، لە هەلومەرجێکی زۆر تاریک و لێڵدا بوو بە شا، هەرچەندە لەسەرەتاوە نەیدەوێرا بە ئاشکرا پێرەویی کارەکانی باوکی بکات، بەڵام بەدزییەوە هەر لەسەر ئەو پێ و دانگە دەرۆی بەرێوە، پاش ئەوەی سەرۆک وەزیرانەکەی عەلی فورووخی (علی فروغی، لە ١٩٤٢/١/٢٩ دا لەگەڵ بەریتانیا و رووسیا، پەیماننامەیەکی بەست، بەپێی ئەوە ئەو دوو دەوڵەتە، "رێزی خۆیان بەرامبەر تەواوێتیی خاکی و سەربەخۆیی سیاسیی ئێران" دەربری، و بەرامبەر بەوە ئێران لە ١٩٤٣/٩/٩ دا بانگەوازی شەری دژی ئەڵمانیادا؛ ئەمجا ئێران هوردە هوردە لە بەرەی رۆژاوای سەر بە سوێندخۆران نێزیک بووەوە، و لە پاداشی ئەوەدا، روزفلت و ستالین و چەرچل لە ١٩٤٣/١٢/١ دا، لە تاران بەیانێکیان دەرکرد، و بریاریان دا کە "سەربەخۆیی و سەروەری (سیادة) و تەواوێتی خاکیی ئێران" بپارێزن و رۆژی ١٩٤٥/٣/٢ یش دانرا بۆ دەرچوونی هێزەکانی بێگانە لە ئێران.

ناسیۆنالیزمی فارس و دەوڵەتی ناسیۆنالی فارسی بە سەرکردەیەتیی شای ئێران، لەم ماوەیەدا لەبەردەم مەترسییەکی گەورەدا بوو، چۆنکە نەک هەر سوپای بێگانە لە وڵاتەکەی دا بوو؛ بەڵکو لە ئازربایجان و کوردستاندا دوو کۆماری کورد و ئازەری دروست بووبوون، و خەریک بوون جێ پێی خۆیان قایم دەکرد. لەبەر ئەوە ناسیۆنالیستەکانی فارس زۆر ژیرانە جووڵانەوە. لەکاتێکدا کە خۆیان لە بەرەی رۆژاوا، و بەتایبەتی ئەمریکا و بەریتانیا

نێزیک دەکردەوە، دەیانویست دەمی سۆڤیێتیش چەور بکەن، تا لەو دوو وڵاتە (ئازربایجان و کوردستان) بکشێتە دواوە. لەبەر ئەوە سەرۆک وەزیران قەوامولسەڵتەنە (قوام السلطنه) کەوتە خۆ نێزیک کردنەوە لە "حیزبی توودە"، و کردنەوەی "بەرەیەک" لەگەڵ توودەییەکاندا لە ١٩٤٦/٨/١ دا، و بەڵێن دان بە سۆڤیێت کە ئیمتیازی نەوتی باکووری ئێرانیان دەداتێ. بەم جۆرە لەشکری سۆڤیێت، پاش ماوەیەک مان گرتن و خۆ دواخستن، لە ١٩٤٦/٥/٩ دا لە ئێران چووە دەرەوە، ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی کە سوپای ئێران بە هاسانی ئەو کۆمارە گچکەیەی کە لە ناوچەی مەهابادا لە ١٩٤٦/١/٢٢ دا دامەزرابوو، لە ١٩٤٦/١٢/١٢ دا بڕووخێنێ، هەر چەند رۆژێک دوای رووخاندنی کۆماری ئازربایجان. ئەمجا "پەرلەمانی ئێران" کە پەرلەمانێکی سەر بە شابوو، لە ١٩٤٧/١٠/٢٢ دا رێککەوتننامەی نێوان ستالین و قوام السلطنەی لەبارەی ئیمتیازی نەوتی باکووری ئێرانەوە، دایە دواوە. بەڵام بەم فێڵە ناسیۆنالیستە فارسەکان، بەبێ هیچ جۆرە "تنازلات"ێک بۆ سۆڤیێت، لە دەست سۆڤیێت و کورد و ئازەریش رزگاریان بوو. ئەمجا رژێمی محەممەد رەزا شای پەهلەوی، رێ کرایەوە بۆی کە بەجارێک روویکاتە ئەمەریکا و وڵاتانی بەرەی رۆژاوا بۆ خۆ بەهێزکردن لە باری سوپاییەوە، و بۆ بنبەست کردنی شۆڤینیزمی فارس و دەوڵەتی ناسیۆنالی فارس.

لەسەرەتای پەنجاکاندا؛ دوو رێبازی جیاواز لە ناسیۆنالیزمی فارسدا لە ئێران دروست بوون. یەکێکیان: رێبازی دوکتۆر موسەددیق (دکتر مصدق) (١٨٨٢/٥/١٩-١٩٦٧/٣/٥) بوو، کە بە رێبازی "بەرەی ناسیۆنال" (جبهەء ملی) ناسراوە. ئەم "بەرە"یە، لە کۆبوونەوەیەکدا کە بیست نوێنەری پەرلەمان، لە ١٩٤٩/١٠/١٤ دا، لە تاران پێکیان هێنا، دروست بوو، و لە ٢٣/١٠ ی هەر ئەو ساڵەدا بەنێوی "بەرەی ناسیۆنال"ەوە خۆی خستەروو بە سەرۆکایەتیی مصدق کە لە ١٩٥١/٤/٢٩ دا لەلایەن شاوە، بەڵام بە نابەدڵی، کرا بە سەرۆک وەزیران. مصدق هەر چەند ترکی قاجاری بوو، بەڵام وەک ناسیۆنالیستێکی فارس خۆی پێشان دا. رەئی وابوو کە ئێران نابێ هیچ جۆرە پێوەندییەکی بە هیچ جۆرە بەرەیەکی رۆژهەلاتی یان رۆژاواییەوە هەبێ، و

دەبێ خۆی دوور بخاتەوە لێیان بۆ ئەوەی بتوانێ سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ، و بەم سیاسەتەشی دەگوت "سیاسەتیی هاوسەنگێتیی نەێنتی" (١٤٣) (سیاست موازنەء منفی). یەکێک لە دیاردەکانی ئەم سیاسەتە؛ ناسیۆنالیزەکردنی نەوت و بەربەرەکانێ کردنی بەرژەوەندیی دەوڵەتە رۆژاواییەکان بوو لە ئێراندا، هەروەها بەربەرەکانێی بەرژەوەندیی سۆڤێت و توودەییەکان بوو، کە پشتی سۆڤێتیان دەگرت. بۆ ئەمەش مصدق لەلایەکەوە هەوڵی دەدا لە دەسەلاتی توودەییەکان و، لەلایەکی دییەوە لە دەسەلاتی شا کەم بکاتەوە. جا لەبەر ئەوەی نەی دەوێرا، یان نەی دەتوانی بەئاشکرا بێژێ؛ دەبێ شا نەمێنێ، دەیگوت "شا دەبێ شایەتی (سلطنت) بکات، نەک فەرمانڕەوایی (حکم)". ئەم هەڵوێستەی مصدق بەرامبەر بە شا، هەر هەڵوێستێکی بنچینەیی نەبوو، بەڵکو رک و دوژمنایەتیی خێزانیش (قاجاری و پەهلەوی) دەورێکی تێدا هەبوو، بێجگە لەوەش مصدق خۆشی هێندێک شتی دەکرد؛ کە وەک کارەکانی شا دیکتاتۆرانە بوو، بۆ وێنە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان لەرێی هەموو پرسی (رێفەرەندوم)ەوە کە ئەمە کارێکە پێچەوانەی دەستووری بنچینەیی ئێران بوو، ئەو دەستوورە بنچینەییەی کە مصدق دەیگوت؛ دەبێ رێزی بگیرێ. مصدق لە سیاسەتی نێوەوەی ولاتدا، رێیەکی یەکجار سەنترالیستانە و شۆڤێنیانەی گرتە بەر، بەتایبەتی بەرامبەر گەلە نافارسەکان، هەرچەندە مصدق، وەک گوترا خۆشی فارس نەبوو. ئەمەش شتێکی سەیر نییە، چۆنکە لەنێو ترکزمانەکانی ئێراندا، زۆری وا هەڵکەوتوون کە لەبەر هێندێ هۆی تایبەتی، خزمەتی شۆڤێنیزمی فارسیان کردووە، ژمارەی ئەوانە لە دەزگەی "کۆماری ئیسلامیی ئێران"ی ئەمڕۆدا کەم نییە. دە مصدق یەکێک بوو لەوانە کە بەهیچ جۆرە ئۆتۆنۆمییەکی کوردستان یان ئازربایجان یان بلووجستان رازی نەدەبوو، بەنێوی "جیابوونەوە خوازی" (تجزیە طلبی)یەوە بەربەرەکانێی دەکرد (١٤٤). ناکۆکیی نێوان مصدق و شا بوو بەهۆی ئەوەی شا لە ١٩٥٣/٨/١٢دا لە ئێران رابکات؛ بەڵام بێ دەسەلاتیی داروودەستەی مصدق، و هەڵوێستی هەلپەرستانەی توودەییەکان؛ کارێکی وای کرد کە ژەنەراڵ زاهیدی لە ١٩٥٣/٨/١٩دا و بە پشتگیریی "سیا"، بتوانێ زۆر بە

هاسانی حکومەتی مصدق بخات، و شا بگێڕێتەوە سەر تەختی ئێران. شا -هەر پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران- ڕێبازێکی ناسیۆنالیستانەی فارسانەی دی بەرامبەر بە "بەرەی ناسیۆناڵ" (جبهه، ملی) و "سیاست موازنه، منفی"ی ناسیۆنالیستانەی مصدق گرتەبەر؛ کە نێوی نا "ناسیۆنالیزمی ئەدێتی" (ناسیونالیزم مثبت) (١٤٥). کە ئەم سیاسەتە بریتی بوو لە "نێزیک بوونەوە لە هەموو دەوڵەتەکانی جیهان بۆ سووتی ئێران" (١٤٦). شا بەپێی ئەم سیاسەتە، بەر لە هەموو شتێک، هەوڵی بەهێزکردنی سوپای ئێرانی دا، و لە ساڵی ١٩٥٥ دا چووە "پەیمانی بەغدا"وە، و پۆلیس و ژاندرمەی ڕێکخست، و دەزگەیەکی هەواڵگوزاری و جاسووسی بەنێوی "ساواک"ەوە دامەزراند بۆ سەرکوت کردنی نەیارەکانی. بێجگە لەوەش، ڕێی پیشەسازکردنی وڵاتی گرتەبەر؛ و هەوڵی دا لەڕێی "چارەسەرکردنی زەوی" و "لەنێوبردنی نەخوێندەواری"، و هێندێ ڕیفۆرمی دییەوە کە نێوی نابوون "شۆرشی سپی" (انقلاب سفید) یان "شۆرشی شا و گەل" (انقلاب شاه و ملت)؛ چینی هەژار و دەستکورت رابکێشێ بەلای خۆی دا؛ بەلام لەمەدا و لەبەر گەلێک هۆ کە لێرەدا جێی باسکردنیان نابێتەوە، سەرکەوتوو نەبوو (١٤٧). لە سیاسەتی نێوەوەشی دا، وەک "کوڕی باوکی خۆی" مایەوە، و ڕژێمی سەنترالیستی فارسیزمی شۆڤێنیانەی بەهێزتر کرد، و هەموو دەنگێکی ڕەخنەگرانەی بە زۆری کوتەکی "ساواک" کپ کرد. لە ساڵی ١٩٥٣ دا؛ شۆڕشی کوردەکانی جوانڕۆ، و لە ساڵی ١٩٦٨دا؛ ڕاپەڕینی "لاوانی شۆڕشگێڕی دێمۆکراتی کوردستان"ی لە خوێندا خلتان کرد. شا بە سووت وەرگرتن لە نرخی گرانی نەوت، بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا، توانی لەشکرێکی بەهێز و بناخەی چەند پیشەسازییەکی قورس لە ئێراندا دابمەزرێنێ، و بە خەیاڵی خۆی دەیویست ئێران بکاتە "پێنجەمین هێزی جیهان"، تا وای لێ هات لە ١٩٧١/١١/٣٠ دا سێ دوورگەی عەرەب نشینی بەنێوی "ابو موسی" و "الطنب الکبری" و "الطنب الصغری" داگیرکرد و خستیە سەر ئێران، کەچی نە حیزبی بەعسی عەرەبی عێراق، کە لەو کاتەدا فەرمانڕەوا بوو، و نە هیچ دەوڵەتێکی "إماراتی عربی" یان عەرەبستانی سعوودی یان حکومەتە عەرەبییەکانی دی، زاتیان

نەکرد هەنگاوێک بنێن. تەنانەت پاش دامەزراندنی "کۆماری ئیسلامیی ئێران"یش، ئەو دوورگانە هەر بوونەماڵی ئێران و کەس نەیتوانی بیانسێنێتەوە.

شایانی باس لێرەدا ئەوەیە، کە شا هەرچەندە شۆڤێنییەکی فارس بوو، بەڵام خۆی وەک "پان ئێرانیست"ێک دەدایە قەڵەم، و لەم ڕێیەوە توانی شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ی خوارووی کوردستان دابدۆشێ، و سەرکردەیەتیی شۆڕش بخەڵەتێنێ (١٤٨)، و بەمە ناسیۆنالیزمی عەرەبیی عەفلەقی لە عێراقدا، بە سەرۆکایەتیی سەددام حسەین، ناچار بکات کە ڕێککەوتننامەی ٦ی مارتی ١٩٧٥ی لە جەزائیر بۆ ئیمزا بکات، کە بەهۆی ئەوەوە ئێران نیوەی "شط العرب" و هێندێک زەوی و زاری عێراقی دەستکەوت (١٤٩). ئەمەش بەڵگەیەک بوو بۆ ئەوەی کە شای ئێران بیری "پان ئێرانیتی"، واتە: لەسەرکردنەوەی گەلە ئێرانییەکان تەنانەت ئەوانەی لە دەرەوەی سنووری ئێرانیشدا دەژین وەک کورد، نەبوو، بەڵکو بیری شۆڤێنیزمی فارس، و دەوڵەتی ناسیۆنالی فارس بە سەرۆکایەتیی خۆی لە خەیاڵدا بوو. ئەگەرنا هەر لە ساڵی ١٩٧٤ دا بوو کە سەرکردە ناسیۆنالیستەکانی ترکیای دراوسێی ئێران بە ڕێبەری بولەند ئێجەڤیت -وەک لەمەوبەر باسمان کرد- لەشکری ترکیان ناردە قوبرس بۆ یارمەتی دانی ترکەکانی ئەوێ و ٤٠٪ی خاکی قوبرسیان خستە ژێر دەستی ترکەکانی قوبرسەوە کە کەمایەتییەکی یەکجار کەمن. بەڵام شا خۆشی، دوایی دانی نا بەوەدا کە مەبەستی لە یارمەتیدانی کوردی عێراق خزمەتی مەسەلەی کورد نەبووە؛ بەڵکو بۆ فریودان بووە. شا لە ئەیلوولی ١٩٧٥ دا بە ڕۆژنامەنووسی میسری، محەممەد حەسەنەین هەیکەڵ (محمد حسنين هيكل)ی گوتبوو:

بەڵێ، ئێمە یارمەتیی شۆڕشی کوردمان دا. لە سەردەمی دواییی (شۆڕش) دا ئێمە هێزی کاریگەر بووین لە پشتییەوە... ئێمە شۆڕشی کوردمان هەڵ نەگیرساند، بەڵکو شتێک بوو هەبوو و دەماندی. چەند ساڵێک بوو ڕژێمەکانی بەغدا هەڵوێستێکی دوژمنانەی ئاشکرایان بەرامبەر ئێمە دەنواند. خراپکارانیان دەناردنە ئەم دیو سنوور و گەلێک بەیەکدادان ڕووی دا. شۆڕشی کورد هەلێکی ڕەخساند بۆ ئێمە و ئێمەش قۆزتمانەوە. ئایە ئێمە بەڕاستی دەمانویست

مەسەلەیەکی کوردیی گەورە دروست بکەین؟ نەخێر. ئێمە خۆمان کەمایەتییەکی کوردیی گەورەمان هەیە" ( ١٥ ).

کە شا لێرەدا کوردی بە "کەمایەتی" یەک داناوە لە ئێراندا، ئەمە بە ئاشکرا دەری دەخات کە شا دەوڵەتی بەناو ئێرانی، بە "دەوڵەتی ناسیۆنالی فارس" داناوە، و "کورد"یشی بە "کەمایەتییەک " داناوە لەژێر سایەی "دەوڵەتی زۆرێتی"دا کە ئەوەش "دەوڵەتی ناسیۆنالی فارس"ە، ئەگەنا ئەگەر "دەوڵەتی ئێران" بەڕاستی "دەوڵەتێکی ئێرانی" بووایە "نەک فارسی"، ئەوسا باسی "کەمایەتی" و "زۆرێتی" نەدەکرا، بەڵکو باسی "ئێرانێتی" و "گەلانی ئێرانی" دەکرا. بەلاّم ئەم کەینو بەینەی کە محەممەد رەزای پەهلەوی لە حەفتاکاندا لەگەڵ کوردی عێراقی کرد، درێژە پێدانێک بوو بەو سیاسەتەی کە رەزا پەهلەوی باوکی لە بیستەکاندا لەگەڵ کوردی عێراق و کوردی ترکیای کرد، لە کاتێکدا کە هێشتا بزووتنەوەی سمکۆ لە ئێراندا مابوو، خۆیان لە کوردی عێراق و ترکیا نێزیک کردبووەوە. ئەوەندەی پێوەندیی بە کوردی عێراقەوە هەیە، ئەوا خۆیان گەیاندبووە ئەو کوردانەی کە کۆمەڵەی "زەردەشت"یان لە ساڵی ١٩٢٨ دا پێک هانیبوو، و بەڵێنیان دابوونێ کە بە پارە و پشتگیریی یارمەتییان بدەن و لە شاری سنە (کوردستانی ئێران) رۆژنامەیەک لەسەر ئەرکی حکوومەتی ئێران دەربچێ، کەچی لە ژێرەوە نێوی هەموو ئەو کوردانەیان دابوو بە پۆلیسی نهێنیی عێراق و هەموو ئەو کوردانە تووشی زیندان و لەسەر کار لابردن و دوورخستنەوە و دەردەسەریێ هاتن. هۆنەری ناسیۆنالیستی کورد شێخ سەلام (١٨٩٦-١٩٥٨) لە سەرەتای تەرجەمەی دیوانەکەی عومەر خەیامدا کە لە ساڵی ١٩٥١ دا لە بەغدا چاپکراوە؛ باسێکی ئەم کارەساتە دەگێڕێتەوە وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی "کۆمەڵەی زەردەشت". هەر بەو جۆرەش کاربەدەستانی ئێران خۆیان لە ئیحسان نووری: سەرکردەی شۆرشی ئارارات (١٩٢٧-.١٩٣) نێزیک کردەوە بەنێوی یارمەتیدانەوە لە دژی حکوومەتی مستەفا کەمال، کەچی لەژێرەوە لەگەڵ حکوومەتی مستەفا کەمالدا رێککەوتن، پاش ئەوەی هێندێک یارمەتیی لەشکری ترکیان دا بۆ لێدانی کورد؛ کە ئەمانە لە بیرەوەری نامەکەی ئیحسان

نووری دا باسکراون. بێجگە لەوەش لە نامەیەکی نهێنیدا کە باڵوێزی ئێران لە ئەنقەرە محەممەد علی فروغی بۆ حکوومەتەکەی خۆی نووسیوە لە ١٩٢٧/١١/٢٤ دا؛ ئەم "هاودەردی"یەی ئێران و ترکیا، کە هەردووکیان تووشی "نەخۆشیی کورد" بوون، بەجوانی خراوەتەڕوو.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥ دا محەممەد رەزا پەهلەوی هەستی بەوە کرد کە زۆر بەهێزبووە؛ ئەمجا بای دایەوە سەر بیرە کۆنەکەی باوکی، واتە دامەزراندنی حیزبێک؛ وەک "سازمان پرورش افکار"ی ساڵی ١٩٣٧، کە ببێتە حیزبی دەوڵەت و دەزگەی سەرکوتکەری دەوڵەتی ناسیۆنالی تۆتالیتێری فارس. هەر بۆ گەیشتنە ئەم ئامانجە، لە ١٩٧٥/٣/٢ دا (چوار رۆژ بەر لەوەی دەست بخاتە دەستی سەددام حسەین)، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەییدا بڕیاری دامەزراندنی حیزبێکی بە خەڵک گەیاند بەنێوی: " حزب رستاخیز ملی ایران"ەوە، واتە "حیزبی ژیانەوەی ناسیۆنالی ئێران" و داوای لە هەموو ئێرانییەک کرد، کە بێ چەند و چۆن ببێتە ئەندامی حیزبەکەی، و هەڕەشەی لە هەموو ئەوانە کرد کە نایانەوێ ببنە ئەندامی حیزب، بەوەی، یان دەبێ سەری خۆیان کز کەن و نقەیان لێوە نەیەت، یان ئێران بەجێ بهێڵن و بڕۆن (١٥١).

محەممەد رەزا پەهلەوی؛ بەزۆری هەوڵی ئەوەی دەدا کە رابوردووی شا فارسەکان زیندوو بکاتەوە. لەبەر ئەوە خۆی نێونا "آریامهر"؛ واتە "تیشکی ئاریا" و لە ساڵی ١٩٧١ دا جێژنی (٢٥٠٠)ساڵەی دامەزراندنی دەوڵەتی فارسی بە سەرۆکایەتیی کورش گرت، و ساڵژمێری فارسی لە ساڵژمێری کۆچیی خۆرییەوە کردە ساڵژمێری کورشی، واتە لەو ساڵەوە کە کورش هاتووەتە سەر حوکم. بۆ وێنە ساڵی ١٩٧٦ بوو بە ساڵی ٢٥٣٥. ئەمە لە کاتێکدا کە میدیاییەکان لە پێش کورش و فارسەکاندا فەرمانڕەوا بوون، ئەگەر مەسەلە مەسەلەی رژێمی شایەتیی بێ لە ئێراندا. بەڵام محەممەد رەزا لەگەڵ ئەوەشدا، لە کورشی فارسەوە حسێبی دەکرد، نەک لە فەرمانڕەوایی شاکانی مادەوە، هەر لەبەر ئەوەی کە میدیاییەکان فارس نەبوون، هەرچەندە ئەوانیش هەر ئێرانی بوون. ئەمە نموونەیەک بوو بۆ شۆڤێنیستیتیی ئەم کابرایە. شا لە دەمەدەمی خۆبەزلگرتنیدا، کتێبێکی نووسییەوە بەنێوی "بسوی تمدن بزرگ"

(بەرەو کولتووری مەزن)ەوە، و دەیویست لەرێی ئەم کتێبە و لەرێی "حیزبی رەستاخیز"ەوە "بیری ئێرانێکی زلهێز" بخاتە مێشکی خەڵکەوە. بەڵام وا دیارە محەممەد رەزا ئەوەی نەخستبووە بەرچاو، کە ئەو پێشکەوتنە ئابوورییەی ئەو دەستی کەوتبوو؛ بەهۆی ملیاردی نەوتەوە بوو، واتە بەهۆی خەرج کردنی سەرمایەی ژێر زەوییەوە بوو؛ نەک بەهۆی گەشانەوەی سەرمایە و بەرهەمی کارەوە لە ئێراندا. هەروەها دیارە ئەوەشی نەزانیبوو، کە ئەو سەرکەوتنەی ئەو بەسەر ناسیۆنالیزمی عەرەبیی عەفلەقی دا لە ٦ی مارتی ١٩٧٥ دا لە جەزائیر دەستی کەوتبوو، بەهۆی سوپای "ئێرانی زلهێز"ەوە نەبوو، بەڵکو بەهۆی ئازایەتی و لەخۆبوردوونی پێشمەرگەی رەشۆرووتی کوردەوە بوو. وا دیارە شا خۆی زۆر بە گەورەتر دەهاتە بەرچاو وەک ئەوەی لە راستیدا هەبوو. بۆیە لە ساڵی ١٩٧٥ دا بە رۆژنامەنووسی میسری محەممەد حەسەنێن هەیکەلی گوتبوو کە "ئێران دەبێ لە ماوەی ١٠ ساڵاندا بگاتە ئەورووپا و لە ماوەی ٢٠ ساڵانیشدا بگات بە ئەمریکا". بەڵام شۆرشی گەلانی ئێران کە لە رۆژی ٢٢ی بەهمەنی ١٣٥٧ (=١٩٧٩/٢/١١)دا تەخت و بەختی شایەتی پێچایەوە؛ بەتەواوی دەریخست کە نە لەشکری یەک ملوێنی، و نە ساواکێکی سامناک، و نە سامانێکی چەند هەزار ملیاردی لە بانکەکانی رۆژاوادا، و نە پشتگیریی ئیمپریالیستەکانی بەرەی رۆژاوا و رۆژهەڵات و نە ژیرەکییەکی تاوانبارانە، ناتوانن هەتا سەر رژێمێکی شۆڤێنیانەی دیکتاتۆرانەی لەخۆبایی بوو بپارێزن. بە هاتنە کایەی "کۆماری ئیسلامیی ئێران" بیری پان فارسیزمی شەهانشاهیزمی ئێرانی پاشەکشەی کرد؛ بەڵام سیاسەتی دەزگەی دەوڵەتیی رژێمی تازەی ئێران، جارێکی دی رێی پاک کردەوە بۆ پروپاگەندەی فارسیزمی شۆڤێنیزم، بەتایبەتی لە ئەورووپادا. دارودەستەی "بەرەی ناسیۆناڵ" (جبهه ملی) مصدق، بە دەستەی شاپووری بەختیاریشەوە، کە ئەمانە هێندێکیان بە ناوی "ملیون" (ناسیۆنالیستەکان)ەوە لە دەوری حاجی سید جوادی و حسن نزیە، و هێندێکیشیان بەناوی "نهضت مقاومت ملی ئێران" (راپەرینی بەربەرەکانێی ناسیۆنالیستانەی ئێران)ەوە لە دەوری عەلی ئەمینی (علی امینی) کۆبوونەتەوە، ئەمە بێجگە لە هێندێک داروودەستەی هوردەڵەی دی،

کەهەر یەکەیان بە نێزیکەوە هاتووەتەکایە، هەموو خەون بە دەوروودوکانی شاوە دەبینن. بۆ ئەمەش پێویستە کەمەکێک لێیان بدووین:

شایانی باسە، کە پاش کەوتنی مصدق و زیندان کردنی لە ۱۹۵۳ وە تا ۱۹۵٦، و ئەوجا بەرەڵلاکردن و دەستبەسەر کردنی لە ماڵەوە تا مردنی لە ساڵی ۱۹٦۷ دا، بیری مصدقینتی بەجارێک لەنێو نەچوو؛ بەڵکو هەروا مایەوە، بەڵام زۆر بێ هێز بوو، و ماوەی چەند ساڵێک چالاکی نەبوو. تا لە ۳ی تیری ۱۳۳۹=(۲۱/۷/.۱۹٦) دا "جبهە، ملی" جارێکی دی هاتەوە مەیدان و ئەمجارە ئایەتوڵلا سەید مەحموودی تاڵەقانی (آیت الله سید محمود طالقانی)یشی تێدا بوو. "جبهە" پرۆگرامێکی بڵاوکردەوە کە هیچ باسێکی کورد، یان باسی گەلێکی نافارسی دی تێدا نەبوو (۱۵۲). مادده (۲)ی بەشی یەکەم (برگەی دووەم)ی پرۆگرامەکە دەبێژێ "ئەوانەی دێنە بەرەی ناسیۆنالەوە، حیزب بن یان کۆمەڵە بن، نابێ دژی یەکێتیی ناسیۆنالی ئێران بن" (ل:٤). ئەمەش هەر ئەوە دەگرێتەوە کە هیچ کەسێک نابێ باسی مەسەلەی ناسیۆنالی خۆی بکات، نە کورد، نە ئازەری، نە بلووچی، نە ترکمان. هەر لەبەر ئەوەشە کە بە ڕەئیی "بەرەی ناسیۆناڵ" لە ئێراندا "گەلان" نییە؛ بەڵکو یەک گەل هەیە کە ئەوەش "گەلی ئێران"ە و مەبەستیش لەمە هەر فارسە. یەکێک لە لایەنگیرانی "بەرەی ناسیۆناڵ" بەنێوی خواستەمەنیی "م. ماکان"ەوە کە لە ئەڵمانیای ڕۆژاوا دەژیا، لە ساڵی ۱۹٦۹ دا نامیلکەیەکی بە زمانی فارسی بەنێوی "افسانە، خلقهای ایران" (ئەفسانەی گەلانی ئێران)ەوە بڵاوکردەوە (۱۵۳) کە بەئاشکرا زمانی کوردی و ئازەری بە دوو شێوەی زمانی فارسی داوەتە قەڵەم. زۆر هەوڵیشی داوە بۆ ئەوەی ئیسپاتی بکات کە کورد "نەتەوە" (ملت) نییە، تەنانەت گوایە بە بەڵگەی "لینینیزمی"شەوە(۱۵٤). ئەمەش ڕەوشی "جبهە، ملی"یە هەتا ئەمڕۆ، وەک لەمەو دوا باسی دەکەین. جا دەبێ ئەوەش بزانین، کە لە دەمەدەمی لەقینی ڕژێمی شا، و لەو ڕۆژانەدا کە شاپووری بەختیار بوویوو بە سەرۆک وەزیرانی ئێران (لە ۲۹/۱۲/۱۹۷۸ وە)، یەکەم کارێک کە بەختیار لە دەستی هات، ئەوە بوو داوای لە سوپا و فارسە شۆڤینییەکان دەکرد "ڕێ بە جیابوونەوە

خوازی (تجزیه طلبی) نەدەن". هەرچەندە ئەو رۆژە، باس باسی "تجزیه طلبی" نەبوو، و مەسەلە مەسەلەی رووخاندنی رژێمی شا و هەلپەرستێکی وەک بەختیار بوو، بەلاّم ئەمە ئەوە بەجوانی دەردەخا، کە ئەم بەختیارەی کە چەند ساڵ هاورێ و هاوکاری دوکتۆر موسەددیق بووە، لە شۆڤینێتی دا شاگردێکی تەواوی موسەددیقە، و لەو رۆژەدا کە چارەنووسی گەلانی ئێران دیاریدەکرا، خەمی هیچی دی نەبوو، ئەوە نەبێ: نەبا کوردێک، ئازەربیەک، بلووچێک، ترکمانێک، یان کەسێکی چەوساوەی دی، باسێکی مافی خوراووی خۆی بکات. هێندێک لە رۆشنبیرانی ئازربایجان؛ ئەم درێژدادڕییەی بەختیاریان لە رۆژنامەی "بیرلیک" (یەکێتی)، ژمارە (٤٠)ی ساڵی (٤)ی کانوونی دووەمی ١٩٧٩ دا بەرپەرچ دایەوە. جا ئێستە پاش تەفروتوونا بوونی "جبهه‌ء ملی"؛ لە ئەنجامی بێ دەسەلاّتی بەختیار و هەلبەرستێتیی سەرکردەکانی دی "جبهه"وە، ئەوەتا ئەمانە دەربەدەر بوون بۆ ئەورووپا و ئەمریکا، و لێرەش هەر خەریکی پروپالاّنتەن لە دژی کورد و کەوتوونەتە بلاّوکردنەوەی بەیتو بالۆرەی ئەوەی کە گوایە کورد "نەتەوە" (ملت) نییە. بۆ وێنە: گۆڤاری "نهضت" (راپەڕین) کە زمانی حاڵی "نهضت مقاومت ملی ایران"ی سەر بە شاپووری بەختیارە و لە پاریس دەردەچێ، لە ژمارە (٥٠)ی دا کە لە ٦/ ١٠/ ١٩٨٢ دا دەرچووە، وتارێکی لەژێر نێوی "کرد و کرس و آقای مکری" واتە (کورد و کورسی و کاک موکری) دا نووسیبوە، لەم وتارەدا رۆژنامەی "نهضت" پشتی بیرورای "جبهه‌ء ملی ایران"؛ کە بە (ملیون) بەنێو بانگن، دەگرێ لەبارەی مەسەلەی کوردەوە، کە یەکێک لە سەرکردەکانی "جبهه"، واتە علی اصغر حاج سید جوادی، لە رۆژنامەی "ایرانشهر"دا نووسیبووی کە گوایە "کورد نەتەوە نییە" و بەوە بەرپەرچی وتاری کوردێکی دابووەوە بەنێوی "موکری"یەوە کە ئەویش لە ژمارە ٢٥ی "ایرانشهر" دا (١١ شهریور ١٣٦٢ = ١٩٨٣/٨/٢) وتارێکی بەنێوی "از آنطرف راه نیست" (= لەولاوە رێ نییە) نووسیبوو. موکری وەرامی سید جوادی دابووەوە. بەلاّم رۆژنامەکەی بەختیار "نهضت"، مەسەلەی "ئێرانی بوون" بە "مەسەلەی ناسیۆناڵ (ملی)" دادەنێ، و "مەسەلەی کورد بوون" و "فارس بوون" و "ترک بوون" و "عەرەب بوون" و "ئاسووری بوون" و

"یهود بوون" و "ئەرمەنی بوون" و "بلووچ بوون" بە "مەسەلەی قەومی tribal" دەداتە قەڵەم. واتە مەسەلەی جوولەکە و ئەرمەنی کە پارچە خاکێکی تایبەتییان نییە لە ئێراندا لەگەڵ مەسەلەی کورد و ئازەری و بلوچ کە لەسەر خاکی کوردستان و ئازربایجان و بلووجستان دەژین وەک یەک تەماشا دەکات. رۆژنامەکەی بەختیار کوردستانێک کە یەک نیشتمانی نیو ملوێن کیلۆمەترە چارگۆشەیە و ۲۰ - ۲۵ ملوێن دانیشتووانی هەیە، بەشێکی گچکەی لای رۆژهەلاتی لێ جیادەکاتەوە و ئەو بەشە بەراورد دەکات لەگەڵ "استان خوراسان" لە ئێران و لەم بارەیەوە دەبێژێ:

"سید جوادی راست دەکات کە دەبێژێ ".... کوردستان وەک خۆراسان و فارس و مازەندەران و ئازربایجان و سیستان بەشێکە لە سەرزەوی ئێران و هیچ هۆیەکی ئاینی یان رەگەزی یان زمانی ناتوانێ کوردستان لەم ئەڵقە سروشتییە جیا بکاتەوە...". ئەوجا دەبێژێ: "ئەم مافانە (مافی کورد و نەتەوەکانی ئێران) دەبێ لە چارچێوەی تەواوێتیی خاکیی ئێراندا بۆ کوردستان و هەرێمەکانی دی ئێران دیاری بکرێن". رۆژنامەکەی بەختیار، دان بەوەدا نانێ کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، بەڵکو ئەو قسەیەی کە دەڵێ "ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە" بە پروپاگەندەی مۆلۆتۆف دەداتە قەڵەم و دەبێژێ: "مۆلۆتۆف یەکەمین کەس بوو، کە باسی فرەنەتەوەیی ئێرانی کرد"؛ ئەوجا دەبێژێ: "خۆزگە ئاغایان (مەبەستی لە رۆشنبیرانی کوردە) تاریفی ستالینیان بۆ "نەتەوە" پەسند دەکرد، و خەیاڵی خۆیان و هەموو کەسێکیان رەحەت دەکرد، چونکە ئەو کاتە ئێران سروشتی فرەنەتەوەیی پێوە نەدەما... هتد". بە قسەی رۆژنامەکەی بەختیار؛ کورد بەپێی تاریفی ستالین "نەتەوە" نییە. لەبەر ئەوە بەختیار حەز دەکات کە کورد بە تاریفی ستالین رازی بن. ئێمە لێرەدا نامانەوێ بە دووروودرێژی بەرپەرچی قسەکانی بەختیار بدەینەوە؛ بەتایبەتی لەوەدا کە دەڵێ "مۆلۆتۆف یەکەمین کەس بوو، کە باسی فرەنەتەوەیی ئێرانی کرد"، چونکە ئەم قسەیە پێکەنین هێنەرە و سمایل خانی سمکۆ کە لە ساڵی ۱۹۳۰ دا بە دەستی رەزا شا کوژرا، لە سەرەتای بیستەکانەوە لە ورمێ رۆژنامەی دەردەکرد و باسی "فرەنەتەوەیی"ی ئێرانی دەکرد. ئەوی باسی

"فرەنەتەوەیی"ی ئێرانی کردووە؛ کورد خۆیان بوون نەک مۆلۆتۆڤ. بەڵام سەیر ئەوەیە دوژمنێکی کۆمۆنیزم و ستالینی وەک بەختیار، دەچێت پەنا دەباتە بەر قسەی ستالین و لە کورد دەپاڕێتەوە کە باوەڕ بە قسەکانی ستالین بهێنن، هەر بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە "کورد نەتەوە نییە". پێی وایە ئەگەر ستالین، یان بەختیار خۆی، یان شای ئێران، یان ڕێگانی دۆستیان، یان هەر کەسێکی دی، گوتی "کورد نەتەوە نییە"، ئەوسا کورد لە نەتەوەبەتیی خۆی دەکەوێ، یان باوەڕ بەو قسانە دەهێنێ. کۆمۆنیستەکانی عێراق ساڵانی دوور و درێژ کەوتنە پروپاڵانتەی ئەوەی "کورد نەتەوە نییە بەپێی تاریفی مارکسیتی"، بەڵام لە ئەنجامدا پەشیمانییان بۆ مایەوە. شایانی باسە کە بەختیار و داروودەستەکەی، نەک هەر لەو ڕەئییەدا نین کە "کورد نەتەوە" یە؛ بەڵکو لەو ڕەئییەدان کە "کورد هەر کولتووریشی نییە" و "کولتووری کورد کولتوورێکی فارسییە". چۆنکە هەر لەو وتارەدا دەبێژێ: "قسە خۆشێک بۆ برا کوردەکانمانی نووسیبوو، ئەگەر لە شەوە درێژەکانی زستانی کوردستاندا، دیوانی حافز (حافظ) وەربگرنەوە لێتان؛ چی دەکەن؟" (١٥٥). ئێمە لێرەدا هەر ئەوەندە دەبێژین بۆ دڵنیا کردنی بەختیار و لەگەڵ هەموو ڕێزێکماندا بۆ هۆنراوەکانی حافزی شیرازی، بە ملوێن کورد هەن کە نێوی حافزیان هەر نەبیستووە و ناشزانن حافز کێیە، و یەک وشەش زمانی فارسی تێ ناگەن، مەگەر ئەو وشانەی لەگەڵ زمانی کوردیدا نێو کۆین. دووریش نییە کە تاکە کەسێک لە هەموو بەشدارانی ئەم کۆبوونەوەیەی ئەمڕۆمان کە دیوانی حافزی بەتەواوی خوێندبێتەوە هەر خاوەنی ئەم وتارە بێ.

دەبێ ئەوە بزانین، کە لەپاش دامەزراندنی "کۆماری ئیسلامیی ئێران" چەند کەسێک لە "جبهەء ملی" جیابوونەوە بە سەرکردەیەتیی "متین الدفتری" کە کچەزای موسەددیقە. ئەمانە "بەرە"یەکیان دروست کرد بەنێوی "جبهەء دمکراتیک ملی ایران" (بەرەی دیمۆکراتییانەی ناسیۆنالی ئێران) و دانیان نا بە هێندێک مافی کورد و گەلە نافارسەکاندا لە ئێران. بەڵام ئەم دان پێدانانە لە مافی "ئۆتۆنۆمی" و لە سنووری ئێران نەدەچووە دەرەوە. واتە ئەمانیش کوردیان بە نەتەوەیەکی خاوەن نیشتمانی خۆی و کەرت کەرت کراو نەدەدایە

قەڵەم. ئەم "جبهە"یە زۆر سەری نەگرت و نەژیا.

تەنانەت ڕێکخراوی "مجاهدین خلق" کە خۆی بە ڕێکخراوێکی ئیسلامی دەناسێنێ، نەک ناسیۆنالیستی، کەچی کورد بە "گەل" یان بە "نەتەوە" ناداتە قەڵەم، بەڵکو بە "خەڵک" (دانیشتووان) دەیانداتە قەڵەم، کە بۆ ئەمەش وشەی "مردم"ی فارسی و populationی ئینگلیزی و Bevölkerungی ئەڵمانی بەکار دەهێنێ. لە نووسراوەکانی "مجاهدین خلق" دا تا ئەمڕۆ کورد بە "خلق" (گەل) نێو نەبراوە. دان نانی "مجاهدین خلق" بە "مافی ئۆتۆنۆمیی کوردستان" دا و ئەوەش بێ بڕینەوەی سنووری خاکی و دەسەڵاتی بەرنوەبەرانەی ئەو "ئۆتۆنۆمی"یە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بە ئەندامی "شورای مقاومت ملی" (ئەنجومەنی بەربەرەکانیی ناسیۆنال)، ئەگەنا لەوەپێش "مجاهدین خلق" بە هیچ جۆرێک دەمی لە مەسەلەی "ئۆتۆنۆمیی کوردستان" نەدەدا.

بەکورتی ناسیۆنالیستەکانی فارس، سا سەر بە بەرەی بەختیار و "نهضت مقاومت ملی ایران" و ڕۆژنامەی "نهضت" بن، یان سەر بە عەلی ئەمینی و "جبهە، نجات ایران" و ڕۆژنامەی "ایران و جهان" بن، یان سەر بە "سازمان وطن پرستان ایران" و ڕۆژنامەی "ایران آزاد" بن، یان سەر بە "سازمان ناسیۆنالیستی آرین" و ڕۆژنامەی "آرین" بن، یان سەر بە "بەرەی ناسیۆنال" (جبهە، ملی) و ڕۆژنامەی "جبهە" بن، یان سەر بە دەستەی "ارتشبد آریانا" بن، یان سەر بە "ارتش رهائی بخش ایران" و ڕۆژنامەی (آرا) بن، یان سەر بە "اتحادیە، سلطنت طلبان ایران" بن، هەموو لە و باوەڕەدان کە "کورد نەتەوە (ملت) نییە"، و هەرچەندێکیش لەنێو خۆیاندا ناکۆکییان هەبێ، لە مەسەلەی کورددا وەک یەک بیر دەکەنەوە، و بۆ بەربەرەکانیی کوردایەتی هەوڵی نێزیک بوونەوە دەدەن لەیەک. وەک لەسەرەوە دیمان ڕۆژنامەی "نهضت"ی سەر بە بەختیار؛ لەسەر قسەکانی سید جوادی کردەوە لەبارەی کوردەوە، ئەگەنا بەختیار و سید جوادی لە هیچی دیدا یەک ناگرنەوە. جا هەرچەندە بەرەی بەختیار داوای "کۆمارێکی ئێرانی مشرووتە" دەکەن، و بەرەی عەلی ئەمینیش داوای "ڕژێمێکی شاهەنشاهی مەشرووتە" دەکەن، بەڵام ئەوەتا هەردوو لایان لە

مەسەلەی کورددا وەک یەک بیردەکەنەوە. بەڵام بەپێی گۆڕانی هەلومەرج و بوونی کورد وەک هێزێکی سوپایی و سیاسی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ئەمانە جاروبار دەستێک بۆ مەسەلەی کورد رادەکێشن. کە ئەوەش هیچ جۆرە گۆڕینێکی ستراتیژی لە هەڵوێستیاندا ناگەیەنێ. بۆ وێنە: عەلی ئەمینی و شاپووری بەختیار هەتا رۆژی دەربەدەر بوونیان بە خەونی شەویش باسی کورد یان گەلێکی نافارسی دیبان نەدەکرد، لە پاریس لە ٢٨ی تیرماه ١٣٦٢ (=١٩٨٣/٧/١٩) دا؛ بەیانێکی دوو قۆڵییان دەرکرد بۆ پشتگیریی رژێمی "سلطنت مشروطه" کە لە مادده (٤)ی ئەو بەیانەدا وا هاتووە: "تأیید احترام به خصوصیات قومی مردم ایران، بدون آنکه به تمامیت و استقلال کشور لطمه بزند". واتە "پشتگیریی رێزگرتن لە تایبەتیبە تیرەییەکانی خەڵکی ئێران، بێ ئەوەی زیان بە تەواوێتیی و سەربەخۆییی وڵات بگەیەنێ". جا ئەم رستەیە مانای چییە و مەبەست لە "پشتگیریی رێزگرتن" چییە، ئەوە هەر بەختیار و ئەمینی خۆیان دەیزانن. دوای ئەوە ئێمە نازانین ئەمانە مەسەلەی ٢٥ ملوێن چۆن چارەسەر دەکەن، "بەمەرجێ زیان بە تەواوێتیی و سەربەخۆییی وڵات نەگات". ئایا ئەمە مانای وا نییە کە ئەمانە مەسەلەی کورد وەک مەسەلەی "تیرەیەکی فارس" تەماشا دەکەن، نەک وەک نەتەوەیەکی ٢٥ ملوێنی کە وڵاتەکەی خۆی لە (. . ٥) هەزار کیلۆمەترە چوارگۆشە دەدات.

ئەمجا باگوێ بگرین لە رۆژنامەی "ایران و جهان"ی سەر بە عەلی ئەمینی کە زمانی حاڵی "سلطنت طلبان مشروطه خواه"ە، و بزانین چۆن لەسەر موسەددیق (مصدق) دەکاتەوە، ئەو موسەددیقەی کە شا و شاپەرستەکانی سەر بە ئەمینی بە دوژمنی خۆیانیان دادەنا؛ بەڵام لە مەسەلەی کورددا "ایران و جیهان"ی عەلی ئەمینی لەسەر موسەددیق دەکاتەوە و لە ژمارە (١٧٥)ی (٩-١٦/کانوونی دووەمی ١٩٨٤) دا وتارێک بۆ جهانگیر نادر زاد بلاو دەکاتەوە، لەوێدا پشتگیریی لە موسەددیق دەکات، چونکە موسەددیق دژی "ئۆتۆنۆمیی ئازربایجان" بووە و گوتوویەتی:

"یک عده قلیل نمیتوانند و حق ندارند دعوی خودمختاری کنند. مطالبه،

خودمختاری مستلزم بە آرای عمومی مردم ایران است و نمیتوان گفت در مملکتی قسمتی فدرال باشد و قسمتی دولت مرکزی".

واتە: "کەمەیەکی کەم ناتوانن و مافی ئەوەیان نییە داوای ئۆتۆنۆمی بکەن. داواکردنی ئۆتۆنۆمی پێویستیی بە پرس کردنە بە ڕەئی گشتیی هەموو خەڵکی ئێران و مرۆڤ ناتوانێ بێژێ کە لە وڵاتێکدا بەشێکی فیدەراڵ بێ و بەشێکی سەنترالیست".

ئەو قسەیەی موسەددیق کە دەبێژێ بڕیاردان لەسەر مافی ئۆتۆنۆمیی ئازربایجان، بە دەست فارس یان کورد یان بلوچ، واتە خەڵکی ئێران بێ، ئەوە مەسەلەیەکە دوورە لەو سەرەتایەوە کە دەبێژێ هەر نەتەوەیەک خۆی دەبێ بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات. ئێمەش نامانەوێ لێرەدا زۆر لە سەری بڕۆین. بەڵام دەمانەوێ هێندە بڵێین؛ بۆچی دەبێ، بۆ مەسەلەی ئۆتۆنۆمیی ئازربایجان یان کوردستان یان بلووچستان پرس بە هەموو خەڵکی ئێران بکرێ، بەڵام بۆ مەسەلەی گۆڕینی ڕژێمێک وەک ڕژێمی ئیسلامی لە ئێراندا، و کردنی بە ڕژێمی شایەتی لەڕێی کودەتایەکەوە پرس نەکرێ و ڕەوا بێ؟ واتە: چەند سەت کۆنە موسەددیقییەک یان بەختیارییەک یان ئەمینییەک، هەروا لە پاریسەوە بکەونە چاوڕاو و لەڕێی کودەتایەکی سوپاییەوە ڕژێم بگۆڕن و خۆیان بێنە سەر حوکم. ئێمە لێرەدا بە هیچ جۆرێک لەسەر ڕژێمی ئێستەی ئێران ناکەینەوە، بەڵام ئەوەش ناشارینەوە کە زۆربەی زۆری خەڵکی ئێران دەنگی بۆ ئەم ڕژێمە دا و لە دژی ڕژێمی شایەتی دەنگی دا. کەچی ئەوەتە ڕۆژنامەکانی بەختیار و ئەمینی و هەموو لایەکیان شەووڕۆژ باسی "براندازی رژیم" واتە "خستنی ڕژێم" و "رووخاندنی ڕژێم"ی ئێستەی ئێران دەکەن و دەیانەوێ خۆیان بێنە فەرمانڕەوا؛ بێ گەڕانەوە بۆ ڕەئیی "خەڵکی ئێران" و بەبێ پرسی هیچ کەسێک کوڕەکەی حەمە ڕەزا پەهلەویبان دەست نیشان کردووە بە "شای ئێران". ئایە ئەمە بانێکە و دوو هەوا. شایانی باسە کە هەر ئەم جهانگیر نادر زادە کەوا وەک موسەددیق بەتەنگ "ڕەئی گشتی"ی خەڵکی ئێرانەوەیە بەرامبەر بە مەسەلەی ئۆتۆنۆمیی ئازربایجان و کوردستان، لە چەند وتارێکدا کە لە ڕۆژنامەی "ایران و جهان"دا بڵاوکرابوونەوە، بۆ وێنە لە ژمارە

(١٥٨) دا لەژێر ناوی "شاه منتظر چیست" واتە "شا چاوەڕوانی چییە" و لە ژمارە (٤.٢)دا ٣/٧/-٦/٨/١٩٨٤. و لەژێر نێوی "شاه بە مشابە یک سرباز" (شا وەکو سەربازێک) بە هەموو پڕ رووبیەکەوە کوڕی حەمە رەزا پەهلەوی بە "شای ئێران" داناوە و داوای کردووە لیی کە بگەڕێتەوە بۆ ئێران. هەر بەم قسانە کوڕی حەمە رەزا پەهلەوی خۆی نێو ناوە "ڕەزای دووەم" و لە نامەیەکدا کە لە ژمارە (٤.٢) یْ "ایران و جیهان" دا نووسیویتی داوا لە خەڵکی ئێران دەکات کە رژێمی ئێستەی ئێران بڕووخێنن و ئەم داوایەشی بەنێوی ئەوەوە کردووە کە خۆی گوایە "شای خەڵکی ئێران"ە. "ڕەزای دووەم" دەفەرموێ:

من، نە تنها خودرا در این پیکار شریک میدانم، بلکە وظیفە دارم بە عنوان یک ایرانی آزادی خواه و پادشاه شما مشوق این مبارزە حیاتی باشم" (ایران وجهان - ژمارە ٤.٢، ص ١٩).

واتە: "ئەز لەم خەباتەدا نە تەنیْ خۆم بە هاوبەش دەزانم؛ بەڵکو پێویستە لەسەر شانم بەنێوی ئەوەوە کە ئێرانییەکی ئازادی خواز و شای ئێوەم، هوروژێنەری ئەم تێکۆشانە ژیارییە بم".

دەبیْ ئەوەش بزانین کە هێندێک لە ناسیۆنالیستە فارسە شاپەرستەکان رک و کینەی خۆیان دژی کورد و زمانی کوردی ناشارنەوە و هەر کەسێک باسی ئەوە بکات کە زمانی کوردی دەبیْ لە کوردستاندا بەکار بهێنریْ بە "دوژمنی ئێران" و "دوژمنی زمانی فارسی" دەزانن. گۆڤاری "ایران نامە" کە لەلایەن "بنیاد مطالعات ایران" ەوە Foundation for Iranian Studies کە واشنتەن دەردەچیْ لە ژمارەی یەکەمی، ساڵی دووەمی پاییزی ١٣٦٢ (١٩٨٣) دا نووسیبووی:

"دشمنان ایران و تمدن ایران و زبان و ادب فارسی... دشمنان سربلندی ایران، همچنان از دو سوی بر ایران و ایرانیان می تازند: یک دستە فرهنگ ایران و تاریخ ایران و زبان و ادب درخشان فارسی را یادگار دوران کفر و زندقە می شمارند و از اینکە ایران پس از چهاردە قرن کە از ظهور اسلام می گذرد

هنوز بنام ایران برسر پاست... سخت خشمگین اند، دسته دیگر به شیوەهایچهل سال گذشته خود، تا فرصتی بدست میآوردند ندای در میدهند و به خیال خود، بر روی کاغذ "ملیت ایران" را از چند میلیون مردم ایران سلب میکنند و به موازات آن زبان فارسی را از بخش پهناور از سرزمینی ایران می رانند و زبان دیگری زبان رسمی آن منطقه اعلام میکنند".

ماناکەی بە کوردی: "دوژمنانی ئێران و شارستانێتیی ئێران و دوژمنانی زمان و ئەدەبی فارسی... کە دوژمنانی سەربەرزیی ئێرانن. ئەوا لە دوو لاوە پەلاماری ئێران و ئێرانییەکان دەدەن... دەستەیەکیان فەرهەنگی ئێران و مێژووی ئێران و زمان و ئەدەبی درەوشاوەی ئێران بە یادگاری دەورانی کفر و زەندەقەیەتی دەژمێرن و لەوەوە کە ئێران پاش تێپەڕبوونی چاردە سەتە بەسەر دەرکەوتنی ئیسلامدا، هەروا بەنێوی ئێرانەوە بە سەر پێی خۆیەوە وەستاوە، زۆر تووڕەن. دەستەی دووەمیش بە شێوەی چل ساڵ لەمەوبەری خۆیان، هەتا دەرفەتێک دەڕەخسێ بۆیان، بانگێک دەکەن، دەچن بە خەیاڵی خۆیان، لەسەر کاغەز "نەتەوایەتیی ئێرانی" لە چەند میلیۆنێک خەڵکی ئێران دەسێننەوە و شان بەشانی ئەوە زمانی فارسی لە بەشێکی بەرینی خاکی ئێراندا دەردەکەن و زمانێکی دی بە زمانی ڕەسمی ئەو ناوچەیە دادەنێن".

بەمەدا دەردەکەوێ کە دەستەی یەکەم کە دوژمن بە ئێران و زمانی فارسی و ئەدەبیاتی فارسین "موسڵمانەکانن". و دەستەی دووەمیش "کورد" و ئەو "گەلانەن کە فارس نین" و دەیانەوێ بە زمانی خۆیان لە وڵاتی خۆیاندا بخوێنن و بنووسن، و بەتایبەتی کورد و ئازەری چونکە چل ساڵ لەمەوبەر کورد و ئازەری بوون لە سنووری کۆماری کوردستان و ئازربایجاندا دەستیان کرد بە خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی خۆیان. بەکورتی لەمەدا دەردەکەوێ ئەوی خۆی بە کورد یان ئازەری یان بلووچی بزانێ و خۆی بە فارس نەزانێ بە "دوژمنی زمان و ئەدەبیاتی فارس و ئێران" دەدرێتە قەڵەم.

شایانی باسە کە لە ئێراندا، و لەپاڵ شۆڤینیزمی تەنگەبەرانەی فارسدا، بزووتنەوەیەکی ئێرانییانەی ناسیۆنالیستانەی گشتگریش هەیە بەنێوی "پان

ئێرانیزم"ەوە؛ ئەم بزووتنەوەیە لە بنەڕەتدا لە پاییزی ساڵی ١٣٢٦ (=١٩٤٧ ف) دا لەلایەن قوتابییەکی ئەو دەمەی قوتابخانەی نێوەندییەوە، بەنێوی موحسین پزیشکپوور (محسن پزشکپور)ەوە دروست کراوە. و لە ساڵی ١٣٢٩ (= ١٩٥٠) دا بووە بە "بنیاد مکتب پان ایرانیزم". ئەم دەزگەیە بانگێکی داوە بۆ هەموو ئەوانەی کە خۆیان بە ئێرانی دەزانن لە قەفقاس و بوخارا و سەمەرقەند و ئەفغانستان و کوردستان، بۆ یەک گرتن لەژێر نێو و فەرهەنگی ئێرانێتیدا. ئەم بانگە کە روو دەکاتە کورد دەبێژێ:

"ئەم پەیامە بۆ تۆیە ئەی کوردی ئازا، ئەی رۆڵەی بەوەفای نیشتمان کە پەرشوبڵاوی براکانی خۆت بەسەر دەوڵەتە دەستکردەکاندا بە ئاخو ناڵەوە تەماشا دەکەیت و ئێرانی گەورە لە کەرت کەرت بوونێکی خوێناوی و رەشدا دەبینیت" (١٥٦).

"بنیاد مکتب پان ایرانیزم" لە ساڵی ١٣٣٠ (=١٩٥١/١٩٥٢) دا بوو بە "حیزبی پان ئێرانیست" (حزب پان ایرانیست). ئەم حیزبە هەموو گەلانی ئێران، بە فارسیشەوە، بە تیرەی جیا جیای ئێرانی دادەنێ، نەک بە "نەتەوە"ی جیاواز. بەلاّم بە پێچەوانەی ناسیۆنالیستە فارسەکانەوە کە دژی کولتوور و زمان و تایبەتییەکانی ئەم نەتەوانەن، بەتایبەتی نەتەوەی کورد، پان ئێرانیستەکان کولتووری کورد و بەلووچ و پەشتوون و ئازەری، هەروەک کولتووری فارس بە بەشێک دەزانن لە کولتووری ئێران، و داوای پارێزگاری و گەشە پێدانی دەکەن، ئەگەرچی زمانی فارسی بە زمانێک دادەنێن بۆ پێوەندیکردنی هەموو ئێرانییەکان بەیەکەوە. هەروەها بە پێچەوانەی ناسیۆنالیستە فارسەکانەوە، کە کوردی دەرەوەی ئێران بە بێگانە دەزانن، و لە هەموو کاتێکدا ئامادەن لەگەڵ حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بەتایبەتی ترکیا و عێراق، هاوکاری بکەن لە دژی کورد، حیزبی پان ئێرانیست کوردی دەرەوەی ئێران بە ئێرانی و هاونیشتمان دادەنێ، و مافی ئەوەش رادەبینێ پێیان کە وەک هاونیشتمانێکی ئێران تەماشایان بکرێ و پشتگیریان بکرێ لە دژی داگیرکەرانی وڵاتەکەیان. هەر لەبەر ئەمەش بوو کە

نوێنەرەکانی حیزبی پان ئێرانیست لە پەرلەمان (مجلس شورای ملی)دا، چەند جارێک لە زەمانی شادا لە دژی هەموو جۆرە ڕێککەوتنێکی ئێران لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا وەستان و لەسەر ئەوە ڕۆژنامەکەیان داخرا. لەکاتی وەزارەتی شاپووری بەختیاردا، و لەکاتی دەنگداندا بۆ باوەڕکردن بە وەزارەتی بەختیار لە ٢٦ی دیماه ١٣٥٧ (=١٩٧٩/١/١٦)دا، محسن پزشکپور دەنگی نەدا بۆ بەختیار، و هێرشی بردە سەر ئەو هەڵوێستە دوژمنانەیەی کە حکوومەتی "تۆتالیتێر و بیرۆکراتی ئێران" تا ئەو دەمە لە دژی کورد ناویەتی و گوتی: "دەزگەی حکوومەت نازانێ کە کورد لە هەر جێیەکی ئەم جیهانەدا بن، مانیان لەگەڵ مانی گەلی ئێراندا پێکەوە بەستراوە. لەبەر ئەوە لەسەرکردنەوەی مافی ڕەوای کورد و بلوچ لە هەر جێیەکدا بن، بەشێکە لە ستراتیژیی ناسیۆنالی ئێران" (١٥٧).

لەپاش دامەزراندنی "کۆماری ئیسلامیی ئێران" و لەو ڕۆژانەدا کە هێندێک دەستی چەپەڵ شەڕی براکوژی نێوان کورد و ئازەریان هەڵ دەگیرساند، و ناسیۆنالیستە فارسەکان کوشتاری خەڵکی قارنایان دەکرد و دانەجێرینیان لە هەموو کوردێک دەکرد، و شۆڤێنیزمی ترکیان لە ئازربایجان زیندوو دەکردەوە لە دژی کورد، حیزبی پان ئێرانیست هەڵوێستێکی نێوبژیکەرانەی لە نێوان کورد و ئازەریدا پێشان دەدا و دژی ئەو کاربەدەستانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەینووسی کە ئاگری شەڕی براکوژییان خۆش دەکرد و بەبێ ترس نێوی دەزراندن. لەمانە ظهیر نژاد (کە ئێستە سەرکردەی سوپای ئێرانە) و مەلا حەسنی و شێخ صادقی خەڵخاڵی و چمران و... هتد (١٥٨). کە لە ئۆکتۆبەری ١٩٨٠دا، لەشکری کۆماری ئیسلامیی ئێران پەلاماری ڕۆژهەلاتی کوردستانی دا، بیرۆی نێوەندیی حزبی پان ئێرانیست بەیانێکی دەرکرد، لەوەدا گوتی "لەشکری ئێرانی نەک هەر بە ناڕەوا پەلاماری کورد دەدات، بەڵکو جێی ڕاستەقینەی لەشکری ئێران مووسڵ و کەرکووکە، نەک سنە و سەقز" (١٥٩). ئەم بەیانە لە ڕۆژنامەی (خلیج فارس)دا بڵاوکرایەوە کە پان ئێرانیستەکان دەریان دەکرد. ڕۆژنامەکە لەسەر ئەو بەیانە داخرا.

شایانی باسە کە بێجگە لە "حیزبی پان ئێرانیست" کە هەندازیار پەروێزی

زەفەری "پرویز ظفری" و دوکتور کیانزاد لە سەرکردە ناسراوەکانین، تا ئێستە دوو بزووتنەوەی پان ئێرانیستانەی دی لەنێو فارسەکاندا پەیدا بوون. یەکێکیان بە نێوی "سمکا" واتە (سوسیالیزم ملی کارگران ایران) کە سەردەمێک لە "جبهەء ملی" مصدق دا ئەندام بوو، بەڵام زۆر بەرگەی نەگرت. هەروەها "جوانان ناسیۆنالیست سۆسیالیستی جنبش ناسیۆنالیستی ایران در اروپا" کە ئەمەیان لە مارتی ١٩٦١ دا لە شاری مۆنیخ دروست بوو و لە مانگی مایس / حزیران ١٩٦١.دا رۆژنامەیەکی بە زمانی فارسی بەنێوی "سوگند" (سوێند)ەوە دەرکرد. "سوگند" لەسەر شۆرشی خوارووی کوردستان (عێراق) دەدوێ و لەسەری دەکاتەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەو دەمە مصدقی یەکان لە دژی بوون. رۆژنامەی "سوگند" بە شێوەیەکی گشتی هێرش دەباتە سەر حکوومەتی ئێران کە خراپەکاری دەکات لەگەڵ کورد و دەبێژێ: "لەوەرامی ئەوانەدا کە رەخنە لە ئێمە دەگرن، چۆنکە ئێمە کورد بە کورد نێو دەبەین، نەک بە ئێرانی، دەبێژین: هیچ گەلێک بەوەی ئێمە دانی پێدا بنێین، یان دانی پێدا نەنێین، کار ناکاتە سەر بوون یان نەبوونی ئەو گەلە. چۆنکە هەر ئەو گەلە دەمێنێ کە بۆ مافی ناسیۆنالی خۆی خەبات دەکات. ئەگەر ئێمە چاوەڕوانی ئەوەین کە کوردی ترکیا و عێراق خۆیان بە ئێرانی بزانن، فەرموو با ئێمە هەنگاوێک بەرەو ئەوان بنێین و دەستی دۆستایەتی بدەینە دەستیان، ئەوسا گیانی یەک گرتن لەوانیش و لە ئێمەشدا دروست دەبێ" (١٥٩).

بەکورتی لە نێوان ناسیۆنالیزمی شۆڤێنیستانەی فارسی، و رێبازی ناسیۆنالیستانەی "پان ئێرانیزم" دا؛ جیاوازییەکی بنچینەیی هەیە، کە دەبێ رەچاو بگیرێ و لێمان تێک نەچێ. "پان ئێرانیزم" هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئێرانیی ناسیۆنال دەدا، نەک فارسیی ناسیۆنال. ئەو دەوڵەتە ئێرانییش بەلای پان ئێرانیستەکانەوە دەبێ هەموو ئەو سەر زەمینانە بگرێتەوە کە خەڵکەکانی بە زمانە ئێرانییەکان دەدوون و کولتووری ئێرانییان هەیە. دیارە دروست بوونی دەوڵەتێکی وا لەسەر بنچینەی فیدرالی بێ، یان سەنترالیستی؛ ئەوە بەستراوە بە ئارەزووی ئەو گەلانە خۆیانەوە و بە هەلومەرجی رۆژگارەوە، بەڵام ئەگەر هاتو رۆژێ لە رۆژان دەوڵەتێکی ئاوا

دروست بوو، ئەوا فارسی زمانەکان بێگومان دەبنە "کەمایەتییەکی کەم" لەنێو کورد و بەلووج و پەشتوون و ئازەری و... هتد دا. ئەمەش دیارە سووتی فارسە شۆڤێنیستەکانی تێدا نییە، و هەر لەبەر ئەوەشە کە ناسیۆنالیستە فارسەکان بەربەرەکانێی "بیری پان ئێرانیزم" دەکەن.

سەرەڕای ئەم هەڵوێستە بابەتانەیەمان لە "پان ئێرانیزم"، دەبێ ئەوە بزانین کە مەسەلەی کورد مەسەلەی "نەتەوەیەکی ٢٥ ملوێنی"یە و ئەم نەتەوەیەش بەشێک نییە لە هیچ نەتەوەیەکی دی و ئەم "نەتەوەی کورد"ە لەسەر زەوییەک دەژی کە نێوی کوردستانە، کە ئەو کوردستانەش بەشێک نییە لە هیچ خاکێکی دی. نەتەوەییەکانی کورد - وەک لە شوێنی خۆی دا باسی دەکەین- لەم کلاورۆژنەیەوە دەڕواننە هەموو بیر و بزووتنەوەیەکی دی و هەموو جۆرە پێوەندییەک. لەگەڵ ئەوەشدا ئینکاری ئەوە ناکرێ کە کورد گەلێکە لە باری زمان و کولتوور و ئێتنۆلۆژیاوە ئێرانییە وەک بلووج و فارس و پەشتوون و... هتد. ئەوجا پێوەندیی سیاسی کورد بەم گەلانەوە لە داوڕۆژدا چۆن دەبێ، ئایە لە شێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی دراوسێی ئەو گەلانەدا دەبێ، یان لەشێوەی دەوڵەتێکی فیدڕالی دا دەبێ کە گەلانی ئێران، یان هەموو گەلانی رۆژهەلاتی نێوەڕاست، یان هەموو گەلانی موسڵمان، یان...، یان... کۆبکاتەوە، ئەوە شتێکە بە دەست گەلی کورد و ئەو گەلانەیە کە دەیانەوێ پێکەوە بژین، یان جیا بە جیا بژین. بێگومان هەموو پێوەندییەکی نێوان گەلانی ئێران دەبێ لە سەر بنچینەی مافی وەک یەکی تەواوی ئەم گەلانە پێک بێ، ئەگەنا ماوەی مانی "دەوڵەتی ناسیۆنالی فارس" بەم شێوەیەی کە تا ئەمڕۆ بە زۆری کوتەک راگیراوە، گەلێک تەنگتر و گرانترە لە شانسی مانی دەوڵەتە ناسیۆنالەکانی عەرەب و دەوڵەتی ناسیۆنالی ترک.

٧- ناسیۆنالیزمی عەرەب و ترک و فارس لە بەراوردکاریدا

ناسیۆنالیزمی عەرەب و ترک و فارس؛ لە نێو خۆیاندا چەند جیاوازییەکیان هەیە، و گەلێک ناکۆکیان لەسەر سنووری خاکی (١٦٠)، و راددەی دەسەلات (١٦١)، و شێوەی فەرمانڕەوایی هەیە. ئەمە بێجگە لە هێندێک

ناکۆکیی مێژوویی، و رک و کینەی رەگەزایەتی لەیەک، لەگەڵ ئەوەشدا؛ گەلێک سەرەتای بیریی وەک یەک، و بەرژەوەندیی وەک یەک، و هەڵوێستیی وەک یەکیان هەیە، بەتایبەتی لە ئاستی مەسەلەی کورددا، لەمانە:

(١)- هەر سێ ناسیۆنالیزمەکە، لە هەموو شتێک پتر، هەوڵ دەدەن بۆ راگرتن و بەهێزکردن و پتەوکردنی دەوڵەتە ناسیۆنالەکانی خۆیان، هەرچەندە دەشزانن کە ئەو دەوڵەتانەی ئەوان کردوویانە بە دەوڵەتی ناسیۆنالی خۆیان، سنوورە سیاسییەکانیان دەستکردە، و لەپاش جەنگی جیهانیی دووەم لەلایەن هێزە کۆلۆنیالیستە ئەورووپاییەکانەوە رەنگیان رێژراوە، و هەر ئەوانیشن کە ئەمڕۆ پارێزگاری لەو سنوورانە دەکەن، و کوردستانیش وڵاتێکە بە نابەدڵیی گەلەکەی خۆی بەسەر ئەو دەوڵەتانەدا دابەشکراوە.

(٢)- رێبازی بیری ناسیۆنالیستە عەرەب و ترک و فارسەکان، تاک و تەرای لێ دەرچێ، بەشێوەیەکی گشتی، رێبازێکی شۆڤێنیستانە و تا هەندازەیەکیش رەگەزپەرستانەیە. ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێ، کە ئەم رێبازە ئیدیۆلۆژییانە، دان بە واقیعی بوونی نەتەوەی کورد و مافی چارەنووسی کورددا نانێ، و کورد و وڵاتەکەی کوردستان بە کۆمەڵێک خەڵک و پارچەیەک زەوی لە دابڕان نە هاتووی گەل و نیشتمانی ئەو دەوڵەتە دەستکردانە دادەنێ، واتە کورد بە نەتەوەیەکی جیاوازی خاوەن تایبەتکاریی خۆی و خاوەن زەوی و خاکی خۆی ناداتە قەڵەم، هەر بەمەشدا دەردەکەوێ؛ کە بیری "قەومی"ی ئەم ناسیۆنالیستە عەرەب و ترک و فارسانە، بیرێکی ناوچەیییە و جیهانی نییە. چۆنکە ئەگەر "بیری قەومی" ئەمانە جیهانیی بوایە، ئەو دەمە دەبوو ئەوەی بۆ خۆیان بەڕاست و رەوای دەزانن، بۆ خەڵکی دیش بەڕاست و رەوایان بزانیایە و بیری ناسیۆنالیزمی خۆیان بۆ هەموو گەل و نەتەوەیەک و لە هەموو جێیەکی جیهاندا بخستایە کار. بەڵام ئەمە وا نییە. بۆ خۆیان "دەوڵەتی ناسیۆنالی سەربەخۆ"یان دەوێ، بەڵام بۆ کورد؛ لە گچکەترین مافی مرۆڤ بێبەشی دەکەن. لەبەر ئەوە بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ترکی و فارسی، وەک بیری ناسیۆنالیزمی گەلە ئەورووپاییەکان، بە بیرێکی

جیهانی دانانرێ، بەڵکو بە بیرێکی تەنگەبەرانەی رەگەزپەرستانەی شۆڤێنیانەی ناوچەیی دەدرێتە قەڵەم.

لێرەدا ئەم ناسیۆنالیزمە رۆژهەڵاتییانە وێچوونێکی تەواویان هەیە لەگەڵ ناسیۆنالیزمی ئەورووپاییدا. بۆ وێنە:

کاتێک خیرالله طلفاح دەبێژێ:

"ئەوی باوەڕ بەوە نەکات کە رەگەزی عەرەب (لە هەموو رەگەزێکی دی) بەرزترە؛ ئەو کەسە لە شعوبییە گەمار (پیس)ەکانە و شعوبییەکانیش ئەوی ترین بەندەی خودێن" (١٦٢).

Ch. Maurrasی ناسیۆنالیستی فەرەنسەیی دەیگوت:

"ئەوانەی دەبێژن: فەرەنسا لە سەروو هەموو شتێکەوەیە، ئەوانە نیشتمان پەروەرن" (١٦٣).

C. Rhodes ناسیۆنالیستی ئینگلیز دەیگوت:

"... رەگەزی ئینگلیز زمان دەسکەلایەکە لەلایەن خودێ وە هەڵبژێرراوە بۆ رێک کردنەوەی چارەنووسی مرۆڤایەتی" (١٦٤).

سەددام حسەین لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٨٤ دا بە سەربازەکانی گوت:

"ئەوانە (فارسەکان) دارودەستەی خۆیان کۆدەکەنەوە بۆ ئەوەی بدەن بە سەرتاندا؛ بەڵام بە یارمەتیی خودێ ئەو سەرەی ئێستە بۆمبایەکی پێدا دەکێشن، ئەو دەمە دەبێ دە بۆمبا بکێشن پێیدا و لەکاتێکدا کەوتووەتە سەر زەوی. بێگومان هەر دەبێ خاکی عێراق بە بارووت لەو سەرە بۆگەنانە پاک بکرێتەوە تاکو هیچ ناعەرەبێک بە درێژایی سەتان ساڵ نەوێرێ خاکی عێراق پیس بکات.... ئەو پیاوانەی وان لە بەرەی شەڕدا پێیان رابگەیەنن و قسەکەشم هەر بەرەو رووی ئەوان دەکەمەوە، ئەوی شایستەی گوللەیەکە، ئێوە ئەمجارە دە گوللە بنێن پێوەی و گوێ مەدەنێ، ئێمە ئەوەندە تەقەمەنیمان هەیە کە هەموو رۆبارەکانی تاران و کەنارەکانی پڕبکاتەوە" (١٦٥).

جەمال گورسێل، ناسیۆنالیستی ترک و سەرکۆماری ترکیا لە نێوەڕاستی شەستەکاندا؛ لە رۆژی ١٩٦٠/١١/١٠ دا گوتی:

"ئەگەر کوردەکان رەحەت دانەنیشن؛ بە خۆیان و وڵاتیانەوە لە نێویان دەبەین" (١٦٦).

ئەرتەشبود (ارتشبد) ئاریانا لە خوتبەکەیدا کە لە فرانکفورت لە ٣٠ آبان ماه ٢٥٤١ دا (=١٩٨٢/١١/٢١) بە بانگێشتن (دعوة)ی "سازمان آرین" دای گوتی: "بۆچی کاتێک ئەسکەندەر دەیەوێ ئێمە بکاتە مەکدونی، کەچی خۆی دەبێ بە ئێرانی. بۆچی عەرەب بەم هەموو دڕندەیەتیی خۆیەوە لە ئێمەدا تواوەتەوە و ئێرانی شارستانێتییەکی بەنێوی شارستانێتیی ئیسلامییەوە هێناوەتە بوون کە بە قسەی ئامریکورتری فەرەنسەیی: "ئەمە شارستانێتیی ئێرانە. خۆ ئەگەر ئەوەی بەنێوی شارستانێتیی ئیسلامەوە ناسراوە شارستانێتیی ئێرانی لێ بکەیتەوە، ئەوا دەمێنێتەوە عەرەب و حوشترەکەی" (١٦٧).

وەزیری دادپەروەریی ترکیا؛ مەحموود عیزەت بۆزکورت Mehmut Esat Bozkurt لە مانگی ئابی ١٩٣٠ دا گوتی:

"لە ترکیا ئازادی لە هەموو شوێنێکی دی جیهان پترە. ئەم وڵاتە وڵاتی ترکە. ئەوی لە رەگەزی پاکی ترک نییە، تەنێ یەک مافی هەیە لەم وڵاتەدا؛ یان ئەوەی بێتە نۆکەر، یان ئەوەی ببێتە کۆیلە" (١٦٨).

(٣)- فەرمانڕەوایانی ئەم دەوڵەتە ناسیۆنالە سنوور دەستکردانەی عەرەب و ترک و فارس، کە بۆ پاراستنی سنووری دەستکردی دەوڵەتە ناسیۆنالەکانیان؛ بە هەموو جۆرێک هەوڵ دەدەن، و ئەوەش دەخەنە پێش هەموو فەرمانێکی دییانەوە، و بە نێوی "یەکێتیی نیشتمان" و "تەواوێتیی خاک"ەوە لە هیچ کردەوەیەکی دڕندانە ناپرنگێنەوە، ناچاربوون هەر لەو پێناوەدا رێ لە هەموو بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانە و دیمۆکراسییانە بگرن، لەبەر ئەوە رژێمی ئۆتۆریتێرانە و ئێتاتیستانە و تۆتالیتێرانەی دژ بە ئازادی و دیمۆکراسی،

بووەتە ئەنجامێکی سروشتی و ئاسایی نەریتی فەرمانڕەوایی ئەم فەرمانڕەوا شۆڤێنیستانە، بە جۆرێکی وا، کە هەر لە سەرەتای دروست بوونی ئەم دەوڵەتانەوە تا ئەمڕۆ، -هێندێک سەردەمی زۆر کورت دەربکرێ لێی- ژیانی دیموکراتیبانەیان بە خۆیانەوە نەدیووە. ڕاستییەکەی ئەوەیە؛ ئەو ناکۆکییەی لەنێوان کورد و گەلە فەرمانڕەوا خاوەن دەوڵەتە ناسیۆنالەکاندا هەیە، هەرچەندە لەژێر سێبەری ڕژێمێکی دیموکراتیدا چارەسەر ناکرێ و نابڕێتەوە، چونکە مەسەلەی کورد جۆری ڕژێمی فەرمانڕەوایی نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی تیریتۆریالە؛ بەلاّم سیستەمی دیموکراتی و ئازادیخوازانە و دەوڵەتی دەستووریی مافی، بۆ بیری فاشیستانەی تۆتالیتێرانە، وەک تیشکی هەتاو وایە بۆ گۆشتی گەنیو. جا چۆن کە هەتاو لە گۆشتی گەنیو هەڵ هات، بۆگەنی زێتر هەڵ دەستێ، هەر ئاواش بیروباوەڕی فاشیستانەی تۆتالیتێرانە، لە کۆمەڵگەیەکی ئازادیخوازی دیموکراتیبانەدا زێتر و ئاسانتر لە بۆگەنی خۆیدا گیانی دەرزێ. هەروەهاش ئەگەر بێتو سیستەمی دیموکراتی لە هەر یەکێک لەم دەوڵەتە ناسیۆنالە عەرەب و ترک و فارسانەدا بخرێتە کار، ئەوە دەبێتە هۆی دروست کردنی گیروگرفتی گەورە و خستنەڕووی ناکۆکی و ناتەبایی وا، کە بەو دەوڵەتە دەستکردانە بە هیچ جۆرێک چارەسەر نەکرێ، مەگەر بە جیابوونەوەی کوردستان. هەر لەبەر ئەوەیە کە سیستەمی دیموکراتیبانە لەم وڵاتانەدا ناتوانێ بێ، و ئەگەر بووش زۆر ناژی و هەر زوو جێی خۆی بۆ کودەتاکەرو مرۆڤی سەرچڵ و ڕژێمی دیکتاتۆریتی و تۆتالیتێری چۆڵ دەکات. کودەتا یەک لە دوای یەکەکانی سوپای ئەم دەوڵەتانە بەتایبەتی ترکیا و عێراق و سووریا نموونەن بۆ ئەممو ئەوجا ئێستە دەتوانین لە قسەکانی ئێڤرەن بە باشی بگەین کە پاش کودەتاکە دەیگوت "دیموکراسی (کەمالیات) یێکە بۆ ئێمەی (ترک) دەست نادات" و لەمەشدا زۆر ڕاستی دەکرد. جا لەبەر ئەوەی گەورەترین ئامانجی ئەم بیرە شۆڤێنیستانە و ڕژێمە تۆتالیتێرەکانیان، پاراستنی سنوورە، دەبینین پاش هەموو کودەتایەک بەنێوی "یەکێتیی نیشتمان" و "تەواوێتیی خاک" و بەربەرەکانێی جیابوونەوە خوازییەوە؛ قانوونەکانیان تیژتر دەکەن و سزای ئەوانەی کە بیر لە تێکدانی ئەم "تەواوێتی" و "یەکێتی"یە

دەکەنەوە؛ بەنێوی "جیابوونەوە خوازی"یەوە گرانتر دەکەن.

(٤)- ناسیۆنالیزمی عەرەب و ترک و فارس، هەرچەندە بە دەم باسی "دادی کۆمەڵایەتی" و هێندێ جاریش باسی "سۆسیالیزم"یش دەکەن، بەڵام ئەم بزووتنەوە ناسیۆنالیستانە، هەر یەکەیان کوتەکێکە بە دەستی دەستەی هوردە بۆرژوای میلیتانتی عەرەب و ترک و فارسەوە، و هۆیەکە بۆ خۆڵ کردنە چاوی رەشورووت و زەحمەتکێشی ئەم گەلانە و کردنیان بە دوژمنی کورد، بۆ ئەوەی مەسەلەی بنچینەیی خۆیان لەبیر ببەنەوە، کە بریتییە لە ژیان بە برسێتی و هەژاری ئەم چین و دەستە بەشخوراوانە. بۆ گەیشتنیش بەم ئامانجە هەمیشە مەسەلەی کوردایەتی و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد بە فیت و فێڵی "ئیمپریالیزم و دەرەبەگ و کۆنەپەرست" دەدەنە قەڵەم، نەک بە دۆز و بزووتنەوەی نەتەوەیەکی خاوەن ماف.

(٥)- ناسیۆنالیزمی عەرەب و ترک و فارس، سەرەڕای هەموو ناکۆکییەکی نێو خۆیان، هەر لەسەر مەسەلەی سنوورەوە بیگرە تا مەسەلەی دژایەتیی رەگەزی و رکەبەرایەتی لەسەر دەسەڵات و جۆری رژێم و پێوەندیی ئینتەرناسیۆنالی، هەموویان هەڵوێستێکی دژانەی وەک یەکیان هەیە بەرامبەر دۆزی کورد، و لە ئاستی بەربەرەکانێی بزووتنەوەی کوردایەتیدا، ئامادەی هەموو جۆرە هاوکارییەکن. پەیمانی سەعد ئاباد (١٩٣٧/٧/٨) و پەیمانی عێراق و ترکیا ١٩٤٦ و ١٩٧٨ و پەیمانی ترکیا و ئێران (١٩٣٤) و پەیمانی بەغدا کە دوایی بوو بە پەیمانی سەنتۆ ١٩٥٥ و پەیمانی عێراق و ئێران (پەیمانی جەزائیر ١٩٧٥/٣/٦) و... هتد، هەموو نموونەن بۆ ئەمە. جا هەرچەندە ئەم دەوڵەت یان ئەو دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان، جاروبارێک ئامادەیە "یارمەتی"ی کوردی ژێردەستەی دەوڵەتێکی دراوسێی خۆی بدات؛ بەڵام ئەوە بە هیچ جۆرێک لە بنچینەی مەسەلەکە ناگۆڕێ و لەبەر خاتری کورد نییە؛ بەڵکو لە سەرێکەوە بۆ ئەوەیە دەوڵەتەکەی دراوسێی چاوترسێن بکات، و لەسەرێکی دیکەشەوە بۆ ئەوەیە کە کوردی ژێردەستەی خۆی و کوردی ژێردەستەی دەوڵەتەکەی دراوسێی؛ لە یەک بکات، و ناکۆکی بخاتە

نێوانییانەوە، و نەهێڵێ یەک بگرن. بەڵام هەر کاتێک زانیان کورد ئەوەندە بەهێز بووە کە دەتوانێ بەسەر پێی خۆیەوە بوەستێ، ئەوجا بە هەموو لایەک ناکۆکیی خۆیان دەخەنە ئەولاوە، و لە کورد دەدەن. ڕێکەوتنی شای ئێران کە نوێنەرێکی سەرسەختی ناسیۆنالیزمی شۆڤێنیستانەی فارس بوو، لەگەڵ سەددام حسەین کە نوێنەرێکی سەرسەختی ناسیۆنالیزمی شۆڤێنیستانەی عەرەبە، پاش چەند ساڵێک گیروشیر لە یەک سوون، و پاش ئەوەی شای ئێران چەند ساڵێک گوایە "یارمەتی"ی سەرکردایەتیی شۆرشی کوردستانی دەدا، بە چاکی دەری دەخات کە ئەم دەوڵەتە ناسیۆنالە شۆڤێنیستانە "مەترسیی کورد" دەخەنە پێش هەموو ناکۆکییەکی نێوان خۆیانەوە.

(٦)- ناسیۆنالیستە عەرەب و ترک و فارسەکان، زۆرجار توانیویانە کە ڕێبازی تۆتالیتێرانە لە بزووتنەوە چەپییەکانی ترک و عەرەب و فارسدا بکەنە هاوپەیمانی خۆیان؛ بەڵکو بیان کەنە کوتەکی دەستی خۆیان لە دژی بزووتنەوەی کوردایەتی. ئەتاترک "پارتی کۆمۆنیستی ترک"ی دەستکردی خۆی لە بیستەکاندا داتاشی و ئیجازەی ڕۆژنامەیەکی "کۆمۆنیستانە"شی بەناوی Aydinlik ەوە دا، کە بوبوو بە زوڕنایەک بۆ شۆڤێنیزمی ترک و ڕژێمی مستەفا کەمال، دژی کورد و کوردایەتی، بەتایبەتی دژی شۆرشی دیاربەکر لە ١٩٢٥ دا. قاسم و سەددام حسەین هەردووکیان "پارتی کۆمۆنیستی عێراق" یان ماوەیەکی زۆر دادۆشی و کردیانە دەسکەلای دەستی خۆیان لە دژی بزووتنەوەی کوردایەتی. "حیزبی توودەی ئێران" و "فدائیان خلق" (اکثریت) و "رنجبران" ماوەی چەند ساڵێک بوونە زوڕنازەنی شۆڤێنیزمی فارس دژی کورد. پارتی کۆمۆنیستی سووریاش هەروەها. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆربەی زۆری ڕێکخراوە چەپییەکان، بەتایبەتی مارکسیستەکان، سیاسەتێکی سەربەخۆیان نەبووە و هێندێکیشیان تا ئێستەش هەر نییانە و پێبەندی ئەو کرۆکە (مرکز) ئینتەرناسیۆنالانە بوون کە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کۆمۆنیزم دەکەن لە جهاندا وەک مۆسکۆ، پەکین، تیرانا. کە ئەمانەش هەر یەکەیان بەپێی بەرژەوەندیی ناسیۆنالی خۆی، نەک بەرژەوەندیی ئینتەرناسیۆنال، دەجووڵێنەوە.

(٧)- هێندێک ڕێبازی ناسیۆنالیزمی عەرەب و فارس، پێ بە پێی بەهێزبوونی بزووتنەوەی کوردایەتی، و هێندێک هەلومەرجی تایبەتیی ناوچەکە و جیهان کە لە بەرژەوەندیی وان نەبوو، ناچاربوون دان بە هێندێ مافی سەرەتاییی کورددا بنێن؛ بۆ وێنە؛ مافی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی، و هێندێ جاریش دێنە سەر ئەوەی باسی "گەلی کورد" یان وشەی "کوردستان"یش دەکەن. ئەمە لە عێراق و ئێراندا وایە، چونکە بزووتنەوەی کوردایەتی لەو دوو دەوڵەتەدا قورساییەکی جەماوەری و سوپایی هەیە. بەڵام لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی لە ترکیا و سووریادا، ئەو قورساییەی نییە، ناسیۆنالیزمی ترک و ناسیۆنالیزمی عەرەب لە سووریادا، دان بە گچکەترین مافی کورددا نانێن. تەنانەت خوێندن و نووسینیش بە کوردی ڕێی پێ نادرێ. بەڵام دەبێ ئەوە بخەینە بەرچاو، کە دان نان بە هێندێ مافی خوێندەواریی کورددا لە عێراق و ئێراندا، یان ناو هێنانی کورد یان کوردستان، هیچ لە بنچینەی مەسەلەکە ناگۆڕێ، چونکە یەکەم: ئەو دان پێدانانە لە ناچارییەوە هاتووە و لە باوەڕەوە نەهاتووە. بۆ وێنە: بەعسییەکان لە ١١ی مارتی ١٩٧٠ دا دانیان نا بە مافی ئۆتۆنۆمیی کوردستاندا؛ کەچی پاش تێکشکانی شۆڕشی ئەیلوول لە مارتی ١٩٧٥ دا خوێندنی کوردییان لە گەلێک قوتابخانەکاندا لابرد، بەڵام بە هۆی جەنگی عێراق و ئێرانەوە و، کاتێک ڕژێمی بەعس کەوتە مەترسییەوە، سەددام حسەین لە ١٩٨٣/٤/١١ دا بەیانێکی دەرکرد بەپێی ئەوە "زارۆی کورد مافی درایە تا پۆلی چاری سەرەتایی هەر بە کوردی بخوێنێ". هەروەها شای ئێرانیش لە کاتێکدا ڕژێمی عێراق لە شایەتییەوە بوو بە کۆماری و عێراق لە پەیمانی بەغدا دەرچوو، لە ساڵی ١٩٥٩دا، لە تاران ڕۆژنامەیەکی بە زمانی کوردی بەناوی "کوردستان"ەوە دامەزراند. بەڵام کە بەعسییەکان لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ دا هاتنە سەرکار و بەڵێنیان دا بە شا کە پێکەوە قەلاچۆی کورد بکەن، شاش دەستوبرد ئەو تاقە ڕۆژنامەیەشی داخست. دووەمیش: ئەوان نەتەوەی کورد بە بەشێک لە عەرەب و فارس دەزانن، و کوردستانیش بە بەشێک لە وڵاتی عەرەب و وڵاتی فارس. لەبەر ئەوە هەموو جۆرە دان پێدانانێکی لاتەنیشتانە،

لە بنچینەی مەسەلەکە ناگۆڕێ. چۆنکە مەسەلەی کورد نە مەسەلەی خوێندن و نووسینە بە کوردی؛ بەڵکو مەسەلەی نەتەوەیەکی دابەشکراوە، و وڵاتێکی داگیرکراوە. لەبەر ئەوە ئەوانەی لەم خاڵەوە دەست پێ ناکەن، دیارە نایانەوێ، یان ناتوانن، چارەسەری کێشەی کورد بکەن.

(٨)- ناسیۆنالیزمی عەرەب و ترک و فارس؛ بەدەم باسی هەنگاو و هەڵوێستی "دژ بە ئیمپریالیزم" و "دژ بە کۆنەپەرستی"ی خۆیان دەکەن، و دەبێژن گوایە "بێ لایەنن" لە نێوان هەردوو لەشکرەگە زلهێزەکەدا؛ بەڵام بەکردەوە پێبەندی دەوڵەتە زلهێزەکانن. ئەمەش بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندیی بازرگانی و سوپایی تایبەتیی خۆیان، و لەم رێیەدا چاو لە هەموو گوناە و خراپەکارییەکی ئەم زلهێزانە دەپۆشن بەرامبەر گەلە ژێردەستەکان و چینە بەشخوراوەکان و رەگەزە کەنەفت کراوەکان. بەکورتی ئەگەر بێتو جاروبارێکیش بەربەرەکانیی ئیمپریالیزم بکەن، ئەوە نەک بۆ ئەمەیە کە ئیمپریالیزم لە نێو ببەن بەڵکو بۆ ئەوەیە کە خۆیان جێی ئیمپریالیزم بگرنەوە. بۆ وێنە ئەتاترک پاش دەرکردنی سوپای کۆلۆنیالیستەکانی ئەورووپا، خۆی دەوری ئیمپریالیزمی گێڕا و جێی ئەوانی گرتەوە. تەنانەت جواهیر لال نەهرۆ، لەم بارەیەوە دەبێژێ: "نە ئاوا ئەو ترکانەی ماوەیەکی کورت لەوەپێش بۆ ئازادیی خۆیان تێدەکۆشان، کوردیان چەوساندەوە، ئەو کوردانەی کە ئەوانیش هەر بۆ ئازادیی خۆیان تێدەکۆشان. شتێکی سەیرە، کە ناسیۆنالیزمێکی لەسەرخۆکەرەوانە (دفاعي) ببێتە ناسیۆنالیزمێکی پەلامەردەرانە و خەبات کردن بۆ ئازادی ببێتە خەباتێک بۆ فەرمانڕەوایی بەسەر یەکێکی دیدا (١٦٩).

ناسیۆنالیستە عەرەبەکانیش، کە لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا بەربەرەکانیی فەرمانڕەواییی ترکیان دەکرد، هەر کە رزگاربوون لە ترک و دەوڵەتی ناسیۆنالی خۆیان دامەزراند، هەمان دەوری ترکیان لە دژی کورد گێڕا و خۆیان بوونە کۆلۆنیالیست لە کوردستاندا. شای ئێرانیش دەیویست "دەسەڵاتی بێگانە لە کەنداوی فارسدا نەمێنێ"، بەڵام بۆ ئەوەی خۆی ببێتە "پێنجەمین هێزی جیهان"، وەک بە ئاشکرا دەیگوت.

(٩)- ناسیۆنالیستەکانی عەرەب و ترک و فارس هەوڵ دەدەن بۆ "یەک رەنگ کردن Homogenisation"ی دەوڵەتە ناسیۆنالەکانیان، لەرێی نەهێشتنی ئەو نەتەوە و کەمایەتییانەوە کە لە سنووری دەوڵەتە ناسیۆنالەکانیاندا دەژین. جا لەبەر ئەوەی گەلێک لەو کەمایەتییانەی کە لە پێش جەنگی جیهانیی یەکەمدا لەنێو سنووری دەوڵەتە تێریتۆریالەکانی عوسمانی و قاجاردا، وەک ئەرمەنی و ئاسووری، پاش جەنگی جیهانیی یەکەم و لە ماوەی جەنگدا لەنێو بران، و ئەوانی دی تا هەندازەیەک بێ هێز و ئاوەکی کراون و تەنێ نەتەوەی کورد ماوە کە توانیبێتی خۆی بپارێزێ، ئەوا مەسەلەی "یەکرەنگ کردن" لە پلەی یەکەمدا بووە بە مەسەلەی لەنێوبردنی کورد، کە ئەمەش گەلێک شێوەی جیاوازی وەرگرتووە: ١- دان نەنان بە رەسمی بە بوونی کورددا، یان دانانی کورد بە ژمارەیەکی زۆر کەمتر لەوەی لە راستیدا هەیە. ٢- قڕکردنی کورد بە دەستە و تاکە تاکە. ٣- دوورخستنەوەی کورد لە کوردستان و پڕکردنەوەی جێگەکەیان بە ترک و عەرەب و فارس. ٤- بەربەرەکانێ کردنی کولتووری؛ بە رێبەند کردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی و نووسینی کوردی و کتێبی کوردی و مۆزیقە و هەڵپەرکێی کوردی و جلکی کوردی و نێوی کوردی. ٥- هێنانی عەرەب و ترک و فارس لە دەرەوەی ئەم دەوڵەتە ناسیۆنالانە و کردنیان بە هاونیشتمان (مواطن) بۆ زۆرکردنی ژمارەی عەرەب و ترک و فارس و کەم کردنەوەی ژمارە و نرخی کورد. بۆ وێنە لە کانوونی دووەمی ١٩٧٥ دا قانوونێک لەلایەن فەرمانڕەوایانی بەعسی عێراقەوە دەرچوو کە بە پێی ئەوە "جنسیەی عێراقی بدرێ بە هەموو عەرەبێک کە حەز بکات هەیبێت و لە بنیات نانی عێراقدا بیەوێ بەشدار بێ". ترکیاش خۆی بە نیشتمانی هەموو ترکێک دەزانێ. تا ئێستە گەلێک ترکی هەڵاتووی سۆڤێت و ئەفغانستان و ئێران و عێراقی گرتووەتە خۆی و کردوونی بە "هاونیشتمان".

(١٠)- ناسیۆنالیزمی ترک و عەرەب و فارس، هەرچەندە بە چاولێکەریی ناسیۆنالیزمی رۆژاوا، باسی لایسێتی (العلمانیة) دەکەن، بەڵام لەلایەکی دییەوە "رەوایەتی" (الشرعیة Legitimacy)ی بوونی خۆیان لەسەر

بنچینەیەکی میتافیزیکی - ئاینی و میتۆلۆژی دادەمەزرێنن، نەک بنچینەیەکی ماددی واقیعی. بۆ وێنە تۆرانییەکان؛ ڕەوایەتیی خۆیان دەبەستن بە بنچینەی بیرەکەیانەوە کە لە میتۆلۆژیای "گورگە بۆر"ەوە هەڵ قوڵاوە و بەپێی چیرۆکێک کە دەیگێڕنەوە "گورگێکی بۆر" بە فەرمانی خودێ ڕێبەریی دوا هۆزی ترکی لە چیاکانی ئالتایەوە بۆ ئاسیای گچکە کردووە و، ڕەگەزی ترکی لە تەفروتوونا بوون پاراستووە. ناسیۆنالیستە عەرەبەکان، بەتایبەتی عەقلەقییەکان، پێیان وایە کە خودێ هەڵی بژاردوون بۆ ئەوەی پەیامی ئیسلامەتیی ئێزدان بگەیەنن بە ئادەمزاد، چونکە عەرەب - وەک ئەوان دەبێژن - هێندێک ڕەوشت و سروشتیان تێدایە کە لە گەلانی دیکەدا نییە، لەبەر ئەوەیە کە خودێ ڕێزی لێ ناون و ئەو دەورەی سپاردووە پێیان. شای ئێرانیش زۆر جار خەونی بە "پیاوچاکان"ەوە دەدی، کە دەستیان دەدا بە پشتی دا و لە لەنێوچوون بەدەستی دوژمنەکانی ڕزگاریان دەکرد و ڕێیان پێشان دەدا بۆ ئەوەی بمێنێ و بتوانێ ئیمپراتۆریتیی فارس زیندوو بکاتەوە بە فەرمانی خودێ و کوڕەکەشی کە نێونراوە "ڕەزای دووەم" بوونی خۆی وەک "شا" بە "پێویستییەکی ڕەوانی" (نیاز روحی) ئێرانییەکان دەداتە قەڵەم؛ وەک بە پەیامنێری ڕۆژنامەی "حريت"ی ترکی. گوتبوو و... هتد.

(۱۱)- سەرەڕای لاف لێدانی لایسیتی (العلمانية) و جیاکردنەوەی "ئاین" لە "سیاسەت"، هەر سێ ناسیۆنالیزمەکە لەم ساڵانەی دواییدا هەوڵ دەدەن بۆ سووت وەرگرتن لە ئاینی ئیسلام؛ بەتایبەتی بۆ بەربەرەکانێ کردنی کۆمۆنیزم لەبەر ئەوە هەوڵ دەدەن "ئیسلامەتی" بژێننەوە، بەڵام ئەوەش نەک ئیسلامەتیی ڕاستەقینە کە "ئاین" و "سیاسەت" لە یەک جیا ناکاتەوە؛ بەڵکو ئیسلامەتیی ساختەکاری. بۆ وێنە: پاش ئەوەی ڕەزا شا لە ماوەی فەرمانڕەوایی خۆیدا بە هەموو جۆرێک بەربەرەکانێی ئاینی ئیسلام و دەسەڵاتی ئاخوندە شیعەکانی دەکرد، و کوڕەکەشی محەممەد ڕەزا هەتا نێوەڕاستی ۱۹٦٥ بەربەرەکانێی ئیسلامەتیی ڕاستەقینە و سەرکردەکانی دەکرد و ڕێبەرانی شیعەی وەک خومەینی و تالقانی و کێ و کێی دەربەدەر و زیندانی دەکرد، ئەوجا دەستی کرد بە لە زێڕگرتنی گوومەزی پیاوچاکان و پارە تەرخان کردن بۆ مزگەوت و

خوێندنگە ئاینییەکان. ئەتاترکیش تا لە ژیاندا بوو بە هەموو هێزێکییەوە بەربەرەکانێی ئاینی ئیسلامی کرد، وەک رێبەندکردنی دەرزی "فیقهی ئیسلام" هەر لە ساڵی ۱۹۳۳ ەوە تا ۱۹٤۸ و رێبەند کردنی تەریقەتی دەروێشی، کەچی لە پەنجاکاندا و لە پەنجاکان بە دووەدا. مەسەلەی ئیسلام، کەمو زۆر، لە ترکیادا هاتە پێشەوە، و ئێستەش لە زەمانی ئیڤرەندا کە شاگردێکی گوێرایەڵی ئەتاترکە، کۆلێجی شەریعەتی ئیسلامی لە هەشت زانستگەی ترکیادا هەیە، و لە ساڵی ۱۹۸۲ ەوە دەرزی ئاین هاتووەتە پرۆگرامی قوتابخانە سەرەتاییەکان. بەعسییەکانیش لەلایەن خۆیانەوە و لە حەفتاکاندا بەدواوە، دەستیان کردووە بە باسی ئیسلام و ئیسلامەتی و مووچە بڕینەوە بۆ مەلاکان و مزگەوت دروستکردن. بەڵام دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین ئەوەی ناسیۆنالیستە فارس و ترک و عەرەبەکان لە ئاینی ئیسلام چاوەڕوانی دەکەن؛ کە ببێتە کوتەکێک بە دەستیانەوە بۆ لێدانی کۆمۆنیزم لە پێناوی بەرژەوەندیی ئەوان و پاراستنی رژێمەکانیاندا، ئەوە روو نادات، بەڵکو پێچەوانەکەی روو دەدات. چۆن لە ئێراندا؛ کاتێ کە ئاینی ئیسلام ئازادی بە خۆیەوە دی و هێزی سەند؛ شۆڤێنیزمی فارسی شاهەنشاهیی حەمە رەزای پەهلەوی رووخاند و خۆی هاتە جێی، و چۆن لە میسردا کە سادات هەر لە پاش مردنی ناسرەوە هەوڵی دا بۆ هێنانە پێشەوەی ئیسلام و تەنانەت بە درۆ قورئانیشی کرد بە سەرچاوەی قانوون لە میسردا؛ بەڵام ئەوە بوو نەیتوانی ئیسلام بکاتە دەسکەلای ئامانجەکانی خۆی، بەڵکو بە دەستی موسڵمانە بنچینەگەرەکان کوژرا. ئاواش لە ترکیا و وڵاتە عەرەبییەکاندا ئاینی ئیسلام هەر ئەو دەورە دەگێرێ و داوودەزگەی خۆی بەهێز دەکات و خۆی دێتە سەرکار. چونکە ئیسلامەتی لەگەڵ شۆڤێنیزمیی عەرەب و ترک و فارس یەک ناگرێتەوە. بێجگە لەوەش بزووتنەوەی ئیسلامیی راستەقینە، بزووتنەوەیەکە سەر بە هیچ دەوڵەتێکی زلهێز نییە تاکو فەرمان لەوێ وە وەربگرێ و بەپێی ئەو فەرمانە بجووڵێتەوە. جا لەبەر ئەوە شۆڤێنیستە عەرەب و ترک و فارسەکان لەم حسێبەیاندا زۆر بە هەڵە چوون و نەفامانە بۆ مەسەلەکە دەچن.

٨- دەوڵەتی ناسیۆنال لای چینی کلاسیک و هوردە بۆرژوای کورد

وەک لەمەوبەر گوتمان، بیری دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆناڵ لە کوردستاندا زۆر کۆنە، و لە بنەڕەتدا بیرێکی خۆییە و بەلایەنی کەمەوە لە سەتەی شانزەدا لە کایەدا بووە، و بەڵگەشمان لەسەر ئەوە پێشان دا. هەروەها ئەوەش دەزانین کە سەرکردایەتیی کلاسیکی کورد وەک میر بەدرخان پاشای میری جزیرە و بۆتان (۱۸۰۲-۱۸٦۷)، لە نیوەی یەکەمی سەتەی رابوردوودا ویستوویەتی بە کردەوە ئەم دەوڵەتە بهێنێتە دی؛ بەڵام پێی نەکراوە. دوای ئەویش شێخ عوبێدوڵڵای نیری (ک.۱۸۸۳) لە ساڵی ۱۸۸۰ دا لەڕێی کۆکردنەوەی لەشکرێکی گەورە و رزگارکردنی بەشێکی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە؛ جارێکی دی هەوڵی بۆ ئەم ئامانجە داوە؛ بەڵام ئەویش بە ئاواتی خۆی نەگەیشتووە. شایانی باسە ئەو سەرکردە کلاسیکیانەی کە لە سەتەی رابوردوو و نیوەی یەکەمی ئەم سەتەیەدا، هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستانیان داوە؛ وەک میر بەدرخان پاشا و شێخ عوبێدوڵڵای نیری و شێخ سەعیدی پیران و سمایل خانی سمکۆ و شێخ مەحموودی بەرزنجی و سەردار رەشید و ئیحسان نووریی ئاراراتی و سەید رەزای دێرسمی و شێخ قادری شەمزینی و... هتد، زۆرو کەم ئاشنایەتییان لەگەڵ کولتووری رۆژاوا بووە، و لەبارەی سیاسەتی دەوڵەتانی رۆژاواوە شارەزابوون. بەڵام بێگومان، ئەو دەوڵەتە کوردییە ناسیۆناڵەی کە سەرکردەی کلاسیکیی کورد دەیویست دروستی بکات، نەدەبووە قۆپییەکی کوتومتی دەوڵەتە رۆژاواییەکان، هەروەها نەدەبووە دەوڵەتێکی ئیسلامی لەسەر بنچینەی خستنەکاری "شەریعەت"، ئەگەرچی ئەو سەرکردانە هەموو لەبنەماڵەی رێبەرانی موسڵمانان کەوتبوونەوە (۱۷)، بەڵکو دەوڵەتی ناسیۆنالی کورد، ئەگەر بهاتایە و ببوایە، ئەمڕۆ تێهەڵکێشێک دەبوو لە نێوان داو و دەستووری دەوڵەتێکی بۆرژوازیی ئەورووپایی و دەوڵەتێکی ئیسلامیدا. ئەگەر دەستوور و یاسا و نەریتەکانی حکوومەتی شێخ مەحموودی بەرزنجی (۱۸۸۲-۹/۱۰/۱۹۵٦) تەماشا بکەین کە لە خوارووی کوردستاندا چەند ساڵێک بەرگەی گرت (لە ۱۹۱۸/۱۱/۲ەوە تا ۱۹۲٤/۷/۱۹)؛ دەبینین تێهەڵکێشێک بووە لە قانوون و دەستوورەکانی دەوڵەتێکی بۆرژوازیی ئەورووپایی و شەریعەتی ئیسلام و خووڕەوشتی

کوردەواری (١٧١). ئەو قانون ونەریت و یاسایانەی لە دەورانی حکومەتی قازی محەممەد (١٨٩٣-١٩٤٧/٣/٣١) لە کۆماری کوردستاندا بەکار دەهێنران، هەر بەم جۆرە بوون (١٧٢). تەنانەت ئەگەر تەماشای ئەو کۆمەڵە دەستوور و یاسایانە بکەین کە "ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانی عێراق / بیرۆی بەجێگەیاندن) لە سالأنی ١٩٦٤-١٩٦٥ دا بۆ ئەو ناوچانەی دەرهێنابوو، کە لەلایەن پێشمەرگەوە دەبران بەڕێوە، هەروا بوون. هەرچەندە ئەو قانوونانە بۆ ئەوە دانرابوون کە جێی قانوونەکانی عێراق بگرنەوە لە کوردستاندا و دەسەلأتەکان لەیەک جیا کرابوونەوە، و دەسەلأتی دادگەری (السلطة القضائية) بە سەربەخۆ درابووە قەڵەم (١٧٣) وەک دەوڵەتێکی بۆرژوا لیبەرالی ئەورووپایی، لەگەڵ ئەوەشدا کە دێتە سەر قانوونی ئەحواڵی شەخسی "قانون الاحوال الشخصية" دەڵێ:

"قانوونی ئەحواڵی شەخسی دەخرێتە کار، و بۆ ئەو دۆخانەی کە لە قانوونی نێوبراودا نەبێ؛ حوکمەکانی شەریعەتی بەرزی ئیسلامی بەپێی هەلومەرجی ئەو بارە دەخرێنە کار" (١٧٤).

شایانی باسە، کە وێنەی ئەم جۆرە تێهەڵکێشە، کەمو زۆر، لە دەستوورەکانی دەوڵەتە ناسیونالەکانی عەرەب و ئێرانی زەمانی رەزا شا، و دەستوورەکانی هێندێک لە وڵاتە رۆژهەڵاتییە ئیسلامییەکاندا بە دی دەکرێ.

پێویست بە باسکردنە، کە هوردە بۆرژوای کورد لە کۆتاییی سەتەی رابوردوودا، وەک دەستەیەکی یەکجار بێ هێزی بێ جەماوەر، لە شارە گەورەکانی دەوڵەتی عوسمانی وقاجاری دا، بەتایبەتی لە ئەستەمووڵ و تاراندا هاتە کایە و بەنێوی "منەوەر"ەوە ناسرا؛ کە ماناکەی "رۆشنبیر"ە، بەڵام لەنێو خەڵکدا بە زۆری مانای "کافر" و "خودێ نەناس"ی دەدا بەدەستەوە. هێندێک لەم "منەوەرانە"؛ خۆیان خستە خزمەتی ئامانجەکانی سەرکردەی کلاسیکی کوردەوە، کە ئەو دەمە بۆ سەربەخۆیی و یەکێتیی کوردستان تێ دەکۆشا. پاش دابەشکردنەوەی کوردستان دوای جەنگی جیهانی یەکەم، سیاسەتی دەوڵەتە داگیرکەرەکان وابوو، کە لە کوردستاندا پیشەسازیی گەورە نەبێ. لەبەر ئەوە

چینی بۆرژوای گەورە و سەرمایەداری گەورە لە کوردستاندا دروست نەبوو. ئەو تاکوتەرا کوردەی کە لەرێی پێوەندیی بازرگانییەوە بە پێتەختەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە، یان بەهۆی نواندنی دەوری کۆمپرادۆرەوە، دەوڵەمەند دەبوون و دەبوونە سەرمایەداری گەورە؛ نەیان دەتوانی لە کوردستاندا بمێننەوە لەبەر تەنگیی ماوەی چالاکییان، لەبەر ئەوە، زوو، یان درەنگ، کوردستانیان بەجێ دەهێشت و دەچوونە پێتەختی وڵاتەکان. جا چۆنکە کوردستان -وەک گوتمان- بەپێی نەخشەو پیلانی فەرمانڕەوایانی ترک و عەرەب و فارس، لە پیشەسازی و بەتایبەتی پیشەسازیی قورس و سەرمایە خستنەکار investmentی گەورە بێ بەش کرابوو (١٧٥)، ئەوا نەبوونی پیشەسازیی گەورە و سەرمایەداری گەورە لە کوردستاندا، کارێکی وای کرد کە چینی پرۆلیتاریای پیشەسازێتی بە چەندایەتی و چۆنایەتی، یەکجار کەم و بێ هێز بمێنێتەوە. بەڵام حاڵی هوردە بۆرژوای کورد جۆرێکی دی بوو. ئەم دەستەیە لە کوردستاندا هەر لە سەرەتای سەتەی رابوردووە و تا جەنگی جیهانیی یەکەم بەرەو گەورە بوون و فراوان بوون دەچوو، وە لە مەیدانی رۆشنبیریی کوردیی دا کەوتبووە چالاکی وبزووتنەوە و، جاروبارێکیش کۆمەڵەی کوردیی گچکەی بە ئاشکرا یان بە نهێنی لە نێو شارەکاندا دروست دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەورەکەی کە لەسەر شانۆی سیاسەتی کوردایەتی، لەوە نەدەچووە دەرێ کە پاشکۆیەکی سەرکردەی کلاسیکیی کورد زێتر بێ. ئەگەر سەرنجێکی بزووتنەوەی سەربەخۆیی کوردستان بدەین پێش جەنگی جیهانیی یەکەم بە سەرۆکایەتیی شێخ قادری شەمزینی لە ژوورووی کوردستاندا، دەبینین زۆربەی هەرە زۆری هوردە بۆرژوای کورد، بە خۆیان و کۆمەڵەکەیانەوە؛ کە نێوی "هێڤی" بوو، لە دەوری سەرکردایەتیی شەمزینی کۆبووبوونەوە (١٧٦). هەروەها ئەگەر سەرنجێکی مێژووی حکوومەتی شێخ مەحموود بدەین، دەبینین؛ هوردە بۆرژوای کورد -ئەوانەی روویان نەکردبووە هێزی داگیرکەری بەریتانیا، و نەبووبوونە خزمەتکاریان- هەموو لە دەزگەی ئیداری و سیاسی و خوێندەواری و سوپایی حکوومەتی شێخ مەحموود و بۆ ئامانجەکانی شێخ مەحموود دەجوولانەوە، کە سەربەخۆیی هەموو کوردستان بوو. هەروەها لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، و لە

بیستەکاندا، هەموو ئەو هوردە بۆرژوا رۆشنبیرانەی لەوێ کوردایەتییان دەکرد، لە دەوری سەرکردەیەتیی سمکۆ کۆبوویوونەوە. تەنانەت پاش جەنگی جیهانیی یەکەم و دابەشکردنەوەی کوردستانیش، هوردە بۆرژوای ناسیۆنالیستی کورد، چووە ژێر سەرکردەیەتیی سەرکردە کلاسیکییەکانەوە، کە لەرێی شۆرش و راپەرینەوە لە دژی دەوڵەتە ناسیۆناڵە داگیرکەرەکانی کوردستان بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێدەکۆشان وەک شێخ سەعیدی پیران و ئیحسان نووری و سەید رەزا و... هتد. بەکورتی هوردە بۆرژوای کورد دەسەڵاتی کاری سیاسیی سەربەخۆی نەبوو.

پاش دامەزراندنی عێراقی هاشمی و ئێرانی پەهلەوی و ترکیای کەمالی و "مۆدێرن کردن"ی ئەم دەوڵەتانە بەیارمەتیی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستە پیشەسازەکانی ئەورووپا، هەلومەرجێکی لەبار دروست بوو کە هوردەبۆرژوای کورد، چ بە ژمارە و چ بە جۆرێتی، بەتایبەتی لە عێراقدا، بەهێزبوو. لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانێتی و کردنەوەی قوتابخانە و فراوان بوونی دەزگەی بەرێوەبەرێتی و بازرگانی لە کوردستاندا، توێژێکی رۆشنبیری بیرۆکراتی کورد پەیدا بوو، کە لە نێو شارەکاندا دەستی دەرۆی و بەرەو دەسەڵات پەیداکردن هەنگاوی دیاری دەنا، هەرچەندە جەماوەری لادێیی زەحمەتکێشی لەگەڵ نەبوو.

بە پێچەوانەی ئەمەوە، سەرکردەیەتیی کلاسیکیی کورد، لەنێو رەشورووتی گوندەکان و هۆزەکان و دەروێشەکاندا؛ دەسەڵاتێکی گەورەی هەبوو، بەڵام ئەمیش نەیدەتوانی، وەک جاران. و لە ژێر سایەی ئەم دەوڵەتە ناسیۆناڵە "مۆدێرنانە"دا بەتەنێ سەرکردەیەتیی بزووتنەوەی کوردایەتی بکات. چۆنکە بزووتنەوەی کوردایەتی نەیدەتوانی بەپێی هەلومەرجەکانی جارانی بژی، بەڵکو پێویستی بە تێکنۆکرات و رۆناکبیر و پارێزەر و دوکتۆر و نووسەر و شارەزا بوو، کە ئەمانە زۆریان لە دەستەی هوردە بۆرژوابوون. هوردە بۆرژواکەش کە جەماوەری لەگەڵ نەبوو، نەیدەتوانی سەربەخۆ کاربکات و پێویستی بە پاڵ پشتێک بوو بۆ راگرتن و پەرەپێدانی بەرژەوەندیی خۆی. بۆ وێنە هەندازیار

نووری شـاوێس (١٩٢٢-١٩٨٣/١١/١٥) کـە یەکـێـک بوو لە گـەنجـە ڕۆشنبیرە ناسیۆنالیستەکانی ئەو دەمە، و تا کۆچیی دوایی، لە گەلێک کۆمەڵە و حیزبی سیاسیی کوردی وەک "کۆمەڵەی ئازادیی کوردستان" (١٧٧) و "کۆمەڵەی دارکەر" (١٧٨) و "کۆمەڵەی هیوا" (١٧٩) و "پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق" و "پارتی گەلی دیمۆکراتیی کوردستان" (١٨٠) دا ئەندام بووە و لە هێندێکیشیاندا دەوری سەرکردایەتیی هەبووە، لە بیرەوەرینامەکەیدا، کە ماوەیەک پێش کۆچی دوایی، لە ڕۆژنامەی "گەل" (الشعب) دا کە بە زمانی عەرەبی دەردەچێ، دەست بە بڵاوکردنەوەی کرا، لەبارەی دامەزراندنی "کۆمەڵەی هیوا" وە لەلایەن ئەم ڕۆشنبیرانەوە لە ساڵی ١٩٣٩دا و، دامانیان لەسەر پەیداکردنی سەرکردەیەک، قسەیەک دەگێڕێتەوە کە شایانی سەرنج لێدانە. شاوێس وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی "کۆمەڵەی هیوا" دەبێژێ:

"دەستەیەکی نێوەندیمان بۆ کۆمەڵە دروست کرد، بێ ئەوەی هیچ سەرۆکێک دابنێین بۆ خۆمان، چونکە هیچ کامێکمان ئەو دەسەلات و لێوەشاوییەی لە خۆیدا نەدەدی کە ببێتە سەرکردەی کۆمەڵە. لەبەر ئەوە لیژنەیەکی سەرکردەیەتیمان دانا" (١٨١). هەر لەوێدا شاوێس باسی ئەوە دەکات کە چۆن لە ساڵی ١٩٤٠ دا مامۆستا ڕەفیق حیلمی (١٨٩٨-١٩٦٠/٨/٤) یان دۆزیوەتەوە بۆ سەرۆکایەتیی "هیوا"؛ لە کاتێکدا کە مامۆستای بەهەشتی خۆی دامەزرێنەر و ئەندامی "هیوا" نەبووە. بەڵام لەبەر قورسایی کەسایەتییەکەی کە کەسایەتییەکی کلاسیکانە بوو، کردوویانە بە سەرۆک، بەمەدا ئەو قسەیەی سەرەوەمان ئیسپات دەبێ کە هوردە بۆرژوای کورد بە تاقی تەنێ هیچی لەباردا نەبوو.

شایانی باسە کە لە سەرەتای چلەکاندا، واتە لە گەرمەی ساڵانی جەنگی جیهانیی دووەمدا، و بەپێی هێندێک بارومەرجی تایبەتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و زرووفی ئەو دەمەی کوردستان (بەتایبەتی کشانی لەشکری سۆڤێت بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە ئابی ١٩٤١دا)، هوردە بۆرژوای ڕۆشنبیری کورد، بیری مارکسیزمی ریفۆرمیستانەی کردە پێڕەوی سیاسیی خۆی، کە ئەم بیرە لەنێو ڕەشوڕووتی موسڵمانی کوردا؛ بە "بۆلشەویک"

دەدرایە قەلەم، و "بۆلشەویک"یش لەنێو خەڵکدا ئەو دەمە مانای "کافریتی"ی دەگەیاند. لێرەدا با جارێکی دی گوێ لە شاوێس بگرینەوە و بزانین لەبارەی هەوڵدانی هێندێک ئەندامی "کۆمەڵەی دارکەر"ەوە بۆ گۆڕینی نێوەکەی، چی دەگێڕێتەوە بۆمان:

"پاش پشووی خوێندن لە کۆتاییی ساڵی ١٩٣٩ دا ژمارەمان زۆر بوو، وامان لێهات بیر لە گۆڕینی نێوی کۆمەڵە بکەینەوە. ئەم بیرە لە خەڵکی دیییەوە بۆمان دەهات، ئەگەرچی هێندێکمان دەیویست نێوی کۆمەڵەکە هەر بە "دارکەر" بمێنێتەوە، چۆنکە ئێمە لەو دەمەدا خۆمان بە کۆمەڵەی چینی زەحمەتکێش و هەژار، واتە جۆتکار و کاسبکار دەزانی... ئەگەرچی بیرکردنەوە و هەستمان لەسەر بنچینەیەکی زانستانە نەبوو، چۆنکە ڕاستییەکەی بیری مارکسیزم تەنانەت ئەو سەردەمەش لەنێوماندا بڵاو نەبووبووەوە. باسی باوەڕوبیری کۆمۆنیزمان دەبیست، بەڵام باوەڕمان نەدەکرد پێی، چۆنکە بە بیری خودێ نەناسی و بێ ڕەوشتی دەهاتە بەرچاومان" (١٨٢).

بەمەی سەرەوەدا دەردەکەوێ، کە نەک هەر بیری مارکسێتی لەنێو هوردە بۆرژوای کورددا -وەک لەسەرەوە باسمان کرد- لە سەرەتای چلەکان و لە گەرمەی جەنگی جیهانیی دووەمدا بڵاوبووەوە، بەڵکو ئەوەشمان بۆ روون بووەوە؛ کە هەڵوێستی راستە خەڵکەکەی کوردستان، تا کۆتاییی سییەکانیش بەرامبەر بە بیری مارکسیزم "بۆلشەویک" چەند نەتانە negative بووە. ئەمەش لە زمانی مارکسیستێکی کوردەوە دەبیستین کە خۆی بە هەموو ئەو دەورانەدا چالاکانە تێپەڕیوە. هەر بەمەشدا بۆمان دەردەکەوێ، کە هوردە بۆرژوای مارکسیستی کورد لە ساڵانی جەنگدا، لە تونێکێکی کۆمەڵایەتیی بێ دەسەڵات بەولاوە چی دی نەبووە. هەر سەبارەت بەوەش بوو، کە هوردە بۆرژوا نەیدەتوانی پشت بە خۆی ببەستێ بۆ هێنانە دی هیچ ئامانجێک، وەک لەمەوپێش باسم کرد. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، و لەلایەکی دییەوە، دەرفەتێکی باش رەخسابوو کە یارمەتیی هوردە بۆرژوای دەدا، و کارێکی وای کردبوو کە سەرکردەیەتیی کلاسیک و هوردە بۆرژوای کورد، بەپێی پێویستییان بەیەک،

لەسەر بنچینەیەکی تازە، لەیەک نێزیک ببنەوە. ئامانجی سەرکردایەتیی کلاسیک ئەوە بوو، سووت لە ژێ هاتیبەکانی هوردە بورژوا وەربگرێ و بیخاتە خزمەت و ژێر رکێفی خۆیەوە. هوردە بورژواش دەیویست؛ خۆی بە سەرکردەیەتیی کلاسیکدا هەڵ پەسێرێ و هەوڵ بدات سووت لە کەسایەتی و دەسەڵاتی ماددی و مانایی سەرکردە کلاسیکەکانی کورد وەربگرێ بۆ بنج بەست کردنی خۆی، و لە هەمان کاتدا و لەپەناوە، سەرنجە سیاسییەکانی خۆشی بسەپێنێ بەسەر سەرکردەیەتیی کلاسیکدا. جا لەبەر ئەوەی هوردە بورژوای کورد، بە لاسایی کردنەوەی مارکسیستەکانی عەرەب و ترک و فارسەکان، و لەبەر بێ دەسەڵاتیی خۆی بەرامبەر بە هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان، کەوتبووە سەر بیری "ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان" لەجیاتی "کوردستانی سەربەخۆ" کە دروشمی سەرکردەی کلاسیک بوو، و تا ئەو کاتە هوردە بورژواش پێڕەوی دەکرد (بۆ وێنە ئامانجی حیزبی هیوا ۱۹۳۹-۱۹٤٥ کە هوردە بورژوای کورد دایان مەزراند سەربەخۆیی هەموو کوردستان بوو)، هوردە بورژوای کورد ناچار بوو مەسەلەی کورد دابنێ بە "بەشێک لە مەسەلەی نیشتمانیی ئەو وڵاتانەی کوردستان بەستراوە پێیانەوە". سەرەتای ئەمەش لە "حیزبی رزگاریی کورد" (۱۹٤٥-۱۹٤٦) دوە دەستی پێ کرد و هەر ئەمەش دەرووبەکی هومێندی کردەوە بۆ وتووێژ لە نێوان هوردە بورژوای کورد و داگیرکەرانی کوردستاندا، بەتایبەتی بورژوای عەرەب و ترک و فارس (بە چەپیان و راستیانەوە)، کە ئەمانە لەسەر مەسەلەی "کوردستانی سەربەخۆ" بەهیچ جۆرێک قسە نەدەکرا لەگەڵیان؛ بەڵام کە مەسەلەی کورد بوو بە "مەسەلەیەکی نێوخۆیی"، داگیرکەرانی کوردستان تا هەندازەیەک ملیان دا بۆ وتووێژ و بیروڕا گۆڕینەوە و ئەم سیاسەتە کوردییە تازەیەش بە دڵی کۆلۆنیالیستەکانی جیهان بوو بەتایبەتی بەریتانیای گەورە، کە بەرژەوەندییان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا وای پێویست دەکرد سنووری دەستکردی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کوردستان بە هەموو نرخێک بپارێزرێ.

بەڵێ، دەستەی هوردە بورژوای کورد توانی سەرکردەیەتیی کلاسیکی کورد رازی بکات، بەوەی واز لە دروشمی کوردستانی سەربەخۆ، واتە دروشمی

"دەوڵەتی کوردیی ناسیۆناڵ" بهێنێ وبیکات بە دروشمی "ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان" -ئەگەرچی ئەم، رازی بوونەش بەزۆری بە سەرزاری و بۆ رەسمیات بوو، و لە دڵەوە نەبوو- بەڵام سەرکردەی کلاسیک بە هیچ جۆرێک رازی نەبوو بەوەی بیری مارکسیزم بکاتە ئیدیۆلۆژیی بزووتنەوەکەی. هەرچەندە مارکسیزمەکەی وردە بۆرژوای کورد تا هەندازەیەک ساختە و تا هەندازەیەکیش ریفۆرمیستانە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردەیەتیی کلاسیک ملی نەدا بۆی. جا ئەگەرچی وردە بۆرژوای کورد لە ئێرانیش و عێراقیشدا بەم رەنگەی سەرەوە سەرکەوت و توانی دوو حیزبی کوردی بە سەرکردەیەتیی دوو سەرکردەی کلاسیکی کورد دروست بکات، یەکەمیان "حیزبی دێموکراتی کوردستان" لە تشرینی دووەمی ١٩٤٥ دا بە سەرۆکایەتیی قازی محەممەد (١٨٩٣ - ١٩٤٧/٣/٣١) و دووەمیان "پارتی دێموکراتی کورد" لە ١٩٤٦/٨/١٦ دا بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی (١٩٠٩؟ - ١٩٧٩/٣/١) و جێگری سەرۆکایەتیی شێخ لەتیفی شێخ مەحموود (١٩١٧ -١٩٧٢/٥/١٢)، بەڵام نە قازی محەممەد رازی بوو بە بیری مارکسیزم و نە بارزانی. جا هەرچەندە قازی محەممەد زۆر نەژیا، و لە ١٩٤٧/٣/٣١ دا شەهید کرا؛ بەڵام مێژووی یەک ساڵەی "کۆماری مەهاباد" بەڕوونی دەریدەخات کە قازی محەممەد لە بیری مارکسیزمەوە یەکجار دوور بووە، و ئەو کابینە حکومەتییەی دروستی کردبوو بەزۆری لەوانە پێک هاتبوو کە سەر بە قوتابخانەی کلاسیکیی کوردی بوون. هەروەها مێژووی "پارتی دێموکراتی کورد"، کە لە ١٩٥٣ بە دواوە بە "پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق" ناسرا، بە سەرۆکایەتیی بارزانی، و هەڵوێستی وردە بۆرژوای کورد لە نێو پارتی دا و پروپاگەندەی وردە بۆرژوای نێو پارتی بۆ سەرکردەیەتیی بارزانی هەر لە ساڵی ١٩٤٦ ەوە تا گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤێتەوە بۆ بەغدا لە ١٩٥٨/١٠/٦ دا، دوای ئەوەش دانانی بارزانی بە "رۆڵەی بەنرخی گەل" (ابن الشعب البار) هەتا ساڵی ١٩٦٤ (١٨٣) و هەڵگرتنی دروشمی "ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان" و "دێموکراسی بۆ عێراق" لەلایەن وردە بۆرژوای کوردەوە بە تێکڕایی، و ئەوجا شەڕ و بەیەکدادان لە نێوان سەرکردایەتیی بارزانی و وردە

بۆرژوازی مارکسیستی کورد لە ١٩٦٤ دا، و هەوڵدانی هوردە بۆرژوای کوردی عێراق بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی بۆ جیابوونەوە لە سەرکردەیەتیی کلاسیک و سەربەخۆ بوون، و ئەمجا شکان و ژێرکەوتنیان لە مەیدانی شەڕ و سیاسەتدا، و ناچار بوونیان بە دەست تێکەڵ کردن لەگەڵ فەرمانڕەوایانی ناسیۆنالیستی عەرەب لە عێراق و سووریا و ناسیۆنالیستی فارس لە ئێراندا، دوایی چوونە ریزی سوپای عێراقەوە بۆ لێدانی شۆڕشی کورد بە سەرۆکایەتیی بارزانی، و ئەمجا ناچاربوونیان بە پەنا بردنەوە جارێکی دی بۆ سەرکردەیەتیی بارزانی، پاش ئەوەی بەعسییەکان ناچار بوون لە ١١/ی مارتی ١٩٧٠ دا لەگەڵ بارزانی رێک بکەون و بەیاننامەیەک دەربکەن لەگەڵی و پشت بکەنە جەلال تاڵەبانی و رێکخراوە "غەیرە نیزامی"یەکانی هوردە بۆرژوای کورد. ئەمانە هەموو وێنەیەکی زیندوون بۆ ئەوباسەی لەسەرەوە شیمان کردەوە. شایانی باسە کە هوردە بۆرژوای کورد، هەتا تێکشکانی شۆڕشی ئەیلوول لە ٢٦ی مارتی ١٩٧٥ دا، نەیتوانی خۆی سەربەخۆ بکات. کە هەرەسەکە رووی دا، و دەوری دوا سەرکردە و گەورەترین سەرکردەی کلاسیکی کورد مستەفا بارزانی کۆتایی هات، بە بۆرخواردنی لە مەیدانی سیاسەتدا، ئەوجا رێ کرایەوە بۆ هوردە بۆرژوای کورد کە خۆی سەربەخۆ بکات و هەر لە پاییزی ١٩٧٥ دا "یەکێتی نیشتمانیی کوردستان" بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی و کەمال فوئاد و چەند کەسێکی دی لە دیمەشق دروست بوو (١٨٤).

شایانی باسە، کە هوردە بۆرژوای کورد، چ لە کاتی خۆ هەڵپەساردنیدا بە سەرکردەیەتیی کلاسیکیی کوردەوە (لە ١٩٤٦ ەوە تا ١٩٦٤) و چ لەکاتی خۆ هەڵپەساردنیدا بە فەرمانڕەوایان و کاربەدەستانی ئەو وڵاتانەوە کە کوردستانیان دابەشکردووە بە نیازی کوژاندنەوەی شۆڕشی کورد (لە ١٩٦٤ ەوە تا ١٩٧٠)، زۆر بە توندوتیژی بەربەرەکانێی "بیری دەوڵەتی ناسیۆناڵ"ی کوردی دەکرد، هەروەک ناسیۆنالیستە عەرەب و ترک و فارسەکان و بگرە خەستتریش لەوان دژی هەموو هەستێکی سەربەخۆیی لە نێو کورددا دەوەستا، و بەنێوی "جیابوونەوە خوازی" یەوە بەربەرەکانێی دەکرد (١٨٥) و تەنانەت لەگەڵ کاربەدەستانی دیکتاتۆری ئەم وڵاتانەدا هاوکاری دەکرد (چ بە چەک و

چ بە دەنگوباس بۆ کۆکردنەوە) لە دژی ئەو کوردانەی بە فەرمانڕەوایی ئەم بێگانانە رازی نەدەبوون. بەتایبەتی لایەنگرانی "کۆمەڵەی کاژێک" کە لە بەندی دێدا باسی دەکەین.

لەپاش هەرەس هێنانی شۆڕشەوە، لە کوردستاندا بەگشتی، و لە خوارووی کوردستاندا بەتایبەتی، هەلومەرجێک پەیدابوو کە لە ئەنجامی ئەوەدا بیری "حیزبی تاکانە" و "حیزبی پێشڕەو" لە نێو کوردەواریدا هێندە باوی نەما. جا هەرچەندە هوردە بۆرژوای کورد هەتا ئەو دەمە، بە هەموو جۆرە دەستاوێژێکی رەوا و نارەوا بەربەرەکانێی بوونی حیزبێکی دی دەکرد لە کوردستاندا، و بیری تۆتالیتێرانەی تاک حیزبانەی خۆی بە هەموو شێوەیەک دەپاراست، و ئەو جەنگە چلێپاوێنەیەی کە لە دژی کۆمەڵەی کاژێکی هەڵگیرساندبوو، نموونەیە بوو بۆ بیری تۆتالیتێرانەی هوردە بۆرژوای کورد، بەڵام پاش هەرەسەکە، و لە سەردەمی هەوڵدانیدا بۆ خۆ سەربەخۆ کردن لە سەرکردەیەتیی کلاسیک، نەیدەتوانی هەر لەسەر ئەو بیرە بڕوا بەرێوە، چۆنکە خۆشی دەیویست خۆی جیا بکاتەوە لە "پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق" و "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان" دابمەزرێنێ. لەبەر ئەوە پروپاگەندە بۆ "حیزبی تاکانە"؛ نە لە بەرژەوەندیی خۆی بوو، وە نە لە دەستیشی دەهات. سەبارەت بەوە؛ هوردە بۆرژوای کورد کەوتە قسە و باسی "رێ دان بە بوونی بیروڕای جیاواز" (١٨٦). کە ئەمەشی بەڕاست نەبوو، بەڵکو هەر بەسەرزاری بوو. بەیەکدادانە خوێناوییەکانی لایەنگیرانی رێکخراوە هوردە بۆرژواکانی کوردستان لەسەر دەسەڵاتی گەورەتر و تیکەی زلتر لە نێو خۆیاندا، بەڵگەن بۆ ئەوەی "بیری بوونی چەند بیروڕایەکی جیاواز" واتە دامەزراندنی "کۆمەڵگەیەکی پلووڕالیستانە" لە کانی دڵ و قووڵایی باوەڕی هوردە بۆرژوای کوردەوە نەهاتووە. بەپێی ئامارێک کە خاوەنی ئەم وتارە لەبەر رۆشنایی بلاّوکراوەکانی ئەم رێکخراوانە خۆیان کردوویەتی، ژمارەی ئەو پێشمەرگە و لایەنگیرانەی ئەم رێکخراوانە کە بە دەستی یەکدی کوژراون، نیزیکەی سێ هێندەی ژمارەی ئەو پێشمەرگانەیە کە لە مەیدانی شەڕدا بەدەستی داگیرکەرانی کوردستان کوژراون. بێجگە لەمەش، پاش تێکشکانی شۆڕش و سەرکەوتنی هەموو ئەو

بیروڕاو سەرنج و پێشبینییانەی کە "نەتەوەییەکان"ی کورد بڵاویان دەکردەوە، چ لەوەپێش لەڕێی ڕێکخراوی "کۆمەڵەی کاژێک"ەوە، یان "نوکسە"ەوە (١٨٧)، و چ لەڕێی "پارتی سۆسیالیستی کورد" (پاسۆک)ەوە، و ڕاست دەرکەوتنی بۆ چوون و شی کردنەوەکانیان، و پێ بەپێی ئەمەش بەهێزبوون و بڵێسە سەندنی هەستی کوردایەتیی ئازادیخوازانەی یەکسانیخوازانەی دژ بە تۆتالیتاریزم و جێ خۆ کردنەوەی "قوتابخانەی کوردیی بیری سۆسیالیزم"، هوردە بۆرژوای کوردی ناچار کرد بەوەی هێندێک لە دروشمەکانی خۆی لەسەر کاغەز بگۆڕێ و لە بیری "کاژێک" و "قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم"ەوە گەلێک سەرەتا بخوازێ، هێندێکی هەر وەک خۆی و هێندێکیش ئاوەژووکراو وەربگرێ (١٨٨). بەتایبەتی هەڵوێستی بەربەرەکانێی هەوڵدان بو سەربەخۆیی کوردستان، کە تا ئەو کاتە هوردە بۆرژوای کورد بە ئاشکرا هەڵی گرتبوو؛ بەجارێ ڕیسوا بوو، و ئەمجا بە چاولێکەری لە بیری کاژێک، هەڵوێستی هوردە بۆرژوای کورد بوو بە "مافی نەتەوەی کورد لە بڕیاری چارەنووسی خۆیدا". هەر لە ڕیزەکانی هوردە بۆرژوای کورددا، ڕێکخراوی وا دروست بوون؛ وەک "کۆمەڵەی مارکسی لینینی" کە لە دواییدا بوو بە "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان". ئەمانە تەنانەت هاتنە سەر ئەوەی نووسیان کە "کرێکاری کورد هیچ جۆرە بەرژەوەندییەکی سیاسی و ئابووری و کولتووریی وەک یەکی لەگەڵ کرێکاری عەرەب و ترک و فارسدا نییە، و کوردستان کۆلۆنییەکە و دەبێ سەربەخۆ بێ" (١٨٩). کە ئەمانە هەموو قۆڕینی بیری کاژێک و قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزمن و چارەکە چەرخێک لەمەوبەر بڵاوکراونەتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا وا دەردەکەوێ کە ئەم سەرەتا تازەیەی هوردە بۆرژوای کورد زۆرتر بۆ فریودان و پڕوپاگەندە بێ، چونکە ئەوەتە "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان" کە لە سەرەتای ئەمساڵەوە لەگەڵ بەعسییەکانی عێراق ڕێکە، مەسەلەی "بڕیاری چارەنووسی کورد"ی خستووەتە پشت گوێ، و جارێکی دی باسی "یەکێتیی نیشتمانیی عێراق" دەکاتەوە (١٩٠). ئەوجا "یەکێتیی نیشتمانیی عێراق" لە کوێ و "بڕیاری چارەنووسی نەتەوەی کورد" لە کوێ؟

بەکورتی: "بیری دەوڵەتی ناسیۆنالی کورد" لای هوردە بۆرژوای کورد و ڕێکخراوەکانی، بیرێکی یەکجار لێڵە، ئەمەش لەوەوە هاتووە کە هوردە بۆرژوای کورد، ئەگەرچی ڕێکخراوی سەربەخۆی خۆی هەیە، و ژمارەشیان کەم نییە و لە هەموو لایەکی کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا هەن، لەگەڵ ئەوەشدا لە بارەی مەسەلەی "دەوڵەتی ناسیۆنالی کورد"ەوە لە هەڵوێستێکی تەماوی و دوودڵانەی هەلپەرستانەدایە. ئەمەش لەبەر دوو هۆی بنچینەییە: هوردە بۆرژوای کورد، لەلایەکەوە هەرچەندە لایەنگیر و چەکداری هەیە -بەڵام لە نێو جەماوەری کوردستاندا پێی خۆی دانەکوتاوە، چونکە چینی نێوەڕاست لە کوردستاندا بە چەندایەتی و چۆنایەتی هێشتا زۆر بێ هێزە. سەبارەت بەوە، هوردە بۆرژوای کورد بۆ گەیشتنە هێندێک لە ئامانجەکانی، پێویستی بە ڕازی بوونی فەرمانڕەوایانی عەرەب و ترک و فارسە. و پێویستی بە یارمەتی و پشتگیریی سوپایی و مالیی ئەوانە. و ناتوانێ دڵیان بشکێنێ. لەمەش بترازێ؛ وەک توێژێکی بێ پشتیوانی ڕاستەقینە، پێویستی بە ڕازی کردنی دەوڵەتە گەورەکان و زلهێزەکان هەیە، و دەیەوێ پێوەندیی خۆی لەگەڵیاندا، بەتایبەتی لەگەڵ دەوڵەتەکانی ئەورووپای ڕۆژاوا و ئەمریکا و زۆر بەتایبەتی لەگەڵ ڕێبازی سۆسیال دیمۆکراتدا بەهێز بکات. کە دیارە ئەو دەوڵەتە ڕۆژاواییانەش پێوەندیی دیپلۆماسی و ئابووری و سوپایی بەهێزیان هەیە لەگەڵ فەرمانڕەوایانی عێراق و ئێران و ترکیا و سووریا. و نایانەوێ دڵی ئەم دەوڵەتە ڕۆژهەڵاتییانە بۆ هوردە بۆرژوای کوردی بێ دەوڵەت بیەشێنن. لەبەر ئەوە هوردە بۆرژوای کورد قڕوقەپی لێ کردووە، و تا هەندازەیەکیش بووە بە داشی دامە بەدەست بێگانەوە. ئەوەی زۆرتر وای لەم توێژە کوردییە کۆمەڵایەتییە کردووە کە ببێتە دەسکەلای دەستی بێگانە؛ ئەوەیە کە ئەم توێژە بە گشتی، لەسەر بیرێکی مارکسیزم دەڕوا بەڕێوە، کە لە قووڵایی پێویستییەکان و واقعی کوردستان خۆیەوە هەڵ نەقوڵاوە، و ئەم ڕاستییەش چارەکە چەرخێکە "کاژیک" باسی کردووە، و ئەنجامەکەشی بە کردەوە ساغ بووەتەوە. لەبەر ئەوە هوردە بۆرژوای کورد؛ چ بە چەندایەتی و چ بە چۆنایەتی، ئەوەی لەدەست نایەت کە بیری دامەزراندنی "دەوڵەتێکی کوردیی ناسیۆنال" بە کردەوە

بهێنێتە دی. بەڵام بێگومان هوردە بۆرژوای کورد، بیەوێ و نەیەوێ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لەڕێی پروپاگەندە کردن و هورووژاندنی فەرمانڕەوایانی کوردستاندا، لە ئامادەکردنی زەوییەکی بەپیتدا بۆ "نەتەوەییەکانی کورد" بەشدار دەبێ، و لە ئەنجامدا بەشێکی باشی هوردە بۆرژوای کورد، بەتایبەتی ئەوانەی کوێرانە بیر ناکەنەوە، و رەخنەگرانە تەماشای بیرو سەرنج و کارەسات دەکەن، دەبنە هێزێکی تەنگانە بۆ لەشکری "بیری نەتەوەیی".

٩- بیری نەتەوەیی کوردی و دەوڵەتی ناسیۆنال

لە نیوەڕاستی پەنجاکانەوە بیرێکی تازە لە کوردستاندا هاتە کایەوە، کە دوایی بە "بیری نەتەوەیی" ناسرا. لایەنگیرانی ئەم بیرە، چۆنکە سەرەتای کاریان بە رەخنەگرتن لە سەرکردەیەتیی کلاسیک و دەستەی هوردە بۆرژوای کورد (چ ڕێبازی کوردستانی و چ ڕێبازی ناکوردستانی) (١٩١) دەستپێکرد، لەبەر ئەوە ئەمانە لە پێشەوە بە "هێزی سێیەم" ناو دەبران؛ بۆ جیاکردنەوەیان لەو دوو ڕێبازەی سەرەوە؛ بەڵام ئەم بیرە تازەیە لە ١٩٥٩/٤/١٤ دا لە چارچێوەی ڕێکخراوی "کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد"دا کە "کاژیک KAJYK"ە چلوورەی بەست، و فەلسەفەکەی بە "بیری نەتەوەیی" یان "قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم" دەست نیشان کرا.

"ڕێکخراوی نەتەوەیی کاژیک" بە پێچەوانەی ڕێکخراوی هوردە بۆرژوا و کلاسیکی کوردەوە؛ واتە "پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق" و دەستە خوشکەکانی لە پارچەکانی دی کوردستاندا، کە خۆیان هەر بە ڕێکخراوی "بەشێکی کوردستان" دەدایە قەڵەم؛ ئەم (کاژیک) خۆی بە ڕێکخراوی "هەموو نەتەوەی کورد" دەزانی، و "هەموو کوردستانی" بە "سنووری چالاکییەکانی خۆی" دادەنا. ماددەی دووەمی پێڕەوی نێوخۆیی کاتیی کاژیک دەبێژێ:

"مەیدانی کارگوزاریی کاژیک هەموو کوردستانە. بەڵام لە سەرەتاوە بەشێکی کوردستان ئەکات بە بنکەی ئیش کردن و لەوێوە پەل ئەهاوێت بە هەموو کوردستاندا" (١٩٢).

بە پێچەوانەی هوردە بۆرژوای کوردەوە، کە مەسەلەی کوردی لە هەموو پارچەیەکی کوردستاندا بە "بەشێک لە مەسەلەی نیشتمانی"ی ئەو دەوڵەتە دەزانی کە کوردستانەکە بەستراوە پێوەی، و گەلانی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی بە "برای کورد" دەدایە قەڵەم، و گوناهی پارچە پارچەکردنی کوردستان و ژێردەستکردنی گەلی کوردی تەنێ دەخستە ئەستۆی "ئیمپریالیزمی رۆژاوا"، رێکخراوی نەتەوەیی؛ مەسەلەی کوردی لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا بە "بەشێک لە تەواوی مەسەلەی نەتەوەی کورد"، و "مەسەلەی هەر پارچەیەکی کوردستان"یشی بە "بەشێک لە مەسەلەی کوردستانی گەورە" دەزانی، و ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان دابەش کردووە؛ بە "بێگانەی داگیرکەر و کۆلۆنیالیست" دەدایە قەڵەم، و "ئیمپریالیزمی رۆژاوا و رۆژهەڵاتی وەکو یەک بە گوناهبار دەزانی لە ئاستی دروست کردن و پارێزگاری کردنی سنووری دەستکردی ئەم دەوڵەتانە"دا. کاژێکنامە لەم رووەوە دەبێژێ:

"کاژێک داگیرکەرانی کوردستان هەموو بەیەک چاو تەماشا ئەکات و کوردستان تەنیا بە موڵکی کورد ئەزانێ و ئەبێ کورد هەر خۆی فەرمانڕەوابێ لە کوردستاندا. لە بەر ئەوە بڕوای بەو برایەتییە درۆزنەیە نیە کە لە رێگەیەوە سەروەت و سامانی بەتاڵان ئەبرێ و لە کەمترین مافی مرۆڤانە بێبەش ئەکرێ. لە بەر ئەوە فەرمانڕەوانیی هەموو ناکوردێک بەسەر کوردستاندا بە کارێکی نا شەرعی ئەزانێ"(١٩٣).

"رێکخراوی نەتەوەیی کاژێک"، بە پێچەوانەی سەرکردایەتیی کلاسیکەوە، کە بەرژەوەندیی هەموو کوردێک، بێ گوێ دانە چین و توێک و دەستەی ئەو کوردە دەکرد، و ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکانی دەکرد بە ژێر لێوەوە، و ئەمەشی بە "پێویستیی بەرژەوەندیی نیشتمانی" دەدایە قەڵەم، و بە پێچەوانەی هوردە بۆرژواوە؛ کە لە سەر کاغەز خۆی بە "مارکسیست" و "پێشڕەوی گەل" و "تاکە نوێنەری جوتکار و کرێکار و پرۆلیتاریا" دەدایە قەڵەم؛ بەڵام بە کردەوە و هەڵوێست، نوێنەر و پارێزگاری بەرژەوەندیی دەستەیەک رۆناکبیری تیکنۆکراتی هوردە بۆرژوای بێ بار بوو، و وەک پاشکۆیەک، لە خزمەت

سەرکردەیەتیی کلاسیک، و جارویار دەرەبەگیشدا، دەچوو بەرێوە، ڕێکخراوی نەتەوەیی، خۆی بە "نوێنەر و پێشڕەو"ی هیچ چینێک یان دەستەیەک یان توێکێکی تایبەتی نەدەزانی، و پێشی وا نەبوو کە هەموو چینەکانی کۆمەڵگە بەرژەوەندییان لە "بەرژەوەندیی نیشتمانی" واتە "ناسیۆناڵ" دا دەبێتە یەک، و پێشی وا نەبوو کە "یەک چین" مافی ئەوەی هەیە "پێشڕەو" و "سەرکردە"ی کۆمەڵگە بێ، بەڵکو پێی وابوو کە "بوونی چین لە کۆمەڵگەیەک"دا، جا هەر کۆمەڵگەیەک بێ و هەر چینێک بێ، مانای "نەبوونی هاو ئاهەنگی" و "بوونی ناتەبایی" و "نەبوونی داد" و "بوونی بێ دادی" یە لەو کۆمەڵگەیەدا.

لەبەر ئەوە دەیگوت دەبێ "کۆمەڵگەیەکی یەکسان" دروست ببێ کە هیچ جۆرە "چینایەتی و توێکایەتییەکی ئابووری و ڕۆشنبیریی تێکنۆکراتی - ئەلیتیزی" تێدا نەمێنێ. چونکە باوەڕی بەوە هەبوو کە هیچ "گەلێک" نابێتە "نەتەوەیەکی یەکگرتووی هاوئاهەنگ"، هەتا چینایەتی و توێکایەتی (چ ئابووری و چ ڕۆشنبیری) تێدا بمێنێ و هەر لەمەشەوە دروشمی "یەکسانی بۆ گەل" هەڵ قوڵا، کە یەکێکە لە دوو دروشمەکەی "کاژیک" (١٩٤).

بەڵێ، "قوتابخانەی نەتەوەیی" پێی وابوو و پێی وایە، کە ڕاستە هەموو کوردێک لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە وەک یەک تەماشا دەکرێن، و "وەکو کورد" هەموو، وە بەپێی ڕادەی تێکۆشانیان بۆ کوردایەتی، دەچەوسێنرێنەوە، بەڵام ئەگەر هاتو ڕۆژێک لە ڕۆژان کوردستان لە دەست داگیرکەرانی بێگانە ڕزگاری بوو، و "دەوڵەتێکی ناسیۆنالی کوردی" دروست بوو؛ مەرج نییە ئەو دەمە زوڵمو زۆری بەشێکی کورد لەسەر بەشێکی دی کۆتایی هاتبێ، لەبەر ئەوە ڕێکخراوی نەتەوەیی، لەپاڵ دروشمی "کوردستان بۆ کورد"دا -وەک کاژیک دەیگوت- یان "کوردستانێکی ئازاد" -وەک پاسۆک دەبێژێ- کە ئەمەش قەوارەی "دەوڵەتێکی ناسیۆنالی ئازاد" پێک دێنێ، دروشمی "یەکسانی بۆ گەل"یشی هەڵ کردبوو، و ئەمەیانی بە "تەواوکەری یەکەمیان" دەزانی بۆ پێکهێنانی "کۆمەڵگەی نەتەوەیی". بەکورتی ڕێکخراوی نەتەوەیی؛ بوونی "دەوڵەتێکی ناسیۆنالی کوردی" بە "پێویست" دەزانی؛ بەڵام بوونی ئەو دەوڵەتەی بە نیشانەی "ئازادیی کۆمەڵگەی کورد و یەکسانیی ئەو

کۆمەڵگەیە" نەدەزانی. دیارە ئەم بیرە لەگەڵ بیری ناسیۆنالیزمی ئەورووپاییدا یەک ناگرێتەوە کە بوونی "دەوڵەتی ناسیۆناڵ" بە "هەنگاوی پێش ئازادی نەتەوە" دەزانێ. بۆ وێنە فەیلەسووفی ئەڵمانی هیگڵ Hegel لە بارەی دەوڵەت و نەتەوەی ئەڵمانەوە دەبێژێ:

"... ئەڵمانەکان دەیانەوێ ئازادبن، و دەشیانەوێ ببنە یەک نەتەوە، بەلام هیچ کاتێک ئەو دەرزە فێر نەبوون کە بۆ گەیشتنە ئازادی، پێویستە لە سەرەتاوە دەوڵەت دروست بکەن، (چونکە) ئازادی: تەنێ لە "دەوڵەتێکی ناسیۆناڵ" دا شێوای هاتنە دییە" (١٩٥).

جا ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتە گۆڕێ ئەوەیە، ئایە ئەڵمانێک لەژێر سایەی دەوڵەتی ناسیۆنالی خۆیدا و لە زەمانی هیتلەردا ئازادیی پتر هەبووە لە ئەڵمانیزمانێکی سوێسرەیی، واتە سویس ئەڵمانێک کە سوێسرە دەوڵەتێکی ئەڵمان نییە؟ ئەمجا عەرەبە ناسیۆنالیستەکانیش، بەتایبەتی بەعسییەکان و ناسریستەکان، هەروەک هیگل، "یەکێتیی ناسیۆناڵ" واتە "بوونی دەوڵەتێکی ناسیۆنالی عەرەب" بە پێویست دەزانن بۆ "ئازادی". لەبەر ئەوە بوونی "یەکێتیی عەرەب" دەخەنە پێش "ئازادی"یەوە، هەر لەبەر ئەوەشە کە دروشمی سێ کوچکەی بەعسییەکان بەم جۆرەیە: "یەکێتی" (الوحدة)، ئەوجا "ئازادی" (الحرية) و دوای هەردووکیان ئەوجا "سۆسیالیزم" (الاشتراكية) دێ. ئەمە لە کاتێکدا کە ڕێکخراوی نەتەوەییی کاژیک - وەک لە نێوەکەی دا دەردەکەوێ -"کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد" بوو، واتە "ئازادی" پێش هەموو شتێکی دی دەخست، و مەبەستیش لە "ئازادی" ئەو بیرەیە کە بۆ "یەکسانیی کۆمەڵگە" لە کاردایە، و ئەوجا باسی "ژیانەوە"ی دەکرد کە مەبەستی لەمەش "هۆشیاری و تێگەیشتنی تەواوی تاکە تاکەی خەڵکەکەیە لە دوورییە ژیارییەکانی کۆمەڵگە". ئەم "هۆشیاری و تێگەیشتن"ەش تەنێ لە "کۆمەڵگەیەکی ئازادی یەکسان"دا شێوای بوونە. ئەوجا دەهاتە سەر "یەکێتیی کورد و وڵاتی کوردستان" کە ئەو دەمە دەقی ڕاستەقینەی خۆی دەگرت. چونکە "یەکێتیی ڕاستەقینە" هەر لە "کۆمەڵگەیەکی یەکسان"دا دێتە دی. ئا

لەبەر ئەمە بیری نەتەوەیی کوردی، بە پێچەوانەی بیری ناسیۆنالیزمی ئەڵمانیی ئەورووپایی و بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبیی رۆژهەڵاتییەوە، پێی وا نییە کە: تەنێ "بوونی دەوڵەتی ناسیۆناڵ" مانای "بوونی ئازادیی نەتەوە"یە، یان "دەوڵەتی ناسیۆناڵ" بە فەرمانی پێویستی (بحکم الضرورة) نەتەوەیەک بەرەو "ئازادی" دەبات. چونکە بیری نەتەوەیی کوردی "سەربەخۆیی خاکی territorial indipendence" و "سەربەخۆییی بەڕێوەبەرێتی administrative independence" و "ئازادیی مرۆڤ" بە یەک شت نازانێ. خۆ ئەگەر "بوونی دەوڵەتی ناسیۆناڵ" نیشانەی "بوونی ئازادی" بووایە، یان هەنگاوێک بووایە، بە فەرمانی پێویستی، بەرەو ئازادی، ئەوا دەبوو گەلانی ترک و عەرەب و فارس تائێستە دەمێک بووایە "ئازاد" بوونایە، چونکە لە مێژە ترک و فارس هەریەکەیان "دەوڵەتێکی سەربەخۆ" و عەرەبیش لەجیاتی دەوڵەتێک چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆی خۆیان هەیە. لە کاتێکدا ئەمە وا نییە و، ئەم گەلانە هیچیان "ئازاد" نین، هەرچەندە سەربەخۆن لە باری "بەڕێوەبەرێتیی بیرۆکراتی" و "سنووری خاکی"یەوە، و ئەمەش شتێکی بەڵگە نەویستە و لەسەر رۆشتنی پێ ناوێ.

بەکورتی "بیری نەتەوەیی کوردی" پێی وایە گەلێکی ئازاد، هەموو کاتێک دەتوانێ دەوڵەتێکی ناسیۆناڵ دروست بکات؛ ئەگەر بیەوێ، بەڵام گەلێک کە دەوڵەتێکی ناسیۆنالی هەبوو، مانای وا نییە کە ئیدی "ئازاد" بووە، یان بە "فەرمانی پێویستی" بەرەو "ئازادی" دەچێ.

بەپێچەوانەی قوتابخانەی مارکسیتییەوە؛ کە "مەسەلەی نیشتمانی گەلێک" بە "بەشێک لە مەسەلەی چینایەتیی ئەو گەلە" و چارەسەرکردنی مەسەلەی نیشتمانی بەگشتی، و بەتایبەتی، مافی بڕیاری چارەنووسی گەلان، بە بەشێک لە مەسەلەی چینایەتی، واتە "پرۆلیتاریا" دەداتە قەڵەم، قوتابخانەی بیری نەتەوەییی کوردی "مەسەلەی چینایەتی" بە "بەشێک لە مەسەلەی نەتەوەیی" دەزانێ، و بیری دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئێتنی-ناسیۆنالی ئازادی یەک زمان و یەک کولتوور و یەک چین (واتە: بێ چین)؛ بەکورتی: "کۆمەڵگەیەکی هاو ئاهەنگ" (منسجم homogen) دەهێنێتە پێشەوە، و ئەم کۆمەڵگەیەش

نێو دەنێ "کۆمەڵگەی یەکسان" (١٩٦). جا لەبەر ئەوەی "یەکسانی" لەنێوان چەند کەسێکدا دروست نابێ؛ تا "دەسەڵات"ی ئەو چەند کەسە "وەک یەک"ی لێ نەیەت، و "دەسەڵاتی وەک یەک"یش کاتێک دێتە کایە کە "ئازادی"ی ئەو چەند کەسە "وەک یەک" بێ، کەواتە "وەک یەکی" کاتێک دێتە دی، کە "ئازادیی وەک یەک" هەبێ، و ئەوجا "ئازادی لە هەموو ڕوویەکەوە". لەبەر ئەوە بیری نەتەوەییی کوردی لە "سەرەتای ئازادی"یەوە دەستیپێکرد، و "ڕەوایەتی Legitimation"ی بوونی خۆی لەسەر بنچینەی "ئازادی" دامەزراند و "ئازادی"یش بە "تاکە خۆماڵێکی سروشتی هەموو مرۆڤێکی ژێر دایە قەڵەم، کە بەدرێژاییی ژیانی ئەو مرۆڤە "مافی بێ چەند و چۆنی" خۆیەتی، و خۆماڵێکە لەگەڵ هاتنە جیهانی هەموو مرۆڤێکدا دێتە پاڵی، و نە دەکڕێ و نە دەفرۆشرێ و نە دەبەخشرێ. هەر بەپێی ئەم بیرە، کۆمەڵگەی ئازادیش ئەوە دەگەیەنێ، کە هەموو ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، نەک هەر مافی وەک یەکیان هەبێ لەبەردەم قانووندا، واتە لەباری تیۆرییەوە، بەڵکو بە کردەوەش بوێرن و لە دەستیشیان بێ، کە "ئەو مافە وەک یەک بەکار بهێنن" و "بتوانن وەک یەک سوود وەربگرن لێی". چونکە -بەپێی ئەم بیرە- کاتێک دوو کەس مافی وەک یەکیان دەبێ؛ کە "بتوانن ئەو مافە وەک یەک بەکاربهێنن" و "بشتوانن وەک یەک سوود لە بەکار هێنانی ئەو مافە وەربگرن".

ئەم فەلسەفە و ڕێی نەتەوەییی کوردییە، فەلسەفە و ڕێیەکی تازەیە، کە لە هیچ جۆرە قوتابخانەیەکی "قەومییەت"ی ڕۆژهەڵاتی و "ناسیۆنالیزم"ی ڕۆژاواییدا نەبووە و نییە. چونکە چ "قەومییەت"ی ڕۆژهەڵاتی و چ "ناسیۆنالیزم"ی ڕۆژاوایی؛ دەیانەوێ چین و توێکە جۆرجۆرەکانی گەلێک لەژێر یەک ئاڵا و یەک دەوڵەتی ناسیۆنال و بگرە یەک حیزبیشدا کۆبکەنەوە وکۆمەڵگە هەر لەباری ئێتنی، بەتایبەتی "زمان"ەوە "هاو ئاهەنگ" بکەن. و بەنێوی "بەرژەوەندیی نیشتمانیی نێوکۆیی"یەوە، بە شێوەیەکی دەستکردانەی ناسروشتی "هەستی پێوەندیی نێو کۆیی بەیەکەوە" دروست بکەن، و لەو ڕێیەوە سوود و دەسکەوتی چینایەتی و توێکایەتیی ئابوورییانە و ئێلیتێرانەی

تیکنۆکراتانەی فەرمانڕەوایان دابسەپێنن و، کۆمەڵگە بە "کۆمەڵگەیەکی نا هاوئاهەنگ" (غیر منسجم) بهێڵنەوە. بە پێچەوانەی ئەمەوە؛ بیری نەتەوەییی کوردی؛ دەیەوێ "کۆمەڵگەیەکی یەک کولتووری ئازادی یەکسان" واتە "کۆمەڵگەیەکی هاوئاهەنگ" (منسجم) دروست بکات، نەک هەر دەوڵەتێکی ناسیۆنال و ئالایەک و پەرلەمانێک و لەشکرێکی سەربەخۆ.

بێجگە لەوەش؛ بیری نەتەوەییی کوردی -بەپێچەوانەی بیری "قەومیەت"ی رۆژهەڵاتی و بیری "ناسیۆنالیزم"ی رۆژاواییەوە - هەر پێوەندیی بە کوردەوە نییە، واتە کە کورد گەیشتە ئامانجی خۆی، ئەوجا ئەویش تەواو ببێ، بەڵکو ئامانجی بیری نەتەوەییی کوردی ئەوەیە، کە هەموو نەتەوەیەک بە گەورە و گچکەیەوە، مافی ئەوەی هەبێ کە بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات (١٩٧).
بەڵام ئەم "بڕیاری چارەنووس"ە؛ دەبێ "لە ئازادی دا بدرێ و بۆ ئازادی بدرێ". مەبەست لەمەش ئەوەیە کە "هیچ دەنگێک نابێ لە دژی ئازادی بدرێ". بۆ وێنە: ئەگەر هاتو هەموو نەتەوەی کورد، یان زۆربەی زۆری کورد، دەنگی دا بۆ رژێمێکی دیکتاتۆریانە، یان تۆتالیتێرانە، یان ژێردەستانە؛ ئەوا هەڵگرانی بیری نەتەوەییی کوردی، ئا لەمەدا "لەگەڵ ئەو بڕیارەدا نابن" و "سەر بۆ دەنگی زۆر و بۆر شۆڕ ناکەن" و "بەربەرەکانێشی دەکەن". چونکە بەلایانەوە وایە "کە هەموو بڕیاردانێک لە دژی ئازادی لە هۆشێک و بیرێکی ناتەندروستەوە دێتە دەرێ" و "هیچ کەسێکیش ئازاد نییە لەوەدا کە بڕیار لە دژی ئازادی، واتە سروشتی بنچینەییی مرۆڤ بدات". تەنانەت ئەگەر ئەو بڕیارە "لە دژی ئازادیی ئەو کەسە خۆشی" بێ و "لە دژی ئازادیی هیچ کەسێکی دیش" نەبێ، ئەوا هەر بۆی پەسند ناکرێ. بۆ نموونە: ئەگەر کابرایەک لە سەر جادەدە ویستی خۆی بکوژێ و تۆ چاوت لێی بوو خۆی دەکوژێ، ئەوا تۆ دەبێ دەستبەجێ بچیت و دەستی بگریت و رێی نەدەیتێ خۆی بکوژێ. واتە نابێ بڵێیت: "لەش لەشی خۆیەتی و ژیان ژیانی خۆیەتی و ماڵ ماڵی خۆیەتی، چی لێ دەکات، دەیکات". چونکە هیچ کەسێک ژیانی خۆی، واتە ئازادیی بوونی ژیانی، ماڵی ئەو کەسە خۆی نییە و خۆی نەیداوە بە خۆی، تا لە خۆی بسێنێتەوە، بەڵکو لەگەڵ لە دایک بوونیدا دروست بووە

وەک سروشتێکی بنچینەیی مرۆڤ. لەبەر ئەوە ئەو مرۆڤە مافی ئەوەی نییە ئەو ئازادییە نەهێڵێ و "ئازادی" و "ژیری"یش هەردووکیان هاومانای یەکن و ئەوی دژی ئازادی دەوەستێ لە "هۆش" و "ژیری"یەوە ناوەستێ، بەڵکو لە ئەنجامی تێکچوونی هۆشییەوەیە؛ کە وا دژ بە ئازادی دەوەستێ. جا کە باس دێتە سەر بڕیاری چارەنووسی گەلێک، قوتابخانەی نەتەوەیی، هەر لەسەر ئەم فەلسەفەیە دەڕوا بەرێوە، و پشتگیریی هیچ نەتەوەیەک ناکات کە دژی ئازادیی خۆی دەنگ بدات. لەبەر ئەوە "کاژێکنامە" (١٩٨) کە دێتە سەر بەراورد کردنی مافی بڕیاری چارەنووس لای کۆمۆنیستەکان؛ کە لە هەزار لاوە هەلو مەرج دادەنێن بۆی، و بە گەلێک بەندەوە دەیبەستن، و بەراوردی دەکات لەگەڵ هەڵوێستی "نەتەوەییەکان"دا دەبێژێ:

"دێمۆکراتێتی کە لە جەوهەردا بریتییە لە فەرمانڕەوایی بەشی زۆری گەل بە سەر بەشی کەمیدا،، بە لای شیوعییەکانەوە وا نییە. چۆنکە هەر فەرمانڕەواییەک ئەگەر زۆربەیەتیی گەلیش بشتگیریی بکا بەو مەرجەی لە گەڵ بەرژەوەندیی حیزبی شیوعی دا رێکنەکەوێ، ئەوان دانی پێدانانێن. لەم رووەوە "لینین" ڕەپوڕاست لە کتێبی "مافی نەتەوەکان لە بڕینەوەی سەرئەنجامی خۆییاندا" لە باری نەتەوەی نەرویج و رژێمی پاشایەتییەوە ئەڵێ: "ئەگەر بهاتایە و زۆربەی نەتەوەی نەرویج پشتگیریی لە پاشایەتی بکردایە و پرۆلیتاریاش پشتگیریی لە کۆمارێتی بکردایە، ئەو حەلە پرۆلیتاریای نەرویج دوو رێگەی ئەهاتە بەر. یان شۆرش بەرپاکردن ئەگەر زروف لە بار بوایە. وە یان مل کەچکردن بۆ زۆربەیەتی و دەستکردن بە کاروباری پرۆپاگەندە و هاندانێکی درێژەکێش لە هەمان کاتدا (لینین: مافی گەلان لە بڕیاری چارەنووسدا)؛ ئاوا لینین دانی پێدا ئەنێ کە هەر بڕیارێک زۆربەیەتیی گەل بیدا و بۆ بەرژەوەندیی حیزبی شیوعی باش نەبێ، ئەوا ئەگەر بتوانن سەری بۆ دانانەوێنن. راستییەکەی ئێمەش ئەگەر زۆربەی نەتەوەی کورد لە ڕووی خۆشباوەڕی و هەڵخلەتاویی خۆییەوە بڕیارێک بدا کە لە گەڵ بەرژەوەندیی نەتەوەیەتییدا رێکنەکەوێ بێگومان ئێمەش سەری بۆ شۆڕناکەین. لەم رووەوە ئێمە و شیوعییەکان وەک یەک "دێموکراتین".

قوتابخانەی نەتەوەیی کوردی؛ یەکەمین قوتابخانەیەکی کوردی و رۆژهەڵاتییە، کە مافی هەموو نەتەوەیەکی؛ بێ جیاوازی، لە "ئازادی" و "یەکێتیی ناسیۆناڵ"دا دەستنیشان کردووە، تەنانەت هی ئەو نەتەوانەش کە کوردستانیان دابەشکردووە؛ بەمەرجێ "یەکێتیی ناسیۆناڵ" و "دەوڵەتی ناسیۆناڵ"ی ئەو نەتەوانە لەسەر حسێبی کورد تەواو نەبێ. بۆ وێنە: بەبۆنەی کودەتای جاسم عەلوانەوە لە سووریا، لە ١٨ی تەمووزی ١٩٦١ دا؛ کە بوو بەهۆی جیابوونەوەی سووریا لە میسر و هەڵوەشاندنەوەی "کۆماری یەکگرتووی عەرەب"؛ بەرپرسیارێتیی کاژیک لە تشرینی دووەمی ١٩٦١ دا وتارێکی لە ژێر نێوی "سەرنجدانێک لە یەکێتیی عەرەب بە تێکرایی و کۆماری یەکگرتووی عەرەب بە تایبەتی و کارەساتی جیابوونەوەی سووریا" بڵاوکردەوە کە بۆ جاری دووەم لە ژمارە (٤)ی رۆژنامەی "بانگی کاژیک" (١٩٩) دا کە لە ١٨ی ئابی ١٩٦٨ دا دەرچوو، بڵاوکرایەوە. کاژیک هەڵوێستی خۆی هەر لەسەرەتاوە ئاشکرا دەکات کە لەگەڵ "یەکێتی عەرەب"دا نەبووە بەو شێوەیەی ئەو کاتەی؛ بەڵام لە هەمان کاتدا خۆی جیا دەکاتەوە لە کۆمۆنیستەکان و پارتییەکان کە لە کاتی خۆیدا بۆ تاکتیک پشتگیریی یەکێتیی عەرەبیان کردووە و دوایی کەوتوونەتە دژایەتی. وا ئێمە لێرەدا هێندێک برگەی ئەو وتارە دەخوێنینەوە:

"سەرنجدانێک لە یەکێتیی عەرەب بە تێکرایی و کۆماری یەکگرتووی عەرەب بە تایبەتی و کارەساتی جیابوونەوەی سووریا:

"ئێمە کە خۆمان بە نوێنەری راستەقینەی نەتەوەی کورد ئەزانین، دیارە نامانەوێ لەم رۆژەدا و لەسەر حسابی کورد "یەکێتیی عەرەب" بەو شێوەیەی ئێستەی سەربگرێ، کە دوو پارچەی وڵاتی کوردستان وا لەژێر دەستی داگیرکەرانی عەرەبدا. چونکە هەموو یەکگرتنێکی عەرەب لەم کاتەدا -هەرچی چۆنێک بێ و هەچ لایەک دایمەزرێنێ- ئەبێتە هێزێک بۆ زیاتر دیلکردنی کورد و دوورخستنەوەی رزگاریی کوردستان. هیچ نەتەوەیەکیش نیە لەم جیهانەدا ئەوەندە گێل و نەفام بێ چەپڵە بۆ یەکێتیی داگیرکەرەکانی لێ بدا.

ئەم هەڵوێستەی ئێمە هەمانە بەرامبەر بە "یەکێتیی عەرەب"، کۆمۆنیستەکان و هەندێ بەرەی تریش هەیانە، ئەگەرچی ئامانجی ئێمە و ئەوان جیاوازە. چونکە هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر بە یەکێتیی نەتەوەیی هەموو گەلێک هەر لە بنەڕەتەوە هەڵوێستێکی پشتگیرانە و دۆستانەیە، بە پێچەوانەی کۆمۆنیستەکان و مارکسییەکانەوە کە ئامانجی بنچینەییان پشتگیریی یەکێتیی گەلانی پچڕپچڕ و پارچە پارچە کراو نیە، بەڵکو جاروبار بۆ تاکتیک و پێشڕەوێتیی کاری خۆیان دەم لە یەکێتیی ئەم جۆرە گەلانە ئەدەن. هەر لەبەر ئەوەشە کۆمۆنیستەکان (پارتیەکانیشیان لەگەڵ) لە ساڵی (١٩٥١) ەوە هەتا ناوەڕاستی ساڵی (١٩٥٨)یش خۆیان بە لایەنگرێکی بەهێزی یەکێتیی عەرەب بە سەرۆکایەتیی (ناصر) .... پیشان ئەدا، کەچی ئەوەبوو کارەساتەکانی پاش "یەکێتی" بە چاکی دەریانخست کە ئامانجی کۆمۆنیستەکان لە سەرچاوەوە هەوڵدان نەبوو بۆ سەرگرتنی ئەو "یەکێتی"یە، بەڵکو ئەوان وایان مرخ خێش کردبوو کە (ناصر) لە هەرێمی "میسر"یشدا بێجگە لە سووریا ڕێگە بە "پارتی کۆمۆنیستی میسر" بدا بۆ ئیشکردنی ئاشکرا و لە سیاسەتی دەرەوەیشدا سەروەر لەگەڵ رووسیادا بێ. بەڵام لەپاش پێکهاتنی یەکێتی کە دەرکەوت "ناصر" ڕێی لە کۆمۆنیستەکانی سووریاش بەستەوە، چ جایەکی ئەوانەی "میسر" و ئەو تۆزە سەربەستییەی هەشیان بوو ئەوەشی نەهێشت و لە سیاسەتی دەرەوەشدا بێ لایەن وەستا ئەمجا کۆمۆنیستەکان بە دزییەوە کەوتنە مقۆمقۆ. دوایی ئەوە بوو کە کۆمۆنیستەکانی عێراق پاش کۆدەتای (١٤)ی تەمووز هەلیان بۆ هەڵکەوت و بە ئاشکرا بەربەرەکانیی "یەکێتیی عەرەب"یان کرد و دروشمی "یەکێتیی فیدراڵی"یان هەڵکرد بۆ بەربەرەکانیی "یەکێتیی گشتگری راستەقینە" کە بەعسییەکان و ناسرییەکان هەڵیان کردبوو، ئەمجا (ناصر)یش بێ سڵەمینەوە هێرشی بردنە سەر و کردنی بە نۆکەر و کلک و بەکرێ گیراو، ئەو حەلە ئەوانیش هەرچی توانج و جنێوی نزم و درۆ و بوختانی پیس و ناوناتۆرەی ناشیرین هەیە کە بە "نوری سەعید"یان رەوا نەئەدی نایانە پاڵ ئەو.

کەواتە ئەو کۆمۆنیستانەی لەکاتی خۆیدا لەسەر "ناصر" پەلاماری

کوردپەروەرەکانیان ئەدا و بە هەزاران دەم بەرگرییان بۆ یەکێتیی عەرەب و سەرکردەکانی ئەکرد و دەیان وت: "ئەوی لایەنگیریان نەبێ نۆکەرە و کلکی ئەمریکایە" هەر ئەوانە پاش (١٤) ی تەمووز خۆیان جێگەیان بەو "نۆکەر" و "کلکانە" لێژ کرد و بە ئاشکرا بوونە دوژمنی "یەکێتیی عەرەب". جا ئەمجا بە پێچەوانەی جارانەوە هەرچی جنێوی بە یەکێتی و "ناصر" ئەدایە "نۆکەر" و "کلک" و گێبەل (جاسووس)" بوو.

پارتیەکانیش کە لە پێش (١٤)ی تەمووزدا شان بە شانی کۆمۆنیستەکان بە شانویاهووی (ناصر)یان دا هەڵ ئەدا و لەسەر یەکێتییان ئەکردەوە و هەزار جنێویان ئەدا بەو کوردپەروەرانەی باسی دوارۆژی کوردەکانی سووریایان ئەکرد و بێ پەروا زمانیان لی درێژ ئەکردن و ئەیانوت "ئەرێ بابە نازانین ئەم (کورد چی یانە) چییان ئەوێ؟... ئەوە نیە ناسر ئێستگەی کوردی لە قاهیرە داناوە" یان کە زۆریان بۆ بهاتایە و لە ئەنجامی مشتومڕدا ببەزینایە ئەیان فەرموو: "جا قەی چێکا با کوردی سووریا بتوێننەوە، خۆ لە سووریا کوردستان نیە - کورد لەوێ کەمەیەکی کەمن".

ئەمە وا، بەڵام پاش (١٤)ی تەمووز کە کۆمۆنیستەکان کەوتنە بەربەرەکانیی "یەکێتیی عەرەب" و ناوهێنانی کورد، ئەمجا پارتەکانیش .. زاتیکیان وەرگرت و کەوتنە لاسایی کردنەوەی ئەوان و بە چوار چاو دەستیان کرد بە گریان بۆ "نەتەوەی کوردی ژێردەستە لە سووریا" و ئەو "کەمەکە کوردەی" کە ئەگەر "بشتوانایەوە قەیی نەدەکرد" بوو بە "نەتەوەی کوردی لە کوردستانی داگیرکراوی بە زۆر بە سووریاوە نووسێنراو".

بەکورتی کۆمۆنیستەکان کە لەم دواییەدا باسی مافی کوردی سووریایان ئەکرد، لە خۆشەویستیی کورد نەبوو، چونکە ئەوان هەر ئەوانەن کە تا ئێستە ئەڵێن لە سووریا "کوردستان نیە" و هەر ئەوانە بوون کە لە کاتی خۆیدا هەر کەسێک بیوتایە "کوردی سووریا چەوساوەن" پێیان ئەوت "نۆکەری ئەمریکا و ئینگلیزە". هەروەها لەبەر خاتری چاوی کاڵی عەرەب و ناسریش نەبوو کە لەوەپێش هێرشیان ئەبردە سەر هەموو کوردپەروەرێکی بەشەرەف کە بیوتایە

"یەکێتیی عەرەب لەم بارەی ئێستەیدا ئەبێتە چقڵێک و ئەچەقێتە چاوی کوردەوە". بەڵکو -وەک لە پێشەوە وتمان- لەبەر ئەوە بوو کە پێیان وابوو "ناسر" ئەبێتە پەروانە و بە دەوری چرای روسیادا ئەسوورێتەوە. یان هیچ نەبێ ئەتوانن بیکەنە پەیژە بۆ "مطلب عظیمي" یەکەی خۆیان.

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە ئامانجی ئێمە لە بەرپەرەکانێی یەکێتیی عەرەبدا هەر هەمان ئامانجی کۆمۆنیستەکانە یان پارتیەکانە. نەخێر وانیە. ئێمە "یەکێتیی عەرەب" بە ئامانجێکی نەتەوەییی عەرب ئەزانین کە رەگوریشەی ئەگەرێتەوە بۆ دەورێکی زۆر کۆن کە هەزاران گەورە پیاوان و نیشتمانپەروەرانی عەرەب لە رێگەی هێنانەدی ئەم ئامانجەدا لەناو چوون، یان بەداخەوە سەریان ناوەتەوە و بەرامبەر بە داگیرکەرانی تورک و ئینگلیز و فەرەنسا و ئیتالیا و کۆنەپەرستانی ناوخۆ جەنگاون. لەبەر ئەوە گومانی تێدا نیە کە ئەم "یەکێتی"یە لە ناوجەرگەی ویستەمەنیی کۆمەڵگە و هەستی دەروونیی عەرەبایەتییەوە دێتە دەرەوە. چۆنکە عەرەب نەتەوەیەکە ئەرزێک و زمانێک و رابوردوویەکی هەیە و ئەم وڵاتەی کە ئێستە تێیدا ئەژی، ئەگەرچی بەشی زۆریشی لە رێگەی "فتوحات"ەوە داگیر کرابێ و میللەتەکانی کرابن بە "عەرەب" بەڵام ئێستە زۆری یەک پارچەیە -هەرچەندە لە هەندێ لاوە (جیوب)ی وەک بەربەر و چەرکەس و دروز و ئەرمەن و گوشێنی -لەسودان و لیبیادا- تێدایە، ئەوی تری هەمووی یەک وڵاتە و مافی ئەوەی هەیە یەک بگرێ. بەڵام یەکگرتنی ئەمانە لە کاتێکدا کە لەسەر حسابی کورد وگەلانی ژێر دەستەی تر نەبێ، ئەوا تەنیا پێوەندیی بە عەرەبەکان خۆیانەوە هەیە و ئێمە هیچ مافێکی دەست تێوەردانیمان نیە".

وتارەکە پاش ئەوەی بەرپێچیی هەموو رەخنەکانی کۆمۆنیستەکان و پارتییەکان دەداتەوە کە لە دژی "یەکێتیی عەرەب"ن و لەسەر یەکێتیی عەرەب دەکاتەوە، هێندێک رەخنەی بابەتانەش لە یەکێتییەکە و ناسر دەگرێ و ئەمجا ئەو هەنگاوەی کە ناسر دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی نای (وەک ناسیونالیزە کردنی گەلێک سەرمایەی تاکی، بەتایبەتی "الشركة الخماسية")، دەنرخێنێ:

"جا هەرچەندە ئەم هەنگاوەی "ناسر" هەنگاوێکی زۆر بەزاتانە و گرانە و پیاو ناتوانێ بەکسەر فەرمان بدا تا چ هەندازەیەک تێیدا سەر ئەکەوێ، چۆنکە سەرکەوتنی گشتیی "ناسر" بەستراوە بەم مەسەلەیەوە، لە کاتێکدا کە ئەم پیاوە هیچ بنکەیەکی رێکخراوی سەر بە حیزبێکی سیاسی لەگەڵدا نیە تا یارمەتی بدات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بێتو بەسەر ئەم کۆسپانەدا زاڵ بێ، گومانی تێدا نیە کە هەموو بیروڕای کۆمۆنیستەکان بە درۆ ئەخاتەوە و ئەتوانێ نەتەوەیەکی بەهێزی خاوەن پیشەسازی لە "میسر"دا دروست بکا و بیکاتە ناوەرۆکێک بۆ "یەکێتیی هەموو وڵاتی عەرەب". ئەمەش پاشەڕۆژ ئەیزانێ.

"ئێمە کە کۆمۆنیستەکان و پارتیەکان و نۆکەرەکانی بەرەی رۆژاوا بە "شۆڤینی" و "بیروباوەڕ تەسک"مان دائەنێن، ئا ئەمە "شۆڤینێتی" و "بیروباوەڕە تەسکەکە"ی ئێمەیە. لەگەڵ ئەوەشدا وەنەبێ ئێمە بەوە بەست بێین و کۆڵ بدەین. چۆنکە یەکێک بۆ سەربەستیی نەتەوە و وڵاتی خۆی هەوڵ بدا ئەبێ چاوەڕوانی گەلێک لەمە ناوونانتورەی خراپتر بێ. بەڵام ئەم شی کردنەوە و لێکۆڵینەوەیەمان لە بارەی "یەکێتی"یەوە چاکی دەرئەخا بۆ خەڵکی و ئەوانەی پێمان ئەگەڤن و بە دوژمنی "یەکێتی" و نەتەوەی عەرەبیان دا ئەنێن کە ئایە ئێمە باوەڕمان بە "یەکێتیی عەرەب" هەیە یان نا؟ حەز ئەکەین هەموو نەتەوەیەک بە ئاواتی رەوای خۆی بگات یان نا؟ جا کە ئێمە ئەوساکە و ئێستاش پەلاماری "یەکێتیی عەرەب"مان ئەدا و ئەیدەین، تەنیا لەبەر خاتری کوردستانی داگیرکراوە. چۆنکە ئەزانین هەر داگیرکەرێکی کوردستان تا بەهێزتر بێ، شتێکی ئاشکرایە کە کوردە دیلەکانی ژێردەستی دیلێتیان درێژتر ئەبێتەوە. لەبەر ئەوە ئێستاش و ئەوساش بڕوامان وایە و وابووە کە "کوردەکانی سووریا" هەر دیل بوون و هەر دیلن و هەر بە دیلیش ئەمێننەوە هەتا جیا ئەبنەوە و سەربەخۆ ئەبن. لەبەر ئەوە چاوەڕوانی ئەوە نین کە "ناسر" یان بێگانەیەکی تر ئیشمان بۆ بکا و شتمان بۆ پێکبێنێ. بەڵام کاتێ ئێمە وڵاتی خۆمانمان رزگارکرد، بە پێی ئەو سنوورە مێژوویی و جوگرافیاییەی هەمانە و بوومانە، ئەوسا عەرەب هەرچیەک ئەکەن با بیکەن پیرۆزیان بێ.

"بەڵام ئێمە لەم رۆژەدا و لەم شێوەی ئێستادا ناتوانین پشتگیریی هیچ جۆرە

یەکێتییەکی عەرەب بکەین. چونکە ئێمە؛ هاوبیرانی کاژیک، هەموو رووداو و کارەساتێک هەر بە تەرازووی نەتەوەیی کاژیکانە ئەپێوین. لەبەر ئەوە "ناسر" یەکێتی بکا یان "حسەین" یان "قاسم" یان هەر کەسێکی تر، ئێمە هەر بە خراپ و زیاناوەری دائەنێین بۆ خۆمان و بە هەموو هێزێکمانەوە بەربەرەکانیی ئەکەین. مادام دووپارچەی کوردستان لەژێر دەستیاندا بێ، ئێمە هەر بە یەک چاو تەماشای هەموو جۆرە "یەکێتییەکی عەرەب" ئەکەین. چۆنکە وەک کۆمۆنیستەکان کە "ژیانی ئابووری" ئەکەن بە دەسکەلا بۆ بەرهەڵستکردنی"؛ یەکێتی"ئێمەش "ژیانی نەتەوەیی" ئەکەین بە دەسکەلای دەستمان و پێمان وایە هەموو یەکێتییەکی عەرەب لەم بارەی ئێستەدا ئەبێتە هۆی ئەوەی زمانی کوردی بتوێنرێتەوە و نەتەوەی کوردیش لە ئەنجامدا بیاتە ریزی نە بوانەوە".

تشرینی دووەمی (١٩٦١) بەرێوەبەرێتیی کاژیک

راستییەکەی؛ بیری نەتەوەیی کوردی؛ "نەتەوەی عەرەب"ی دراوسێی کوردی، هەر لە سەرەتاوە لە داگیرکەرانی عەرەب جیاکردووەتەوە. جا وەک چۆن بە هەموو عەرەبێکی نەگوتووە و نابێژێ "برا"، هەر ئاواش بە هەموو عەرەبێکی نەگوتووە و نابێژێ "داگیرکەر". ئەم رێبازە لە هەڵوێستەکانی "بەرەی نەتەوەیی" دا بە ئاشکرا دیارە. بۆ وێنە: کاتێک "پاسۆک" دێتە سەر وەرامدانەوەی قسەکانی "ئەندامی سەرکردایەتیی ناسیۆناڵ و سەرکردایەتیی هەرێمایەتیی حیزبی بەعس" نەعیم حەدداد (نعیم حدّاد) کە -وەک لەمەوبەر باسمان کرد- گوتبووی " رۆڵەکانی گەلی کوردمان، لە بنەمای مێژووییەوە، رۆڵەی نیشتمانی عەرەبین و زادەی خاکی خاوێنین. هەر لەبەر ئەوەشە کە حیزبی (بەعس) دەرگەکانی بۆ رۆڵەکانی گەلی کوردمان کردووەتەوە تا بێنە نێو حیزبەوە... هتد". بەم بۆنەیەوە پاسۆک دەبێژێ:

ئێمە لە کاتێکدا وا بە توندی و بە پەرۆشەوە لەسەر (کورد)یتی خۆمان و بوونی کوردی و میللی خۆمان هەڵدەدەینێ، مردن و نەمانمان لا چێترە وەک لەوەی بکرێینە، یان ببینە شتێکی دیکەی غەیری کورد... هەرگیز سەروەرێتی

و شانازیتی کوردیمان لە سەروەریتی و شانازیتی کەس و کەسی دیکە کەمتر نییە و بە توندی مەفهومی رەگەزپەرستانەی ریسوابووی (نەتەوەی هەڵبژاردەی خــوا) و (پاک نەژاد) و (نەتەوەی ســەروەر) و ئەم بەند و باوانەی بۆرژوا چەوسێنەر و بیرۆکراتە سەردەستەکان و شۆڤێنیستە داگیرکەرەکانمان رەت دەکەینەوە... لە هەمان کاتدا با نعیم حداد و غەیری (نعیم) و هەموو دنیا بزانن کە نەتەوەی کورد دۆستی گەلی عەرەبە و هاوڕێ و دراوسێیەکی مێژوویینە و میهرەبانیشیەتی... زۆر جاران بە هاناشیانەوە چووین و لە چنگی دوژمنانیان رزگارمان کردوون و هەر خوێنی جەنگاوەرانی کورد و (صلاح الدین)ی قارەمان و سەروەرمان بووە چەندین مەترسی لە دەست چوونی بەشێکی زۆری نیشتمانی عەرەبی دوورخستۆتەوە و لاپەڕەی زۆر پرشینگداری هاوکاری و بەهاناچوونەوە و دۆستایەتی دێرینەی ئێمە و عەرەب لە مێژوودا دەدرخشێنتەوە و ئێمە چاوەڕوانی ئەوەین کە عەرەب ئەمانەی لەبەر چاو بێ و هەقی رابوردومان بۆ بکەنەوە نەک قووتمان بدەن و تەماع بکەنە لاکمان...
ئێمە باوەڕمان بە شەرەفی میللەتان هەیە و دڵنیاین کە گەلی عەرەبی هاوسێ و دۆستمان ئەوانەیان لە پێش چاو بێ و هەمیشە خێری کوردیان بوێت،...
نەتەوەی کورد دۆست و هاودەرد و هاوسەنگەری نەتەوەی عەرەبی هاوسێیەتی و ئەو هاوچارەنووسی و دۆستایەتییە دێرینەش زۆر لە هەوڵی چەپەڵی تێکدانی ئەو نێوانەمان قایم تر و ریشەدارترە... مەفهومی ئێمە بۆ عەرەب و مەبەستمان لەو عەرەبە دۆستانەمان تەنها ئەوانەن کە وەکو خۆیان لە کورد دەڕوانن و چاویان لە ماڵ و سامان و نیشتمان و بوونی میللیمانەوە نییە...
ئەوانەن کە هەست بە ژان و ئازار و ئاواتەکانی کورد دەکەن و رێزی بوونی نەتەوایەتی دەگرن، ئەوانەن ئەوەی بە خۆیان و خەڵکی دیکەی رەوا دەبینن، بە نەتەوەکەی ئێمەشی رەوا دەبینن.... مەبەستمان ئەو جەماوەرە زەحمەتکێش و پەل قڵیشاو و بەرچاو روونانەی عەرەبن کە لە ژێر چەکمەی دیکتاتۆریتی عەفلەقی و رژێمە کۆنەپەرست و داوڵ و خۆسەپێنەکانی دیکەی عەرەبیدا دەناڵن... مەبەستمان ئەو عەرەبە دیموکراسی و پێشکەوتنخوازانەیە کە ئیمڕۆ لە کوردستاندا شان بە شانی رۆڵەکانی کورد دژی ئەو رژێمە دیکتاتۆریە

دەجەنگن و پێکڕا بیناى پاشە ڕۆژێکى سەرفراز و دیموکراسى بۆ هەردوو گەلى کورد و عەرەب دەکەن.

"ئەوانەش چاو دەبڕنە نیشتمان و سەروەت و سامانمان بە تالاْن دەبەن و خۆمان بە (عەرەب) و کوردستانەکەمان بە (نیشتمانى عەرەبى) دەزانن و لەسەر کۆلْەى سنگمانن... ئەوانەى بە نیازى داگیرکردنەوە دێنە نیشتمانەکەمان، وەک هەر کەس و لایەکى دیکەى چواردەورمان و دوور و نیزیک، داگیرکەر و دوژمنن... ئەوانە چەندە دوژمنى کوردن هێندەش دوژمنى میللەتى خۆیانن!... (هەقى عەرەب) (یەکێتى عەرەب) و (حریە و ئیشتراکیەکەیان) (بیت المقدس) و (مافى میللیان) و هیچ شتێکى دیکەیان لاى کورد نییە تا ئەو گەڕەمان پێ بکەن... هەموو عەرەبێکى بەشەرەف و دلْسۆزى ڕاستەقینەى عەرەبایەتى دەزانێ کە شەڕى میللەتێکى هاوسێ و دۆستى وەکو کورد و داگیرکردنى نیشتمانى و هەولْى (تەعریب) کردنى و لەنێوبردنى چەندە ئەستەم و نامکنە ئەوەندەش لە خزمەتى (الامة العربیة) دا نییە، بەلْکو پیلانێکە لە خودى عەرەب و چەواشەکردنى جەماوەرى زەحمەتکێش و چەوساوەى عەرەبە و لە مەسەلە و ئەرکە مێژووییە ڕەواکانى خۆیان دوور دەخاتەوە و فرسەت دەنێتە بەر ئیمپریالیزم و زایۆنیزم تا زەفەریان پێ بێنن و نەگەنە ئامانج و ئاواتە میللى و دیموکراسیەکانى جەماوەرى عەرەبى و بە تاوانێکیانەوە خەریک کەن، کە تاوانى داگیرکەرى و دەست درێژى و توانەوەى نەتەوەیەکى دیکەیە و ئەمەش چەندە ریسوا و نارەوایە ئەوەندەش لەم سەردەمەدا (مستحیل)ە... عەرەب نە سەرزەمینى کەمە و نە دانیشتوانى و نە سەروەت و سامان تا چاو ببڕنە سەر و مالْ و نیشتمانى کوردەوە... هەر بۆیە دەبێ ئێمە ئەو شۆڤێنیستە ڕەگەزپەرستانە لە حسێبى جەماوەرى عەرەبى هەلْبژێرین و لەسەر عەرەبیان حسێب نەکەین، ئەوانە بێزوە عەرەب و دوژمنى جەماوەرى عەرەبین... هەمیشە دوو دەستە لە نێو هەر نەتەوەیەکدا ناڕەسەن و بێزوون و دژ بە میللەتى خۆیان و میللەتانى دیکە و مرۆڤایەتیشن... لە نەتەوە سەردەستەکاندا ئەوان ڕەگەزپەرست و شۆڤێنیستانەى چاو دەبڕنە نەتەوەیەکى دیکە... لە نێو نەتەوە بن دەست و چەوساوەکانیشدا ئەوانەى خۆ بە کەم دەگرن و سەودا لەگەلْ

دوژمندا دەکەن و ئەوان کۆسمۆپۆلیتیانەش کە خۆیان لە بیر دەبەنەوە.... یەکیشیان ئەوی دیان تەواو دەکەن و بەرووپشتی یەکن... نەحلەت لە هەردوویان بێ!".

لەم کۆپلەیەی سەرەوە کە بێ دەستکاری ڕێنووسەکەی گواستمانەوە، دەردەکەوێ؛ کە "بیری نەتەوەییی کوردی" بە گشت کارێتی (تعمیم generalisation) و "شەلم کوێرم ناپارێزم" ناڕوانێتە هیچ لا و بەرە و دەستە و گەل و کۆمەڵگەیەک. جا وەک هەڵگرانی ئەم بیرە دەبێژن: "کە چووینە نێو باخێکەوە گوڵ و دڕک لە یەک جیا دەکەینەوە. خۆ ئەگەر سەلکە پەنیرێکمان بەرچاو کەوت، هەر تەماشای کونو کەلەبەرەکانی ناکەین". ئەمەش نیشانەیەکە بۆ سەرنجی بابەتانەی زانستانەی بیری نەتەوەییی کوردی.

"قوتابخانەی نەتەوەییی کوردی"؛ یەکەمین قوتابخانەیەکی فەلسەفی ڕۆژهەڵاتییە کە مافی تەواوی کەمایەتییە ئێتنییەکانی دەست نیشان کردووە. و پشتگیری دەکات، بە بێ ئەوەی خۆی بکاتە کوێخایان. بۆ وێنە ڕێکخراوی "کاژیک" خۆی بە ڕێکخراوێکی کوردی، واتە "کۆمەڵەیەکی کوردی" دەدایە قەڵەم نەک نوێنەری ئەو "کەمایەتییانە"ی لە کوردستاندا دەژین. "کاژیک"، لە کاتێکدا کە هەوڵی دەدا بۆ وەدەست هێنانی مافی تەواوی ئەو "کەمە ئێتنییانە" و بەرامبەر کردنیان لەگەڵ کورددا، خۆی بە قسەکەر و دەمڕاست و نوێنەری ئەو "کەمە ئێتنییانە" دانەدەنا؛ وەک حیزبە هوردە بۆرژواکانی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست (بە چەپ و بە ڕاستیانەوە) دەیکەن. بەڵکو دەیویست، ئەو "کەمە ئێتنییانە" بچن کۆمەڵە و ڕێکخراوی تایبەتیی خۆیان بۆ خۆیان دروست بکەن، چونکە ئەوان خۆیان دەبێ خۆیان ببەن بەڕێوە لە سنووری کوردستاندا، نەک کورد ئەوان ببات بە ڕێوە. ئەوەش خستنەکاری سەرەتای ئازادییە کە بیری نەتەوەییی باوەڕی هەیە پێی. پرۆگرامی "کاژیک" لەبارەی "کەمە ئێتنییەکان"ەوە بەم جۆرە بوو:

"١- کاژیک بە هەموو هێزێکەوە دژی ئەو هەوڵو تەقەلایانە دەوەستێ کە ئامانجیان نیشتەجێکردنی بێگانەیە لە کوردستاندا، و ئەمەش بە مەترسییەکی

گەورە دادەنێ بۆ سەر کیانی ناسیۆنالی نەتەوەی کورد و یەکێتیی جوگرافیایی کوردستان لە هەلومەرجی ئێستەدا.

٢- کاژێک بڕوای وایە کە تواندنەوەی ڕەگەزانەی نەتەوەیەک تاوانێکە شێوای لێ بوردن نییە. ڕەگەزی کورد مافی ئەوەی نییە ڕەگەزانی دی بەزۆر بتوێنێتەوە. لەبەر ئەوە کاژێک هەوڵی پاراستنی هەموو کەمایەتییەکی ئێتنی و ڕەگەزێکی جیا لە کورد دەدات، لەوانەی لە کوردستاندا دەژین هەر لە کۆنەوە. کەمایەتییە ئێتنییەکان بەپێی سەرنجی کاژێک مافی هاووڵاتیکی کوردیان هەیە بەتەواوی. مافی ئەوەیان هەیە کە ئەوانیش شانازی بە تایبەتکارە ناسیۆنالەکانی خۆیان بکەن و کەلەپووری کۆنیان بە هەموو ڕێزێکەوە بپارێزن و کەس نەتوانێ دەست درێژ بکات بۆیان. ئەوانیش پێویستە لەسەریان کە گەلەکۆمە لە کورد نەکەن و ناپاکی بەرامبەر بە کوردستان نەکەن، واتە کوردستان بە نیشتمانی خۆیان بزانن" (١.٢).

ئەمڕۆش، هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە سەر بە قوتابخانەی نەتەوەیی کوردی و هەڵگری بیری قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزمن هەر لەسەر ئەو ڕێیە دەڕۆن بەڕێوە. بۆ وێنە: کۆمەڵەکەی ئێوە "سۆکسە" (ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەورووپا) خۆی بە نوێنەری ئەو خوێندکارە کوردستانییانە نازانێ کە کورد نین، بەڵکو خۆی بە هاودەنگ و پشتیوانیان دەزانێ، و دەیەوێ ئەوانیش بچن ڕێکخراوی تایبەتی بۆ خۆیان دروست بکەن. پرۆگرامی "سۆکسە" کە لە کۆنگرەی مۆنیخ دا (لە ٢٣-٢٥ی ئەیلوولی ١٩٨٣) بڕیاری لەسەر درا دەبێژێ:

"ڕێکخراوی (سۆکسە) پشتگیریی تەواوی مافی کەمە نەتەوەکانی کوردستان دەکات لە پێناوی زیندوو کردنەوەی کەلەپووری نەتەوەییان و چۆنیەکی تەواویان لەگەڵ کورددا؛ لە هەموو ڕوویەکەوە. ڕێکخراو باشترین جۆری پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە تایبەتییەکانی ئەو کەمە نەتەوانە دەبەستێت" (٢.٢).

سەیر ئەوەیە هێندێک لەوانەی کە بۆیان نالوێ ڕاست بڕۆن، و وادیارە نان لە

بوختان و درۆ و دەلەسە و باسی هەڵبەستراو دەخۆن، هەوڵ دەدەن ئەم سەرەتا بەرزە ئازادبیرانەیەی قوتابخانەی نەتەوەیی بە ئاوەژوو لە خەڵک بگەیەنن، کە گوایە "ڕێکخراوە نەتەوەییەکان دوژمنی کەمایەتییەکانی کوردستانن، لەبەر ئەوەیە کە خۆیان نێو ناوە ڕێکخراوی کوردی، نەک کوردستانی و ناهێڵن هیچ کەمە ئێتنییەک بێتە ڕێکخراوەکانیانەوە و سبەینێ کە دەستیان ڕۆی، ئەوا ئەمانە دەردەکەنە دەری". بەڵام بەم کۆپلانەدا کە لە پرۆگرامی کاژیک و سۆکسە پێشانم دا بەجوانی دەرکەوت کە ڕێکخراوە نەتەوەییەکان هێندە بە تەنگ مافی کەمایەتییەکانەوەن، با لە کوردستانیشدا بژین کەماڵی کوردە، لەگەڵ ئەوەشدا ماف نادەن بە خۆیان کە ببنە نوێنەری ئەوانە. چونکە ئەگەر ئەو کەمە ئێتنییانە ئازادیی ئەوەیان نەبێ کە "ڕێکخراو" بۆ خۆیان دروست بکەن و خۆیان کاروباری خۆیان ببەن بەڕێوە، ئەوە بەرەبەرە لەنێو کورددا دەتوێنەوە و "قوتابخانەی بیری نەتەوەیی" دژی تواندنەوەی هەموو نەتەوەیەک و کەمە ئێتنییەکە، چ بە زۆر و چ بە فێڵ، وەک لە سەرەوە ڕوون کرایەوە.

بێجگە لەمانەی باسکران، قوتابخانەی نەتەوەیی کوردی "بیری ناسیۆنالیزم" کە بیرێکی سەرەتایی و کاڵوکرچی "بیری نەتەوەیی"یە، بە دەستکردی چینی بۆرژوای هیچ نەتەوەیەک نازانێ، وەک مارکسیستەکان دەبێژن؛ بەڵکو بە هەستێکی سروشتی و خۆڕسکی دەزانێ، کە لە ڕۆژی لە دایکبوونی نەتەوەیەکەوە پەیدا دەبێ، و دووریبە ژیارییەکانی (الابعاد الحیاتیة) بەپێی گۆڕانی کۆمەڵگەی ئادەمزاد دەگۆڕێ، و لە کۆمەڵگەی "ئازادی یەکسان" دا "دەگاتە پلەی تەواو بوون". هەر لەبەر ئەوەیە کە -بەپێی بیری نەتەوەیی کوردی- "نەتەوەیەکی یەکگرتوو و هاو ئاهەنگ، تەنێ لە "کۆمەڵگەیەکی نەتەوەییدا دروست دەبێ واتە لە کۆمەڵگەیەی ئازادی یەکساندا نەتەوەی یەکگرتووی هاو ئاهەنگ- دێتە کایە. هەر بەپێی قوتابخانەی نەتەوەیی کوردی، هەستی ناسیۆنالیزم لە پلەی دەربەگێتیدا هەبووە و هەیە، وەک چۆن لە پلەی بۆرژوازێتی دا هەیە و لە پلەی یەکسانیشدا هەر دەمێنێ و لەنێو ناچێ، بەڵام دووریبە ژیارییەکانیان، بەپێی ئەم پلە کۆمەڵایەتییانە، لە یەک جیاوازن. بەکورتی: بەپێی بیری نەتەوەیی کوردی؛ "ناسیۆنالیزم" پێوەندیی بە

چین و دەستەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەتییەوە نییە، ئەگەرچی هێندێک جار بەهۆی دەستەیەکەوە، یان چینێکەوە، بڵێسە دەسێنێ. هەروەها "بیری نەتەوەیی کوردی" پێی وا نییە -بەپێچەوانەی ئەوەوە کە قوتابخانە بۆرژوازییەکان دەبێژن- ئەگەر نەتەوەیەک دەوڵەتی خۆی نەبوو، ئێدی نەتەوە نییە، - هەروەها بە پێچەوانەی ئەوەوە کە مارکسیستەکان دەبێژن- ئەگەر نەتەوەیەک پێوەندیی ئابووریی ئێوکۆیی نەبوو - کە گوایە ئێدی "لە نەتەوەیەتی دەکەوێ". بەلای "قوتابخانەی بیری نەتەوەیی" یەوە وایە "ئەوانەی هەست بەوە دەکەن کە چارەنووسیان پێکەوە بەستراوە، و بە زمانێکی تایبەتی دەدوون، یان دەیانەوێ پێی بدوون و کولتوورێکی یەکگرتووشیان هەیە، کە بە شێوەیەکی مێژوویی دروست بووە، و لە ئەرزێکی تایبەتی دا دەژین، ئەوانە "نەتەوەیەکی هەرەمە" دروست دەکەن، و هەر کاتێکیش جیاوازیی چینایەتی (چ ئابووری و چ رۆشنبیری) لە نێوانیاندا نەما؛ ئەوا دەبنە "نەتەوەیەکی یەکرەنگ" واتە "نەتەوەیەکی هاو ئاهەنگ". بەکورتی قوتابخانەی بیري نەتەوەیی "هەست کردن بە چارەنووسی هاوبەش" لە هەموو مەرجەکانی دی بۆ بوونە نەتەوە بە گرنگتر دادەنێ، کەچی زمان و بنەچەو رەچەڵەک بەتەنێ، بە بەس نازانێ بۆ "بوونە نەتەوە". هەر لەبەر ئەمەش بوو کە "کاژێکنامە" بۆ یەکەمجار و لە ساڵی ١٩٦١ دا رەخنەی لە هیپۆتێزی ستالین گرت لەبارەی نەتەوەوە کە "ئابووری هاوبەش"ی بە یەکێک لە مەرجە پێویستەکانی "بوونە نەتەوە" داناوە. "کاژێکنامە" لەم بارەیەوە دەبێژێ (تەماشای پەراوێزی ٣. ٢ بکە):

لەمەش بترازێ "قوتابخانەی بیری نەتەوەیی کوردی" جیاوازیی چینایەتی هەر بە جیاوازیی "ژیانی ئابووری" یان جیاوازی لە "دابەشکردنی کار"دا تێناگات وپێشی وا نییە کە تەنێ بە نەهێشتنی جیاوازیی ئابووری؛ "یەکسانی لە نێوان تاکە تاکەی کۆمەڵگەیەکدا دێتە کایەوە". لەبەر ئەوە بیری نەتەوەیی کوردی، جۆرە "جیاوازییەکی چینایەتی"ی دیش دەخاتە بەرچاو، کە ئەوەش "جیاوازیی رۆشنبیری"یە. بەلای قوتابخانەی نەتەوەیی کوردییەوە؛ "جیاوازیی رۆشنبیری" لەرێی دروستکردنی "ئەلیتە"وە لە نێوان خەڵکدا، جۆرە "چینایەتی"یەک دروست دەکات، کە هیچ چەپی نییە لە "جیاوازیی چینایەتیی ئابووری".

رۆشنبیران و تیکنۆکراتان و شارەزایان و لیزانانی قانوون، بەلای هەڵگرانی بیری نەتەوەییەوە، چینێکن لە کۆمەڵگەدا، ئەگەرچی بەزۆری بە "توێک" (فئة)ێک دەدرێنە قەڵەم. بێجگە لەوەش، بیری نەتەوەیی کوردی، چینایەتی، هەر بە جیاوازیی گوزەرانی رۆژانەی ئابووری یان رۆشنبیریی تاکە تاکەی کۆمەڵگە دانانێ، بەڵکو پێی وایە، کە سەرجەمی رێبازی بیرکردنەوە و جۆری بۆچوون و هەڵوێست و لێ تێگەیشتنیش، شوێنی چینایەتی دیاری دەکات. بۆ وێنە: زۆری وا هەن، لە خێزان و بنەماڵەی زۆر رووتە و هەژارن، و خۆشیان برسی و رەشورووتن، کەچی رێبازی بیرکردنەوە و هەڵوێستیان، رێبازێکی هوردە بۆرژوایانەیە، یان دەرەبەگانەیە، بەو جۆرە کەسانە -بەپێی بیری نەتەوەیی کوردی- ناتوانرێ بگوترێ: سەر بە چینی "پرۆلیتاریا" یان "زەحمەتکێش" یان "کرێکار" یان "رەنجدەر"، یان وا دابنرێن کە لە مەیدانی "دابەشکردنی کار"دا دەوری "پرۆلیتاریا" یان "زەحمەتکێش" دەبینن. پێچەوانەی ئەمەش هەر راستە.

بەکورتی ئامانجی "بیری نەتەوەیی کوردی" ئەوەیە کە کۆمەڵگەی گەورەی ئادەمزاد لەسەر بنچینەی "ئازادی و یەکسانیی مرۆڤ" دروست ببێ. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوە نایەتەدی، هەتا ئەندامەکانی ئەو کۆڵگە مەزنە -کە هەر یەکەیان سەر بە کۆمەڵگەیەکی گچکەی ئێتنییانەن- کۆمەڵگەیەکی ناسیۆنالانەی ئازاد و یەکسان دروست نەکەن، بۆیە "خاڵی دەستپێکردن"ی بیری نەتەوەیی؛ "خاڵێکی کەرتانە" (جزئی partiell)یە، و دەستپێکردن لە کەرتەوە بۆ گشت whole، واتە لە "کۆمەڵگەی ئێتنیی ناسیۆنال"ەوە بەرەو "کۆمەڵگەی ئینتەرناسیۆنال"ە. چۆنکە "قوتابخانەی بیری نەتەوەیی" پێی وایە چارەسەرکردنی "گشت" هەر لەرێی چارەسەرکردنی کەرتەکانەوە شێوای کردنە، و دەستکردنیش بە "گشت" بەبێ دەستپێکردن لە "کەرت"ەوە لە نەبووانە (مستحیل) (٤ . ٢). هەر لەبەر ئەوەشە کە "بیری نەتەوەیی کوردی" دەچێ "بابەتی کۆمەڵگەی ناسیۆنال" دەکاتە کەرەسەی لێکۆڵینەوە و بەراوردکاری و هەر لەو بابەتەشەوە دەچێتە دەرەوە، و هەر لەو بابەتەشەوە تیۆری کارکردن دەردەهێنێ، و لەسەر ئەو بنچینەیە دەست بە بزووتنەوە دەکات، و ئەم

مێتۆدەش نێو دەنێ "مێتۆدی ڕەسەن" و بە بیرەکەش دەڵێ "بیری ڕەسەن". لەکاتێکدا بەو مێتۆد و بیرە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی کە لە کەرەستەی بابەتە ناسیۆنالەکە خۆیەوە وەرنەگیراون؛ پێیان دەبێژێ "مێتۆدی نارەسەن و بیری نارەسەن". بۆیە، هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەدا، بیری نەتەوەیی پێی وایە ئەو سەنگ و تەرازووانەی norms کە کارل مارکس (١٨١٨/٥/٢-١٨٨٣/٣/١٤) لە سەتەی ڕابوردوودا، کۆمەڵگەی ئەورووپایی پیشەساز و چینی سەرمایەدار و پرۆلیتاری ئەورووپایی پێواوە پێیان؛ بە کەڵکی پێوانی کۆمەڵگەی کوردەواری یان کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی و تەنانەت ئەورووپایی ئەمڕۆش نایەن. مەگەر بۆ ئامانجی تۆیژینەوەی بەراوردکاری دیرۆکانە (تحليلات تأريخية مقارنة) بەکار ببرێن. هەروەها "بیری نەتەوەیی کوردی" پێی وایە، کە قوتابخانەی مارکسیزم لەو سەرنجەی دا ڕاست نییە کە دەبێژێ: "بەرژەوەندیی ئابووریی چینی کرێکار لە هەموو جیهاندا وەک یەکە" (٢.٥)، بەڵکو دەبێژێ: "بە تاقیکردنەوە دەرکەوتووە کە بەرژەوەندیی ئابووریی چینی کرێکار لە وڵاتێکدا گەلێک جار لەگەڵ بەرژەوەندیی ئابووری چینی سەرمایەداری ئەو وڵاتە ڕێک دەکەوێ دژی بەرژەوەندیی ئابووریی چینی کرێکاری وڵاتێکی دی، و هەتا لە هەموو جیهاندا کۆمەڵگەیەکی ئازادی یەکسان پێک نەیەت، ئەم دۆخە هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە". بیست ساڵ پتر دوای ئەوەی "کاژیک" ئەم سەرنجەی خستەڕوو، و هوردە بۆرژوای مارکسیستی کورد بە بیرێکی شۆڤێنیانەیان دادەنا، ئەوجا و دوای بیست ساڵ، هێندێک لە ڕێکخراوە مارکسیستەکانی کوردستان؛ بەتایبەتی "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان"، دانیان بەوەدا نا؛ کە بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسی و کولتووریی چینی کرێکاری کوردستان، بەهیچ جۆرێک لەگەڵ بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسی و کولتووری چینی کرێکاری وڵاتانی عێراق و ترکیا و سووریا و ئێران، واتە چینی کرێکاری عەرەب و ترک و فارس، یەک نین و زۆر ناکۆکن، و چینی کرێکاری کورد لەلایەن چینی کرێکاری عەرەب و ترک و فارسەوە دەچەوسێنرێتەوە و تەنگ بە ژیانی هەڵ دەچنرێ" (٢.٦). هەروەها "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان"، ئەگەرچی

ڕێکخراوێکی مارکسی - لینینیی پەڕگیر (متطرف)ە، کەچی -وەک کاژێک، بەڵام بیست ساڵ دوای کاژێک- دانی بەوەدا نا؛ کە ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەشکردووە داگیرکەر و کۆلۆنیالیستن و کرێکارەکانیشیان بە بیری شۆڤێنیانە و داگیرکەرانە و ڕەگەزپەرستانە و خۆ بەزلگرانەوە پەروەردە دەکرێن، دژی کرێکاری کورد (٢.٧).

جا لەبەر ئەوەی بیری نەتەوەیی کوردی تەنێ "کۆمەڵگەی نەتەوەیی" بە "کۆمەڵگەیەکی ئازادی یەکسان تێ دەگات، لەبەر ئەوە تەماشای ئەندامە جۆرجۆرەکانی کۆمەڵگە "وەک مرۆڤ" دەکات، نەک وەک "ژن" و "پیاو" و "پیر" و "گەنج". بەلای ئەم بیرەوە لە کۆمەڵگەیەکی نەتەوەییدا، "ژن و پیاو نییە"؛ بەڵکو "تەنێ مرۆڤ هەیە و بەس"، ئەمە لەکاتێکدا کە بیری "قەومیەت"ی ڕۆژهەڵاتی و بیری "ناسیۆنالیزم"ی ڕۆژاوایی -چونکە تەنێ "ناسنامەی ناسیۆناڵ" (الهویة القومیة) دەکەنە پێوانەی کۆمەڵگە- هەموو ئەو جیاوازییە جۆری (نوعی)یانەی کە بەسەر کۆمەڵگەدا سەپێنراون؛ وەک زۆرداریی پیاو بەسەر ژنەوە، خوێندەوار و ئەلیتە بەسەر نەخوێندەوار و نائەلیتەوە، دەوڵەمەند بەسەر هەژارەوە، دەکەن بەژێر لێوەوە و دەیکەن بە قوربانی پاراستنی "تایبەتکاری ناسیۆناڵ" (الخصوصیة القومیة)ەوە، بەوە کۆمەڵگەی ناسیۆناڵ دەکەنە "کۆمەڵگەیەکی نائاهەنگ" (مجتمع غیر منسجم).

بەپێچەوانەی بیری مارکسیتییەوە، کە پێی وایە کۆمەڵگەیەکی یەکسان، لەڕێی "دیکتاتۆرێتیی پرۆلیتاریا"وە دروست دەبێ، و دەزگەی دەوڵەت دەبێ "دەزگەیەکی سەرکوتکەر" بێ بە دەست "چینی پرۆلیتاریا"وە بۆ "پاراستنی شۆڕشی پرۆلیتاریا و دەستکەوتەکانی" و بە پێچەوانەی بیری بۆرژوالیبەرالەوە کە دەبێژێ؛ دەوڵەت دەبێ "دەزگەیەکی بێ لایەنی نێوبژێکەری هاو ئاهەنگکەر" بێ لە "نێوان چین و دەستە جۆر جۆرەکانی کۆمەڵگە"دا، "دەوڵەت" بەلای بیری نەتەوەیی کوردییەوە، "دەزگەیەکە بۆ وەک یەک کردنی دەسەڵات لەنێوان تاکە تاکەی کۆمەڵگە"دا، ئەوەش "لەڕێی وەک یەک کردنی بەکارهێنانی ئازادی و سووت وەرگرتن لێی لەلایەن تاکە تاکەی کۆمەڵگەوە

دەبیٚ هەرکاتێکیش دەسەلاٚتی بەکارهێنانی ئازادی و سووت وەرگرتن لیٚی لای تاکە تاکەی کۆمەڵگە وەک یەکی لیٚ هات، ئەو دەمە دووریبە ژیاریبەکانی "دەوڵەت" و "کـۆمـەڵگە" دەبنە یەک، واتە دەوڵەتی ئازاد بریتی دەبیٚ لە دەربڕینێکی ویستەی کۆمەڵگەی یەکسان بۆ ڕێکخستنی کاروباری ڕۆژانە، و "بوونی دەوڵەت"یش ئەو دەمە "وەک دەوڵەت" پێویست نامێنیٚ، چونکە ئەو دەمە ئەو ڕێکخستنە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی، نەک بە زۆری زۆردارەکی، دەڕوا بەڕێوە. هەر ئەو دەمەش پێویستی "زۆر لێکردن" لەلایەن "دەوڵەت"ەوە نامێنیٚ، چونکە پێویستی بە "پاراستن" نامێنیٚ، واتە هیچ شتێک نامێنیٚ کە پێویستی بە پاراستن بیٚ.

## ١٠- ئەنجامی باس

بەمانەی سەرەوەدا دەردەکەویٚ کە "بیری نەتەوەیی کوردی" قوتابخانەیەکی فەلسەفیی نوێی مرۆڤ دۆستانەیە، و بەهیچ جۆرێک لەگەڵ "بیری قەومیەتی ڕۆژهەلاٚتی" و "بیری ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی"دا یەک ناگرێتەوە. ڕاستییەکەی "بیری نەتەوەیی کوردی" سەرچاوەی لە "بیری قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم" هەڵقولاوە؛ کە "سوسیالیزم" بە "ئازادی و یەکسانی کۆمەڵگەی ئادەمزاد" تێدەگات، و کۆمەڵگەی کوردەواری کردووەتە "بنکەی لێوە هاتنەدەرەوە و دەست پێکردن"، ئەمەش پێویستی بە وتارێکی سەمیناری تایبەتی هەیە کە هیوام وایە لە هەلێکی دیدا پێشکێشی بکەم، ئەوەی لێرەدا ڕوون کرایەوە، ئەو ئەنجامە دەدات بە دەستەوە کە دەبیٚ بە "بیری نەتەوەیی کوردی" هەر بگوتریٚ "بیری نەتەوەیی کوردی"، واتە وشەی "نەتەوەیی" کە بۆ مەبەستی "بیری نەتەوەیی" یان "قوتابخانەی نەتەوەیی" بەکارهێنرا، نابیٚ بە «قومی» عەرەبی، یان "ناسیۆنالیستانە"ی ئەورووپایی تەرجەمە بکریٚ. وتەی "نەتەوەیی" وەک بیرێک، نەک وەک وشەیەک، بەرهەمێکی کوردی تازە بابەتە، وەک وشەی "پێشمەرگە". چۆن وشەی "پێشمەرگە" بە وشەی "فدائی"ی عەرەبی و ترکی و فارسی، یان "پارتیزان"ی ئەورووپایی تەرجەمە ناکریٚ، و هەر دەبیٚ وەک "پێشمەرگە" بهێڵرێتەوە، ئەگەر بێتو ڕاست تەرجەمە بکریٚ،

هەروەهاش وتەی "بیـری نـەتەوەیی"، دەبێ هەر وەک خـۆی بخـرێتـە زمـانی بێگانەوە و تەرجـەمـە نەکـرێ. لە کـۆتایی وتارەکـەدا سـوپاسی دان بەخـۆدا گرتنتان دەکەم و جارێکی دی سوپاسـتـان دەکەمەوە کە رێتان دام ئەم وتارە بخوێنمەوە و سەرکەوتنی هەموو لایەکتان بە ئاوات دەخوازم لە پێناوی خزمەتی ئازادی و یەکسانیی مرۆڤدا و هەر بژین.

## سەرنج

بەم جۆرە؛ وتارەکە لە دەوروبەری کاتی ١٩ی ئێوارە، واتە ٧ی پاش نیوەڕۆدا، دوای دووجار پشـوودان، برایەوە، و لـە نۆزدە و نیـودا کـاتی پرسیـار و وەرام هات و لەمـەشـەوە بوو بە وتووێژێکی یەکـجـار گـەرمی وا کـە دوو سـەعـات درێژەی کێشا. دان بەخۆداگرتنی بەشدارانی سەمینار بۆ ماوەی نۆ سەعات و ئەوجا چەپڵەرێزانی بەسـۆزی درێژخایەنی بەشداران، خـۆی لە خۆیدا بەڵگە و نیشانەیەکی تەواوە بۆ ئەوەی سەمینارەکە بە دڵی گوێگران بووە.

ئەوجا هاوبیر کوردۆ عەلی بە سوپاسی خاوەن سەمینار و سوپاسی بەشداران دوایی بە کۆڕەکە هێنا.

## ١١- پەراوێزەکان

(١)- وشەی "کاژیک KAJYK" لە لێکدانی تیپە سەرەتاییەکانی پێنج وشەکەی رستەی "کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد" دروست بووە. ئەم ڕێکخراوە لە ئێوارەی ڕۆژی ١٤ی نیسانی ١٩٥٩ دا لە خوارووی کوردستان؛ لەلایەن کۆمەڵێک ڕۆناکبیری کوردەوە دامەزرا، کە پێک هاتبوون لە نووسەران و هۆنەران و زانایانی کۆمەڵگە و زمان و فیزیک و کیمیا و قانوون و... هتد. پاش شیکردنەوەی مێژووی کورد و گەلانی دراوسێی کوردستان و گەلانی دووردەست، و ھوردبوونەوەیەکی بابەتانە لە کارەسات و فەلسەفە گرنگەکانی جیهان، و دەمەتەقێیەکی ڕەخنەگرانەی پشوو درێژانەی وا کە لە دوو ساڵ پتری خایاند، لە نیوەڕاستی تەمووزی ١٩٦١ دا کورتەیەکی فەلسەفەی "کاژیک" بەناوی "کاژیکنامە KAJYKNAME"وە بە زمانی کوردی دەرچوو، کە لە ساڵی ١٩٧١ دا وەرگێڕرا بە عەرەبی و چاپکرا. ئەم نامیلکەیە سەرەتایەکی "بیری نەتەوەیی کوردی" و "فەلسەفەی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم"ی خستە بەرچاو. "کاژیک" بەر لە هەموو شتێک قوتابخانەیەک بوو بۆ "بیری ئازادی و یەکسانی"، و بزووتنەوەیەک بوو کە لە کۆمەڵەیەکی سیاسیدا چارچێوەی خۆی دۆزیبووەوە. لە پاش تێکشکانی شۆرشی ئەیلوول لە ٢٦ی مارتی ١٩٧٥ دا؛ "قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم"، بەهۆی تاقیکردنەوە پرۆچڕەکانی ١٤ ساڵەی شۆرشەوە، گەلێک شارەزاییی تازە و بەفەری دەست کەوتبوو، لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٧٥ دا ئەم بیرە لەنێو "پارتی سۆسیالیستی کورد" (پاسۆک PASOK) دا چلوورەی بەست. "قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم" دەوری کارای خۆی لە کۆمەڵگەی کوردیی پاش تێکشکانی شۆرشدا گێڕا، بە نیشانەی ئەوەی هەموو کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، پاش هەرەس هێنانی شۆرش، هێندێک لە سەرەتا بیرییەکانی کاژیکیان وەرگرت. شوێنەواری ئەم کارتێکردنە، بەتایبەتی لە ئەدەبیاتی هوردە بۆرژوای مارکسیستی کورددا؛ بەجوانی دیارە، و ئەوی خۆی بە ئیدیۆلۆژیی ئەمانەوە خەریک بکات، دەبینێ کە گەلێک لە سەرەتاکانی "کاژیک"، یان هەر وەک خۆی دەقاو دەق خوازراون، یان بە دەستکارییەوە وەرگیراون. لەبارەی ئەم گۆڕانە گرنگەوە لە بیری سیاسیی ڕێکخراوەکانی کوردستاندا، باسێکم ئامادە کردووە بەناوی "ڕەنگدانەوەی بیری کاژیک لە ئەدەبیاتی هوردە بۆرژوای کورد"دا؛ کە لە ڕۆژی ١٤/٤/١٩٨٤ دا؛ واتە بەبۆنەی تێپەڕبوونی چارەکە چەرخێکەوە بەسەر دامەزراندنی "کاژیک"دا، لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە بەرلین بەسترا، خوێندوومەتەوە و دەمەتەقێ کراوە لەسەری، و هیواشم وایە لە هەلێکدا بە

چاپ بگەیەندری. بۆ زانیاریی پتریش لەبارەی "کاژیک" و "بیری نەتەوەیی"یەوە، تەماشای بەندی ٥ و ٩ی ئەم سەمیناره بکە.

(٢)- تەماشای لێکسیکۆنی ئیتمۆلۆژیی کناور بکە:

Ursula Hermann: Knaurs etymologisches Lexikon, Droemer Knaur, München 1983,S.332.

(٣)- تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

Mackensen von Hollander: Universal Wörter & Fremdwörterbuch, XENOS Verlagsgesellschaft m.b.H. Hamburg 1983,S.1956.

(٤)- تەنانەت nation لە زمانی ئەڵمانیدا بەرامبەر وشەی Staatsvolk، واتە "گەلی دەوڵەتدار"؛ بەکار دەهێنرێ.

(٥)- تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

Klaus Hornung: Nation/Nationalismus/Nationalsaat: zur Politikwissenschaft, herausgegeben von Wolfgang W. Mickel, Ehrenwirth, Münchhen 1983, S. 306.

(٦)- هەر ئەوێ.

(٧)- تەماشای ستالین: مەسەلەی نیشتمانی؛ بکە. ئەم وتارەی ستالین بۆ یەکەمجار لەلایەن خالید بەگداشەوە (خالد بگداش) لە ساڵی ١٩٤٦ دا کرا بە عەرەبی و بڵاوکرایەوە. نازانم کراوە بە کوردی یان نا، بەڵام شایانی باس لێرەدا ئەوەیە کە ستالین باسی "نەتەوە" دەکات، مەرجەکانی "بوونە نەتەوە" بە "زمانی وەک یەک، مێژووی وەک یەک، هەستی دەروونیی وەک یەک، خاکێکی گشتی و ئابوورییەکی نێوکۆیی" دەست نیشان دەکات.

(٨)- تەماشای ل ١٥٧ی ئەم وتارە (پەراوێز ٢.٣) بکە بۆ زانینی هەڵوێستی "بیری نەتەوەیی کوردی" بەرامبەر هیپۆتیزی ستالین.

(٩)- قورئان، سوورەتی "النحل" (هەنگ)، ئایەتی ٣٦.

(١٠)- قورئان، سوورەتی "البقرة" (مانگا)، ئایەتی ١٢٠.

(١١)- قورئان، سوورەتی "یوسف" (یوسف /پ)، ئایەتی ٣٨.

(١٢)- شایانی باسە کە وشەی "گەل" لە زمانی کوردی دا بە مانای "کۆمەڵی گەورە"

دێ، وەک لە وشەی "مێگەل" دا دەردەکەوێ. کە "مێگەل" بەمانای "گەلەمەڕ"ە. "مێ" لە کوردیدا بەمانای "مەڕ" دێ، تەماشای وشەی "میش"ی فارسی بکە کە مانای "مەڕ"ە.

(١٣)- لە سەرەتای چلەکانیشدا وشەی "نەتەوە" لە گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بەکار دەهێنرا.

(١٤)- تەماشای ل ١٨ی ئەم وتارە و پەراوێزی ژمارە (٢٨) بکە.

(١٥)- احمد امین: ضحى الاسلام، القاهرة ١٩٥٦، الجزء الاول ص ٥٧؛ هەروەها حسینعلی ممتحن: نهضت شعوبیه، جنبش ملی ایرانیان در برابر خلافت اموی و عباسی، تهران ١٣٥٤ (١٩٧٥)، ص ١٩٧.

(١٦)- القاضی ناصرالدین ابی سعید عبدالله ابن عمر بن محمد الشیرازی البیضاوی: انوار التنزیل واسرار التأویل، الجزأ الخامس، طبع مصر، دون ذکر تاریخ الطبع، دار الکتب العربیة الکبری، ص ٨٩.

(١٧)- وا دیارە هێندێک لەم دواییە دا هەستیان بە تەواویی ئەم زاراوەیە کردووە، لەبەر ئەوە لەباتی "گەلی ترکیا" (گەلانی ترکیا) و لەباتی "گەلی ئێران" (گەلانی ئێران) و لەباتی "گەلی عێراق" (گەلانی عێراق) بەکار دەبەن، کە ئەمەش لە پینەو پەڕۆیەکی مەسەلەکە بەولاوە چی دی نییە.

(١٨)- قورئان، سوورەتی «التوبة» (تۆبە)، ئایەتی ٩٧.

(١٩)- قورئان، سوورەتی «التوبة» (تۆبە)، ئایەتی ١٠١.

(٢٠)- قورئان، سوورەتی «الحجرات» (ژوورەکان)، ئایەتی ١٤.

(٢١)- قورئان، سوورەتی «الزمر» (دەستەکان)، ئایەتی ٢٨.

(٢٢)- قورئان، سوورەتی «الشعراء» (هۆنەرەکان)، ئایەتی ١٩٥.

(٢٣)- قورئان، سوورەتی «الاحقاف» (تەپۆلکە لمەکان)، ئایەتی ١٢.

(٢٤)- "جابان الکردي" کە ناوە راستەقینەکەی "گاڤان"ە یان "کابان"ە؛ سەحابەیەکی پەیامبەربووە. کوڕەکەی "جابان" کە ناوی مەئمون (مأمون) بووە، چەند حەدیسێکی گێڕاوەتە کە باوکی لە پەیامبەر بیستوونی، بەتایبەتی لەبارەی مەسەلەی "تەلاق" و "مارەکردن" و "مافی ژن و مێردییەوە". بۆ زانیاریی پتر لەبارەی ئەم باسەوە تەماشای؛ "التأریخ الکبیر"ی بوخاری (بخاري) بکە.

(٢٥)- علي حسني الخربوطلي: القومیة العربیة من الفجر الى الظهر، دون ذکر تاریخ الطبع، دار احیاء الکتب العربیة، ص ٥٢. هەروەها عبدالرحیم فودە؛ الاسلام

والقومية العربية، دار احياء الكتب العربية ١٩٦١، ص ١٥.

(٢٦)- علي حسني الخربوطلي: سەرچاوەی پێشوو، هەر ئەوێ.

(٢٧)- قورئان، سوورەتی «الحجرات» (ژوورەکان)، ئایەتی ١٠.

(٢٨)- هێندێک وشە هەن لە زمانی عەرەبیدا کە دوو مانای پێچەوانەی یەکیان هەیە؛ وە "بصیر" کە بە مانای "بینا"یە؛ بەڵام بە "کوێر"یش هەر دەڵێن "بصیر"؛ بۆ ئەوەی دڵی لە خۆی نەمێنێ. هەروەها "مولی" کە مانای "سەروەر"ە، بەڵام بە "خزمەتکار"یش هەر دەگوترێ "مولی" بۆ ئەوەی راستەوخۆ ریسوا نەکرێ. ئەم وشە "دوو زەردینانە" کە بە عەرەبی پێیان دەگوترێ "الاضداد" ؛ لە زمانی کوردیشدا هەن. بۆ وێنە: لەنێو کورددا بە ژنی لەش فرۆش دەبێژن "رووسپی"، لەکاتێکدا کە "رووسپێتی" وەک خوماڵێکی چاکە بەکاردێ. بۆ وێنە دەبێژیت: "رووی سپی بێ" واتە "ئافەرمی لێ بێت".

(٢٩)- ابو الطيب المتنبي: ديوان المتنبي، طبعة بومباي ١٢٧١ (=١٨٥٥م)، ص ٣٢٣.

(٣٠)- حسینعلی ممتحن: سەرچاوەی پێشوو، ص ١٢٥-١٢٦.

(٣١)- ابن منظور، جمال الدين بن محمد: لسان العرب المحيط، معجم لغوي علمي. قدم له الشيخ عبدالله العلايلي، اعداد و تصنيف يوسف خياط ونديم مرعشلي، دار لسان العرب، بيروت ص ٣٢١.

(٣٢)- ابن عبد ربه الاندلسي: العقد الفريد، القاهرة ١٣٦٧ هـ.ق (= ١٩٤٧/١٩٤٨)، الجزء الثاني ص ٣٥٣. هەروەها: خيرالله طلفاح: الشعوبية عدو العرب الاول، بغداد ١٩٧٢، ص ١٣.

(٣٣)- طبري، محمد بن جرير: اخبار الرسل والملوک (تأريخ طبري)، لايدن ١٨٨٥، ج٩، ص ١٠٦. هەروەها: احمد امين: ضحى الاسلام، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم (الجزء الاول) ص ٣٥، هەروەها حسینعلی ممتحن: سەرچاوەی پێشوو، ص ١٦.

(٣٤)- ابن الاثير الجزري: الكامل في التأريخ، الطبعة الثانية، ١٩٦٧/١٣٨٧، دار الكتاب العربي، بيروت.

(٣٥)- الدميري، الشيخ كمال الدين: من حياة الحيوان الكبرى، باب الهمزة (الاسد)، الجزء الاول، مصر ١٣٣٠ هـ ص١٢.

هەروەها: ابن الاثير الجزري: الكامل في التأريخ، المجلد الرابع، ١٩٦٧/١٣٨٧، دار الكتاب العربي، بيروت، ص٣٥٥، وقد اخذه عن (ابن كثير).

(٣٦)- نووسەری گەورەی کورد و ئیسلام ئەبوو حەنیفەی دینەوەری (ابو حنيفة الدينوري)

لە "الاخبار الطوال"دا -الطبعة الاولى (چاپی یەکەمین)، لایدن ١٨٨٨، ص ٣٣٨ باسی خزمایەتیی ئەبوو موسلیم و پاپەک دەکات.

(٣٧)- زەندیق (زندیق) کە گەڵ (جمع)ەکەی لە زمانی عەرەبی دا "زنادقة" یە لەباری ئیتمۆلۆژییەوە کەمێک تەماوییە. ئەم وشەیە لەکاتی پەرەسەندنی شۆڤینیزمی عەرەبدا، بەتایبەتی لە کۆتاییی فەرمانڕەواییی بنەماڵەی ئەمەوییەکان و دەورانی عەباسییەکاندا زۆر بەکار دەهێنرا؛ بەڵام هەر دەمە بە مانایەک و بۆ مەبەستێکی جیاواز. وشەی "زەندیق" زۆرتر وەکو "تۆمەت"ێک دەدرایە پاڵ ئەو ناعەرەبانەی بە سەرکردەیەتی و فەرمانڕەواییی عەرەب رازی نەدەبوون، بۆ ئەوەی بەنێوی ئەوەوە؛ کە گوایە باوەڕیان بە خودێی تاک و تەنێ نییە، یان سەر بە ئاینی ئێرانی کۆنن، یان هەر بەجارێ دان بە بوونی خودێدا نانێن، هەر دەمە بە جۆرێک تاوانباریان بکەن و سزایان بدەن.

(٣٨)- المعري، ابوالعلاء: رسالة الغفران، صححها ووقف على طبعها: الشيخ ابراهيم اليازجي، الطبعة الاولى، مصر ١٣٢١ (١٩٠٣)، ص ١٦٦-١٦٨.

(٣٩)- خيرالله طلفاح: الشعوبية عدو العرب الاول، سەرچاوەی پێشوو، ص ٨٢.

(٤٠)- عەبدوللای کوڕی موقەففەع (عبدالله ابن المقفع) کە نێوی راستەقینەی "روزبە" بووە، یەکێک بووە لە "موالی" یەکان و لەسەر ئاینی زەردەشتی بووە، دوایی موسڵمان بووە. ابن المقفع یەکێکە لەو فەیلەسووف و هۆنەر و نووسەرانەی کە بە عەرەبی و فارسی بەرهەمی زۆر بەنرخیان هەیە. ئەم زانا گەورەیە گەلێک کتێبی بایەخداری لە زمانی پەهلەوییەوە کردووە بە عەرەبی، وەک "تاریخ ملوک الفرس" (مێژووی پاشاکانی فارس) و "کلیلە ودمنە" و گەلێک بەرهەمی زۆر بەنرخی دی کە هەموو بوونەتە سەرچاوەی گەلێک کاری مێژوویی مێژوونووسە عەرەبەکان و ئێرانییەکان و رۆژهەڵاتناسەکان. خەلیفەی عەبباسی مەنسوور (المنصور) لە ساڵی ١٤٥ی کۆچی (=٧٦٢/٧٦٣ی ف)دا، و لە تەمەنی چل ساڵی دا، "ابن المقفع"ی بە تۆمەتی "زەندەقەیەتی" و "کافری" کوشت، و ئەوەش بە بڕینی دەستوپێی "ابن المقفع" و سووتاندنی لە تەندووردا.

(٤١)- البلاذري: نێوی راستەقینەی ئەحمەد کوڕی یحیای بەغدادییە (احمد بن يحيى البغدادي)، لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا ژیاوە. البلاذري، زۆرتر بەهۆی بەرهەمە بەنرخەکەیەوە "فتوح البلدان" (فەتحکردنی وڵاتان)، کە باسی فتووحاتی ئیسلامی دەکات؛ ناسراوە. ئەم کتێبە لە قاهیرە لە ساڵی ١٩٣٢ دا چاپکراوە.

(٤٢)- بەشاری کوڕی بورد (بشار بن برد)؛ هۆنەرێکی بەنێوبانگ بوو، بەزمانی عەرەبی لە دەورانی خەلافەتی عەباسیدا شیعری دەگوت. بەشار بەپێی هێندێک چیرۆک لە

"موالی"یەکان بووە. ئەم هۆنەرە گەورەیە بەکوێری لە دایک بووە. بەڵام هۆنراوەی وای هەیە کە بینایەک ناتوانێ ئەو ووردەکاریانە بخاتە ڕوو. بەشار بەچاوی سووک تەماشای عەرەبی دەکرد و شانازی بە فارسێتیی خۆیەوە دەکرد و فارسەکانی هان دەدا کە سەرکردەیەتیی عەرەب پەسند نەکەن. لە ساڵی ١٦٨ی کۆچی (=٧٨٤/٧٨٥ز) دا بە فەرمانی خەلیفەی عەبباسی مەهدی (المهدي)، بەشار هێندە دارکاری کرا تا گیانی دەرچوو.

(٤٣)- ئەبوو نواس (ابو نؤاس)؛ ناوی ڕاستەقینەی خۆی حەسەن کوڕی هانی (حسن بن هاني)یە و لە خوزستان لەدایک بووە و یەکێکە لە هۆنەرە هەرە بەناوبانگەکانی دەورانی عەبباسی کە بە زمانی عەرەبی هۆنراوەی هۆنیوەتەوە. ئێستەش یەکێک لە شەقامەکانی بەغدا کە بەسەر ڕوباری دیجلەدا دەڕوانێ، بەناوی (ابو نواس)ەوەیە. ابو نواس مەی خۆرێکی گەورەبوو، و هۆنراوەی زۆری بەسەر مەیدا هەڵداوە و شانازیتی بە فارسیتیی خۆیەوە کردووە.

(٤٤)- ئەبوو عوسمانی بەختەگان (ابو عثمان بختكان)؛ هۆنەر و نووسەرێکی گەورە بووە بەزمانی عەرەبی. ئەم هۆنەرە زۆر لایەنی فارسی دەگرت لە دژی عەرەبەکان و تەنانەت کتێبێکی بە زمانی عەرەبی نووسیوە بەناوی "فضل العجم على العرب وافتخارها".

(٤٥)- ابن الاثير الجزري: الكامل في التأريخ، المجلد السادس، الطبعة الثانية ١٣٨٧/١٩٦٧، دار الكتاب العربي، بيروت، ص ٧٣.

(٤٦)- جمال نبز: حول المشكلة الكردية، من منشورات "الاتحاد القومي للطلبة الاكراد في اوربا" - نوکسە NUKSE - ١٩٦٩، ص٧.

(٤٧)- تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

Scheref Prince de Bidlis: Scheref-Nameh ou Histoire des Kourdes, Publiée par v. Vélliaminof-Zernof, Tômel, Texte Persan, Priemiére Partie. -Pétersbourg 1868, p. 16-17.

(٤٨)- سەرچاوەی پێشوو، هەر ئەوێ.

(٤٩)- شەڕی چاڵدێران ئەو شەڕە بوو کە لە نێوان عوسمانی و سەفەویدا بەناوی "شیعەیەتی و سوننەیەتی"یەوە هەڵگیرسا، و هەزاران شیعە و سوننی خوێنیان ڕژا و لە چاڵدێران کە گوندێکی کوردستانە سەفەوییەکان دۆڕاندیان بە عوسمانییەکان. ئەمەش بەهۆی یارمەتیدانی میرە کوردەکانەوە بوو بۆ عوسمانییەکان. سیاسەتی شیعەگەرێتیی پەڕگیرانە (متطرف)ی سەفەویەکان و ڕکەبەرایەتییان بەرامبەر بە

"سونئێتی" کە کوردە موسڵمانەکان زۆربەیان سوننی بوون، کارێکی وای کرد کە کوردەکان لە شەڕدا لایەنی عوسمانییەکان بگرن. لەمەشدا ئیدریسی بیتلیسی کە زانایەکی بەنێوبانگی کورد بوو، دەورێکی گەورەی گێڕا. سوڵتانی عوسمانی زۆر هەوڵی دڵڕاگرتنی بیتلیسی دەدا، و گەلێک دیاری و پارەی نارد بۆی. فراوانیی ئەم دیاری و پارانە لە نامەیەکدا دەردەکەوێ کە سوڵتان سەلیم بۆ ئیدریسی بیتلیسی ناردووە. دەقی نامەکە لە لاپەڕە (٣٣٢)ی کتێبی "تاج التواریخ"دا بڵاوکراوەتەوە. هەر بەهۆی کەوتنە نێوی ئیدریسی بتلیسییەوە بوو کە زۆری میرنشینە کوردەکان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا یەکیان گرت، بەرامبەر بەوەی سەربەخۆیی نێوخۆیی خۆیان بمێنێ، بەڵام سوڵتانە عوسمانییەکان ڕێزی ئەم سەربەخۆییەیان نەگرت، و هەتا دەهات لە دەسەڵاتی میرە کوردەکانیان کەم دەکردەوە، تا وای لێ هات لە نێوەڕاستی سەتەی نۆزدەیەمدا دوا میرنشینی کورد کە "بابان"بوو لەنێویان برد.

(٥٠)- ئینسیکلۆپیدیای گەورەی ترک کە بە "مەیدان-لارووس" نێونراوە، مێژووی لەدایک بوونی ئەحمەدی خانی بە ١٥٩١ و کۆچی دوواییشی بە ١٦٥٢ داناوە. ئەوەی لە کوێ وەرگرتووە، دیار نییە. تەماشای باسی کورد "Kürtler" لە: Meydan-Larousse Büyük Lugat ve Ansiklopedi بکە کە لە سالی ١٩٧٢ دا چاپکراوە، ل ٧٣٦، بەرگی (٧).

کورتەیەکی چیرۆکی "مەم و زین" یان "ڕۆمیۆ وجوولێت"ی کورد کە شاکاری خانی ئەدەبیاتی کوردییە لەلایەن خاوەنی ئەم وتارەوە کراوە بە زمانی ئەڵمانی و لە سالی ١٩٦٩ دا لەلایەن "نۆکسە"وە بڵاوکراوەتەوە.

(٥١)- لێرەدا دەمەوێ دەست بۆ ڕاستییەک ڕابکێشم کە تا ئێستە لە هیچ شوێنێکدا باسی نەکراوە، ئەوەش ئەوەیە، ئەحمەدی خانی بۆ یەکەمجار و بە پێچەوانەی هەموو زانا موسڵمانە کوردەکانی سەردەمی خۆیەوە، لەسەر دەرگەی ئەو مزگەوتەی کە ئەمڕۆ بە مزگەوتی Dogu Bayezit بەنێوبانگە، لەپاڵ زمانی عەرەبی و فارسی و ترکیدا، بە زمانی کوردیش نووسیویەتی.

(٥٢)- محەممەد عەلی پاشا، بەپێی هێندێک چیرۆک، ئەلبانی (ئەرنەوت) بووە. بەڵام خودێ لێخۆش بوو نەجمەددین عەونی (نجم الدين عوني) برای محەممەد عەلی عەونی (محمد علي عوني) کە لە ١٩٥٢/٧/١١ دا کۆچی دوایی کرد و تا مردنی تەرجومانی ترکی و فارسی بوو لە بارەگەی شا فاروقی میسردا، دەیگوت "محەممەد عەلی برام بەڵگەی دۆزیوەتەوە کە خێزانی محەممەد عەلی پاشا و مەلیک فاروق لە میسر بە بنەچە و ڕەچەڵەک کورد بوون و ئەرنەوت نەبوون. هەر ئەم

قسەیشم زۆرجار لە بەهەشتی مامۆستا گیوی موکریانی (کۆچی دوایی لە ١٩٧٧/٧/٢٤ دا) بیستووە، کە ئەویش لە زمانی داماو؛ حوزنی موکریانی (١٨٩٣/٩/١٢-١٩٤٧/٩/٢٠) برایەوە دەیگێڕایەوە.

(٥٣)- ئەم رستەیەم هەر وەکو خۆی و وەک بەڵگەیەک لە "تەئریخی سۆران" دەرهێناوە، کە زانای گەورەی کورد، مەلا ئەسعەدی خێلانی کە لە ١٢٧٠-١٣٤٩ی کۆچی، واتە لە ١٨٥٣/١٨٥٤-١٩٣٠/١٩٣١ ژیاوە، نووسیویەتی. ئەم نووسەرە کوڕی زانای بەنێوبانگی کوردستان حاجی مەلا عومەرەفەندی خێلانییە، کە هاوکاتی میری کۆرە بووە، و بەرهەمەکەشی هەمووی باسی مێژووی میرنشینی سۆران و میری کۆرەیە، و بە دەستنووس لامە، و بەتەمام لە هەلێکدا لەچاپی بدەم. ئەم کتێبە بەنرخە لە ٢٩ی شەعبانی ١٣٥٤ی کۆچی (=١٩٢٧/٣/٤)دا لە گوندی وەردە لە ناوچەی باڵەکان، و لەسەر داخوازیی میری کورد سەید تەهای شەمزینی نووسراوەتەوە، کتێبەکە بە زاری کوردیی رەواندز نووسراوەتەوە. دانەیەکی ئەم دەستنووسە بەنرخە لە کتێبخانەی بەهەشتی مامۆستا گیوی موکریانیدا هەبوو، کە مامۆستا لە کۆتاییی شەستەکاندا وێنەیەکی لێ دەستنووس کرد و ناردی بۆم بۆ هەمبورگ، و منیش لە نووسینەوەی ئەو باسەی لەسەر میری کۆرە لە ١٩٧٠ دا بە زمانی ئەڵمانی نووسیومە، سوودم وەرگرتووە لێی (تەماشای پەراوێزی ئمرە ٥٤ کە). هەزاران چرا لەسەر گۆڕی مامۆستا گیوی موکریانی و داماوی برای کە لە رۆژانی تاریکیی کوردستاندا، کولتووری نەتەوەی کوردیان لە تەفروتوونا بوون پاراست.

(٥٤)- بۆ زانیاریی پتر لەبارەی میری کۆرەوە تەماشای سەرچاوەی خوارەوە بکە:

Jemal Nebez: Der Kurdische Fürst Mir-Muhammad-î Rawandizî genannt Mir-î Köra im Spiegel der morgenländischen und abendländischen Zeugnisse, ein Beitrag zur Kurdischen Geschichte, Hamburg 1970.

(٥٥)- تەماشای پەراوێزی ژمارە (٥٢) بکە.

(٥٦)- سەختترین بەربەرەکانێی بیری دامەزراندنی "دەوڵەتی ناسیۆنالی عەرەب" و سیاسەتی محەممەد عەلی لەلایەن لۆرد پالمرستون؛ وەزیری دەرەوەی بەریتانیاوە کرا. لۆرد پالمرستون Lord H. Palmerston (١٧٨٤/١٠/٢٠-١٨٦٥/١٠/١٨) لە ٢١ مارتی ١٨٣٣ دا و لە نامەیەکدا کە بۆ "وەزیری موفەووەز"ی بەریتانیا لە ناپۆلی نووسیبووی دەبێژێ: "ئامانجی راستەقینەی محەممەد عەلی ئەوەیە دەوڵەتێکی عەرەبیی وا دابمەزرێنێ کە هەموو ئەو وڵاتانە بگرێتەوە کە بە عەرەبی قسەدەکەن.

ئەم پرۆژەیە خۆی لە خۆیدا لەوانەیە هیچ زیانێکی نەبێ، بەلام دەبێتە هۆی پارچە پارچە کردنی ترکیا و ئێمەش بەمە رازی نابین. بێجگە لەوەش هیچ هۆیەک نابینین کە پاکانە بۆ ئەوە بکات کە پاشایەکی عەرەب جێی دەسەلاتی ترکیا بگرێتەوە لەسەر رێی هیندستاندا".

"سەرنج: سەیرە هێشتا هیچ ترکێک وشەی ترکیای لە ساڵی ١٨٣٣دا بە کار نە دەهێنا کە ئینگلیزەکان وشەی "ترکیا" یان دروستکرد بۆیان".

(٥٧)- تەماشای: " سجل مذاكرات جمعية ام القرى، ذي القعدة ١٣١٦، اي ضبط مفاوضات ومقررات مؤتمر النهضة الاسلامية المنعقد في مكة المكرمة سنه ١٣١٦، ناشره السيد الفراتي، مركز النشر في بورسعيد ١٣١٦، ص١٤٤" بکە. لەوێدا دەبێژێ: "من اهم الضروريات ان يحصل كل قوم من اهالي تركيا على استقلال نوعي اداري يناسب عاداتهم وطبائع بلادهم كما هي الحالة في امارات المانيا وولايات امريكا الشمالية وكما يفعله الانكليز في مستعمراتهم والروس في املاكهم". لە لاپەرە ١٤٥ی سەرچاوەی پێشوودا باسی ئەو نێوونەتۆزرانە دەکرێ کە ترکەکان لە عەرەبی دەنێن، وەک "پیس عرب" واتە "عەرەبی پۆخڵ" و "بونی بپارسەم عرب اولەیم" واتە "ئەگەر ئەمە بکەم دەبمە عەرەب" و "نەشامک شکری و نە عربک یوزی" واتە "نە شیرینی شام و نە سەروقەساڵی عەرەب".

(٥٨)- بۆ وێنە: فەرەنسایییەکان ولاتی جەزائیر و تونس و مەراکیشیان داگیر کردبوو، و لە سووریاشدا مانداتار (منتدب) بوون، ئیتالیاییەکان بەشێکی باکووری ئەفریکای عەرەبییان داگیر کردبوو، ئینگلیزەکان لە عێراق و ئەردەن و فەلەستیندا مانداتار بوون. دامەزراندنی "دەوڵەتی ناسیۆنالی یەکگرتووی عەرەب" بەرژەوەندیی ئەم دەوڵەتە ئیمپریالیستانەی دەخستە مەترسییەوە، لەبەر ئەوە هەموو لە دژی بوون.

(٥٩)- بۆ زانیاریی پتر لەبارەی پێوەندیی سیاسی و دیپلۆماسی و سوپایی ناسیۆنالیستە عەرەبەکانی سەر بە دەستەی رەشید عالی گەیلانی، وەک ناجی شەوکەت (ناجي شوكت) و عوسمان کەمال حەدداد (عثمان كمال حدّاد) کە سکرتێری مفتی فەلەستین بوو لە رۆما و بەرلین، و عەقید سەلاحەددین سەبباغ (العقيد صلاح الدين الصباغ) تەماشای:

فاضل البراك: دور الجيش العراقي في حكومة الدفاع الوطني والحرب مع بريطانيا سنة ١٩٤١، الدار العربية للطباعة، بغداد ١٩٧٩، ص ٢٢٣، بکە.

(٦٠)- بەکر سیدقی خەڵکی گوندی "ئەسکەر" بوو کە گوندێکە لە ناوچەی کەرکووکدایە. بەکر لە سوپای عێراقدا گەیشتبووە پلەی "فەریق روکن" (الفريق الركن). لەسەر بەکر سیدقی و بزووتنەوەکەی گەلێک شت نووسراوەتەوە، کە بەداخەوە کەمیان

بابەتانە و بێ لایەنانەن. بەکر سیدقی کە لەپاش جەنگی جیهانیی یەکەمەوە گەرابەوە عێراق، هەموو ئەو دەورانەی دیبوو کە بەسەر خوارووی کوردستاندا تێپەری بوون، و بەچاکی دەوری کۆلۆنیالیستەکانی بەریتانیای لە تێکشکانی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانەی کوردستاندا بە چاوی خۆی دیبوو. لەبەر ئەوە لە ئیمپریالیستەکانی ئینگلیز و داروودەستەکەیاندا لە عێراق، گەورەترین نەیاری کوردی دەدی. جا هەرچەندە بەکر سیدقی بیروڕای خۆی بەئاشکرا دەر نەدەبڕی، بەلاّم بیری لە چارەنووسی کورد کردبووەوە. فریتز گرۆبە Fritz Groba باڵویزی ئەو دەمەی ئەڵمانیا لە عێراقدا دەبێژێ: "کاتێک بەکر سیدقی نەخشەی پاراستنی کوردستانی باس کرد لەگەڵم، بەدزییەوە پێمی گوت، کە خۆی کوردە و بەتەمایە دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنێ کە کوردی عێراق و ئێران و ترکیا بگرێتەوە، ئەم دەوڵەتەش دەبێ ئەوەی لەدەست بێ سەربەخۆییی خۆی لە دەستدرێژیی دراوسێکانی بپارێزێ". تەماشای "مجدت فتحي صفوت: العراق في مذكرات الدبلوماسيين الاجانب، لبنان ١٩٦٩، ص١١٧" بکە. بێجگە لەوەش شێخ ڕەئووفی کوڕی سەید ئەحمەدی نەقیب؛ باوکی هاوڕێم ئەحمەد نەقیب، لە ساڵی ١٩٦٥دا و لەکاتی سەردانێکدا لە ئەڵمانیا، لە مۆنیخ پێمی گوت، کە چەند جارێک بەکر سیدقی لای بەهەشتی شێخ مەحموود لە بەغدا دیوە - ئەو کاتە شێخ مەحموود لە بەغدا دەستبەسەر بووە، و شێخ ڕەئوفیش بەنێوی خزمایەتییەوە لە خزمەتی دا بووە - بەکر سیدقی، لەبەردەم شێخ ڕەئووفدا، زۆر گلەیی و بگرە سەرزەنشتی شێخ مەحموودی کردووە، لەسەر ئەوەی کە شێخ مەحموود نەیتوانیوە ئەو دەوڵەتە کوردییەی کە لە خوارووی کوردستاندا دروستی کردبوو، ڕای بگرێ و بەربەرەکانێی هێزەکانی بەریتانیا بکات. ئەمە بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە بەکر سیدقی نیشتمان پەروەرێکی کورد بووە. دەبێ ئەوەش بزانین کە شێخ ڕەئووف، کە ئەمەی گێڕایەوە بۆ من، خۆی ڕەئیی بەرامبەر بەکر سیدقی باش نەبوو، چونکە دەیگوت "بەکر سیدقی زۆر قسەترِن و شێتۆکەش بوو". بەلاّم ئەو ڕاستییەی سەرەوەی نەدەشاردەوە؛ کە بەکر سیدقی بیری لە دوارۆژی کوردستان کردبووەوە و بەئاشکرا پشتی بزووتنەوەی کوردایەتی دەگرت.

(٦١)- تەماشای: عبدالرزاق الحسني: تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الرابع، الطبعة الرابعة، صيدا (لبنان) ١٩٧٤، ص ٢٥٩، حەسەنی لەوێدا دەبێژێ: "ئەو ڕۆژەی کە بەکر سیدقی ژنە ئەڵمانەکەی مارە کرد، کەمایەتیی جولەکە لە عێراقدا دیارییەکی زۆر و زەوەندەیان برد بۆ بەکر سیدقی". هەروەها تەماشای : صلاح الدين الصباغ: فرسان العروبة في العراق، دمشق، ١٩٥٦، ص١٧. سەبباغ لەوێدا دەبێژێ: "بەکر لەسەرەتاوە یەکێک بوو لە سەرۆکەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی. توفیق وەهبی

لەگەڵ بوو، مێجەر ئێدیش بەدزییەوە یارمەتی دەدا. کاتێک بەکر گەیشتە ئامانجی خۆی، دەستی لە ئینگلیزەکان بەردا و پەری کردن، بەتایبەتی پاش شۆڕشی ئاسوورییەکان. بەڵام بەکر دژی ئاین بوو، و دانیشی بە عەرەبایەتیی عێراقدا نەدەنا. ئەم مەیلەی بەکر، بوو بەهۆی کوشتنی. لە ساڵی ١٩٣٧دا سوپای (عێراق) کوشتی، بۆ ئەوەی عەرەبایەتیی عێراق بپارێزێ.

ڕاستییەکەی ئەوەیە، ئەم جۆرە بوختانانە زۆر کراون و دەکرێن و دەبەسترێن. تەنانەت حەسەنی کە ئەم تۆمەتانە دەداتە پاڵ بەکر؛ خۆی لە تۆمەتی "جاسووسێتی بۆ بێگانە" ڕزگاری نەبووە. کە خۆم لە ساڵی ١٩٥٩ دا مامۆستا بووم لە قوتابخانەی ئێوەندیی جەعفەرییە لە بەغدا -کە قوتابخانەی شیعەکان بوو- کوڕی حەسەنی، تاریق (طارق) قوتابیم بوو، و بەو هۆیەوە لەگەڵ حەسەنیدا کە سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بوو، ئاشنایەتیم پەیدا کردبوو. حەسەنی خۆشی، وەک ڕۆناکبیرێکی شیعە، لەلایەن مامۆستا شیعەکانی قوتابخانەی جەعفەرییەوە ناسرابوو. زۆرجار لە خەڵک، و تەنانەت لە هێندێک لە مامۆستاکانی هاوکارم دەبیست، دەیانگوت: "لەگەڵ حەسەنیدا مەگەڕێ. حەسەنی پیاوی ئینگلیزە". جا چونکە تۆمەتنان بە خەڵکەوە، لە ڕۆژهەڵات زۆر ئاسانە، لەبەر ئەوە؛ نە قسەکانی حەسەنی و نە قسەکانی سەبباغ کە شۆڤێنییەکی خەستی عەرەب بوو، لەبارەی بەکر سیدقییەوە، هێندە جێی بایەخ نین لام. بەتایبەتی چونکە هەر پاش هاتنە سەرکاری بەکر سیدقی: بەکر گوڕج وەزارەتێکی عێراقی دامەزراند لە نوێنەرانی هەموو حیزبەکانی عێراق، لەنێو ئەواندا، کامل الجادرجي (١٨٩٧/٤/٤-١٩٦٨/٢/١) سیاسی و دیمۆکراتیی عێراقیی بەنێوبانگ. ئەوجا کە بەکر سیدقی -وەک کوردێک- کوردی خۆشویستووە، و هەستی بەوە کردووە کە دەبێ کوردیش وەک مرۆڤ بژین و دەوڵەتی خۆیان هەبێ؛ یان ڕکی لە جووولەکە نەبووە، و ئەوانیشی وەک مرۆڤ و هاووڵات تەماشا کردووە، ئەمە نابێتە گوناه بۆ بەکر سیدقی، و مانای واش نییە کە بەکر سیدقی "دوژمنی عەرەب و ئیسلام" بووە. ئەوە هەیە کە بەکر سیدقی "هەموو عێراقی بە پارچە کوردستانەکەشەوە" بە "نیشتمانی عەرەب" نەزانیوە وەک حەسەنی و سەبباغ، و ئەمەش تاوان نەبووە، چونکە پێی وابووە کە کوردستان کوردستانە و عێراقیش عێراق.

(٦٢)- بەکر سیدقی لەلایەن "الكتلة القومية العربية في الموصل" (دەستەی ناسیۆنالیستی عەرەب لە مووسڵ) بە سەرۆکایەتیی عەقید فەهمی سەعید (العقيد فهمي سعيد) تیرۆر کرا. ئەم نهێنییە ماوەی چەند ساڵێک هەروا مایەوە، تا لە ساڵی ١٩٥٢ دا لە لایەن پارێزەر حازم مفتی (المحامي حازم المفتي)یەوە کە خۆی یەکێک بوو لەو کەینو بەینەدا بەشداری کردبوو، ئاشکرا کرا. تەماشای : فاضل البراک: دور

الجیش العراقي... هتد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٤؛ بکە. سەیر ئەوەیە ئەم فەهمی سەعیدەی کە پاش هەرای ڕەشید عالی گەیلانی کرا بە سێدارەدا، لە ساڵی ١٩٢٧ دا، وەک ئەفسەرێکی لەشکری عێراق، بەدزییەوە "پەیماننامەیەکی ناسیۆنالیستانەی عەرەبی" (میثاق قومي عربي) نووسیوەتەوە بۆ کارکردنی نهێنی لە ڕیزەکانی سوپای عێراقدا، و لەوێدا دەبێژێ کە "ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەگەڵ مەسەلەی کورددا ناکۆک نییە، ئەگەر بێتو کورد هەر لەنێو وڵاتە دراوسێکانی ڕۆژهەڵات و باکووری عێراقدا چاویان لە فراوان کردنی خۆیان بێ" واتە کورد نابێ لە عێراقدا داوای هیچ مافێک بکات، بەڵام دەتوانێ لە ئێران و ترکیا مافی خۆی داوا بکات.

(٦٣)- عبدالرزاق الحسني: الاسرار الخفیة في حرکة السنة ١٩٤١ التحرریة - الطبعة الثانیة المنقحة، مطبعة العرفان (صیدا/لبنان) ١٩٦٤، ص ٢٤٦-٢٥٦" نص تقریر لجنة التحقیق عن حوادث یومي ١ و ٢ حزیران ١٩٤١.

(٦٤)- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٧٧-٢٩١.

(٦٥)- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص .٢٨٠-٢٨١ و ص ٢٨٦.

(٦٦)- ئەم دەست پێشکەری و پێشنیازەی بەریتانیا لە خوتبەکانی ئیدن Eden لە مایسی ١٩٤١ و شوباتی ١٩٤٣ دا دیارە.

(٦٧)- شبلي العیسمي: تأریخ البعث "فکر ونضال". منشورات وزارة التخطیط - العلاقات العامة، بغداد ١٩٦٧، ص ٩.

(٦٨)- حکومەتی سووریا و میسر لە ١ی شوباتی ١٩٥٨ دا بڕیارنامەی یەکێتیی عەرەبییان ئیمزاکرد، و لە ٢١ی شوباتی ١٩٥٨دا گشتپرسییەک کرا بۆ ئەوە، و لە ١٩٥٨/٢/٢٣دا بەرەسمی دروست بوونی کۆماری یەکگرتووی عەرەب بڵاو کرایەوە. ئەردەنی حسەین و عێراقی فەیسەڵیش، لە ١٩٥٨/٢/١٤دا، "یەکگرتنێکی فیدراڵی"یان بەرەسمی پێک هێنا؛ وەک وەرامدانەوەیەکی ئەم یەکێتییە گشتگرەی میسر و سووریا.

(٦٩)- هەڵوێستی ناسر بەرامبەر مەسەلەی کورد، لەو قسانەدا دەردەکەوێ کە لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣دا بە جەلال تاڵەبانی گوتبوو. ڕۆژنامەی "الاهرام" لە وتارێکدا کە محەممەد حەسەنەین هەیکەل (محمد حسنین هیکل) لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا بڵاوی کردبووەوە، دەبێژێ "... وبقدر ما یتعلق الامر بموقف الجمهوریة العربیة المتحدة من القضیة (الکردیة)، فلقد اوضح جمال عبدالناصر لجلال الطالباني رأیه قائلا: احب ان اقول لك اولا انني ضد اي عملیة انفصالیة في اي وطن عربي، وستقاوم الجمهوریة العربیة المتحدة اي اتجاه من هذا النوع مهما کانت

الظروف... الخ" ماناکەی بە کوردی: "... هێندەی کارەکە پێوەندیی بە هەڵوێستی کۆماری یەکگرتووی عەرەبەوە هەیە بەرامبەر مەسەلەکە (مەسەلەی کورد)، ئەوا جەمال عەبدولناسر رەئیی خۆی بۆ جەلال تالەبانی ئاشکرا کرد و گوتی: "حەز دەکەم بەر لە هەموو شتێک پێت بڵێم، کەوا ئەز دژی هەموو جۆرە کردارێکی جیابوونەوە خوازانەم، لە هەر نیشتمانێکی عەرەبیدا بێت، و کۆماری یەکگرتووی عەرەب بەربەرەکانێی هەموو جۆرە ڕێبازێکی لەم بابەتە دەکات، ئەوجا هەلومەرج هەر چۆنێک دەبێت با ببێت... هتد". لەبەر ئەوە ئەو قسەیەی کە جەلال تالەبانی و عیسمەت شەریف وانلی پاش ئەم بەیەک گەیشتنە لەگەڵ ناسردا، بڵاویان کردەوە و ناسریان بە کابرایەک دایە قەڵەم کە "تێگەیشتنی هەیە بۆ مەسەلەی کورد" (رجل متفهم لقضيتنا) لە ماستاو ساردکرنەوەیەک زێتر نەبوو. ڕاستییەکەی ناسر دۆستی کورد نەبوو؛ بەلام لەگەڵ ئەوەشدا، وەک هێندێک لە ناسریستەکان؛ بۆ وێنە عبدالعزيز العقيلي و عبدالسلام عارف تێنەگەیشتوو و نەزان نەبوو، لەبەر ئەوە لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردا لەگەڵ ئەماندا ڕێک نەدەکەوت و هێندێک کاری وای دەکرد کە بە سووتی کورد بوون.

(٧٠)- بەززاز یەکەمین سەرۆک وەزیرانی سیڤیل بوو لە عێراقدا پاش کودەتاکەی قاسم کە لە ١٩٥٨/٧/١٤دا رووی دا. هەر کە بەززاز هاتە سەرکار "پرۆگرام"ێکی بڵاوکردەوە، و بەو پێیە بەڵێنی دا بە کورد "مافە ناسیۆنالەکانیان بەپێی قانوونی بەڕێوەبردنی ناوچەیی" بداتێ. بەلام پێ بەپێی ئەوە هەوڵی دا بۆ کوژاندنەوەی شۆرشی کوردستان بە هاوکاری کردن لەگەڵ داروودەستەی جەلال تالەبانی کە لە لایەنگیرانی بارزانی و شۆرش جیا بووبوونەوە، بەلام لەبەر ئەوەی ئەو کوردانەی لە دەوروپشتی بەززاز بوون هیچیان پێ نەکرا، سوپای عێراقیش لە شەڕدا لە گەلێک لاوە شکا، و لە مەیدانی دیپلۆماسیێتیدا بەززاز نەیتوانی ئێران و سۆڤیێت و ئینگلستان بخاتە لای خۆیەوە، ناچار بوو لە ١٩٦٦/٦/١٥دا دان بەوەدا بنێ کە کورد "ناسیۆنالیتەیەکی جیاوازە" (قومية خاصة) و عێراقیش هەر وڵاتی عەرەب نییە، بەڵکو وڵاتی کوردیشە. لە ١٩٦٦/٦/٢٩دا ئەم پرۆگرامەی لە ١٢ خاڵدا بڵاو کردەوە، و لە سەر ئەو بنچینەیە شەڕ لەنێوان کورد و حکوومەتی عێراقدا وەستا. بەلام ناسیۆنالیستە عەرەبەکان بەم رێککەوتنەی بەززاز و بارزانی رازی نەبوون، و زۆریان لە عارف کرد کە بەززاز لەسەر کار لا ببا. لە رۆژی ١٩٦٦/٧/٢٧دا بەززاز چوو بۆ مۆسکۆ، و وەک "پاڵەوانی ئاشتی" توانی گەلێک چەکی قورس بۆ سوپای عێراق پەیدا بکات. لەگەڵ ئەوەشدا کە گەڕایەوە بۆ عێراق، لە ١٩٦٦/٨/٤دا، ناچار کرا سێ رۆژ دوای ئەوە، واتە لە ١٩٦٦/٨/٧دا دەست لە کار بکێشێتەوە. ئەوجا ئەو حکوومەتانەی پاش بەززاز هاتنە سەرکار؛ هیچیان

"پرۆگرامەکەی بەززاز"یان نەخستە کار.

(٧١)- محمود الدرة: القضية الكردية، بيروت ١٩٦٦، ص٢٨٤.

(٧٢)- هەر لەو وتارەی "الاهرام"دا کە لەسەرەوە پەنجەمان راکێشا بۆی (پەراوێزی ژمارە ٦٩) محەممەد حەسەنەین هەیکەل دەبێژی: "ان حركة القومية العربية مشتبكة بالفعل -وقتها- في معركة مسلحة في اليمن و ليست هنالك ضرورة عاجلة لمعركة اخرى في -شمال الارض العربية- وان الصبر، ولو تكتيكيا، يتيح الفرصة لانها، معركة قديمة قبل فتح جبهة جديدة والا فان الحركة الثورية بهذا الشكل تستنزف قواها في معارك جانبية (على جبهات متعددة)".. ماناکەی بە کوردی: "بزووتنەوەی ناسیۆنالیستانەی عەرەبی، بەکردەوە و لەم کاتەدا، لە شەڕێکی چەکدارانەدایە لە یەمەن، و هیچ پێویستییەکی دەستو بردانە نییە بۆ کەوتنە شەڕێکی دیبەوە لە -باکووری خاکی عەرەبیدا- و ئارام گرتن، با بۆ تاکتیکیش بێ، دەرفەتێک دەدا بۆ بڕینەوەی شەڕێکی کۆن، بەر لەوەی بەرەیەکی تازە بکرێتەوە. ئەگینا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە، بەم شێوەیە، لە شەڕی لاتەنیشتدا (و لەبەرەی جۆرجۆردا) پزەی لەبەر دەبڕێ".

(٧٣)- بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٧٢).

(٧٤)- تەماشای وتاری "ناسر لایەنی بڕانەوەی جەنگی کورد دەگرێ" لە رۆژنامەی "سوید دۆیچە تزاتیونگ)دا

Nasser für Ende des Kurdenkrieges, "in Süddeutsche Zeitung", Nr. 84, München 8.4. 1965.

(٧٥)- جريدة "الثورة"، بغداد، العدد (٤٧٢)، السنة الثانية، ١٩٧٠/٣/١٧.

(٧٦)- شبلي العيسمي: تاريخ البعث "فكر ونضال"، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٥-٢٦.

(٧٧)- قەززافی لە رۆژی ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩٧٩دا گوتی "ناسیۆنالیزمی کورد وەک ناسیۆنالیزمی ئیرلەندەیی وایە". تەماشای رۆژنامەی فەرەنسایی Le Monde بکە، پاریس ١٩٧٩/١/٢٢. هەروەها قەززافی لە مانگی کانوونی یەکەمی سالی ١٩٨٠دا و بەبۆنەی کۆڕێکی جیهانی بەوە لە مەدرید بۆ لێکۆڵینەوە لە «کتێبی کەسک»، لەبارەی نەتەوەی کوردەوە گوتی: "انا عربي ويهمني وحدة التراب العربي ووحدة الامة العربية ولكن هذا لا يجعلني اتجاهل الحقيقة واتحايل عليها وان اتصرف تصرفا عنصريا واستعماريا... ان الكردي غير عربي ونحن لانستطيع ان نجبره على ان يكون عربيا... اذا اراد ان يكون عربيا بارادته فاهلا وسهلا... واذا التزم بارضه وامته فهو حر، لماذا نقاتله؟ لا لزوم لمقاتلة الاكراد لاقنا،

هذه الأمة. اعتقد انه من الصعب جدا تصفيتها جسديا - ان هذه الحروب وهذه المشاكل مع الاكراد ليست حلا لان الكفاح الكردي سيستمر حتى تستقل الامة الكردية وتلم شملها المبعثر... ان الحل النهائي للمشكلة الكردية يكمن في اقامة دولة مستقلة على ارض كردستان... وطن الامة الكردية.. انني اساند نضال الاكراد ليس من قبيل معارضة الدول العربية او ايران او تركيا، بل لان الاكراد يشكلون امة لها ارضها... وينبغي ان نترك لهم الحرية في اقامة دولة لهم على ارضهم... فالاكراد لهم ارضهم وهم امة شقيقة، علينا ان محترمها. انا ضد التنكيل بهم، ضد اضطهادهم وضد تشتيتهم في العالم... انا اؤيد كفاح الاكراد من اجل امة كردستانية تأخذ مكانها في الشرق الادنى الى جوار الامة العربية والامة الايرانية والامة التركية".

ماناکەی بە کوردی:

"ئەز عەرەبم و یەکێتیی خاکی عەرەب و یەکێتیی نەتەوەی عەرەبم لا گرنگە. بەڵام ئەمە وا لە من ناکات کە چاو لە ڕاستی بپۆشم یان فێڵ بکەم لێی و هەڵسو کەوتێکی ئیمپریالیستانە بنوێنم... کورد عەرەب نییە، و ئێمەش ناتوانین زۆری لێ بکەین ببێتە عەرەب... ئەگەر بە ئارەزووی خۆی ویستی ببێتە عەرەب، ئەوە بەسەر چاو، بەڵام ئەگەر خۆی بە خاک و نەتەوەکەیەوە بەست، ئەوا ئازادە. بۆچی دەبێ شەڕ بکەین لە دژی؟ شەڕکردن لە دژی کورد بۆ لەنێو بردنی ئەم نەتەوەیە پێویست نییە. پێم وایە زۆر زەحمەتە کورد بە لەش (وەک بوونەوەیەک) پاکۆ بدرێ. ئەم شەڕ و گێرو گرێ یانە لە دژی کورد چارەسەر نین، چونکە خەباتی کوردانە درێژە دەکێشێ هەتا نەتەوەی کورد سەربەخۆ دەبێ و کەرتە پەرشو بڵاوەکانی خۆی کۆ دەکاتەوە.... چارەسەری کۆتایی بۆ مەسەلەی کورد بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەسەر خاکی کوردستان - خاکی نەتەوەی کورد - دەکرێ. ئەز پشتگیریی خەباتی کورد دەکەم، بەڵام ئەمە بۆ بەرهەڵستی کردنی دەوڵەتە عەرەبییەکان و ترکیا و ئێران نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە کورد نەتەوەیەک پێکدێنن کە خاکێکی خۆی هەیە... پێویستە ئێمەش وازیان لێ بهێنین و ئازاد بن لە دامەزراندنی دەوڵەتێکدا بۆ خۆیان لەسەر خاکی خۆیان... کورد خاکی خۆیان هەیە و نەتەوەیەکی بران، و پێویستە ڕێزی بگرین و ئەز دژی ئەوەم دژانە پەلاماریان بدرێ، ئەز دژی چەوساندنەوەیان و پەرشو بڵاو کردنەوەیانم لە جیهاندا... ئەز پشتگیریی خەباتی کوردەکان دەکەم لە پێناوی نەتەوەیەکی کوردستانی دا کە جێی خۆی بگرێ لە خۆرهەڵاتی نێزیکدا لە تەنیشت نەتەوەی عەرەب و ترک و ئێرانییەوە... ".

(٧٨)- دروشمی بەعس بەم جۆرەیە: "امة عربية واحدة، ذات رسالة خالدة". واتە:"تاکەیەک نەتەوەی عەرەبە، خاوەنی پەیامێکی هەتا هەتاییە".

(٧٩)- "حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست" (حزب البعث العربي الاشتراكي)، هەر دەوڵەتێکی عەرەبی بە هەرێمێک (قطر) دادەنێ و سەرکردایەتییەکی تێدا دروست دەکات بە ناوی "سەرکردایەتیی هەرێمی"یەوە (القيادة القطرية). و هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکانیش بە "یەک یەکە" دادەنێ، وسەرکردایەتییەکی بۆ دروست کردووە بەناوی "سەرکردایەتیی ناسیۆنال"ەوە (القيادة القومية). "سکرتێری گشتی سەرکردایەتیی ناسیۆنال" میشیل عەفلەقە.

(٨٠)- خيرالله طلفاح: الشعوبية عدو العرب الاول، الطبعة الاولى - مطبعة المعارف - بغداد ١٩٧٢، ص ١٤. لەوێدا دەبێژێ: "لقد حبا الله العرب مكانة فريدة بين امم الارض في اخلاقها وشرفها ومزاياها وكرم ارومتها وعزة مجدها وسبق حضارتها وحباها اكثر فأثل مجدها بالاسلام الحنيف، دين الانسانية الامثل، فزاد هذه من حسد الحاسدين وغيظ الحاقدين وخصوصا شعوبية فارس عدوة العرب الاولى".

(٨١)- سەرچاوەی پێشوو، ل١٥، لەوێدا دەبێژێ: "... فأخذوا (الشعوبيون) ينادون بان الاسلام يدعوا الى المساواة ويرد دون ظاهر بعض الآيات والاحاديث (ان اكرمكم عند الله اتقاكم) و (ليس لعربي فضل على عجميٍّ الا بالتقوى) مستفيدين من ظاهر المعنى دون التطرق الى حقائق الآيات والاحاديث للتنفيس عن حقدهم على العرب".

(٨٢)- سەرچاوەی پێشوو، ل١٧، لەوێدا دەبێژێ: "... اما الحديث الذي يتذرع به الشعوبيون والقائل كما يدعون (لا فضل لعربي على عجمي قط) نقول انه حديث محرف ودليلنا ان رسول الله (ص) قال (ليس منا من دعا الى جاهلية) فلم يبق اذن بعدها كردي ولا فارسي ولا هندي ولا اية قومية اخرى عدا العربية لان الاسلام اقرها بحكم قوله تعالى (انا انزلناه قرآنا عربيا لعلكم تتقون)".

(٨٣)- نص كلمه السيد الرئيس القائد صدام حسين خلال مأدبة الافطار لرجال الدين الافاضل" في جريدة "الثورة"، بغداد ١٩٨٣/٦/٢٩، ص ٣. لەوێدا دەبێژێ: "... مما جعل الله سبحانه وتعالى يختار العرب لدور قيادي للانسانية هو لان العرب منطقيون ولانهم قادرون على التخيل والتصور والوصول الى الاحكام العامة من خلال ظواهر صغيرة وكون الله سبحانه وتعالى لا يستدل عليه باللمس او الرؤية وانما يدرك بالعقل ونصل اليه بالضمير المؤمن: كانت هذه الخاصة في العرب محل تكريم لهم من الله سبحانه وتعالى ومحل اعتماد لهم لان يكونوا اصحاب دور قيادي في ايصال الرسالات كذلك. اما لماذا القرآن عربي وبلسان عربي... ولان الله سبحانه وتعالى خص العرب بدور قيادي في هذه الرسالة فقد اختار ان يكون القرآن عربيا و بلسان عربي ولان اللغة العربية وحدها قادرة على ان تتبين بوضوح وبتفكير عربي

ويعقلية ترى العرب بهذا الدور الذي اشرنا اليه وليس بدور معاكس. يمكن بهذا الفهم ان ندرك معاني القرآن الكريم ودلالاته... الخ".

(٨٤)- ناجي معروف: عروبة العلماء المنسوبين في الروم والجزيرة وشهرزور وآذربايجان الى البلدان الاعجمية، الجزء الثالث، الجمهورية العراقية -وزارة الثقافة والفنون- سلسلة التراث رقم (٦٨)، دار الحرية للطباعة ١٩٧٨، ص ١٠٢.

(٨٥)- صدام حسين: ديموكراتيەت سەرچاوەى هێزى هەموو كەسێك و كۆمەڵە، بەغدا، چاپخانەى دار العراق ١٩٧٧.

(٨٦)- "تصريحات السيد الرئيس احمد حسن البكر في المؤتمر المنعقد في ٢٠ تموز ١٩٧٣، السلسلة الوثائقية رقم (٣) وزارة الثقافة والاعلام -مديرية الاعلام العامة- مطبعة الجمهورية، ص٨.

(٨٧)- لە دەستووری حيزبی بەعسيدا دەبێژێ: "يجلى عن الوطن العربي كل من لا يؤمن بفكرة القومية العربية". بۆ شارەزا بوونی پتر لەبارەی ئەم باسەوە تەماشای ساطع الحصري: العروبة اولا، بكە.

(٨٨)- ميشيل عفلق: في سبيل البعث، دار الطليعة، بيروت، الطبعة العشرون، شباط ١٩٧٨، ص١٧٤-١٧٥.

لەوێدا دەبێژێ: "واذا اخذنا الاقليات العنصرية مثل الاكراد مثلا... نتسائل... لماذا يتخوف الاكراد او قسم منهم من العروبة. ان هذا التخوف اكثره ناتج عن دعاية استعمارية حديثة ترجع الى خمسين سنة، يوم دخل الانكليز والفرنسيون الشرق العربي فالاكراد ظلوا مئات السنين يعيشون مع العرب ويحاربون ويستبسلون في الدفاع عن الاراضي العربية... والان ليس هناك اقليات مضطهَدة وطوائف مضطهدة وانما هناك اكثرية شعب مضطهد هو الشعب العربي، وهناك اقلية مضطهِدة من المتآمرين مع الاستعمار... افراد الشعب الذين يشكلون ٩٠ بالمائة من افراد الامة العربية مضطهدون محرومون من قبل اقلية تستغل الاوضاع الفاسدة وتستفيد من وجود الاجنبي... لا احد يمنع الاكراد ان يتعلموا لغتهم شريطة ان يكونوا خاضعين لقوانين الدولة ولا يشكلون خطرا على الدولة".

(٨٩)- زكي الارسوزي: المؤلفات الكاملة. المجلد الثالث، دمشق، مطابع الادارة السياسية للجيش والقوات المسلحة ١٩٧٤، ص٤٤. لەوێدا دەبێژێ: "دخلت ذات يوم الى المقهى في دمشق وجلست بالقرب من احد معارفي القدامى وكان الصديق غارقا في تصحيح دفاتر متراكمة امامه على الطاولة، ولما سألته هل انت معلم؟ فاجاب لا، قلت له: اذن ما شأنك بهذه الوظائف! فقال اني مكلف من قبل ضابط الاستخبارات

بدمشق بتعليم الكردية للاكراد وانا اتقاضى من دائرة الاستخبارات فرنكين لتصحيح كل ورقة. هل كانت فرنسا تسعى الى ايجاد "الامة السورية" ببعثها تراث الاكراد، ام كانت ترمي من هذه المحاولة الى اثارة النزعة العرقية عند الاقليات!".

(٩٠)- سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٥، لەوێدا دەبێژێ: "لقد ذهبت فرنسا في غيّها هذا المذهب. نقلت الاكراد الى الارض المنتدبة عليها. وكل ما في ذلك من خلاف بينهما هو ان اليهود تجار نقلوا من عواصم اوروبا واما الاكراد فهم فلاحون نقلوا الى بلاد العرب من مجاهل اسيا".

(٩١)- أمين سامي الغمراوي: قصة الاكراد في شمال العراق، القاهرة ١٩٦٧، ص ٣٩٤.

(٩٢)- تەماشای رۆژنامەی فەرەنسی L'EXPRESSی رۆژی ١٩٦٨/٧/٢٩ بکە. بەڵێنی بەلفووریش ئەو بەڵێنە بوو کە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بەلفوور بە جوولەکەکانی دا بۆ یارمەتیدانیان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکدا بۆ جوولەکە.

(٩٣)- نشأت التغلبي: اسرائيل على حدود العراق. مجلة الحوادث، رقم ٦٣٩، السنة (١٣). بيروت ١٩٦٩/٢/٧.

(٩٤)- جمال نبز: حول المشكلة الكردية، سەرچاوەی پێشوو ل ١٢.

(٩٥)- بۆ زانیاریی پتر لەبارەی "پشتێنی عەرەب"ەوە تەماشای جەمال نەبەز (جمال نبز): حول المشكلة الكردية، سەرچاوەی پێشوو، ل٩-١٠ بکە.

(٩٦)- سەددام حسەین (صدام حسين): سەنگەرێک یان دوو سەنگەر، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، وەزارەتی راگەیاندن، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٧٧، ل٤٢-٤٤.

هەروەها تەماشای "نص حديث الرفيق صدام حسين في المجلس التشريعي لمنطقة الحكم الذاتي تموز ١٩٦٧- لە نامیلکەی: صدام حسين: ايماننا بالحكم الذاتي لا يتزعزع. السلسلة الوثائقية، رقم ٥٤، مديرية الاعلام العامة وزارة الاعلام - الجمهورية العراقية - دار الحرية للطباعة ١٩٧٦ م، ص ٢٥.

(٩٧)- تەماشای " من خطاب صدام حسين في التجمع الجماهيري في منطقة قشقولى بمحافظة السليمانية بتاريخ ١٩٧٩/٣/٢١ "في "مجلة الحكم الذاتي". العدد (٤)، السنة الرابعة ١٩٧٩، ص٥، تەرجەمەی کوردی ئەو برگەیە لە (ل.٤)ی ئەم گۆڤارەدایە.

(٩٨)- ميشيل عفلق: معركة المصير الواحد - فصول جديدة عن نكسة الانفصال، دار الآداب، بيروت، ص٢٠٧، الطبعة الثالثة، آذار ١٩٦٣.

(٩٩)-تەماشای گۆڤاری "الشرق الجدید"، لندن، بەهاری ساڵی ١٩٧٨ بکە. ل٢١٣-٢٣١

(١٠٠)- عبدالمعین الراوي: صلاح الدین، لماذا لم ینشئ دولة الاكراد؟ لا، للدولة الكردیة. لا، لدولة اسرائیل.. شعوب ارضنا امة واحدة لمستقبل واحد.. مجلة الشرق الجدید، السنة السادسة، العدد ٦٢، ١٥ نیسان (ابریل) ١٩٧٨، ص ١٠. لەوێدا وتووێژێک هەیە لەگەڵ هاشم حەسەن عەقراوی، کە پشتگیری هەڵوێستی بەعسییەکان دەکات بەرامبەر بە کورد و کوردستان. تەماشای تێکستی سەرەوە بکە.

شایانی باسە کە پاش بڵاوکردنەوەی بەیانی ئازار، دەستەی "الوحدویون الاشتراكیون" لە سوریا بەیانێکیان دەرکرد لە دژی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد بە بیانووی ئەوەوە کە ئەمە دەبێتە هۆی "بە کورد کردنی عێراق و عەرەب" (تەماشای رۆژنامەی (الثورة، بغداد. العدد ٥١٦، ٧/٥/١٩٦٠، ل٣ و٦ بکە).

(١٠١)- لە ساڵی ١٩٥٣ دا بوو کە بۆ یەکەمجار چاوم بە چادرچی کەوت لە بارەگەی حیزبەکەی لە بەغدا، هۆی چاوپێکەوتنەکەش ئەوە بوو سەرکۆماری ئەو دەمەی ترکیا، جەلال بایار لە سەردانێکدا بۆ ئەمریکا گوتبووی "هیچ کەمایەتییەک لە ترکیادا نییە" و منیش کە ئەو دەمە لە زانستگەی بەغدا خوێندکار بووم، وتارێکم لە بەرپێچدانەوەی بایاردا بە زمانی عەرەبی ولە ژێر ناوی "سیاسة تتریک الاكراد في تركیا" نووسی بوو، کە چادرچی زۆر پێی خۆش بوو وبڕیاری دا وتارەکە لە رۆژنامەی حیزبەکەی "الاهالي" دا بڵاوبکاتەوە. پاش چەند رۆژێک لە بڵاوکردنەوەی وتارەکەم کە بەناوی خوازراوی "کوڵۆل"ەوە نووسرابوو، مامۆستا جەمیلی رۆژبەیانی وتارێکی هەر لەو رۆژنامەیەدا بۆ پشتگیریی وتارەکەی من نووسی بەناوی خوازراوی "ج.ب.ر" وە. ئەم وتارانە زۆر کاریان کردە سەر باڵوێزی ترکیا لە بەغدا. جا لەبەر ئەوەی کاربەدەستانی ترکیا لە بەغدا دەستیان نەدەرۆی لەشکات کردن زیتر، ئەوا لە دادگەی بەغدا دا شکاتیان لە رۆژنامەی "الاهالي" کرد بەناوی ئەوەوە کە "سەرکۆماری دەوڵەتێکی دراوسێی عێراق" ریسوا کراوە. جا لەبەر ئەوەی رژێمی عێراق و ترکیا خەریکی لەیەک نێزیک بوونەوە بوون بۆ بەستنی "پەیمانی بەغدا"، دادگەی بەغدا ...٦٠ دینار سزای خستە سەر رۆژنامەی "الاهالي". بەهەشتی کامیل چادرچی لەو مەسەلەیەدا هەڵوێستێکی زۆر مەردانەی پیشان دا بە پێچەوانەی هێندێک لە ئەندامەکانی حیزبەکەیەوە، کە دەیانگوت "شەڕ شەڕی کورد و ترکە، بۆچی دەبێ ئێمەی عەرەب سزا بدرێین؟".

(١٠٢)- تەماشای رۆژنامەی "التآخي"، بغداد، العدد (٢٦٠) في ١٤/٤/١٩٦٨ بکە. هەروەها تەماشای جمال نبز: حول المشكلة الكردیة: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨ بکە.

(١.٣)- "تقر القوى الديمقراطية العراقية حق الشعب الكردي في تقرير مصيره بنفسه. ولذا لابد من ضمان تمتع الشعب الكردي في العراق بكامل حقوقه القومية ومن بينها حقه في الحكم الذاتي الحقيقي ضمن اطار الجمهورية العراقية وفي ظل نظام ديمقراطي يسود العراق كله... الخ".

(١.٤)- ناجي علوش: حوار حول الامة والقومية والوحدة. دار الطليعة للطباعة والنشر -بيروت- الطبعة الاولى، ايلول ١٩٨٠، ص٨٧-٨٨.

اما ما يتعلق بالسؤال الثاني، الخاص بالقوميات غير العربية، فاود ان اقول: لقد درسنا هذا الموضوع جيدا، ونستطيع ان نقول ان في الوطن العربي مجموعات اثنية وقومية، وان علينا ان ندرس هذه المجموعات بدقة، وان نحدد اسلوبنا في التعامل معها، ونظرتنا اليها. هناك مثلا الارمن وهم موجودون في لبنان، وموجودون في سوريا، وموجود قسم صغير منهم في العراق. كيف نتعامل مع هؤلاء الناس؟ الاكراد موجودون في شمال العراق، وفي شمال سوريا الشرقي. وهناك افارقة موجودون في جنوب السودان. لا اعرف ان لهم قومية او اسما، ولكني اعرف انهم ليسوا عربا. كيف نتعامل مع هذه القضايا؟

فيما يتعلق بقضية الارمن فان وجودهم في الوطن العربي طارئ، وهم عبارة عن مجموعة من اللاجئين الذين اضطروا ان يهربوا بعد المذابح التركية في ارمينيا. وهم ليسوا مجمّعين في منطقة واحدة، وبالتالي لا نستطيع اعتبارهم قومية ذات حكم ذاتي مثلا، وان كان علينا ان نساعدهم على المحافظة على لغتهم، على تدريس ابنائهم بلغتهم في المدارس، والاهتمام بتطوير ثقافتهم. اي ان هؤلاء ليسوا موجودين كشعب متكامل في منطقة من الارض. ان الاهتمام بحضارتهم وثقافتهم واعطاءهم ما يساعدهم على ان ينموا انفسهم ثقافيا، وان يشاركوا في النشاطات السياسية باعتبارهم مواطنين، اذ لا امكانية لان نقيم مثلا منطقة ارمنية ذات حكم ذاتي، الا اذا اردنا ان نوزع بيروت الى خمس مناطق، وحلب الى كذا منطقة. فهم لا يعيشون في مكان واحد.

فيما يتعلق بالاكراد، فالاكراد شعب، وشعب من الشعوب القديمة. والتاريخ العربي الذي يتحدث عن العرب، يتحدث ايضا عن الاكراد حتى قبل الفتح الاسلامي. وبالتالي لا يجوز تجاهل وجودهم باعتبارهم شعبا، وباعتبار ان لهم مشكلة قومية كالمشكلة العربية، وهم الان مجزأون في خمس دول. ولم يتبع الاكراد للعراق الا بعد الاتفاقية التي عقدت بين الامبراطورية العثمانية والامبراطورية الفارسية في القرن الماضي. واعتقد ان الاتفاقية سميت معاهدة ارض روم سنة ١٨٤١ - ١٨٤٧، والتي ضم بموجبها قسم من الاكراد للعراق، وقرر بموجبها ان تكون عربستان لايران، وذلك

لتخطيط الحدود فقط.

فالاكراد على هذا الاساس شعب مستقل. واذا كان لنا حق النضال من اجل الوحدة، فلهم حق النضال من اجلها. ويجب ان نكون حلفاءهم وان نساعدهم ونناضل معهم في تحقيق ذلك. امال الاكراد في العراق، وقبل ان تتحقق الوحدة القومية للاكراد، فيكون لهم حق الحكم الذاتي الحقيقي؛ وان يكون لهم تطورهم الثقافي، ومشاركتهم السياسية، حسب نسبتهم. واذا لم نفكر بهذه الطريقة، فسيكون تفكيرنا بالوحدة العربية من قبيل التفكير العرقي الشوفيني، وليس من قبيل التفكير العلمي، ذي الاتجاه السياسي التقدمي.

اما ما يتعلق بجنوب السودان، فتلك مشكلة اخرى. انهم جزء من السودان الذي اصبح نصفه الشمالي والاوسط عربيا. وبقي النصف الجنوبي افريقيا. ان هؤلاء يتم التفاهم معهم على شكل من الحكم الذاتي، اذا ارتضوا ذلك. ولا يجوز ان يجبروا على ان يكونوا جزءا من السودان، لاننا نعتقد ان السودان عربي. ان الانجليز هم الذين رسموا الخريطة الحالية للسودان، حسب مقتضيات مصلحتهم الاستعمارية، ولم ترسمه شعوب المنطقة. فلا اهل السودان ولا الجماهير العربية هم الذين رسموا حدود السودان. وكان بامكان الانكليز ان يمتدوا داخل افريقيا، لو استطاعوا عسكريا الف كيلومتر، او الفي كيلومتر اخرى. وبامكاننا نحن ان نرى رأي المستعمرين البريطانيين، فنقول هذه ارض عربية. وهذا لا يجوز الا اذا كان الواحد منا يريد ان يتحول الى قومي استعماري. ونحن نرفض مثل هذا الاتجاه.

يجب ان تحل القضايا القومية في الوطن العربي على اساس صحيح، وعلى اساس التفاهم، وحق تقرير المصير. عندما تمتلك اية مجموعة حقها في ان تكون شعبا مستقلا، فان لهم حق تقرير المصير. وهم الذين يقررون ان يتحدوا معنا او ان ينشئوا دولة مستقلة. هذا من حقهم، لانهم قومية. فاذا ساعدناهم، وناضلنا الى جانبهم، فسيكونون حلفاء. ونحن يجب ان نكون امة تحترم حقوق الامة الاخرى، وتتعاون معها في الميدان السياسي والاقتصادي.

(١٠٥)- سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٨-٨٩.

ماهو موقفنا من قضية الاكراد؟ هو الموقف الذي ذكرته لكم. نحن مع حق الاكراد في الوحدة والاستقلال وتقرير المصير، ومع بناء علاقة معهم كحلفاء، كأمة مستقلة. ومع الحكم الذاتي لهم في العراق بإعتبارهم جزءا من العراق، ما دامت وحدتهم القومية لم تتحقق. ومع حكم ذاتي حقيقي بكل معنى الكلمة. ويجب ان نعمل لإنهاء اية خلافات أو سوء تفاهم بين الحركة القومية الكردية، والحركة القومية العربية. هناك سوء تفاهم الآن ولا شك، بسبب الظروف السابقة. وعلينا ان نناضل لإنهاء هذا

الوضع، لأن بقاء هذا الوضع سيؤدي إلى عداء بين شعبين متجاورين، تربط بينهما علاقات تاريخية طويلة، وتربط بينهم مصالح مشتركة. ولايجوز ان تبقى الأمور كذلك. هذا باعتبار العلاقة الخاصة. أما بشكل عام فيجب أن نكون دائما مع حق الشعوب في استقلالها وتقرير مصيرها، ومع علاقات أممية مع الشعوب، بالشكل الذي سأطرحه، عندما أجيب على السؤال الخاص بطبيعة علاقاتنا مع الدول القومية الأخرى.

(١٠٦)- جريدة "الثورة"، العدد (٤٠٠) كانون الاول ١٩٦٩.

(١٠٧)- ناجي علوش: سەرچاوەی پێشوو، ل.٥.

(١٠٨)- جمال نبز: حول المشكلة الكردية، سەرچاوەی پێشوو ل٥٨-٥٩.

"الواقع ان المسألة الكردية تثير اهتماما كبيرا ليس لان منطقة جبلية يقطنها الاكراد ستنفصل عن العراق لرغبة اهلها في تاسيس دولة لهم وانما لاعتقاد الكثيرين من ان استقلال الاكراد معناه سلخ ينابيع النفط الغزيرة عن عراقنا العربي وحرمانه منها. ومن هنا اذن جاء اهتمامهم بالوحدة العراقية المفتعلة وهذا الوهم مغلوط من اساسه. ان القومية الكردية حقيقة واقعة، وان لاكراد العراق مقوماتهم القومية الواضحة. وانه من صالح القومية العربية، ان تعترف للاكراد حقهم في تقرير مصيرهم ضمن اتحاد فدرالي او كونفدرالي مثلا يكون هذا بداية تعاون واخاء مستديم بدل ان يكون تجاهلنا للواقع والتاريخ واماني الشعوب سببا لان ينال هذا الشعب حريته بقوة السلاح ان عاجلا او اجلا فان لم يفلح كان خنجر خيانة في ظهر كل الحركات القومية العربية التحررية في العراق".

(١٠٩)- Ziya Gökalp: Türkçülügün Esasler, varlik yayinevi, altinci Basksi, Istanbul 1966.

(١١٠)- شەمەندەفەری بەغدا پرۆژەیەکی ئابووری و سوپایی و سیاسی زۆر مەزن بوو کە ئەڵمانیا خەریکی دامەزراندنی بوو بۆ بەربەرەکانێ کردن لەگەڵ رووسیا و بەریتانیا و فەرەنسادا. بەشێکی ئەم رێگەیە بە خاکی کوردستاندا تێپەڕ دەبوو، ئەگەر بهاتایە و تەواو ببوایە. لەبەر ئەوە کوردستان لەباری بەرژەوەندیی ئیمپریالیستانەی دەوڵەتە گەورەکانەوە کەوتبووە برەو.

(١١١)- هێندێک لەم زانایانە گەلێک بەرهەمی زانستانەی بەکەڵکیان پێشکێش بە کولتووری مرۆڤایەتی کرد. بۆ وێنە ئۆسکارمان OSKAR MANN چەند بەرگێک لێکۆڵینەوەی لەسەر زمانی کوردی وزمانە ئێرانییەکانی دی بەنێوی Kurdisch-Persische Forschungen وە نووسیوە کە هێندێکیان چاپ

نەکراون.

(١١٢)- بلتج شيركو: القضية الكردية، ماضي الكرد وحاضرهم، القاهرة ١٩٣٠، ص٦٠.

(١١٣)- ئەحمەد تەقی: خەباتی گەلی کورد لە یادداشتەکانی ئەحمەد تەقی دا، ڕێکخستن و ئامادەکردنی بۆ چاپ جەلال تەقی، بەغدا ١٩٧٠، ل ٧٧-٧٨.

بەھەشتی مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە یادداشتەکانیدا (جزمی چوارەم، بەغدا ١٩٥٦، ل ١٥١) دەبێژێ: سێیەکی ئەنجومەنەکەی ئەتاترک کورد بوون و مستەفا کەمال وای بردبووە مێشکی کوردەوە کە دوای برانەوەی شەڕی ترک و یۆنان، ئەو (ئەتاترک) تەگەرە ئانێتە ڕێی کورد، ئەگەر ویستیان ئیدارەیەکی تایبەتی و (سەربەخۆیی)ی کوردستانیان بەباشتر زانی بۆ خۆیان (ڕەفیق حیلمی: سەرچاوەی ئێوبراو، ل١٥٢). ڕاستییەکەی مستەفا کەمال پێوەندیی لەگەڵ گەلێک لە سەرکردە کوردەکانی ژووروری کوردستاندا هەبووە (لەوانە بترازێ کە بە سەرۆکایەتیی بەدرخانییەکان و لایەنگیرانی شەهید شێخ قادری شەمزینی هەوڵیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەدا و بەهیچ جۆرێک باوەڕیان بە مستەفا کەمال نەبوو). ئەتاترک لەگەڵ کوردەکاندا باسی "برایەتیی ترک و کورد"ی دەکرد. لە لاپەڕە (١٧)ی ژمارە (٥)ی سالی (٢)ی گۆڤاری "ڕۆژی نوێ"دا کە لە کۆتاییی ١٩٦١ دا لە سلەیمانی دەرچووە وێنەیەکی مێژوویی مستەفا کەمال و دیاب ئاغای تێدایە، کە ئەم دیاب ئاغایە یەکێک بووە لە سەرکردەکانی کوردە عەلەوییەکانی ناوچەی دێرسیم لە خێلی قەرهاد. ئەم وێنەیە لە ڕۆژی ٢٢ی مارتی ١٩٢١ دا گیراوە. مستەفا کەمال و دیاب ئاغا پێکەوە لە گالیسکەیەکی سەربەتالدا لە تەنیشت یەکەوە وەستاون. هەر لەو جێیەدا نووسراوە کە مستەفا کەمال داوای یارمەتی لە دیاب ئاغا کردووە و ئەویش دڵنیای کردووە کە کورد یارمەتی دەدات. (تەماشای بەشی وێنەکان بکە)

(١١٤)- ئەفسەر جەمال عارف کەرکووکی، کە خۆی یەکێک بوو لەو کوردانەی زۆر پشتگیریی مستەفا کەمالیان کردبوو، و دوایی ماوەیەکیش لە سوپای شێخ مەحموودا وەک ئەفسەر خزمەتی کردبوو، وپاش ئەوەش گیرابوو و توشی گەلێک کوێرەوەری هاتبوو، لە پەنجاکاندا لە بەغدا گێڕایەوە بۆم، دەیگوت "مستەفا کەمال بە برایەتیی کورد و ترک و زەمانی لوزان وا ئێمەی تەفرە دابوو، کە لە کۆنگرەی ئەرزڕۆم دا هەر ئێمە خۆمان (کوردەکان) بە سەتان تەلگورافمان لێ دەدا بۆ سەرکردەکانی سوێند خۆرەکان و دەمانووسی سەربەخۆیی کوردستانمان ناوێ، برایەتی کورد و ترکمان دەوێ". بەھەشتی ڕەفیق حیلمی لە یادداشتەکانیدا (جزمی چوارەم، بەغدا ١٩٥٦، ل١٥١) شتێک دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ ئەم قسەیەی جەمال عارفدا یەک دەگرنەوە. هەر لەو جێیەدا ڕەفیق حیلمی دان بەوەدا دەنێ کە لە

باوەڕکردندا بە مستەفا کەمال" بەهەڵە چووە".

(١١٥)- تەماشای ئەم سەرچاوەیە بکە:

Glasneck, J.: Kemal Atatürk und die moderne Türkei, Berlin 1971, S. 153.

(١١٦)- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٤.

(١١٧)- تەماشای ئەم سەرچاوەیە بکە:

L'Internationale Cmmuniiste et la libération de L'orient: Le Premier Congrés des peuples de L'orient, Baku 1920, Éditions de L'internationale Communiste, Pétrograd 1921.

(١١٨)- سەرچاوەی پێشوو، هەر ئەوێ.

(١١٩)- شۆڕشی کوردەکانی ئامەد (دیاربەکر) لە بەهاری ١٩٢٥ دا بە سەرۆکایەتیی شێخ سەعیدی پیران هەڵگیرسا و بە یارمەتیی سۆڤێت و فەرەنسا کوژایەوە. ڕۆژنامەکانی سۆڤێت هێرشیان دەبردە سەر کورد و بزووتنەوەکەیان بە "بزووتنەوەیەکی سەر بە ئیمپریالیزم دەدایە قەڵەم، تەماشای ڕۆژنامەی ئیزڤێستیای ڕۆژی ٢٧ی شوباتی ١٩٢٥ بکە؛ بەتایبەتی ئەو کاریکاتۆرەی کە بۆ ئەوە دروست کراوە گوایە کورد "دەستندە خۆری بەریتانیان"! کەچی فەرەنسا خەتی شەمەندەفەری حەڵەبی کردەوە بۆ لەشکری ترکیا، بۆ ئەوەی لە پشتەوە لە کورد بدەن، تەماشای: ڕۆژنامەی "بانگی کوردستان" ژمارەی ڕۆژی ١٩٢٦/١/٢٨ بکە. هەروەها کە شۆڕشی ئاگری بە سەرۆکایەتیی ئیحسان نووری هەڵگیرسا، کاربەدەستانی سۆڤێت وەک کاربەدەستانی ئێرانی ڕەزا شا، بە ئاشکرا پشتی ڕژێمی ئەتاترکیان گرت (بیرەوەرییەکانی ئیحسان نووری بەزمانی فارسی کە هێشتا چاپ نەکراوە و بە دەستنووس لام هەیە باسی ئەمە دەکات). پاش ئەوەی شۆڕشی ئاگری بەرەو کوژاندنەوە دەچوو، وەزیری داد پەروەریی ترکیا مەحموود عیزەت بۆزکورت Mehmut Ezat Bozkurt گوتی: "لە ترکیا ئازادی لە هەموو شوێنێکی دی جیهان پترە. ئەم وڵاتە وڵاتی ترکە. ئەوی لە ڕەگەزی ترک نییە، تەنێ یەک مافی هەیە لەم وڵاتەدا، یان ئەوەی ببێتە نۆکەر، یان ئەوەی ببێتە کۆیلە"، تەماشای ڕۆژنامەی ترکی Milleyet، ژمارە (١٦٣٦)ی ڕۆژی ١٩٣٠/٨/٣١ و هەر هەمان ڕۆژنامە، ژمارە (١٦٥٥)ی ڕۆژی ١٩٣٠/٩/١٩ بکە. ئەوجا کە شۆڕشی دێرسیم هەڵگیرسا لە ١٩٣٦ دا؛ هێندە پەرەی سەند؛ بە لەشکری ترک، سەرەڕای هەموو دڕندەیەتییەک نەکوژێنرایەوە. لەبەر ئەوە تۆرانییە فەرمانڕەواکان گازی

ژەهراوییـــان بەكــارهێنا لە دژی شــۆڕشگێــڕانی كــورد. ئەم وێنەیەی لە بەشی وێنەكاندایە بەبۆنەی بەكارهێنانی گازی ژەهراوییەوە لە ڕۆژنامەی Köröglu ژمارە (١.٨٣)ی ڕۆژی ١٣ی ئەیلوولی ١٩٣٨ دا بڵاوكراوەتەوە.

(١٢٠)- Türk Ansiklopedisi, Cilt XXII, Milli Egtim Ankara, 1975 (چاپی تازە). Kürtler: Orta Asya menşeli bir kavim. Menşelerinin Türk oldugu hakkenda kuveettli deliller vardir (S.429).

لە ئینسكلۆپیدیای مەیدان لارووسدا كە لەمەوبەر باسمان كردووە، لە چاپی ساڵی ١٩٧٢ی دا دەبێژێ لەژێر نێوی (كورد Kürtler)دا:

Ön Asyada yaşayan Türk asille kavim (S. 735).

هەروەها "فـەرهەنگ و ئینسكلۆپیدیای وێنەداری تازە"، نووسـینی ئیبـراهیم عەلائەددین گۆنە تەماشا بكە كە لە ل١٥٥٣ دا باسی كورد دەكات:

Ibrahim Allâettin Gönsa: Resmli yeni Lûgat ve Ansiklopedi: 3. Cilt, Kürtler, S. 1553.

(١٢١)- بۆ وێنە جەنەراڵ جەماڵ گورسێل كە لە ساڵی ١٩٦٠ دا سەركردەی كودەتا بوو، وحكوومەتی مەندەریسی ڕووخاند و دوایی بوو بە سەركۆماری تركیا، لە ساڵی ١٩٤٥ دا لە پێشەكی كتێبێكدا كە بەنێوی "ناوچەكانی ڕۆژهەڵات و مێژووی ڤارتۆ" چاپكراوە دەبێژێ: "كورد نەك هەر تەنێ هاونیشتمانی ئێمە (ترك)ن؛ بەڵكو لە خوێن و نەژادیشدا برامانن".

(١٢٢)- تەماشای Jurgen Roth/Kamil Taylan: Die Türkei Republik unter wölfen, Lamuv Verlag, Bornheim 1981, S. 112-113.

(١٢٣)- تەماشای ئەم ڕۆژنامانە بكە:

"The Times", London, June 16, 1937.

"The Temps", Paris, 18. Août 1937

(١٢٤)- Haraldsson, Erlendur: Land im Aufstand Kurdistan, Hamburg 1966, S. 48

(١٢٥)- بۆ وێنە تەماشای ئەم وتارانەی خوارەوە بكە:

وتـاری "Kurtçülük ve Komünizm ayni Safta" لە ڕۆژنامـەی "yeni

Istsnbul رۆژی ۲۷/۱/۱۹۶۶ دا. هـــەروەهـــا وتـــاری ": Ufuktaki Tehlike, Kürt sorunim" واته "مەترسییەک لە ئاسۆدا، مەسەلەی کورد "لە گۆڤاری Forum دا کـە لە یەکی مـانگی Ekimی سـاڵی ۱۹۶۷ لە ئەنقـەرە دەرچووە، ل۱۲-۱۳، هەروەها گـــۆڤـــاری ترکی "Son Havadis"ی رۆژی ۲۷/۱/۱۹۶۷، هەروەها وتاری نووســەر Ahmet Kabakli لە رۆژنامــەی Tercümanی رۆژی ۲۶/٤/۱۹۶۳، ل۲ دا.

(۱۲۶)- تەماشای ئەم رۆژنامانە بکە:

"The Times", London, 27. 7. 1960.

"The Temps", Paris, 25-26. 7. 1960.

"Libération", Paris, 30-31. 7. 1960.

(۱۲۷)- تەماشای ئەم رۆژنامانە بکە:

"La Tribbune de Nation", 17. Février 1961

"Daily Telegraaph", 5.1.1961

(۱۲۸)- تەماشای ئەم هەواڵەی خوارەوە بکە لە رۆژنامەی The Timesی لەندەنی دا:

"Istanbul Students arrested"

"The Times", London, 2.5.1963.

(۱۲۹)- تەمـاشـای رۆژنامـەی "Cümhüriyet"ی تـرکـی رۆژی ۱/۱/۱۹۶۳ و ئـەم وتارەی خوارەوە بکە:

Jean Bertolino: Un mois dans un Maquis Kurde", La Croix" Nr. 25466, Paris 27.10.1966,p.4.

(۱۳۰)- تەماشای گۆڤاری:

"Kurdish Facts", International Society Kurdistan.

بکە کە لە ئەمستردام لە ۱/۷/۱۹۶۳ دا دەرچووە، ل٥.

(۱۳۱)- تـەمـــاشــــای رۆژنامـــەی ئینگلیـــزی "Guardian Weekly"ی رۆژی ۲۱/۸/۱۹۶۹ بکە.

(۱۳۲)- تەمـاشـای ژمـارە (۱۹)ی گـۆڤـاری ötükenی رۆژی ۱۶/۷/۱۹۶٥ بـکـە، هەروەها تەماشای گۆڤاری "Komunizim le Savaş" کە لە ئیزمیر Izmir لە

١٩٦٥/٨/١ دا دەرچووە.

(١٣٣)- تەماشای نامیلکەی "زوڵم لە سیلڤان Silvanda zulum" کە لەلایەن ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی کولتووری ڕۆژهەڵاتەوە "Devrimci dogu Kültür ocaklari" دەرچووە، ژمارە (٢)، ٢٥/٤/١٩٧٠.

(١٣٤)- لە مانگی ئابی ١٩٨٢ دا فڕۆکەی ترک ٣٧٩٥ ترکزمانی ئەفغانستانی لە ئیسلام ئابادی پاکستانەوە گواستەوە بۆ شاری ئەدەنە لە ترکیا. ئەمانە دابەشکران بەسەر (١٠) پارێزگەی ئێزیک ئەدەنەدا، و کرانە "هاونیشتمان". تەماشای ڕۆژنامەی ئەڵمانی Der Tagesspiegel بکە، ژمارە (١١٢٢٣) کە لە بەرلین لە ڕۆژی ١٩٨٢/٨/٢٧ دا دەرچووە: ئەو وتارەی لە ژێر ناوی "ترکیا ئەفغانەکان وەردەگری" (Türkei nahm Afghanen auf)، ل٧.

(١٣٥)- لە ڕۆژی ١٩٨٣/١١/١٥ دا ترکەکانی قوبرس بانگی "سەربەخۆیی ئەو ناوچەیان دا کە لەلایەن سوپای ترکەوە لە ساڵی ١٩٧٤ دا داگیرکرابوو. هەر لەو ڕۆژەدا حکومەتی ئێڤرەن پشتگیریی خۆی بۆ ئەو هەنگاوەی ترکە قوبرسییەکان بەرەسمی پیشان دا. تەماشای ئەم وتارەی خوارەوە لە ڕۆژنامەی ئەڵمانی Der Tagesspiegelی ڕۆژی ١٩٨٣/١١/١٦دا:

"Zypern-Türken proklamieren unabhängigen Teilstaat".

(١٣٦)- ئەمەش بەبنیەی ئەوەوە بوو کە قانوونێنێکی ترک هەیە هی ساڵی ١٩٧٣ بەپێی ئەوە گچکە کردنەوەی ناوی زارۆ، یان بەکارهێنانی ناوی خۆشەویستی بۆ زارۆ، ڕێبەندکراوە. بێگومان ئەمە بۆ ئەوەیە ئەو پاشکۆیەی کە بەبنیەی کوردییەوە دەنرێ وەک ئەوەی لەجیاتی ڕەشید و محەممەد و حەسەن دەگوترێ ڕەشۆ و حەمۆ (یان مەمۆ) و حەسۆ، ئەو شوێنەوارە کوردییەش نەمێنێ بۆ ئەمە تەماشای ڕۆژنامەی ئەڵمانی "Der Tagesspiegel" بکە کە لە ژمارە (١١١١٧)ی ڕۆژی ١٩٨٢/٤/٢١ دا و لە لاپەڕە (١٦) دا ئەم هەواڵەی لەژێر ناوی "ترکیا ناوی بەری و جێی دەوێ" "Türkei verlangt anständige Namen" دا بڵاوی کردبووەوە.

(١٣٧)- احسان النص: اختيارات من كتاب الاغاني لابي فرج الاصفهاني - القسم الثالث (العصر الاموي)، مؤسسة الرسالة، بيروت ١٤٠٠ هـ - ١٩٨٠م، ص ١٠١.

(١٣٨)- ياقوت الحموي: معجم الادباء، مصر ١٣٥٥-١٣٥٧، الجزء الاول، ص ٣٢٣، هەروەها حسنعلی ممتحن: نهضت شعوبیه، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٦-٢٤٧.

(١٣٩)- ایوانوف، م.س: انقلاب مشروطه ایران، انتشارات بابک، شماره (١)، روم، مردادماه ١٣٥٤، آب ١٩٧٥، ص ٣٢.

(١٤٠)- ماددەی چوارەمی پرۆگرامی "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" دەبێژێ: ایران باید جمهوری (خلق) مستقل ولاینفک باشد". واتە "ئێران دەبێ کۆمارێکی گەلێری سەربەخۆ و لە پارچەکردن نەهاتوو" بێ "لاینفک" مانای شتێک کە لە پارچە پارچە کردن نەیەت.

(١٤١)- Pahlevi, Mohammed Reza, schahinschah von Persien: Im Dienst meines Landes, Zürich, o.j.,S.39

(١٤٢)- سەرچاوەی پێشوو ل ٥٦. (پەراویزی ١٤١).

(١٤٣)- وشەی "نەێنتی" م لە جیاتی negativ و "ئەرێنتی" م لە جیاتی positive بەکارهێناوە.

(١٤٤)- تەماشای خوتبەکانی دوکتۆر موسەددیق بکە لە شانزەیەمین دەورەی (مجلس شورای ملی) ئێراندا و لە نامیلکەی "مصدق ونهضت ملی ایران" بلاوکراوەی "اتحادیەهای دانشجوانی مسلمان در اروپا، خرداد ماه ١٣٥٧، مایس / حزیران ١٩٧٨، ل ٣١-٣٢، ٧٣-٧٦.

(١٤٥)- تەماشای پەراوێزی ژمارە (١٤٣) بکە.

(١٤٦)- وتوویژی شا لەگەڵ رۆژنامەی (اطلاعات)ی تارانی لە رۆژی ٢٢ی بهمن ٢٥٣٦ (=١٩٧٧/٢/١١) ژمارە (١٥٥٣٥) ص٢٢.

(١٤٧)- باسی ئەو "ریفۆرمانە"ی کە شا گرتبوونیە بەرچاو لە ئێراندا بیان کات لە کیتێبێکدا کە بەنێوی "انقلاب سفید" (شۆرشی سپی)ەوە نووسیوێتی، خراونەتە بەرچاو.

(١٤٨)- "کاژیک" لە ١٩٦٤/٥/١٣ دا بیرخەرەوەیەکی دا بە سەرکردەی شۆرش مستەفا بارزانی، لەو بیرخەرەوەیەدا ئەوەی دەرخستبوو کە هەڵوێستی ئێران بەرامبەر شۆرشی کورد هەرچەندە سووت وەردەگێرێ لێی؛ بەڵام شا دەبێ وەک دوژمنێکی بزووتنەوەی کوردایەتی حسێبی بۆ بکرێ، و باوەڕ نەکرێ پێی، چونکە هەموو جۆرە هەڵوێستێکی تازەی شا بەرامبەر مەسەلەی کورد لە عێراقدا هەر تاکتیکە.
بیرخەرەوەکە ئەم دەقەی خوارەوەی تێدا بوو:

"ئێران وەک هەموو دەوڵەتێکی دی، دەترسێ لە پەیدابوونی دەوڵەتێکی بەهێز لەسەر سنوورەکانی؛ نەخوازەلا ئەگەر ئەو دەوڵەتە دەوڵەتێکی عەرەبی بێ بەسەرۆکایەتیی

